# پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە

## ئەزموونی شاعیرانی هەشتاییەکانی هەولێر وەک نموونە

مینننەت ژ خودایێ کو بعەبدێ خۆ مەلاییێ

ئیکسیرێ غەمێ عیشق نە دینارو درەم دا

مەلای زیری

# پێكهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی رەخنەی ئەدەبیی نوێوە

## ئەزموونی شاعیرانی هەشتاییەكانی هەولێر وەك نموونە

محەمەد عەبدولكەریم ئیبراهیم

هەولێر - ٢٠١٢

## دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

● (پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە ئەزموونی شاعیرانی هەشتاییەکانی هەولێر وەك نموونە)

● نووسین: محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم

● نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر

● بەرگ: هۆگر سدیق

● سەرپەرشتی چاپ: کۆمپانیای کوێست کوین

● نرخ: (٣٥٠٠) دینار

● چاپی یەکەم: ٢٠١٢

● تیراژ: ٧٥٠ دانە

● چاپخانە: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

● **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٦١٤) ساڵی (٢٠١٢)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٦٨)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەرۆك

**پێشەکی ......................................................................... ٧**

دەروازە: سنووری دەستەواژەی (زمانی شیعری)................................................. ٩

**بەشی یەکەم: چەمکی زمانی شیعری و قوتابخانەکانی رەخنەی ئەدەبی نوێ؟........................١٣**

١-١ باسی یەکەم: چەمکی زمانی شیعری لەسەردەمە جیاوازەکاندا ............................ ١٣

١-٢ باسی دووەم: قوتابخانەکانی رەخنەی ئەدەبیی نوێ. ..................................... ٤١

**بەشی دووەم: پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی نوێ ................. ٧٧**

٢-١ باسی یەکەم: پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی بنیادگەری فۆرمالیستییەوە................ ٧٧

٢-٢ باسی دووەم: پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی شێوازگەرییەوە........................ ٩٧

٢-٣ باسی سێیەم: زمانی شیعری لەڕووی رەخنەی سیمیۆلۆژییەوە.............................١٢٦

٢-٤ باسی چوارەم: زمانی شیعری لە روانگەی رەخنەی هەڵوەشاندنەوە......................... ١٤٠

**بەشی سێیەم: پراکتیزە کردنی میتۆدە رەخنەییەکان لەسەر زمانی شیعری هەشتاکانی هەولێر ..........١٤٩**

٣-١ دەقی یەکەم: .......................................................................... ١٥٠

٣-٢ دەقی دووەم:.......................................................................... ١٦١

٣-٣ دەقی سێیەم: .........................................................................١٧٨

# پێشەکی

ئەم کتێبە لە زمانی شیعری دەکۆڵێتەوە، بەدواداچوون بۆ ئەو هۆکارانە دەکات کە زمانی ئاسایی ئاخاوتن دەکەنە زمانی شیعری، یان قسەی مرۆڤـ دەکەنە شیعر. هەڵبەتە جیاوازییەکی ڕیشەیی لەنێوان زمانی قسەکردنی ڕۆژانە و زمانی دەقە شیعرییەکاندا هەیە، ئەم جیاوازییە لەو ئەرك و کاتەدا دەردەکەوێ، کە شاعیرێك پێویستییەتی تا شیعرەکەی بەرهەم دێنێ، لەکاتێکدا قسەکەری ئاسایی هیچ پێویستی بە ئەرك و کاتی زۆر نییە بۆ ڕێکخستنی قسەکانی و بەبێ هەڵوەستەکردن هەرچی بییەوێ دەیڵێ.

بەدواداچوونی ئەم بابەتە گرنگە لەم کتێبەدا لەڕووی بۆچوونی قوتابخانە ڕەخنەییەکانەوە سەبارەت بە زمانی شیعری ئەنجام دراوە و لە قوتابخانەکانیش هەوڵی ئەوە دراوە قوتابخانە تەواو لەیەك جیاوازەکان دەستنیشان بکرێن بۆئەوەی بیروڕا لەیەکتر نزیکەکان دووبارە نەکرێنەوە، لە پێناو پێکانی ئەم ئامانجەدا قوتابخانەکانی بنیادگەری و شێوازگەری و سیمیۆلۆژیا و هەڵوەشاندنەوە هەڵبژێردراون. لە پراکتیزەکردنی تیۆرەکانیش نموونەی شیعری شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بەهۆی دەوڵەمەندیی زمانەکەیانەوە وەرگیراون.

بابەتی ئەم کتێبە لەبەر دوو هۆکار هەڵبژێردراوە: یەکەمیان گرنگیی مەسەلەی زمانی شیعرییە لە ڕەخنەی ئەدەبی دا، لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیشدا ئەم مەسەلەیە تا ئێستا لەڕووی لێکۆڵینەوەوە هەژارە. دووەمیشیان گرنگیی قوتابخانە ڕەخنەییە ئەوروپاییەکانە لە بواری لێکۆڵینەوەی زمانی شیعری دا.

ئەم کتێبە لە دەروازەیەك و سێ بەش پێکدێت، لەدەروازەکەدا هەندێ پرسی گشتی لەبارەی شیعرو زمانی شیعری خراوەتەروو کەئەمانەن (چییەتی زمانی شیعری، زمانی

شیعری، یان زمانی شیعر،چەمکی شیعرییەت)، بەشی یەکەمی کتێبەکەش لەدوو باس پێکدێت، لەباسی یەکەمدا چەمکی زمانی شیعری لەسەردەمە جیاوازەکاندا خراوەتە ڕوو تێیدا باسی بۆچوونی رەخنەگرانی یۆنان و رۆمان و رەخنەگرانی عەرەب و رەخنەگرانی سەردەمی رێنیسانس و رابەرانی رێبازە ئەدەبییەکان کراوە، ئینجا باسی چەمکی زمانی شیعری لەرەخنەی ئەدەبی کوردیدا کراوە و باری داهێنانی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر و سەرنجی رەخنەی ئەدەبیی کوردیی ئەوکات بۆ کارەکانیان خراوەتەروو. لەباسی دووەمی بەشی یەکەمدا باسی ئەو قوتابخانە رەخنەییانە کراوە کە گرنگی بە ناوەوەی شیعر دەدەن، واتە گرنگی بە فۆرم و زمانی شیعر دەدەن، ئەوانیش بنیادگەری و شێوازگەری و سیمیۆلۆژیا و هەڵوەشاندنەوەن.

لەبەشی دووەمی کتێبەکەدا باسی پێکهاتەی زمانی شیعری کراوە لەروانگەی میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبیی نوێوە، ئەم بەشە چوار باسی هەیە، لەهەر باسێکدا پێکهاتەی زمانی شیعری لەروانگەی بیرو بۆچوونی یەکێك لە قوتابخانە رەخنەییەکانەوە خراوەتەروو.

بەشی سێیەمی ئەم کتێبەش هەوڵێکە بۆ پراکتیزە کردنی میتۆدەکانی رەخنەی نوێ لەبارەی سێ دەقی شیعری کوردیی هەشتاکانی هەولێر.

بەهیوای ئەوەی کتێبەکە سوودێك بە قوتابیان و لێکۆڵەران بگەیەنێ و خزمەتێك بێ بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی.

# دەروازە: سنووری دەستەواژەی (زمانی شیعری)

ئەم دەروازەیە هەندێ پرسی  تایبەت بەزمانی شیعر و شیعرییەت دەخاتەروو کە ئەمانەن ئەمانەن:

**أ- چییەتی زمانی شیعری:**

بە پێی روانگە دوانەیی یەکەی (سۆسێر)[1]، زمان بۆ دوو پێکهاتە دابەش دەکریێ:

١-زمان: کە رێزمانی قسە کردنەو ئەو یاساو رێسایانەی کە هەموو قسە پێکەرانی زمان لەسەری کۆکن.

٢- قسە: رووە پراکتیکییەکەی زمانەو بە پێی کەسەکان دەگۆڕێت.

ئێستا ئەگەر بەهەمان ڕوانگە بڕوانینە دیاردەی زمانی شیعر دەبێ دابەشی بکەین بۆ (زمانی شیعر/ شیعر) و ئەوکاتیش پێویستە کە:

١- زمانی شیعر: رێزمانێکی تۆکمە بێت، هەموو قسە پێکەرانی (شاعیران) لەسەری کۆك بن.

٢- شیعر: رووە پراکتیکییەکەی زمانی شیعر بێت و بە پێی کەسەکان بگۆڕێت.

ئەگەر سەرنجی خاڵی دووەم بدەین کە (شیعر ڕووە پراکتیکییەکەی زمانی شیعرە و بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت)، ئەم خاڵە لە پێناسەی شیعر دەچێت لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەم پێناسەیە کاتێك ڕاستە ئەگەر خاڵی یەکەم ڕاست بێت،  واتە خاڵی دووەم دەرەنجامی راستەوخۆی یەکەمە. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە (ئایە ڕێزمانێکی تایبەت بە شیعر هەیە

---

١- فردیناند دی سوسیر (١٨٥٧- ١٩١٣): لەجنێف لەدایك بووە،لەسالی ١٨٧٩ نامەی (رێکخستنی دەنگەکان لەزمانی هیندوئەورووپی دا)ی بلاوکردووەتەوە، لە (١٨٨٠) دکتۆرای لەزمانی سانسکریتی دا بەدەست هێناوە، مامۆستا بووە لە پەیمانگەی خوێندنی بالاّ لە پاریس. (هێمن عومەر ئەحمەد:٢٠٠٨: ١١).

که هەموو قسە پێکەرانی لەسەری کۆك بن و هەموو پراکتیزەکانی شیعر بێت)؟ واتە ئایە ڕێسای زمانیی تایبەتی بۆ شیعر هەیە کە جیابێ لە ڕێسا زمانییە گشتییەکانی قسەکردنی ئۆتۆماتیکی خەڵکی؟ هەڵبەتە ئەم ڕێزمانە تایبەتییە بوونی نییە، چونکە لە ئەگەری بوونیدا خەڵکی دەتوانن فێری بن و ئەو کاتەش شیعر دەبێتە خوێندن و فێربوون و هیچ بەهایەك بۆ داهێنان نامێنێ، بەڵام کە ڕێزمانی زمانی شیعری هەمان ڕێزمانی قسە کردنی ئۆتۆماتیکی بێ، چییە ئەو هۆکارەی کەوا لە شیعر دەکات، کە هەتا ئەو ڕادە زۆرە لە قسە کردنی ئاسایی جیاواز بێ؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ سەرەتا سنووری دەلالەتی دووچەمکی (زمانی شیعر) و (زمانی شیعری) دەستنیشان بکرێت.

**ب - زمانی شیعر و زمانی شیعری:**

لە خاڵی یەکەمەوە ئەوە دەرکەوت کەزمانێکی تایبەت بە شیعر بوونی نییە کە شاعیران قسەی پێبکەن (بەرهەمیان پێ بنووسن) وەك ئەوەی کە زمانێکی تایبەت بە مۆسیقا بوونی هەیە و لە هەموو وڵاتانی دونیادا میوزیك کاران دەیخوێنن و فێری دەبن. کەواتە دەستەواژەی (زمانی شیعر) بەو رەهاییە راست نییە بەکاربێت لە بەر دوو هۆکار:

١- زمانێکی تایبەتیی شیعر بوونی نییە وەك زمانێکی تایبەتی مۆسیقا، بۆیە دەتوانین بڵێین زمانی مۆسیقا، بەڵام ناتوانین بڵێین زمانی شیعر.

٢- دیاردەی شیعر لە دەرەوەی زمان بوونی هەیە (جان کۆهین:١٩٨٦: ١٠) لە دنیای هونەرو تەنانەت لە سروشتدا شیعر بوونی هەیە، هەر لە هەڵفڕینی باڵندەیەکەوە تا تابلۆی شێوەکارێك.

بۆیە کاتێك کە کەرەستەیەك لە کەرەستەکانی وەك (زمان، تابلۆ، سەما، وێنە.......) تێکەڵ بە شیعر دەبن، ئەوە دەبێ وشەی شیعر وەك وەسف کردن و تایبەت کردن بخەینە پاڵیان و بڵێین (زمانی شیعری، تابلۆی شیعری، سەمای شیعری، وێنەی شیعری، .......) بەم جۆرە دەستەواژەکان لە (ئەپستراکت) بوون رزگار دەبن و دەکەونە سنوورێکی زانستییەوە، چونکە لە رووی لۆژیکی زمانییەوە ئەگەر فرێزێکی لێکدراو لە (ناو + سیفەتێکی پەیوەست بە ناوەکە) پێکهاتبێ ئەوە چەند بە کارهێنانێکی هەیە:

١- بە کارهێنانێکی بە رەگەزکردن (استعمال جنسی) واتە فرێزەکە لە رووی واتاوە وەك رەگەزێك دەربخرێت کە بوونی سەربەخۆی هەبێت وەك (بریاری سەرۆك).

٢- بەکارهێنانی ناجنسی: واتە بوونێکی (ماددی) بە فرێزەکە نەدرێت، ئەوکاتەش کاری هاوەڵناوەکە تەنیا وەسف دەبێت و (پاڵاوتن) نابێ، وەك (بریاری سەرۆکایەتی).

لە دۆخێکیشدا کەفرێزەکە هەردوو بوونی هەبێت، ئەوا هەردووکیان یەکسان دەبن، واتە:(بریاری سەرۆکایەتی = بریاری سەرۆك)، بەڵام لە زۆربەی بە کارهێنانەکاندا ئەم یەکسان بوونە سەد لە سەدە روونادات) (روبیرمارتان:٢٠٠٦:٢٢٠-٢٢٣). بە پێی ئەم بۆ چوونەش (زمانی شیعری ≠ زمانی شیعر) لەبەر ئەوەش کە (زمانی شیعر) بوونێکی بەرجەستەی نییە و رامانێکی زەینییە وەك (تابلۆی شیعر، سەمای شیعر، وێنەی شیعر،.....)، کەهیچ کامیان ئاماژە بۆ دیاردەیەکی زانستیی ناکەن و دەربڕینی خوازەیین ، بۆیە دەستەواژەی (زمانی شیعری) زانستی ترە و لە لێکۆڵینەوەدا دەکەوێتە ژێر تیشکی یاسا زمانییەکان.

لێرەش وەڵامی پرسیارەکانی خاڵی یەکەم لە بارەی چییەتی زمانی شیعر ئەوە دەبێ، کە (رێزمانێکی شیعری بوونی نییە وەك رێزمانی مۆسیقا) بەڵکو ئەوە زمانی قسەکردنی ئۆتۆماتیکە و شاعیر بە ناوەندی بەشیعربووندا دەیگوازێتەوەو بەرهەمەکەی دەبێتە شیعر، ئەم دیاردەیەش لەزماندا پێی دەگوترێ (شیعرییەت).

### پ- چەمکی شیعرییەت:

شیعرییەت چەمکێکی بەرفراوانەو لە دیاردە هەست بزوێنەکانی سروشت دەکۆڵێتەوە وەك پێشتر ئاماژە بۆ بۆچوونەکەی (جان کۆهین)[٢] کرا. لە ڕووی زمانەوانیشەوە بەپێی دابەش کردنی (یاکۆپسن)[٣] بۆ ئەرکەکانی زمان، شیعرییەت لێکۆڵینەوەیە لەو هەل و مەرجانەی کە زمان دەخەنە ئەرکی ئەدەبییەوە. شعریەت وەك دەستەواژە لە کۆندا بوونی نەبووە، بەڵام فەیلەسووفە یۆنانییەکان هەوڵیان داوە بزانن کە سیحری شیعر لەچی دایە، هەروەها

---

٢ - جان کۆهین: لێکۆڵەرو رەخنەگرێکی ئەدەبیی فەرەنسییە، لەبەناوبانگترین کتێبەکانی (بنیادی زمانی شیعریی)ە کە کەمێکی رەرگێردراوە بۆ زمانی کوردی.

٣- رۆمان جاکۆبسن ١٨٩٦-١٩٨٢: زمانەوانێکی روسییە، شارەزاییەکی بەرفراوانی لەئەدەب وفۆلکلۆر هەبووە، دامەزرێنەری بازنەی زمانەوانییەلەمۆسکۆ لە سالی ١٩١٥، بەرابەری بزووتنەوەی فۆرمالیستە رووسەکان دادەنریت، لەدامەزرینەرانی بازنەی زمانەوانی پراگە، لیکۆلینەوە زمانەوانییەکانی لەسەر زمانی شیعر جێبەجێکردووە.(جون ای جوزیف واخرون: ٢٠٠٦: ٤٣).

ڕەخنەگرانی عەرەبیی وەك (جاحز) و (جورجانی) بەردەوام پرسیاریان کردووە کە ((ئەو هۆکارانە چین کە دەقی ئەدەبی بەبێ بوونیان دروست نابێ؟))

(احمد رحمانی:٢٠٠٤: ٥٦)

کۆهین لە پێناسەی شیعرییەتدا دەڵێ: (زانستی شێوازی شیعرییە (...) ئامانجی گەڕانە بە دوای ئەو بنەمایانەی کە لە پۆلێن کردنی دەق بەسەر خانە ئەدەبییەکاندا پشتی بێ دەبەستێ،خانە ئەدەبییەکانی وەك:شیعر، پەخشان، پەخشانە شیعر)

(جان کۆهین:١٩٨٦:١١-١٥)

لە ڕووی زانستی ڕستە سازییەوە شیعرییەت پەیوەندی نێوان ڕۆنانی ژێرەوەو ڕۆنانی سەرەوەیە بە جۆرێك (ئەگەر ڕۆنانی ژێرەوەو سەرەوەی ڕستە وەك یەك بن ئەوە شیعرییەت نامێنێ و ئەگەر جیاواز بن شیعرییەت دەردەکەوێت و لە گۆڕانێکی ڕاستەوانەدا دەبێ لەگەڵ گۆڕانی دوو ڕۆنانەکە). (احمد مطلوب:٢٠٠٢:٤٦). لە ناساندنی شیعریەت دا (یاکۆپسن) دەڵێ ((شیعرییەت بەو پرسیارەوە خەریك دەبێ کە چ شتێك پەیامی قسەیی دەگۆڕێت بۆ بەرهەمی ئەدەبی؟)) (راجرفالر و سایرین:١٣٨٦:٧١) هەروەها لە پایەی زمانیی شیعرییەت دەدوێت و دەیخاتە چوار چێوەی زمانی باڵا کە بەڕای ئەو (زمانی باڵا ئەو زمانەیە کە بۆ قسە کردن لەبارەی زمانەوە بەکار دێت، زمانی ئاساییش کە بۆ قسە کردن لەبارەی شتەکانی دەوروبەر بەکار دێت و زمانی میسداقە) (مریم خوزان،حسین پاینده::١٣٨٦:٧٦). بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە شیعرییەت کۆی ئەو ڕێ و شوێنە زمانییانەیە کە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی بەرەو زمانی شیعری دەبات و پەیامی قسەیی دەگۆڕێت بۆ شیعر. ئەو ڕێ و شوێنانەش لە بەش و تەوەرەکانی ئەم کتێبەدا دەخرێتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

## چەمکی زمانی شیعری و قوتابخانەکانی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ

ئەم بەشە لە دوو باس پێکدێت. لە باسی یەکەمدا قسە لەچەمکی زمانی شیعری دەکرێت لەسەردەمە جیاوازەکاندا. لە باسی دووەمیشدا قوتابخانەکانی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ خراونەتەڕوو.

### ١-١ باسی یەکەم: چەمکی زمانی شیعری لەسەردەمە جیاوازەکاندا:

ئەم باسە لە سێ تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم باس لە چەمکی زمانی شیعری دەکات لە ماوەکانی پێش سەدەی بیستەم. تەوەرەی دووەم باس لە چەمکی زمانی شیعری دەکات لە سەدەی بیستەمدا. تەوەرەی سێیەمیش باس لە چەمکی زمانی شیعری دەکات لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا.

### ١-١-١ چەمکی زمانی شیعری پێش سەدەی بیستەمی زایینی:

ئەم تەوەرەیە بە چەند خاڵێك باس لە چەمکی زمانی شیعری دەکات لە لای ڕەخنەگرانی سەردەمە جیاوازەکاندا.

#### ١-١-١-١ یۆنان و ڕۆمانەکان:

هەموو هەوڵە ڕەخنەییەکانی مرۆڤ لە کۆنەوە بۆ تێگەیشتن لە شیعر، باسیان لە زمانی شیعر کردووە. ئەمیش لەبەر ئەوەی کە شیعر هونەرێکە کەرستەکەی زمانە، لەم بوارەوە دەتوانین سەرەتاکانی گرنگیدان بە زمانی شیعر بگەڕێنینەوە لای (ئەفلاتوون)، ئەفلاتوون لە ڕوانگەی تیۆری ڕەوشتییەوە دەیڕوانییە شیعر. پێوەری ئەو، ڕادەی ئەو سوودە زانستی و

ڕەوشتییە بوو کە شیعر دەتوانێ بە خەڵکی بگەیەنێ، هەر لەبەر ئەوە هەڵوێستی بەرامبەر شیعرو شاعیران توند بوو چونکە شیعر زمانی هەستە و سۆز دەورووژێنێ و مرۆڤــ لە عەقڵ دووردەخاتەوە، ئەو کاریگەرییەی شیعر بە بۆچوونی ئەفلاتوون لەو دارِشتن و زمانە تایبەتییەوە دێت کە شیعر هەیەتی: (شاعیر لەرِێی لاسایی کردنەوەوە بە وشەو رِستەکانی کار لەکەسانێك دەکات کە لەخۆی نەزانتر نین، بەبێ ئەوەی هەست بە ئاکامەکانی ئەوکارەی بکات. رِووە رِاستەقینەکەی شیعر ئەوکاتە دەردەکەوێ کە قاڵبە شیعرییەکەی لێ داماڵێ و بیگۆرِێ بۆ پەخشان) (ئەفلاتوون:١٩٧٤:٥٥٦). دیارە کە ئەو قاڵبە تایبەتییەی شیعریش بە هۆی تایبەت بەکارهێنانی زمانەوە دروست دەبێت، چونکە پەخشانیش هەر بەکارهێنانی زمانە، بەلاّم چونکە تایبەتمەندێتییەکانی شیعری نیە لە بەکارهێنانی زماندا، بۆیە نابێتە شیعر.

(ئەرستۆ) لە (هونەری شیعر) دا بە وردی لە کاری زمانی تراژیدیا دەدوێ و گرنگیی پێ دەدا [٤]، هەروەها لە (هونەری وتار ـ ریتۆریکا) (چەندین تێبینی پێشکێش کردووە سەبارەت بە چۆنیەتی رێکخستنی رستە و بەکارهێنانی خوازەو خواستن بەمەبەستی دروست کردنی کاریگەری بەسەر گوێگرەوە) (د. ابراهیم خلیل:٢٠٠٢: ٥٩) هەروەها لە گرنگی شێوازی شاعیر دەدوێ کە چۆن دەتوانێ رووداوی ناماقووڵ لە لای خەڵکی پەسند بکات بە وەسف کردن و دەربرِینی جۆراوجۆر) (د.محمد غنیمی هلال: ١٩٨٢: ٥٨ ـ ٦٠)، لە(هونەری وتار ـ ریتۆریکا) دا ئەرستۆ کۆمەڵێك رِێ و شوێن و تێبینی پێشکەێش کردوە سەبارەت بە چۆنیەتی رِێکخستنی رِستەو بەکارهێنانی خوازەو خواستن بە مەبەستی دروست کردنی کاریگەری بەسەر گوێگرەوە. ئەوەی کە لە بۆچوونەکانی ئەرستۆدا دەبیندرێت گرنگی دانیەتی بە شێوازی زمانی شیعر و رِەوانی زمانەکەی بۆ کاریگەریی زیاترو باشتر گەیاندنی پەیام، بۆ نموونە دەڵێ: (ناکرێت زمانێکی پاراو و بەرز لە منداڵێك، یان لە بەندەیەك ببیسترێ، هەروەك ناکرێت بابەتە کەم بایەخەکان بە زمانێکی بەرز دەردەبرِدرێن) (ئەرستۆتالیس: ١٩٨٦:١٩٦). لە بارەی شاعیرانیشەوە ئەرستۆ پێی وایە کە شاعیر سوود لە وشە (هاوواتا) کان وەردەگرێت بۆ جوانترکردنی شیعرەکەی. هەروەها زمان و شێوازی شیعر بەوە لە وتار جیادەکاتەوە کە لە شیعردا شاعیر درێژە بە وەسف دەدات، بەڵام لە وتاردا ئەمە ساردی لە شێوازو زمانی وتار دروست دەکات، بۆ نموونە (لە شیعردا ئاساییە لە بارەی سپییێتی ماست بدوێین، بەلاّم لەو وتاردا ئەو وەسف کردنە پێویست نییە).

(ئەرستۆتالیس: ١٩٨٦: ٢٠٢)

---

٤- برِوانە : هونەری شیعر، د. حەمید عەزیز، لاپەرِە : ٢٢، ٤٠- ٤٣.

ئەرستۆ لە باسی زمانی شیعردا لە شێوازو فەرهەنگ و رەوانبێژی دواوە، گرنگیشە ئەوە بگوترێ کە زمانی کێشداری نەکردووەتە مەرجی شیعر. وەك لە هونەری شیعردا دەڵێ: (ئەگەر یەکێك باسێکی پزیشکی، یان باسێکی فیزیکی بە شیعر دابنێ ئەوا خەڵك بە شاعیر ناوی دەبەن، هۆمیرۆس و ئێمپێ دوکلس لە کێش و سەروا بەولاوە هیچیان لەیەکتری نەچووە بۆیە وا ڕاستە یەکێکیان بە شاعیرو ئەویتریان بە لێکۆڵەرەوەی سروشتی نەك شاعیر ناو ببردرێ.

(ئەریستۆتلس: ٢٠٠٥: ٢٢)

لەڕەخنەی ئەدەبی رۆمانیدا سەبارەت بە زمانی شیعر لاسایی یۆنانەکان بەلای هۆراسەوە کارێکی پەسندە، بەڵام (لانگینیۆسLonginus) هەندێ بۆچوونی جیاوازی هەیە سەبارەت بە زمانی نووسین (زۆرتر دەستەواژەی عیبری دەکاتە هەوێنی نووسراوە بە یۆنانی و رۆمانییەکان) (عەبدولخالیق یەعقووبی: ٢٠٠٧: ٥٨) دیارە نووسین بە زمانێکی تێکەڵ کارێکی شیاو نەبووە، بەڵام ئەو کردوویەتی، هەرچەندە نووسینەکەی وتارەو شیعر نییە و هیچ شاعیرێکیش لەوسەردەمدا لاسایی نەکردووتەوە، بەڵام بناغەیەکی گرنگە بۆ سەردەمەکانی تر، بە تایبەتی کە لە بواری رەخنەدا گرنگی بە مەسەلەی تر دەدات وەك هەڵویستی خوێنەرو رادەی پێشوازی جەماوەر لەدەق. ئەم بۆچوونانەی وایانکرد کە شێوازە رەخنەییەکەی لە سەدەی هەژدەمدا گرنگی زۆری پێ بدرێت و باڵیش بەسەر قوتابخانەکانی رەخنەی سەدەی بیستەمدا بکێشێت.(عەبدولخالیق یەعقووبی: ٢٠٠٧: ٥٨). سەرباری ئەم بۆچوونانەی لانگینیۆس کە لە بواری زمانی نووسیندا هەنگاوی تازەی تێدایە، بەڵام بە گشتی ناتوانین بڵێین رۆمانەکان لە بازنەی کولتووری ئەدەبی یۆنانەکان دەرچوون، بەڵکو لاسایی کردنەوەی یۆنانەکان بەلای رۆمانەکانەوە کارێکی پێویست بووە. هۆراس لەم بوارەدا دەڵێ: ((ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە، شەوو رۆژ نموونەی گریکەکانتان لەبەرەزاو بێت))

(هۆراس: ٢٠٠٥: ٣١)

هۆراس لە بواری زمانی شیعردا گرنگی بە (وشە) داوەو ئاگاداری شاعیر دەکاتەوە کە وشەکانی سڕو مردوو نەبن. کاتێك ئەرکی شیعر دەربڕین و روون کردنەوەیە، دەبێ وشەکانیشی بەردەوام زیندو و پڕ واتاو ژیان بن، لەم بوارەوە زمان بە دار دەچوێنێت و وشەکانیش بەگەڵاکانی دار دەچوێنێ، بە درێژایی ساڵەکان بەردەوام دار گەڵای دەوەرێت و گەڵای نوێ

دەگرێتەوە، بەڵام دارەکە هەردەمێنیٚ و زیندووە، گەڵاکانیش هەموویان بەیەك جار نامرن، بەڵکو کەم کەم دەوەرن و گەڵای نویٚ لە جێی ئەواندا شین دەبنەوە، بەم جۆرە پێویستە شاعیر بەدوای وشەی نویٚ دابگەرێت و وشەکانیشی بە شارەزایی و وەستایی لە رستەکاندا بەکاربهێنیٚ بۆ ئەوەی شیعرەکەی بەرزو جوان بیٚ.

(عمر محمد ئەلتالیب: ١٩٩٣: ١٦)

یەکێکی تر لە ڕەخنەگرە ڕۆمانییەکان (کۆنتلیان)[٥]. (کونتلیان Quintilian) کە لەسەدەی یەکەمی زاینیدا ژیاوە، بەڕوونی باسی هەندیٚ لایەنی کاریگەری زمانی کردووە لە ئەدەبدا وەك ڕەوانی و ناسکی وشەکان و گونجانی واژەو واتاکان. لەوەش دوورتر دەڕوات و دەڵێت: (دەقە ئەدەبییەکان بەوە لە یەکتری باشتر دەبن کە خاوەنەکەیان چەندە توانای یاریکردنی هەیە بە کەرەستەی دەق کە وشەکانن)

(د.ابراهیم خلیل:٢٠٠٢: ٥٩).

لە بۆچوونەکەی (کونتلیان) دا هەڵبژاردنی وشەی گونجاو بۆ پاراوی و کاریگەری دەقی ئەدەبی گرنگیی خۆی هەیە، ئەم هەڵبژاردنەی وشەو هەوڵ دانی ناسکی و ڕوونی دەقی ئەدەبییە، خۆی لە خۆیدا گرنگی دانە بە ڕەوانبیژی وەك هونەرێکی قسەیی لە دەقی شیعریدا ، کەواتە گرنگی دانە بەزمانی شیعرەکە.

یۆنانی و ڕۆمانییەکان لە باسی زمانی شیعردا گرنگییان بە شێواز و ڕەوانبێژی داوە، شێواز بەو واتایەی کە شاعیر چۆن رستەکانی دەربېڕێت بۆ ئەوەی کاریگەر بن و لە بواری

---

٥- کونتیلین (٢٣٥ -٩٠ز): ناوی تەواوی (مارکوس فابیوس کونتیلانوس)ە، رەخنەگرێکی رۆمانییە لەبواری ڕەوانبێژیدا کتێبی (مەشقی وتارخوێن)ی نووسیوە، یەکەم کەسە کە قوتابخانەی بۆ خوێندنی رەوانبێژی داناوە. (لیلیان هیرلاندز واخرون: ١٩٨٦: ٢٦١).

٢- حوتەیئە: جرول بن أوس بن مالك العبسی (؟ - ٤٥ ك): یەکێکە لە شاعیرە (مخچرم) ەکان، دەستێکی باڵای لە شیعری داشۆریندا هەبووە، شیعری داشۆرینی لەسەر باوك و دایك و خۆیشی نووسیوە. خەلیفە عومەری کوڕی خگاب بەهۆی داشۆرینی خەڵکەوە ماوەیەك دەستبەسەری کردووە. (لویس معلوف و فردینان توتل: ١٩٧٣: ٢٣٩)

درامادا چۆن زمانی چینەکان بپارێزێت، ڕەوانبێژیش بە واتای هەڵبژاردنی وشەی کاریگەرو بەکارهێنانی خوازەو خواستن وهونەرەکانی ڕەوانبێژی.

### ٢-١-١-١ ڕەخنەگرانی ئەدەبی عەرەبی:

شاعیرو ڕەخنەگرانی عەرەبیش گرنگییەکی زۆریان بەزمانی شیعر داوە، ئەمیش لەو ڕوانگەوە کە شیعر سەنعەتێکە کەرەستەکەی زمانە، لەبەر ئەوە هەوڵی پاراوکردن و پوختەکردنی زمانی شیعریان داوەو گرنگییەکی زۆریان بە دروست کردن (سەنعەت) ی واتا داوە، واتا گیانی شیعرەو لە وشەدا هەڵدەگیرێت، لەبەر ئەوە وشە گرنگی خۆی هەبووە. شیعری چاك پێویستی بە بەکار هێنانی وشەی گونجاو هەبووە بۆ مەبەستی دیاریکراو، واتە باشترین وشە لە نێو هاوواتاکانی خۆیدا هەڵبژێردرێ کە بەوردی مەبەستی شاعیر بگەینێتە بەرانبەرەکەی. لەو بوارەدا بەشێکی زۆری شاعیرانی کۆنی عەرەب بە (شاعیرە سەنعەتکارەکان) ناودەنران وەك (حوتەیئە)[٢]، چونکە ئەمانە شیعریان هەبوو کە یەك ساڵ بە دانانیەوە خەریك دەبوون و پێی دەگوترا (حولیّات).

(جاحز) ئەم ڕامان و وردەکارییەی بەلاوە گرنگ بووە و لە کتێبی (البیان والتبیین) دا قسەیەکی (حوتەیئە) باس دەکات کە دەیگوت: (باشترین شیعر شیعری حەولی ـ یەك ساڵە ـ ی پوختەکراوە). د. محمد غنیمی هلال دەڵێ: ((جاحز کە ئەو قسەیەی (حوتەیئە) دەگێڕێتەوە لەو کتێبەیدا، مانای وایە ئەو ڕێچکەیەی بە دڵ بووە لەبەر گرنگی وشە و هەڵبژاردن و هەناسە درێژی و دووربینی شاعیر)).

(د.محمد غنیمی هلال: ١٩٨٢: ١٥٦).

بە بۆچوونی (جاحز) سەرچاوەی شیعرییەت واتای دەربڕینەکان نییە، بەڵکو شعرییەت لە (نەزم) ەوە سەرچاوە دەگرێ، (عەبدولقاهیری جورجانی ـ ٤٧٤ ك)[٦] دەڵێ: ((واتا وەکو ئەو

٦ - عەبدولقاهیری جورجانی (؟ ـ ٤٧٤ هـ) (؟-١٠٧٨): ((أبو بكر کوڕی عبد الرحمن کوڕی محمد یە، لە جورجان لەدایك بووەو هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە، شارەزایەکی بواری ئەدەب و زانستی (نحو) ە، گرنگیی بەلێکۆڵینەوە لە ئیعجازی قورئانی پیرۆز داوە، لەنوسراوە بەناوبانگەکانی: دلائل الإعجاز، أسرار البلاغة، الرسالة الشافية في إعجاز القرآن.)) (لويس معلوف و فردينان توتل : ١٩٧٣: ٢١١).

بۆیەیە وایە کە نەخش و نیگاری پێ دروست دەکرێت، چۆن کەسێکی شارەزا لە ڕێژەی تێکەڵ کردنی بۆیەکان و شارەزا لە بەکارهێنانیان نەخش و نیگارەکەی جوانترو ناوازەترە لە نەخش و نیگاری کەسێکی نەشارەزا، شاعیرەکانیش هەروان لە بەکارهێنانی واتاکانی (نەحو) کە بەرهەمی (نەزم) ن)). (عبدالقاهر الجرجاني: ١٩٨٤: ٨٧). کەواتە ئەو شاعیرەی کە شارەزای (نەزم)ە، شیعرەکەی جوانترە لەو شاعیرەی کە شارەزا نییە، (نەزم)یش ئەو کایە هونەرییە یە کە لە ڕێی ڕێساکانی زمانەوە شیعر دروست دەکات. ((بەم جۆرە عەبدولقاهیر دەستەواژەی (نەزم) ی بە واتایەکی نزیك لە دەستەواژەی شێواز (style) بەکارهێناوە، بەڵام (نەزم) فراوانترە لە شێوازو پانتاییەکی گەورەتر دەگرێتەوە))

(د.ابراهیم خلیل:٢٠٠٢:٦١).

ڕەخنەگرانی عەرەب کە باسی (نەزم) دەکەن باسی پەیوەندییە سینتاکسییەکانی ڕستە دەکەن و بە واتاو جوانکاری واتاییەوە دەیبەستنەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین کە (زمانی شیعر) بەلای عەرەبەکانەوە زمانێکی نەزم دارە، بە واتای ئەوەی پەیوەندی و یاسا زمانی یەکان بە مەبەستی دروست کردنی ئێستێتیکای زمانی بەکارهێندراون.

لەم بارەیەوە (د.محمد رەزا شفیعی کدکنی) دەڵێ: (عەبدولقاهری جورجانی کە گەورەترین خاوەن تیۆرەکانی ڕەوانبێژییە لە ئێران و جیهانی ئیسلامی دا، ڕەوانبێژی و کاریگەرییەکەی لە بنیادە سینتاکسییەکانی زمان دەستنیشان دەکات و بە زانستی واتاکانی سینتاکس ناویان دەبات، مەبەستیشی لە زانستی واتاکانی سینتاکس ئاگاداریی شاعیرو ئەدیبە لە بەکارهێنانە سینتاکسییەکانی زمان بە جۆرێك کە هەر یاساو بنیادێك لە چ بارێکدا دەتوانێت چ نەقشێکی هەبێت).

(د.محمد رەزا شفیعی کدکنی: ١٣٧٩: ٣١)

لەناو ڕەخنەگرانی عەرەب پێش عەبدولقاهری جورجانی بۆچوونی تر بەرانبەر شیعر هەبوو کە تایبەتمەندی تری دەدایە زمانی شیعر. بۆ نموونە (قودامەی کوڕی جەعفەر ـ ٣٣٧ ك)[٧] لە

---

٧- قودامەی کوڕی جەعفەر(؟ ـ ٣٣٧ ك): ((قدامە بن جعفر بن قدامە بن زیاد البغدادی،ناسراوە بە (أبو الفرج)،کتێبی (نقدالشعر)ی هەیە وکاریگەری یۆنانییەکانی پێوە دیارە)) (لویس معلوف و فردینان توتل : ١٩٧٣: ٥٤٦).

کتێبی (نقد الشعر) دا شیعر بەوە دەناسێنی کە (قسەیەکە کێش و سەروای هەیە و واتایەك دەگەیەنێ)،  بەم پێیە

زمانی شیعر مەرجی مۆسیقای ناوەوە و دەرەوەی لە کێش و سەروا بۆ زیاد دەبێت. سەرباری ئەمەش (قودامە) کاتێك لە واتای شیعر دەدوێت، (واتا) بە کەرەستەی شیعر دادەنێ و شیعر بەو وێنەیە دادەنێ کە بە کەرەستەی (واتا) دروست دەکرێت.

**قودامە هەندێك مەرج بۆ واتا دادەنێت لەوانە:**

١ / نابێ شاعیر دژی قسەی خۆی  بوەستێتەوە، چ لە دوو قەسیدە، یان لە دوو وشەی دژبەیەك، یان لە ستایش کردنی کەسێك و پاشان  داشۆرینی.

٢/ واتای ناشیرین دەتوانێ شیعری چاك دروست بکات وەك ئەوەی پیاوی دارتاش ئەگەر خۆی کەسێکی خراپیش بێت، بەڵام دەتوانێت لە دار شتی جوان و پاك دروست بکات.

٣/ پێکهاتەکانی شیعر (وشە، واتا، کێش، سەروا) دەبێ گونجاوبن لەگەڵ یەکتری. (قدامة بن جعفر: ١٩٨١: ٢٩٥ ـ ٣٠٣).   قودامە هەوڵی دا یاسا بۆ زمانی شیعر و واتای شیعریش دابنێت و بنەمایەکانی لۆژیك لەبارەی شیعری عەرەبی جێبەجێ بکات، لەو هەنگاوەشدا (سوودی لە ئەرستۆ و عەرەبەکانی پێش خۆی وەك ئەسمەعی و جاحز وەرگرتووە) (محمد عبدالموتەلیب: ٢٠٠٨: ٣٨).

هەر لە سەردەمی قودامە (ابن وهب)[٨] لە نووسینەکانیدا لێکۆڵینەوەی لە بارەی بنیادی دروست کردنی شیعر کرد و چەند بەشێکی گرنگی لە کتێبەکەی بە ناو نیشانەکانی (ڕەمز، ئاماژە ، کورتبڕی، تێلنیشان) نووسی (محمد عبدالموتەلیب:٢٠٠٨: ٣٨). لە مێژووی رەخنەی عەرەبی دا هەوڵی تری رەخنەیی زۆرن، بەڵام بە گشتی بە ئاقاری رەوانبێژی دا دەچن، یان تێکەڵ بە زانستی کەلام دەبن و لە شیعر دوور دەکەونەوە لەوانەش:

ـ معانی القران / فەرراء  / ١٤٤ ـ ٢٠٧ ك

---

٨ - ابن وهب: ((أبی الحسین اسحاق کوڕی ابراهیم کوڕی سلیمان  کوڕی  وهب  به (ابن وهب الکاتب) ناسراوە، لەسەرەتایەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی ژیاوە، کتێبی (البرهان فی وجوه البیان) ی هەیە لە زانستی ڕەوانبێژی دا. (http://www.ahlalloghah.com/showthread.php?p=7419)

- مجاز القران / أبو عبيده / ٢٠٨ ك
- تەبەقات ئەلشوعەرا/ ابن سلام / ٢٣٢ ك
- الشعر والشعرا / ابن قتيبه / ٢٧٦ ك
- تەبەقات ئەلشوعەرا / ابن المعتز / ٢٦٩ ك
- الكامل / المبرد / ٢٨٥ ك
- كتاب ئەلستاعەتەين / ابو هلال العسكرى / ٣٩٥ ك
- العمده / ابن رشيق / ٤٦٣ ك
- منهاج البولەغا / حازم ئەلقەرتاجەنى/ ٦٨٤ ك

هەوڵەکانی ڕەخنەی عەرەبی فراوانترن لە هەوڵی یۆنانەکان، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە لە لایەکەوە کولتووری ڕەخنەیی یۆنان و ڕۆمانیان لەبەردەست دا بووە، لە لایەکی تریشەوە گەڕانیان بە دوای سەراسیمای زمانی قورئانی پیرۆز، وایکرد کە کولتوورێکی دەوڵەمەندی ڕەخنەیی بێتە ئاراوە، بەڵام لووتکەی ئەو هەوڵانە لە دوو کتێبەکەی جورجانی دایە کە زمانی ئەدەبی و شیعری لە ئاستە جیاجیاکانەوە دەوڵەمەند کردو زۆر چەمکی نوێی داهێنا وەك (واتای وشە ـ واتای نەحو) و (واتای واتا) کە واتای دووەمی وشەیەو لە سیاقی ڕستەدا پەیدای دەکات، هەروەها دەستەواژەی (خستن) کە بەواتای لادان بەکاریهێناوە و زۆربەی لادانە واتایی و سینتاکسییەکان لە ژێر ئەم بیرۆکەیە ڕوون دەکاتەوە.

(د.عبدالواسع احمدالحميرى:٢٠٠٥: ٨٣ ـ ١١٦)

### ٣-١-١-١ سەردەمی ڕێنێسانس:

لە سەردەمی (ڕێنێسانس) دا مەسەلەیەکی نوێ هاتە ناو زمانی شیعر، ئەویش بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی و نەتەوەییە، (دانتی)[٩] داوایکرد کە ئیتر شیعر بە زمانی نەتەوەیی بنووسرێت و شاعیران واز لە زمانی لاتینی بهێنن، لەم ڕووەوە (کۆمیدیا) یەکەی خۆی ـ کە دواتر بە کۆمیدیای یەزدانی ناسرا ـ بە زمانی ئیتاڵی شێوەی تۆسکانی نووسی.(د.

٩- دانتی: دانتی ئەلیاری (١٣٢١-١٢٦٥).ز، لەشاعیرە زۆر بەناوبانگەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپایە، دژی شێوازی دینداری کەنیسە وەستایەوەو کتێبی (کۆمیدیا) ی بە زاری ناوچەیی نووسی. (لويس معلوف و فردينان توتل : ١٩٧٣: ٢٨١).

هیمداد حوسێن:٢٠٠٧: ٥ ـ ١٤) لە نامەکەی کە بۆ (کان گراندێ دێلا سکالاّ) ی نووسیووە، وەك پێشەکییەکە بۆ بەشی سێیەمی کۆمیدیا، دەڵێ: (ئەو زمانەی خەڵك پێی دەدوێن ـ زمانی عەوام، باو، یان خۆماڵی ـ زمانێکی جوان و شایانە بۆ نووسین)

(عەبدولخالیق یەعقووبی:٢٠٠٧: ٥٧)

بەکارهێنانی زمانی میللی لە نووسینی شیعرو بە یەکسان زانینی زمانەکان هەر لە لای دانتی دەرنەکەوت، بەڵکو رەخنەگرانی تریش لە هەمان سەردەمدا دەرکەوتن کە پاڵپشتی بۆچوونەکانی دانتی یان دەکرد، لەوانەش (پ. پومپوناتسی p. pomponazzi) یەکێکی دیکەیە لەو کەسانە کەباوەڕی وابوو تەواوی زمانەکان لە بایەخ و پلە و پایەدا وەکو یەك بەهرەمەندن، لە گواستنەوەی هەستی مرۆڤـــ و دەربڕینی مەبەستەکاندا هەمان توانایان هەیە. هەموو زمانەکان وابەستەی یاسای تایبەت بە خۆیانن).

(کورش سەفەوی: ١٣٧٧: ٤٢)

لە ئەنجامی ئەم هەوڵانەی سەردەمی رێنێسانس، ئیتر زمانی لاتینی نەبوویەوە زمانی رەسمی ئەدەبیات و زمانە نەتەوەییەکان لەجێی ئەو گەشەیان سەند، بەم جۆرەش زمانی شیعر سیمای نەتەوەیی بوونی پەیداکرد، واتە سەرباری مەرجە رەخنەییەکانی تر کە لە بارەی زمانی شیعرەوە هەبوون، لە گۆشەنیگای نەتەوەییەوە سەیری زمانی شیعری کرا.

### ٤-١-١-١ قوتابخانە ئەدەبییەکان:

#### کلاسیزم:

لەسەردەمی سەرهەڵدانی رێبازی کلاسیزمی نوێ، واتە لە سەدەی حەڤدەمی زایینی دا ڕابەرانی کلاسیزمی نوێ کۆمەڵێك ڕێساو بنەمای پتەویان بۆ کاری ئەدەبی دانا، مەرجی شاعیری چاك لەو سەردەمە دا ئەوەبوو کە لاسایی پێشینانی گریك و رۆمانی بکاتەوە، ئەمەش هەم لە جۆرە ئەدەبییەکان و هەم لە (زمانی دەربڕین، تەکنیك، شێواز، کێش، سەروا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی) (د. فەرهاد پیربال: ٢٠٠٦:٣٠) ئیتر لێرەوە زمانی شیعر بووە زمانێکی پتەوو ڕوون.

جەخت کردنەوەی رەخنەگرانی کلاسیك لەسەر ڕوونی شێوازی دەربڕین بوو ((چونکە تەم و مژی دەربڕین هۆکاری هاندانی ئاژاوەیە)) (د. هیمداد حوسێن: ٢٠٠٧: ٢٨) لەم بوارەدا

شاعیرو رەخنەگرانی وەك (جان درایدن)[10] و (ئەلیکساندەر پۆپ)[11] جەختیان لەسەر زمانی پاراوو روون و کێشی شیعر و راستگۆیی دەربڕین دەکردەوە، (دکتۆر ساموئیل جانسون) لە بارەی درایدن دەڵێ: ((درایدن بووە هۆی باشتر بوون، یان ڕەنگە کامل بوونی کێشی شیعر و، پڕو پاراو بوونی زمانەکەمان و راست و دروست بوونی هەست و عاتیفەمان))(عەبدولخالیق یەعقووبی: ٢٠٠٧: ٦٠). (درایدن) لە کتێبی (وتارێك لە بارەی شیعری درامی) دا کەلەساڵی (١٦٦٨)دا نووسیوویەتی، خۆی بە بنەما کلاسیکییەکان دەبەستێتەوە لە بواری سەروای شیعردا، سەروا بە پێویست دەزانێت چونکە بە بۆچوونی ئەو خەیاڵی شاعیر بەردەوام کۆت شکێن و هەڵگەراوەیە وەك سەگێکی دڕ پێویستی بە کۆت و زنجیر هەیە بۆ ئەوەی سنوور نەشکێنێ. شیعری بێ سەروا وا لە شاعیر دەکات کە زیاتر لە پێویست رۆبچێت)

(د.عمر محمد ئەلتالیب،١٩٩٣: ١٨).

هاوشانی ڕابەرانی کلاسیزم،(بوالۆ) رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە چەسپاندنی رێبازی کلاسیزم دا، کتێبی (هونەری شیعر) ی بڵاوکردەوە تێیدا دەستوور و بنەماکانی کلاسیزمی بە شێوەیەکی تیۆری دارشتەوە، بە بڕوای ئەو پێویستە زمانی شیعر زمانێکی قورس و سەنعەتکارانە بێ. کەواتە دەتوانین بڵێین زمانی شیعری لەسەردەمی کلاسیزم زمانێکی چڕو پڕ سەنعەت، بەڵام لە هەمان کاتدا روون و بێ تەم و مژ بووە، زمانێکی باڵا بووە بە جۆرێك ڕەنگدانەوەی چینی ئۆرستۆکراتی پێوە دیار بووە. ئەم کۆت و بەندەی زمانی شیعر

لەسەدەی هەژدەمدا شکاو زمانی شیعر بەرەو ئازادبوون هەنگاوی نا، ئەم ئازادبوونەش بە هۆی سەرهەڵدانی قوتابخانەی رۆمانسیزمەوە بوو.

١٠ - جۆن درایدن ١٦٣١- ١٧٠٠: رەخنەگرو شاعیری ساتیرە، گرنگی بە زمانی شیعرداوەو شیعری ئازادی نووسیوە، شانۆنامەی (هەموو شتێك لەرێی خۆشەویستی دا)/ ١٦٧٧، باشترینی بەرهەمەکانیەتی کە بە شیعری ئازاد نوسراوە. (لیلیان هیرلاندز واخرون: ١٩٨٦ :١٤٥).

١١- الکسندر بوب ١٦٨٨-١٧٤٤: شاعیرێکی ئینگلیزییە، شیعرەکانی بە نموونەی بالای شیعری کلاسیکی نوێ دادونرێت، لە ی کێك لە نووسینەکانیدا بەناوی (مقاله فی النقد) هەوڵی دانانی تیۆرێکی ئێستێتیکای شیعری داوە کە بە هەوڵەکەی هۆراس دەچێت. (لیلیان هیرلاندز واخرون: ١٩٨٦ :٩٢).

**ڕۆمانسیزم:** ڕۆمانسیستەکان بڕوایان بە زاتیەت و ئازادیی داهێنان و دەربڕین هەبوو، ئەمەش بە هۆی کاریگەریی (ئەمانوێلْ کانت)[12]ی فەیلەسووفی ئەڵمانی بوو بەسەر رابەرانی رۆمانسیزمەوە، (کانت) پێی وایە کە کەسی ئازاد دەتوانێ داهێنان بکات، کۆت و بەند و قاڵب رێگری داهێنانن، بە بۆچوونی (کانت) هونەر ئەگەر سنوور و قاڵب و مەرجی هەبوو ئەوا نابێتە هونەر، بەڵکو دەبێتە پیشە و سەنعەت، لەم بارەیەوە دەڵێ: (هونەر بەوە لە سەنعەت جیا دەکرێتەوە کە ئازادە، بەڵام پیشە هونەرێکی دروست کراوە)

(د.رمزان ئەلسەباغ: ٢٠٠٢: ٥٩).

(کانت) باوەڕی وابو، کە شاعیر وەك ئەوەی نابێ مەرج بۆ شیعرەکەی دابنرێ، دەبێ خۆیشی لە ناخەوە ئازاد بێ و خاوەن ویستی خۆی و ئازادیی خۆی بێت. لەم سۆنگەیەوە کۆت و پەیوەستەکانی زمانی شیعر سووك بوون و ئیتر بەرەو سادەیی و تاڕادەیەکیش فرە واتایی هەنگاوی نا، ئەو ئازادیەی زمانی شیعر لەسەردەمی ریالیزمیشدا وەك خۆی مایەوە و لە هەندێ خاڵدا خۆی دەنواند:

١ـ نەمانی قاڵبی شیعری.

٢ـ کێشی شیعری گۆڕانی بەسەر داهات و بەرەو نەمان رۆیشت.

٣ـ سەروا بە هەمان شێوە گۆڕانی بەسەر داهات.

٤ـ شێواز گۆڕانی بەسەر داهات و بەرەو سادەیی رۆیشت.

**پەرناسیست و سیمبۆلیستەکان:** ئەم سادەبوونەوەیەی زمانی شیعری زۆری نەخایەند و لەگەڵ دەرکەوتنی شاعیرە پەرناس و سیمبولیستەکان زمانی شیعر کەوتە قۆناغێکی نوێ و باری سەرنجەکان بە تەواوی لە بارەی شیعر و زمانەکەیەوە گۆڕانیان بەسەر داهات، مۆسیقای شیعری، رەوانبێژی و وێنەی شیعری، پەیامی شیعر و مەسەلەی ئیلتیزام، ئەمانە هەمووی لە بنەرەتەوە گۆڕانیان بەسەر داهات. خواستن و خوازە لە چەق بەستوویی دەرچوون، دەسەڵاتی واتا بەسەر شیعرەوە نەما. زمانی شیعر هەموو ئەو کۆتانەی پچڕاند کە پێشتر پێیانەوە پەیوەست کرابوو، شیعریش بووە بوونەوەرێکی زمانیی نەناسراو.

---

ئەمانوێل کانت١٧٢٤-١٨٠٤: فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە،بەهۆی گرنگیدانی بە زاتیەت کاریگرییەکی بەرچاوی لەسەر شاعیرانی رۆمانتیك هەبووە، لەنووسینەهەرەبەناوبانگەکانی (پرۆژەی ئاشتییەکی بەردەوام ١٧٩٥) کتێبێکی سیاسییە و (ئاین لە سنووری عەقڵی پەتیدا ١٧٩٣) لەبارەی فەلسەفەی ئاینەوەیە. (جورج گرابیشی: ١٩٨٧ :٤٧٤)

ئەم گۆڕانکارییە پێچێکی گرنگ بوو لە ڕێڕەوی رەخنەی ئەدەبی دا، چونکە کەرستەکانی رەخنەی شیعر لە واتا سواوەکان و زانستە پاڵپشتەکانی دەرەوەی شیعر وەك کۆمەڵناسی و مێژوو و دەرونزانی بۆشیعری سیمبولێستەکان سوودی نەما، تەنانەت رەوانبێژی بە هەموو شارەزاییەکانیەوە لە گەمە زمانییەکان، تووشی شۆك بوو، بانگەشەی کۆتایی هاتنی سەردەمی رەوانبێژی لێرەو لەوێ سەریهەڵدا.

زانستە مرۆییەکانی وەك دەروونزانی لە ڕێی بۆچوونەکانی فرۆید و یۆنگ لە بارەی ئەدەبەوە هەوڵی بێ وچانیان هەبوو بۆ خستنەڕووی نەستی شاعیرو لێکدانەوەی رەمزەکانی کە لە نەستەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام ئەم هەوڵانە نەیانتوانی لە ئاستی گۆڕانکاریە خێراکانی زمانی شیعر بن کە لە کۆتایی سەردەمی پەرناسەکانەوە سەریهەڵدا. ئەم گۆڕانکارییانە لە تێگەیشتنی پەرناسەکانەوە دێ بۆ فەلسەفەی شیعر و ئەرکی شیعر. لەکاتێکدا ریالیستەکان و ریالیزمی سۆشیالیستی داوایان دەکرد کە ئەدەب دەبێ لە ناو کێشەکانی خەڵکدا بژی وزامەکانی کۆمەڵگا سارێژ بکات، واتە ئەرکێکی ئەخلاقی ببینێ و راستییەکان رابگەیەنێ. لە هەمان کاتدا پەرناسەکان بۆچوونێکی تریان هەبوو، ئەوان دەیانگوت نابێ هونەر بە تەرازووی چاکە و خراپە، یان بە تەرازووی راست و چەوت یان وابەستەبوون و وا بەستە نەبوون پێوانە بکرێ، بەڵکو هونەر بە تەرازووی جوانی و ناشیرینی پێوانە دەکرێ، واتە ((ئەگەر قسە و کردەوەی ئەخلاقی Moral هەبێ لە بەرامبەریش دا قسە و کردەوەی نائەخلاقی هەبن Im moral ، ئەوا قسە و کردەوەیەکیش هەیە کە پەیوەندی بە ئەخلاقەوە نییە و بە پێوەرەکانی ئەخلاق ناپێودرێ، لەوانەش راستییە ماتماتیکییەکان و راستی یەکانی جوانی و ئێستێتیکا)).

(د. محمد مندور:؟: ١٠٦)

بۆچوونەکانی ئەو نەوە نوێیەی شیعر مانای ئەوە نییە کە شیعر دژی ئەخلاق و راستی و چاکەکان بێ یان لایەنگر و پاڵپشتیان بێ، بەڵکو مانای بێ لایەنیی شیعرە لە ئاست بەها مەعریفی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان، لە ڕووی زمانیشەوە ئازادبوونی وشەیە لە باگراوندە واتاییە بارکراوەکان بە درێژایی کات، چونکە شاعیری ئەو نەوە نوێیە ((وشە ڕزگار دەکات لە کۆتی واتا کۆنەکان و بەکارهێنانە سواوەکان، بە واتای نوێ بەکاریدەهێنێتەوە)) (عبدالله محمدالغذامي:٢٠٠٦: ٢٧٠)، هیچ فەرهەنگێکیش بۆ ئەو واتا نوێیانە نییە کە شاعیر دروستیان دەکات، چونکە واتاکان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێن و لە ئەنجامدا هەر شاعیرێك زمانێکی تایبەت بە خۆی دەخولقێنێ، ئەو خولقاندنی زمانە بە لای سیمبولێستەکانەوە بنەمایەکی گرنگی بە شاعیر بوونە، بەبۆچوونی ئەوان ((ئەرکی شاعیر ئەوەیە

زمانێك دابهێنێ كە گوزارشت لە خۆی بكات)) (احسان عباس:؟: ٦٩) ، بە جۆرێك بە هۆی ئەو زمانەیەوە بتوانێ پرسەكانی ناخی خۆی بەرانبەر بە دیاردەكانی بوون و بوونەوەر دەربڕێ، گرنگیش نییە بەرهەمەكەی چەندە نزیكە لە تێگەیشتنی خەڵك، بە پێچەوانەوە ئەو زمانە مایەی تەم و مژە، چونكە تەواو تاكەكەسی و خودییە، وەك (مالارمێ)[13] لە وەڵامی گۆڤاری (فوغ)ساڵی(١٨٨٦) دەڵێ: (شیعر دەربڕینە بە زمانی مرۆڤ و ئێستا تێكەڵ بە ئاهەنگی بنەرەتی خۆی بووەتەوە، ئاهەنگی واتای تەم و مژاوی دیاردەكانی بوون) (ر.م.ألبيريس:١٩٨٣:١٣٠). ئەمەش واتە باری ئاسایی و بنەڕەتی شیعر ئەوەیە كە تەم و مژاوی بێ.

بۆچوونەكانی ئەو نەوە نوێیەی شیعر شۆڕشێك بوو لە هەموو بوارەكانی شیعردا ، لە چەمك و پێناسەی شیعر، لە ئەركی شیعر، لە مانای ئێستێتیكای شیعری، لەو بابەتانەی كە شیعر دەبێ باسیان بكات، لە خەیاڵی بوون و واقیعی بوونی شیعر، كەدوا جار هەموو ئەمانە پێویستیان بە زمانێكی جیاواز هەبوو كە شاعیر دروستی بكات. لە بارەی توانای زمانی شیعرەوە مالارمێ ئەو شاعیرە بە چاك دەزانێ كە (دەربڕینەكان، ناوەكان و كارەكان و هاوەڵناوەكان بە جۆرێك دەچنێ كە ئاهەنگێكی دەنگی وا دروست بكەن مرۆڤ رابكێشێتە قوڵایی نەست و خەونەكانی) (اسماعيل رسلان:؟: ٤١). لە پێناو گەیشتن بە قووڵایی واتا شاراوەكان مالارمێ هەموو جۆرە دەستكارییەكی بە زمان و رێنووسی شیعر دەركرد، لە رێنووسدا گرنگی بە زەق كردنەوەی شوێنی هێزو ئاوازەكان دەدا، ئەمەش لە رێگەی نووسینی پیتەكان بە پیتی گەورە، وشەكانی بە جۆرێكی ئەندازەیی رێكدەخست بۆ ئەوەی لە كاتی خوێندنەوەدا ئاماژەدار بن (اسماعيل رسلان:؟: ٥٢، ٥٣).

مالارمێ باوەڕی وابوو تاقە پیتێك دەتوانێ كاری ئەدەبی سەركەوتوو بكات، یان بیشێوێنێ،لەم بارەیەوە دەڵێت)): كتێبێك درێژكراوەی پیتێكە))

(عبدالله محمدالغڑامی: ٢٠٠٦: ٣٣).

---

١٣ - ستیڤن ملارمیە (١٨٤٢-١٨٩٨): شاعیرێكی فەرەنسییە، خۆی فێرە زمانی ئینگلیزی كرد بۆئەوەی بتوانێ (ئەدگار ئالن پۆ) بەزمانی خۆی بخوێنێتەوە، وەك مامۆستای زمانی ئینگلیزی كاری كردووە. بەهۆی نووسینە رەخنەییەكانی و بەرهەمە جیاوازەكانییەوە بەرابەرێكی سیمبولیزم دادەنرێت. (ليليان هيرلاندز واخرون: ١٩٨٦ :٣٠١)

ئەمەش بە هۆی ئەوەیە کە ئەگەر ئەو تاقە پیتە لە شوێنی گونجاوی خۆی گرنگی پێ دراو ئاماژە دار بوو. ئەوا واتای کتێبەکە بەرەو ئەو ئاماژەیەدەبات، بۆیە گرنگە ئاماژەکە لە شوێنی خۆی بێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکە واتایی و جوانییەکەی خۆی جێبەجێ بکات.

زمانی شیعری لەسەر دەستی سیمبولیستەکان بووە پەیکەرێکی ئەندازەیی پڕ لە ئاماژە، ئاماژەکانیش شاوڵیانە بەرەو ناخ و قووڵایی پرسە ئەزەلییەکانی مرۆڤـ و ژیان شۆڕدەبوونەوە نەك ئاسۆییانە بە ناو ژیانی ئەمرۆیی و واقیع دا بڕوات، واقیع و ریالیزمگەرایی ئەو پیرۆزییەی نەما، چونکە بۆچوونەکان لە بنەڕەتەوە هەڵتەکان و تێکشکان ئەو واقیعە پیرۆزەی کە پێشتر هەبوو، بووە تەنیا گومانێك، وەك ئەدۆنیس دەڵێ: (ئێمە کۆمەڵێك وەهممان هەیە بەرانبەر بە ژیان و ناوی دەنێین واقیع، شیعر ئەگەر لە واقیع دوا، کەواتە بۆچوون و وەهمەکانی خۆمان دووبارە بەرهەم دێنێتەوە) (أدونیس: ٢٠٠٥: ١٠٣ ـ ١٠٥) هەروەها دەڵێ: ((خۆ ڕزگار کردن لە واقیع دەمانگەیەنێتە واقعێکی دەوڵەمەند ترو باڵاتر)) (ساندی سالم ابو سیف: ٢٠٠٥: ٦٣) ئەم واقیعە باڵایەش واقیعی جیهانی شیعرە و لەوێدا واتا بە هۆی توانای باڵای زمانەکەوە بەردەوام نوێ دەبێتەوە و لە دایك دەبێتەوە.

ئەگەرچی زمانی شیعری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم لە ئەورووپا دا گۆڕانێکی زۆری بەسەر داهات، بەڵام بەهای مۆسیقایی خۆی پاراستبوو، چونکە سیمبولێستەکان مۆسیقای شیعریان بە ڕەگەزێکی گرنگی زمانی شیعر دەزانی، هەرچەندە ئەو مۆسیقایە پەیوەست بوو بە زمانی تایبەتی هەر شاعیرێك، بەڵام بوونێکی گشتی هەر هەبوو، لەلایەکی ترەوە زمانی شیعری پەیوەستی ڕێساکانی زمان بوو، سەرباری هەموو سەر پێچییەکانی

بەڵام یاسا سینتاکسییەکانی هەر پاراستبوو. ئەو پارێزگارییە هەندەی نەخایەندو ئەزموونێکی نوێی شیعر لە سەر دەستی شاعیرانی دادایی وسوریالی لەدایك بوو.

## ٢-١-١ چەمکی زمانی شیعری لەسەدەی بیستەمدا:

### ١-٢-١-١ شاعیرانی فۆرمخواز (دادایی وسوریالییەکان):

تەقینەوەی تەواوی زمان لە رووی رێزمان و فەرهەنگ و رێنووس لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لەسەر دەستی شاعیرە دادایی و سوریالییەکان دەستی پێ کرد، ئەو شەڕە جیهانییە نەگریسەی کە هیچ بەهایەکی بۆ مرۆڤـ و ژیان نەهێشتەوە بووە هۆی ئەوەی کە شاعیران لە هەموو پێوەرێك یاخی

بکات، بۆیە هیچ یاسایەك بەهای نەماو هیچ هێڵێکی سوور لە بەردەم زمانی شیعر دا نەما، پێوەرە رەخنەییەکانی پێشووش دەستەوەستان بوون لەبەرامبەر ئەو شیعرو بۆچوونە شیعرییانەی کە پابەندی هیچ یاسایەك نەبوون، هیچ پیرۆزییەك نەبوو کە بیپارێزن، هیچ جوانی یەك نەبوو کە لاسایی بکەنەوە، بەڵکو خۆیان شیعرو جوانی و پێوەر بوون، لە هەموو سەر هەڵدان و رۆشنبیری و پێچە گرنگەکانی ڕەخنەی شیعریدا هەرگیز گۆڕانێکی گەورەو گشتگیر وەکو گۆڕانی داداو سوریالییەکان بەسەر شیعردا نەهاتووە، گۆڕانێك کە تەنانەت نرخی بۆ ڕێزمان و ڕێز بەندی کەرستە زمانییەکانیش نەهێشت. لەبەشی هەشتەمی بەیاننامەی حەفتەمی دادییزم دا هاتووە:

بۆ نووسینی شیعرێکی دادایی:
رۆژنامەیەك هەڵگرە
تۆزێکی بدڕێنە
لەو ڕۆژنامەیە وتارێك هەڵبژێرە درێژییەکەی بە قەد ئەو شیعرەبێ کەخۆت دەتەوێ بیلێی وتارەکە لە رۆژنامەکە جیاکەرەوە
دواتر هەیەك لە وشەکانی ئەو وتارە بە وردی ببڕە و بیکەرە کیسەیەکەوە
کیسەکە هەڵتەکێنە
ئەو کات هەریەك لە وشە بڕاوەکان یەك یەك دەربێنە
بە وردی بیاننووسەوە
بەو شێوەی خۆی، کە لە کیسەکە هاتەدەرەوە
شیعرێکی هاوچەشنی ئەوەی خۆت دەبێت
ئەو کات دەبیتە نووسەرێکی نوێ و بێوێنە و سەرنجڕاکێش،
کە خەڵکی ڕەشۆکی هیچ لەبەرهەمەکەت تێناگەن..)
(د. هیمداد حوسێن: ٢٠٠٧: ٢١٣).

**بە خوێندنەوەی ئەم ڕێنماییانەی پێشەوە هەندێ خاڵ بەر سەرنج دەکەون:**

١ـ ڕێزمانی قسەکردن پێویست نییە لە نووسینی شیعردا.
٢ـ وشەکان لە کوێی رستەکە دەبن و چ ئاماژەیەك دروست دەکەن، هیچ گرنگییەکی نییە.
٣ـ هیچ پێوەرێکی جوانناسی نییە دەستنیشانی جوانی دەقی شیعری بکات.
٤ـ شیعری چاك ئەوەیە وێنەیەکی پچڕ پچڕ بێت و کەس تێی نەگات.

هەڵبەتە شیعرێکی لەم جۆرە گاڵتەجاڕی نیە بە شیعر و پلەو پایەکەی، لە هەمان کاتدا بێ وەزیفەیی شیعریش نییە، بەڵکو پەیامێکە بۆ هەموو سەردەمەکان کە ژیانی مرۆڤی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بێ ماناو بێ ناوەرۆکە، دەروونی مرۆڤەکانیش وەك شیعرەکە تێکشکاون، پەیوەندییەکانیان وەك پەیوەندی نێوان وشەکانی شیعرەکە بێ هێزو بێ گرنگییە. دادابیزم دەیویست لەڕێی ئەو زمانە تێکشکاوەی شیعردا شۆڕشێك دژی کۆمەڵگاو بەهاسەپێنراوەکان هەڵگیرسێنێ وەك (تریستان تزارا)[١٤] دەڵێ: ((نیشتمان، خێزان، ئەخلاق، هونەر، ئاین، ئازادی، برایەتی، ئەمانە لەسەردەمانێکی زوو پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی بوون، بەڵام ئەمرۆ تەنیا ئێسکەپەیکەرێکن، دەبێ گەسك بدرێن)) (د.جمال شحید،د.ولید قساب:٢٠٠٥:١٥٨). زمان و کولتووره زمانییەکانیش بەلای ئەوانەوە بەشێك بوو لەو گەندەڵییە کۆمەڵایەتییە بۆیە هەڵوێستیان بەرامبەر زمان توند بوو بەجۆرێك ((دادابیەکان دەیانویست فەوزایەك لە ناو زمان و زمانی دەربڕینی شیعریدا بەرپا بکەن. ئەمەش وەك ڕەخنە گرتنێك بوو دژی زمان خۆی، بە سیفەتی ئەوەی زمان خۆیشی ئامرازێکی سیستەمی کۆمەڵایەتییە گەندەڵ و سەپاوەکەیە)) (د. فەرهاد پیربال: ٢٠٠٦: ٣٣٠).

هاوشانی ئەو بڵاوبوونەوە خێرایەی دادابیزم و سوریالیزم کە بە تەواوی زمانی شیعرییان تێکشکاند ، نووسەر و ڕەخنەگرانێك هەبوون کە لە بیری ئەوەدا بوون چۆن مامەڵە لەگەڵ شیعری سەدەی بیستەم بکەن، بە چ پێوەرێك بڕیار لەسەر بە شیعر بوون و بە شیعر نەبوونی دەق بدەن، چۆن پێناسەیەکی سەر لەنوێ بۆ ئێستێتیکای شیعر دابڕێژن، لەم مەیدانە دا چەندان هەوڵ و تەقەلا دەرکەوتن لە رووسیا و لە ئەمریکا و پاشان لە وڵاتانی ئەورپایی دا کە بە گشتی رەوت و پێوەری رەخنەی پێشوویان ڕەت کردەوە، ئەو قوتابخانە نوێیانە لە زۆر مەسەلە ناکۆك بوون، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە شیعر لە دەوروبەرەکەی دابېڕن، پشت بەستانیان بە مێژوو وکۆمەڵناسی و رەوانبێژی بۆ تێگەیشتن لە شیعر رەت کردەوە. بەبۆچوونی ئەوان لەبەر ئەوەی شیعر بەرهەمێکی زمانییە دەبێ زمانەوانی ئامرازی لێکۆڵینەوەی شیعربێ.

لێرەوە و لەو هەوڵە نوێیانەوە رەخنەی ئەدەبیی نوێ دەست پێ دەکات کە هەموو پێوەرەکانی جیاوازن لە رەخنە کۆنە سواوەکە.

---

١٤- تریستیان تزارا: شاعیرێکی رۆمانییە، ماوەیەك لەگەڵ سوریالیستەکاندابوو، پاشان لە (١٩١٦/٢/٨) دا، بەدەرکردنی گۆڤاری (دادا) ڕێبازی دادابیزمی راگەیاند. (د.هیمداد حوسێن بەکر:٢٠٠٧: ٢١١)

### ٢-٢-١-١ بۆچوونی ڕەخنەگرانی قوتابخانەکانی ڕەخنەی نوێ:

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دوو نوێبوونەوەی رەخنەی ئەدەبی هاوکات روویاندا: یەکەمیان رەخنەی فۆرمالێستە رووسەکان و دووەمیان (ڕەخنەی نوێ) New critcism بوو. ئەم دوو رەوتە لێکچوونێکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە لە رووی گرنگی دان بە شیعر و پشتگوێ خستنی دەورووبەرەکەی، بەڵام هەریەکەیان بە شێوازی خۆی. تێکەڵ بوونی بۆچوونەکانی ئەو دوو قوتابخانەیە لە دوای پەنجاکانی سەدەی بیستەم دا بە تەواوی روودەدات.

فۆرمالێستە رووسەکان بە سوود وەرگرتن لە بنەما زمانەوانییەکانی (دوسوسێر) بنەما رەخنەییەکانی خۆیان پەرەپێ دا، (رابەری فۆرمالێستەکان) (رۆمان یاکۆبسن) بوو کە لە بازنەی مۆسکۆی زمانەوانی و پاشان لە ئۆپۆیاز (opojaz) واتە (کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی زمانی شیعری) ڕۆڵی بەرەزاوی هەبوو. لە (١٩٢٦) (بازنەی زمانەوانی پراگ) کە بە (فۆرمالیستی چیك) یش ناودەبرێت دامەزرا رۆمان یاکۆبسن و ڤکتۆرشکلۆڤسکی و بۆریس ئیخنباوم لە ئەستێرەکانی ئەو بازنەیە بوون) (رامان سلون: ١٩٩٦: ١٥، ١٦).

ناوی فۆرمالسیتەکان لەوەوە هاتووە کە گرنگییان بە فۆرمی شیعردەدا، واتە زمانی شیعرەکەو ئەو پەیکەرە زمانییەی کە شیعرەکەی دروست کردووە (فۆرمالیستەکان کارەکانی خۆیان لە چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرستەکانی زماندا چڕ کردبووەوە، لە تەکنیکەکانی بەکارهێنانی زمانیان دەکۆڵیەوە، ئەوان پێیان وابوو ئەدەب بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانە جیا لە بەکارهێنانی ئاسایی کە مەبەستەکەی (گەیاندن) ە. ئەو بەکارهێنانە تایبەتە زمان لە بەکارهێنانی ئاسایی دوور دەخاتەوە و دەیکاتە وزەیەکی شیعری) (محمد عبدالموتەلیب: ٢٠٠٨: ٧٧). بازنەی پراگ کەسانی ناوداری تریشی تێدابوو وەك (تنیانۆف) و (رینیەویلیك)، تەمەنی ئەو بازنەیە (١٣) ساڵ بوو، پاش هێرشی نازیەکان بۆ سەر چیك لە ١٩٣٩ یاکۆبسن و رینیەویلیك بە ناچاری سەریان هەڵگرت و لە چەند شوێنێك ژیان تا لە ١٩٤١ گەشتیان بۆ ئەمریکا کرد و یاکۆبسن تاکۆتایی تەمەنی ١٩٨٢ لەو وڵاتە مایەوە). (راجر فالر و سایرین: ١٣٨٦: ٧ـ ٨).

لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا لە رۆژهەلات ڕەخنەی مارکسی باڵی بەسەر ئەدەبدا کێشا، لە ئەستێرەکانی ئەو ڕەخنەیە (جۆرج لۆکاش، برێخت، ماکس هورکهایمەر، هربرت مارکیوز)بوون، ئەو رەخنەیە تا ئاستێکی زۆر رەخنەیەکی ریالیزمی بوو، باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەدەب دەبێ رەنگدانەوەی واقع بێ، هەوڵەکانیان دوور بوو لە هەوڵەکانی یاکۆبسن و زمانەوانەکان، بەڵام ئەو ڕەخنە مارکسییە هەروا نەمایەوە بەڵکو لە ناوەراستی سەدەی بیستەمەوە کەوتە ژێر کاریگەری بنیادگەری و (رەخنەی بنیادگەری مارکسی) دەرکەوت و

ئیتر وەك بنیادگەراکان باسیان لە سیستەمی دەق دەکرد، بەڵام لەگەڵ مارکسیەت دەیانگونجاند و پێیان وابوو ئەو سیستەمە پەیوەندی بە ژێرخانی ئابووری - مێژووییەوە هەیە.

دەنگوباسی فۆرمالیستە رووسەکان بە هۆی دوو ڕووداوەوە تەواو کپ بوو:

**یەکەمیان:**

دەرچوونی نووسراوی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی لە یەکێتی سۆڤیەت لە (١٩٣٢) کە فەرمان بە لێ سەندنەوەی متمانەی هەموو کۆمەڵەو گرووپە ئەدەبییەکان دەکات.

(د.یوسف وغلیسی:٢٠٠٨:١١٤)

**دووەمیان:**

هێرشی لەشکری ئەڵمانیای نازی بۆ سەر (چیکۆسلۆڤاکیا) لە (١٩٣٩) کە بووە هۆی لەناوچوونی (ئەڵقەی زمانەوانیی پراگ).

(بۆچوونەکانی فۆرمالسیتە رووسەکان لە ساڵی (١٩٥٥) لە ڕێی کتێبی (فۆرمالیستە رووسەکان)ی

(ڤیکتۆر ئەرلیك) گەیشتە ئەورووپای رۆژئاوا، پاشان لە ١٩٦٣ یاکۆبسن کتێبی (زمانی بنەرەتی بنیادگەری و پاش بنیادگەری) وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی، هەروەها هەڵبژاردەکەی (ترڤیتان تۆدۆرۆڤــ) کە کۆمەڵێك دەقی فۆرماڵیستە رووسەکانی تێ دایە بە ناوی (تیۆری ئەدەبی)) Theorie de la litteratare (لە ساڵی (١٩٦٥) بڵاو بوەوە و کتێبە بە ناوبانگەکەی (ڤلادیمیر پرۆپ) بە ناوی (Morphologie du conte) بۆ چل ساڵ دوای دەرچوونی لەساڵی ١٩٧٠ وەرگێڕدرا) (یوسف وغلیسی:٢٠٠٨:١١٦). ئەگەر بە تەنیا رەخنەی فۆرماڵیستە رووسەکان بنیادگەری بێت ئەوا کەواتە رەخنەی بنیادگەری لە ئەورووپا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بڵاوبوویەوە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە بنیادگەری وەك میتۆدێکی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لە فەرەنسا پێش کاری ئەدەبی و زمانی هەبووە، (رەخنەی نوێ) ش کە لە ئەورووپا و ئەمریکا هەبوو، لە ڕووی گرنگیدان بە دەقەوە کاریان لەسەر بنیادی دەق دەکرد، بەڵام وردەکاریەکانی فۆرماڵیستە رووسەکان توانی زیاتر رەخنەی نوێ دەوڵەمەند بکات و زانستی زمانەوانی بکاتە بڕبڕەی پشتی ڕەخنەکە. ئەوەی لەو بوارەدا پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە هەوڵە زمانەوانییەکەی (دو سوسێر) کە بە ناوی (کۆرسی زمانەوانی گشتی) بڵاوکرایەوە، وشەی بنیادگەری وەك ناوی ئەو میتۆدە نوێیە بەکارنەهێناوە. ڕاستە میتۆدی کارکردنەکەی بنیادگەری بوو بە تێگەیشتنی ئێستای ئێمە، بەڵام ناولێنانی کارەکانی وشەی بنیادگەری تێدا نەبوو. هەریەکە لە قوتابخانەی ژنێف و بازنەی پراگ و قوتابخانەی باختین و بازنەی کۆپنهاگن ١٩٣١ و بازنەی نیویۆرك ١٩٤٣ میتۆدی کارکردنیان بنیادگری بووە، چەمکی بنیادگەری وەك قوتابخانەیەکی ئەدەبی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و لە ئەورووپا بەو میتۆدەوە لکا.

ژێرخانی چەمکی بنیادگەری فەلسەفییە، وەك ئەوەی لایەنگرانی زۆر بوو دژ وەستانیشی هەبوو کە رەخنەی توندیان ئاراستە دەکرد، بە تایبەتی کە هەوڵی فەلسەفاندنی کارە زمانەوانیەکانی سوسێر درا ئیتر سیما زمانییەکەی ون بوو، لێرەوە (میشال فۆکۆ)[15] رەخنەگری ئەدەبیی بنیادگەر بەو کەسە ناودەبات کە دارستان دەبینیٚ، بەڵام دارەکان نابینیٚ. (یوسف وغلیسی:٢٠٠٨: ١١٧).

ئەمەش لەبەر ئەوەی کە کاریگەری لێکۆلینەوە فەلسەفییەکان وای لە کاری ئەدەبی دەکرد کە گرنگی بە کۆی کارەکە بدریٚ و بنیادی گشتی و سیستمی دەق بە گشتی کاری تێدا بکریٚ، هەر ئەم ڕوانینە کە تاك و هۆکاری بچووك دەکوژیٚ وای کرد کە (رۆجیە گارودی)[16] کتێبی (بنیادگەری، فەلسەفەی مردنی مرۆڤـ) بنووسیٚ و تێیدا دەڵیٚ:((چەمکی بنیاد لەئەمڕۆی ئێمەدا فەلسەفەیەکی هاوپێچی خۆی کردووە کە لە سروشتە دۆگمایەکەیدا خالّی گەیشتن بە فەلسەفەی مردنی مرۆڤـ لەگەڵ خۆی هەڵدەگریٚ)) (رۆجیەگاروودی: ١٩٨٥: ١٣) و (لیونارد جاکسون) کتێبی (بوئس البنيوية) بنووسیٚ کە تێیدا بنیادگەراکانی فەرەنسا بەوە تۆمەتبار دەکات کە شیکاری وایان داوەتەپاڵ سۆسێر کە ڕێك پێچەوانەی بۆچوونەکانی سوسێرەو لە زانایەکی زمانەوانیەوە کردوویانە بە فەیلەسوفێك کە بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر زاری ئەو دەدرکێنن. (بوئس البنيويه:٢٠٠٨:١٠٢ -١٤٦).

---

١٥ میشیل فۆکۆ ١٩٢٦-١٩٨٤: فەیلەسووفێکی فەرەنسییە،لەگرنگترین فەیلەسوفەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمە، کاریگەر بووە بەمیتۆدی بنیادگەری و هەوڵی بەکارهینانی داوە لە فەلسەفەدا، باسی لە بنیادی بیرکردنەوە کردووەو دەڵیٚ (ئەو سستەمەی کە بیرکردنەوەی ئێمە لەسەری دەروات لەگەڵ سستەمی بیرکردنەوەی کلاسیکی وەك یەك نییە)، گرنگی بە رۆڵی زمان داوە لە بیرکردنەوەی مرۆڤ دا، گرفتی لەگەڵ رەخنەگرانی بنیادگەری لەوەدا بووە کە بەرهەمێکی ئەدەبی لەکۆی بەرهەمەکاندا دەتوێننەوەو تایبەتمەندییەکانی بزردەکەن. (جورج گرابیشی: ١٩٨٧: ٤٣٢)

١٦- رۆجییە گاروودی: بیرمەندێکی فەرەنسییە لە ساڵی (١٩١٣) لە مەرسیلیا لەدایك بووە، لەسالی (١٩٥٦) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی بووە، دەیان کتێبی تیۆریی هەیە لەبارەی مارکسیەت و فەلسەفە، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بیری مارکسیزم هەبووە لە ئەوروپادا لەهەشتاکانی سەدەی بیستەمدا رەوتێکی سۆفیزمی گرتەبەرو پاشان بووە موسوڵمان.(جورج گرابیشی: ١٩٨٧ :٣٨٩)

باشتر وایە بنیادگەری وەك میتۆدی کارکردن بناسێنرێ نەك وەکو قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی، لەبەر ئەوەی خودی ئەو قوتابخانە رەخنەییانەی کە کاریان بە میتۆدی بنیادگەری دەکرد زۆرن و لە کاتی پۆلین کردن هەموویان پشکی بنیادگەرییان بەردەکەوێ، وەك رەخنەی مارکسی و رەخنەی دەروونزانیی لاکان و رەخنەی سۆسیۆلۆژی و رەخنەی زمانەوانی، بەلام ئەوەی کە نوێنەری رەخنەی ئەدەبیی بنیادگەرییەو کاری ئەم لیکۆڵینەوەیەش بەهۆی تیۆرە پەیوەستەکانی بە زمانی شیعرەوە پشتی پێ دەبەستێ، نموونە زمانەوانییەکەی (یاکۆپسن) ە کە کاری لەسەر زمانی شیعر کردووە.

بنیادگەری بە هەموو فراوانییەکەیەوە ((لە ساڵی ١٩٦٧ بە کاریگەری لاکان و دریدا و رۆلان بارت کۆتایی هات و تێکەڵەیەکی هەمە ڕەنگ شوێنی گرتەوە کە بە (پاش بنیادگەری) یەکان ناودەنرێن)) (بوئس البنيوية: ٢٠٠٨:١٢٥). پوختەی بنیادگەری لە شیعر دا دابڕینی شیعر بوو لە دەوروبەری، لە خاوەنەکەی، لە مێژوو. خەریك بوون بوو بە زمانی شیعر، وەك ئەوەی لە کارەکانی یاکۆپسن دەردەکەوێ. هەروەها گەڕان بوو بە دوای ئەو سستەمەی کە ڕەمزەکان لە کایەیەکی واتایی دا ڕێکدەخات وەك کارەکەی (کلۆد لیڤی شتراوس) کە لە بینای ڕەمزە ئەفسانەییەکانی کۆڵییەوە. بەلام بینرا کە هەریەکە لە رەخنەی مارکسی و دەروونزانی و سۆسیۆلۆژی هەریەکەیان بە جۆرێك ئەدەبی بەدەوروبەرەوە بەستەوەو شێوازێك لە ڕێچکە کۆنەکەی گرتەوەبەر، هەر لەبەر ئەوە پێویست بوو یان بنیادگەری بە واتای پێشووی نەمێنی و فراوانتر بکرێ، یان پشت لە بنیادگەری بکرێ و بە شێوازی تر لە کاری ئەدەبی بکۆڵرێتەوە.

کەم و کوڕی بنیادگەری لەوەدابوو هەموو پەیوەندییەکی دەقی بەدەوروبەرەکەیەوە دەپچڕاند، چونکە پوختەکەی لە رووی زمان ئەوە بوو کە بە پێی بۆچوونی سوسێر (زمان language) لە (قسە parol) لە پێشترە، یان بالاترە، ئیتر لەوەوە رەخنەی بنیادگەری کارێکی بە (قسە) وەنەبوو، ئەمەش واتە گرنگی بە سەرچاوەی قسە نەدابوو خاوەنی دەق و دەوروبەرەکەی بوون، بەڵکو تەنیا بنیادە زمانییەکەی مەبەست بوو کە چۆن کاردەکات، لێرەوەش خاوەنی دەق مافی خاوەنداریەتی نەدەماو دەق دەبووە بوونەوەرێکی زمانیی سەربەخۆ.

هاوشانی هەوڵە زمانەوانییەکانی فۆرماڵیستەڕووسەکان، ڕەخنەیەکی تر بە ناوی ڕەخنەی نوێ (New criticism) هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵدا (بۆ یەکەم جار لە ١٩١١ (جون سبنجارن) کتێبە ڕەخنەییەکەی خۆی ناونا (The new criticism). (جۆن کرۆ رانسوم) لە ١٩٤١ هەمان زاراوەی بەکارهێنا، لەو ماوەیەشدا واتە نێوان ساڵی ١٩١١ هەتا ١٩٤١ ئەو قوتابخانەیە چەند ناوێکی لێ نرا، لەوانە رەخنەی شیکاری، رەخنەی فۆرمی، رەخنەی توێکاری، کەسایەتییەکانی

ئەم بزووتنەوە ڕەخنەییەش  بە ڕەخنەگرە نوێیەکان ناوبانگیان دەرکرد، لەو کەسایەتیانەش: کلینت برووکس Brooks ، ئالَن تەیت Tate ، بلاکمور  Blackmur ، بیرك Burke ، ڕۆبەرت پین وەرنRopert pen warren، ولیەم ئیمپسون  Empson، دیڤید دیتشس Daiches، کارل ویمزاتwimsatt، ستیڤن سپیندەر Spender ، ئید مۆند ولسون Wilson) (د.ابراهیم خلیل:٢٠٠٢: ٦٣).ڕەخنەی نویێ،بە ڕەخنەی (ئینگلۆ ـ ئەمریکی) یش ناودەنرێت ((پەرەسەندنی ڕەخنەی تازەی ئینگلۆ ئەمریکی هاوکات بووە لەگەلَ بنیادگەری چیکی، کۆمەلَەی ڕەخنەی نویێ لە دەوری کەسایەتی (جی. س. رانسۆم  G. Romsom) و یاریدەدەرەکەی (ئەلین تیت  A. Tate) و خوێندکارەکەی  روبیر وارین R.P.waren) کۆبوونەوە)) (عەلی تاهیر حوسێن:٢٠٠٧: ٧٠).

بیرو بۆچوونەکانی (ڕەخنەی نوێ) بە چەند قۆناغێك تێپەڕدەبێت، بۆچوونەکانی (تی.ئێس. ئیلیەت)[17] لە بارەی زمانی شیعرەوە لە شێوازی دەربڕین چڕ ببووەوە، شێوازێك کە بتوانێ وێنەی گونجاو دروست بکات، وەك دەلَێ: (ڕەوانبێژی ئەوەیە ئەدیب بتوانێ هەست و بیرەکانی لە بەرامبەرێکی بابەتی دا بە بەرجەستە بکات، واتە شتێك دابهێنی کە هەستەکانی بەرجەستە بکات و لە ناخی وەرگردا هەمان هەست دروست بکاتەوە بە جۆرێك کە هەستەکانی ئەدیب ببنە ئەزموون بۆ وەرگر)

(د.محمدشبل الکومی:٢٠٠٤: ١٩٣).

ئەم بیرەی (ئیلیەت) پەرەی بە وێنەی شیعری داو لە جێی لێکچوواندنی کۆن گەشەی پیێ دا، بەمەش زمانی شیعری وەك جەستەیەکی (فسیفساء) یی لیێ هات کە لە کۆمەلَێك وێنەی بچووك پێکهاتبیێ.

فۆرمی دەرەوەی شیعر گرنگی خۆی لە (ڕەخنەی نویێ) دا هەبوو، (جۆن کرۆ رانسم) کاری ئەدەبی بەوە لە کاری نا ئەدەبی جیادەکاتەوە کە لە کاری نائەدەبی دا ناوەڕۆك مەبەستە، بەلاَم کاری ئەدەبی فۆرمی وەك ناوەڕۆك بەلاوە گرنگە ، (رانسم) زیاتریش دەروات و دەلَیێ: ((لە کاری ئەدەبی دا  زانیاری لە خودی خۆیدا بایەخی نییە، ناتوانریێ زانیاری وەك پێویست

---

١٧ - الیوت. ت. س. (١٨٨٨-١٩٦٥): شاعیرو ڕەخنەگرێکی ئینگلیزە، لەئەمەریکا لەدایك بووە،لەرووی عەقلانییەتەوە خۆی بە کلاسیك دەزانێت، (پێی وایە کە عەقلانییەت لە شیعردا بەشدارە بەلاَم وەك ڕەگەز دەرناکەوێت) لەرووی شیعرەوە نوێکەرەوەی شیعری ئینگلیزییە، نووسینی ڕەخنەیی گرنگی هەیەو زۆر گرنگیی بە خوێندنەوەی ورد داوە. (لیلیان هیرلاندز و ئخرون،١٩٨٦، ٤٢).

بگات بەبێ چنینی فۆرمی کاری ئەدەبی)) (د.محمدشبل الکومی:٢٠٠٤:١٠٢)، دیارە کە چنینی فۆرمی شیعریش کارێکی زمانیی پەتییەو جۆرێکە لە سەنعەتکاری.

ڕەخنەی نوێ بەم هەڵوێستانەی لە ڕەخنەی فۆرماڵستی نزیك دەبێتەوە، چونکە تەواوی دەروازە ڕەخنەییە دەرەکییەکان بۆ چوونە ناو دەقی ئەدەبی ڕەت دەکاتەوە بە جۆرێك ((لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەو باگراوندی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی شیعر کەمترین بایەخیان پێ دەدرێت لە لێکدانەوەی شیعر دا))

(د.محمدشبل الکومی:٢٠٠٤: ١٤٥).

بەم جۆرەش رەخنەی شیعری دەبێتە کارێکی بابەتی و زانستی و دوور لە باری سەرنجی تاکەکەسی و خودی.

بە بۆچوونی رەخنەی نوێ زمانی شیعر پێکهاتەیەکی زمانیی چنراوە. ئەم چنینە تایبەتییەی زمان، شیعر لە پەخشان جیادەکاتەوە. بەو هۆیەوە زمانی شیعری وەك (سوزان لانگەر Langer) دەڵێ: ((دەنگە، ئاوازە، ئیحایە، وێنەیە، بەدوای یەکداهێنانی واتاکانە)).

(د.ابراهیم خلیل: ٢٠٠٤: ٦٣)

ئەرکی ڕەخنەگریش لەو کاتەدا وردبوونەوە دەبێ لە ڕایەڵەکانی ئەم پێکهاتە چنراوەو ئاشکرا کردنی سستەمی کارکردنی. کۆمەڵێك لە رەخنەگرانی قوتابخانەی رەخنەی نوێ بە تایبەتی (رۆلان بارت)[18] لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە گرنگییەکی زۆریان بە جوانی و ئێستێتیکای دەق دەداو لە بارەی زمانی شیعرییەوە رۆڵی ڕەمزیان بە گرنگ دەنرخاند و لە بواری واتای شیعر و بینای واتاوە مەسەلەی (دەقئاوێزان) یان زەق دەکردەوە، لە هەمان کاتدا رەوانبێژی ئاسایی، یان رەت دەکردەوە. لێرەوە (رەخنەی نوێ) خۆی لە ئاستی دەق دا دیتەوە، واتە گرنگی پێ دانی زمان لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستە سازییەوە سەرکەوت بەرەو (دەق)، لێرەوە تێکەڵ بوونی واتاکان و پەیوەندی دەق بە دەریای دەقەکانەوە بووە مەسەلەی لێکۆڵینەوە. لێرەدا دەردەکەوێت کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە رەخنەی

---

١٨ - رۆلان بارت (١٩١٥ - ١٩٨٠): ڕەخنەگرو واتاناس و فەیلەسووفێکی فەرەنسییە، کارەکانی چەند قوتابخانەیەك دەگرنەخۆ، وەك بنیادگەری و بنیادگەریی مارکسی و پاش بنیادگەری و بوونگەرایی.
(http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B1%D9%88%D9%84%D8%A7%D9%86_%D8%A8%D8%A7%D8%B1%D8%AA)

ئەدەبی بە گشتی بەرەو ناوەوەی دەق دەگەڕێتەوە و گرنگی بە زمان و سستەمی بەدوای یەکداهاتنی واتاکان دەدات. هاوکات بە کاریگەریی پێشکەوتنی لێکۆڵینەوە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان ڕێبازی تری رەخنەیی وەك رەخنەی دەروونزانی و رەخنەی مارکسی و رەخنەی سۆسیۆلۆژی دەردەکەون کە سوود لە ژیانی شاعیرو بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری وەردەگرن بۆ چوونە ناو دنیای ئەدەب. بەڵام ئەوەی گرنگە کاتێك کە دەڵێین: (رەخنەی ئەدەبیی نویٚ)، ئەوە تەنها ئەو ڕەوتە رەخنەییە دەگرێتەوە کە کار لەسەر خودی دەق دەکات و بە سوود وەرگتن لە زانستی زمانەوانی بە دوای بنیادی دەقدا دەگەڕێت، ئەو ڕەوتەش هەر لە (تی. ئێس. ئیلیەت) و (یاکۆبسن) ەوە دەست پیٚ دەکات و پاشان دەبێتە میتۆدی بنیادگەری کە زۆر قوتابخانە و بیرمەندی ئەورووپایی و ئەمریکاییش دەگرێتە خۆ.

لە گەشەکردنی رەوتی رەخنەی نویٚ دا قوتابخانەکانی (پاش بنیادگەری) دەردەکەون کە هەمان بیرمەندانی سەردەمی بنیادگەرین، بەڵام بەبیرو بۆچوونی جیاوازەوە کاری نویٚ لە رەخنەی ئەدەبی دا ئەنجام دەدەن، لە رەخنەی پاش بنیادگەریشدا هەرچەندە کاری رەخنەیی دەچێتە دوو توێی دەقەوە گرنگی بە شێوازو سیاق contex)) دەدرێت، بەڵام زمانی شیعری هەر شاباسی لێکۆڵینەوەکانە، ئەمەش لە کارەکانی جاك دریدا و رۆلان بارت و رەخنەگرو بیرمەندانی تری سەردەمەکەیان بە روونی دەردەکەون و لە بەشەکانی ئەم توێژینەوەیەشدا قسەی پێویستیان لەسەر دەکریٚ. بە درێژایی سەدەی بیستەم و بوونی چاپەمەنی و ئاسانی گواستنەوەی زانیاریەکان، رەخنەی نویٚ توانی سنووری جوگرافی ببڕیٚ و کار بکاتە سەر رەخنەی ئەدەبی میللەتانی تری وەك عەرەب و تورك و کورد و فارس.

## ٣–١–١ چەمکی زمانی شیعر ی لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا:

### ١-٣-١-١ زمانی شیعری و سەرهەڵدانی رەخنەی نویٚ لە ئەدەبی کوردی دا:

کورد وەك ئەوەی کە ئەدەبی نوێی لە تورکەوە پیٚ گەیشتووە، بە هەمان چەشن ڕەخنەی نوێشی هەر لە ڕێی ئەدەبیاتی دراوسێکانیەوە پیٚ گەیشتووە ڕەخنەی نویٚ لە ئەدەبی کوردیدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی (شێخ نووری شێخ سالح) دەردەکەویٚ، بەڵام دەرکەوتنەکە لە چوار چێوەی هەندیٚ لە بۆچوونەکانی (ت.ئێس. ئیلیەت) ە لە بارەی وێنەی شیعرییەوە.

شێخ نووری لە وتارە ڕەخنەییەکانیدا جەخت لەسەر جوانی دەکاتەوەو ئەو جوانییەش بە کەرستە رەوانبێژ ییە کلاسیکییەکان دروست ناکات، بەڵکو وێنەی شیعری وەك ئامرازێك دەستنیشان دەکات بۆ

گواستنەوەی حاڵەتی دەروونی شاعیر بۆ خوێنەر. ((لەم بارەیەوە شێخ نووری لەوتارێکی لە(ڕۆژنامەی ژیان: ژ ٢٧، ١٩٢٦)دا دەڵێ: (ئەم فیکرە جوانەمان کە خستە شکلێکی مەرئییەوە لازمە دیققەت لەیەك شت بکەین کە ئەویش جوانییە) دەستەواژەی (شکلی مەرئی) هەمان دەستەواژەی (المعادل الموضوعی: جێگرەوەی بابەتی) ئیلیەت (T.S. Eliot) ە)).

(د. فەرهاد پیربال: ٢٠٠٣: ١٢)

ئەم بۆچوونانەی رەخنەی نوێ لە لای (گۆران) یش بە شێوەیەکی تیۆری گرنگیی پێ دراوەو زمانی شیعری کوردی بە رێرەوێکی تازەدا بردووە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە رەخنەی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی شێخ نووری و گۆران بناغەیەکی باشی بۆ دانرا کە بریتی بوو لە خستنەروی هەندێ بیری زانستیی ڕەخنەگرانی بیانی، بەڵام لە لایەکەوە رەخنە زانستییە ئەورووپاییەکە بە تەواوی نەگوێزرایەوە ناو ئەدەبی کوردی و نەبووە زانست، لە لایەکی تریشەوە نەتوانرا لەوەی کە هەیە زیاتر پەرەی پێ بدرێ، لەبەر ئەوە بۆچوونەکانی گۆران لە بارەی زمانی شیعری هەتا حەفتاکانی سەدەی بیستەمیش هەر تازەو نوێ بوون.

لە لایەکی تریشەوە رەخنەی ئەدەب کوردی رەخنەیەکی وەسفی بووە نەك پراکتیکی، ئینجا رەخنەیەکی ڕامانی (ئینتیباعي) بووە نەك زانستی. بە گشتی قسە لەسەر دەوروبەری دەق کراوە. وەك ژیانی شاعیرو ئەو زمانانەی کە دەیزانی و ئەو قاڵب و کێشانەی کە بەکاریهێناون.

زمانی شیعریش لە دوو توێی رەخنەدا تەنها گرنگی بە فەرهەنگەکەی دراوە. واتە زمانێکی پەتییە، یان تێکەڵ، سادەیە یان ئاڵۆز. ئەم رەخنە ساوایەی کە دەستی پێ کرد هەر بە ساوایی مایەوەو گەشەی نەکرد، بەڵکو بە رێڕەوی خراپیشدا رۆیشت، بە جۆرێك رەخنە وەك زانست مامەڵەی لەگەڵ نەکرا. بەڵکو رەخنە کرایە ئامرازێك بۆ هەڵڕشتنی ڕق و کینەکانی رەخنەگر بەسەر نووسەری شیعر لە میانەی لێکدانەوەی شیعرەکەدا. روونتر بڵێین رەخنە بریتی بوو لە گلەیی و گازاندەو شکاندنی نووسەرو شاعیر، یان بریتی بوو لە پێداهەڵدان و وەسف و ئینشایەکی بێ بنەمای زانستی، ئەم پەتایەی رەخنە تا ئێستاش زاڵەو ڕێگری سەرهەڵدانی رەخنەی زانستیی کوردییە. رەخنەی نوێی کوردی سەرەتایەکی جوانی هەیە لە سەر دەستی شێخ نووری و پاشان گۆران دواتر هەر لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا دەپووکێتەوە. زمانی

شیعر لە رەخنەکانی: (**عەلائەددین سەجادی و رەفیق حیلمی و شێخ محەمەدی خاڵ و عەبدولڕەزاق بیمار و د. عەزەدین مستەفا ڕەسووڵ و محەمەدی مەلا کەریم و کامیل حەسەن بەسیر و مارف خەزنەدار و کەمال غەمبار و کاکەی فەلاح...**) و هەموو رەخنەگرانی تریش دا تەنها لە چوار چێوەی فەرهەنگی زمانەکەیەو گرنگییان بەوە داوە کە شاعیر تاچ رادەیەك کوردی پەتی بەکارهێناوە ئینجا قووڵ بوونەتەوە ناو هۆکارە سیاسی و هەستە نەتەوەییەکانی شاعیرو تەواو لە شیعرەکە دوور کەتوونەتەوە.

لەم بوارەدا (د. پەرێز) لە نامەی دکتۆرایەکەیدا زۆر بە وردی بیرو بۆچوونەکانی خستۆتە ڕوو لێرەدا پێویست بە باس کردنیان ناکات [١٩].

دەرکەوتنی رەخنەیەکی زانستی کە بنەماو میتۆدەکانی دیاربێت لە ئەدەبی کوردیدا هەتا ئێستا بوونی نییە، ئەمەش مانای وانییە کە هەوڵی تاکەکەسی نەبێت، هەوڵی تاکەکەسی لە حەفتاکانەوە هەیە، بەڵام نەیتوانیوە بچەسپێت، ئەدەبی کوردی لە حەفتاکانەوە و لەسەر دەستی شاعیرانی ڕوانگەو شاعیرانی تریش کە هاوکاتی ئەوان بوون، دەقی شیعری وای بەرهەم هێناوە کە زەمینەی سەرهەڵدانی رەخنەی نوێن، چونکە رەخنەی کۆن و ستایش و گلەییەکانی پێش حەفتاکان، دەستە وەستانن لە ئاستی ئەم دەقانە، بەتایبەتی شیعرەکانی: **جەلالی میرزا کەریم و ئەنوەر قادر محەمەد و لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس و سەلاح شوان و سەلام محەمەد و سامی شۆڕش و رەفیق سابیر**. لەگەڵ بوونی ئەم دەقە نوێیانەش کە جۆرێکی تازەو زمانێکی جیاوازن لە چاو دەقەکانی پێش خۆیان، بەڵام رەخنەی شیعر هەر لاوازو نا زانستی و هەوڵی تاکەکەسی بووە.

## ٢-٣-١-١ زمانی شیعریی هەشتاکانی سەدەی بیستەم و رەخنەی ئەدەبیی کوردی:

لە بواری پێشکێش کردنی دەقی نوێ کە زمانێکی جیاواز و شێوازێکی جیاوازی هەبێ، هەشتاکانی سەدەی بیستەم بەرزترین پلەی هەیە و تا ئێستاش بەردەوامە. شاعیرانی ئەم قۆناغە کە زۆربەیان سەرەتای کارەکانیان بۆ حەفتاکان دەگەڕێتەوە، بەڵام لە هەشتاکاندا ئەو گۆڕانە گەورەیە لە زمانی شیعرەکانیاندا ڕوودەدات کە ببێتە هۆی ئەوەی هەشتاکانی هەولێر وەك قۆناغێکی جیا لە هەموو

---

بڕوانە: رەخنەی ئەدەبی کوردی ومەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، (د.) پەرێز سابیر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،چ ١،هەولێر،٢٠٠٦،ل (٢٨٧ – ٣٨٤).

قۆناغەکانی شیعری کوردی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەم قۆناغەدا شاعیرانی گرووپی (پێشڕەو) وەك: **جەلال بەرزنجی، ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەڕاج، سەباح ڕەنجدەر، عەباس عەبدوڵلا یووسف، دڵشاد عەبدوڵلا،** شاعیرانی تریش دەرکەوتن کە پەرەیەکی باشیان بە زمانی شیعر دا، چ لە ڕووی فەرهەنگ و شێوازەوە، چ لە ڕووی بینای ڕێزمانی و فۆرم و مۆسیقای شیعرەوە. لەبارەی گۆڤاری هاودەنگەوە (د.فەرهاد پیربالْ) دەڵێ: (گۆڤاری هاودەنگ لەساڵی **١٩٨٣** لەشاری هەولێر تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە، کۆمەڵە شاعیرێکی دانیشتووی هەولێر دەریان دەکرد) (د.فەرهاد پیربالْ:٢٠٠٣:؟)، شاعیرانی گۆڤاری هادەنگ و ئەوانەش کە لە ستافی گۆڤارەکەدا نەبوون لە هەشتاکاندا بە پێشڕەو ناودەنران، ((ئەم ناوە خۆیان هەڵیان نەبژاردبوو، بەڵکو رەخنەگرانی وەك (مەحموود زامدار) ئەم ناوەیان بەبەردا کردبوون)) (د.هیمداد حوسێن: ٢٠٠٨:؟).

زمانی شیعری هەشتاکانی هەولێر زمانێکی تەقیبەوەیە، تەقینەوەش بەم جۆرە پێناسەکراوە:

١-((دوورکەتنەوەی دەق لە یەك واتایی))

(د.محمد عزام: ٢٠٠٣: ١٣١)

٢- ((مەبەست لە تەقینەوەی زمان ئەوەیە —وەك ریلکە باسی دەکات-کە وشەکان وەك دەفری بەتاڵ وان وشاعیر بە ئارەزووی خۆی پڕیان دەکات. واتە تەقاندنەوەی پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول و سەرچاوە))

(عبدالعزیز موافی:٢٠٠٨: ٢٧٤)

٣-((تەقاندنەوەی زمان بریتییە لە ئازاد کردنی زمان لە کەش وهەوای بەکارهێنانە کۆنەکانی و بەکارهێنانی لە کەش وهەوایەکی نوێ و جیاوازدا)) (ئەدۆنیس: ٢٠٠٥: ٦١)

٤-((تەقینەوەی زمانی دەق تێپەڕینی دەقە بەسەر هەموو سنوورەکانی واتادا، لەدایك بوونی خوێنەری زیرەکە، بڵاوبوونەوەیە بەپێی گوتەی رۆڵان بارت))

(د.عبدالله محمد الغژامی: ٢٠٠٦: ٧٥)

شیعری هەشتاکانی هەولێر سنووری ڕێزمانیی زمانەکەی بەزاندووە، ((گرامەری شیعری حەفتاکان، هەمان گرامەری شیعری گۆرانە. بەڵام ئایا گرامەری شیعری هەشتاکان گرامەرێکی دیکە نییە)) (ئەنوەر مەسیفی: ٢٠٠٤:١٥).

ئەم ڕەوتەی شیعری کوردی بەوە جیا دەکرێتەوە کە لاسایی هیچ ڕەوتێکی پێش خۆی نییە لەئەدەبی کوردیدا ((لەناوەڕاستی هەشتایەکاندا تەوژمێکی نوێخوازی لەهەولێر سەریهەڵدا کە تەواو لەگەڵ ڕەوتی باوی شیعری کوردیدا جیاواز بوو)) (فەرید زامدار: ٢٠٠٣: ٨٨). ئەم جیاوازبوونە کەرستەیەکی دەوڵەمەندی رەخنەی نوێبوو دەبوایە سوودێکی رەخنەیی زۆری لێوە ببیندرێ، بەڵام رەخنەی ئەدەبی کوردی لەو ماوەیەدا نەك هەر نەیتوانی سوود لەم کەرستە نوێیانە وەربگرێت و بە شێوازێکی زانستی دەرکەوێتەوە، بەڵکو لەوپەڕی دەم هەراشییەوە دەرکەوت.

لە پێش هەشتاکاندا مەترسییەکی زانستی هەبوو لەوەی کە شاعیرێك خۆی بە زارێکی ناوچەیی ببەستیتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دیاردەیە پێش هەشتاکان زۆر کەم و دەگمەنە، مەترسی یەکە لەوەدا بوو کە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو لاواز دەبێت، ئەو مەترسییە لە لای (د. عەزەدین مستەفا ڕەسووڵ) و (د. کامل حەسەن بەسیر) و رەخنەگرای تریش خراونەتە ڕوو. بە گشتی بەکارهێنانی وشەی جیاجیای دیالێکتەکانیان بە کارێکی باش زانیوە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بە مەرجی ئەوەی لە ڕێسای زمانی ئەدەبی یەکگرتوو لانەدەن، بەڵام ئەو هەوڵە رەخنەییەی هەشتاکان کە هەندێك رەخنەگر پیادەیان دەکرد دوور بوو لەو مەترسییە زانستییانە. هەوڵی تێکشکاندن بوو. بۆنموونە لە (پاشکۆی رۆژنامەی عیراق، ژ: ١٩، ١٩٨٨/١/٢٠، ل٥) دا (سەلاح شوان) لە ژێر ناونیشانی (زمانەکەت بپارێزە) دەڵێ: (دوا هەوڵی لەم بابەتەش، کە لەم دواییەدا، لە هەندێ شوێندا، بەرچاو دەکەوێت، چەند دەنگێکی ناسازی کوڕە کەچەڵە ئاسان، کە بەناوی شیعرەوە، هەندێ رستەی بەدەستی ئەنقەست شێوێنراو و رێزکردنی هەندێ وشە و بەکارهێنانی ناوچەگەرییانەی دواکەوتووی بێ کەڵك بەکاردەهێنن، هیچی لە چوار چێوەی گەڕەك، یان گوندەکەی خۆیان دەرناچێت و ناچێتە ناو هیچ فەرهەنگێکی پاکی وشەی کوردییەوە)، (د.پەرێز سابیر:٢٠٠٦: ٣٢٨) نووسەر هێشتان زیاتر لە رەخنەی زانستی دوور دەکەوێتەوەو دەڵێ: (بەڵام ئەگەر هەر ئەمانە خۆیان پێش ئێستا لە ئەنجامی کارێکی گێرە شێوێنییەوە بایاندابێتەوە سەر ناوچە گەری و بە ئەنقەست بەکارهێنانی وشەو رستەی وەها کە لەم سەر تا ئەوسەری کوردستان (١٠)کەس نەبێت تێی بگات دەبێ بڵێن چی ؟!) (د.پەرێز سابیر:٢٠٠٦:٣٢٨) ئەم جۆرە رەخنە نازانستییە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە خاوەنەکەی لە لایەکەوە لە ئەدەبی هەموو دنیا بێ ئاگا بێت و لە لایەکی تریشەوە هەست بەوە نەکات کە کاتێك گوندەکانی

کورد دەسووتێت و لە جوگرافیای کوردستان رەش دەکرێنەوە رۆحی ئەو گوندانە کە زمانی خەڵکەکەیە لە جوگرافیای رەهای شیعردا پێشوازی لێ دەکرێت. (موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی) یش لە (ر: هاوکاری، ژ: ۱۱۲۳، ۱۹۷۹/۱۲/۱۷: ل۹) لە ژێر ناونیشانی (پرۆژەی نوێ کردنەوە یاخود شێواندن) دا ئەو شەپۆلە نوێیەی هەشتاکان بەوە وەسف دەکات کە ((شەپۆلێکی بە زۆر سەپێنراو و بێ بنەما و دوور لە کۆمەڵ و دوور لە رەوتی وێنەی ڕەسەن و دژ بە هەموو نەریت و بەهایەکی کەلەپووری و وێژەیی و مێژووییە)).

لێرەوە دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە ڕەخنەیەکی زانستی کە پشت بە میتۆدی رەخنەیی دیاریکراوەوە ببەستێت پێویستیەکی زۆر گرنگی رەخنەی ئەدەبی کوردییە، دەقەکانی شاعیرانی وەك (**سەباح رەنجدەر و ئەنوەر مەسیفی**) کە پڕن لە لادان و تەقینەوەی زمانی، ئەم جۆرە دەقانە بە سەلیقەی فەرهەنگی و بە ئێستێتیکای میزاجی مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت، بەڵکو پێویستییان بە میتۆدێکی زمانەوانی هەیە تا بینای ئەم زمانە نوێیە ئاشکرا بکات و چۆنیەتی پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەربخات، ئەگەرنا ڕەخنەگر تووشی هەڵەی زانستی دەبێت، باری سەرنجەکانی بە ئاقارێکی نازانستیدا دەڕۆن، وەك (د. پەرێز) [20] لە بارەی شیعرەکانی ئەنوەر مەسیفی دا دەڵێ: ((.. بەڵام لە رووی دەستکاری کردنی زمان و فڕێدانی چەند ئامرازو کەرستەیەکی بە بیانووی ئەوەی کە شتی زیادن و پێویستە وازیان لێ بهێنرێت بە حەقیقەت ئەمەیان بۆچوونێکی سەقەتە و گۆڕانی زمانیش کارێکی وا ئاسان نییە بە سەپاندن و لە پڕ بە نووکە قەڵەمێك بڕیاری لەسەر بدرێت)) (د.پەرێز سابیر:۲۰۰٦: ۳۳۰).

ئێستا دەردەکەوێت کەکاتێك ئەمە رەخنەی کەسایەتییەکی ئەکادیمی بێت لە ساڵی (۲۰۰٦ ز)، ئیتر گەورەترین گەواهییە بۆ ئەوەی کە شیعری هەشتاکانی هەولێر پێویستی بە رەخنەی نوێ هەیە و رەخنەی کۆن بێ دەسەڵاتە لە ئاستی دا.

لە لایەکی ترەوە بوونی رەخنەیەکی زانستی ئەدەبەکەمان لە رەخنەی میزاجی رزگار دەکات و گرفتی رەخنەی بنیاتنەرو رەخنەی ڕووخێنەر چارەسەر دەبێت. ڕەخنەی بنیاتنەر و رەخنەی رووخێنەر دوو دەستەواژەن زادەی رەخنەی میزاجی و رامانین، زادەی حوکم دانن

---

۲۰ - پەرێز سابیر محەمەد : لەدایکبووی ساڵی(۱۹٦۲) ە، تێزی دکتۆرایەکەی بەناوی (رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوە) بلاوکراوەتەوە، ئێستا مامۆستای وانەی (رەخنە) یە لە بەشی کوردی کۆلیژی زمان/ زانکۆی سەلاحەددین.

بەسەر دەقەوە، بەڵام لە رەخنەی نوێ دا دەق لە حوکم بەسەردادان رزگاری دەبێ. شاعیر نە پاداشت وەردەگرێ و نە سزا دەدرێ، چونکە مافی بەسەر دەقەکەوە نامێنی، میزاج نابێتە سەنگی مەحەکی جوانی، بەڵکو ڕایەڵە زمانییەکانی ناو دەقەکە کەگەمە بە واتا دەکەن، ئەوان دەبنە نهێنی جوانی دەق، کە زۆر جار دەق بەهۆیانەوە بە فرەواتایی خۆی دەنوێنێ.

## ٢-١ قوتابخانەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ:

ئەم باسە دابەشی سەر چوار تەوەرە دەبێ، تەوەرەی یەکەم لە بنیادگەری دەدوێ و تەوەرەی دووەم لە شێوازگەری دەدوێ، تەوەرەی سێیەم لە ڕەخنەی سیمیۆلۆژی دەدوێ. تەوەرەی چوارەمیش لە رەخنەی هەڵوەشاندنەوە دەدوێ.

### ١–٢–١ بنیادگەری:

لەباسی بنیادگەری دا پێویستە دووربێازی سەرەکی بنیاد گەری باس بکرێن، ئەوانیش:

### ١-١-٢-١ بنیادگەری فۆرماڵستی:

بنیادگەری فۆرمالستی لە کارە زمانیەوانیەکانی فردیناند دو سوسێرەوە ( Ferdinand De Saussure ((1857-1913) سەریهەڵداوە، کە میتۆدێکی تایبەت بۆ بۆچوونە پەرش وبڵاوەکانی پێش خۆی لە بارەی سروشتی بنیادی(زمان) دادەنێت و بناغەی زمانەوانیی هاوچەرخ دادەڕێژرێت، سوسێر لە وتارەکانیدا جەخت لەسەر سستەمی زمان دەکاتەوە، بیرو ڕای لێکۆڵەران ئەوەیە کە سوسێر خۆی باسی بنیادگەری نەکردبێت ئەگەرچی کارەکانیشی لێکۆڵینەوەیە لە سستەمی ناوەوەی زمان. بەڵام (د. یوسف وغلیسی)[٢١] لە بۆچوونێکی تایبەتیی خۆیدا دەڵێ: ((ڕاستی یەکە ـ لە بۆچوونی تایبەتیی خۆمدا ـ ئەوەیە، ئەو کۆدەنگییەی لێکۆڵەران دژی وتارەکانی سوسێرە، چونکە سوسێر لە وتارەکانی دا هەردوو دەستەواژەی بنیاد (Structure) و (بناء) (Construction)ی بەکارهێناوە و جێی نیگەرانییە کە سەرنجی لێکۆڵەرانی ڕانەکێشاوە))) د.یوسف وغلیسی:٢٠٠٨:١٢٠ (بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێ بڵێین کە سوسێر باسی لە میتۆدێك نەکردووە بە ناوی بنیادگەری هەرچەندە خۆیشی کاری پێ کردبێت.

---

٢١- یوسف وغلیسی (د.):لێکۆڵەرو ئەکادیمیاییەکی جەزائیرییە، پسپۆرەلە دەستەواژەزانی و لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەوکتێبی زۆرە و کتێبی (اشکالیةالمصطلح في الخطاب النقدي العربي الجدید) لە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکانیەتی.

**پوختەی لێکۆڵینەوەی سوسێر لە بارەی زمانەوە لەم سەرەنجانەی خوارەوە کۆدەبنەوە:**

١/ لێکۆڵینەوە لە زمان دەبێ ئێستایی بێ(Synchronice) نەك مێژوویی (diachronie) ئێستایی واتە وەسفی، یان هاو زەمانی، مەبەستیش ئەوەیە زمانەکە ئێستا چۆنە، لەوە بکۆڵرێتەوە نەك لە گەشەی زمانەکە بە درێژایی مێژوو، چونکە دووەمیان (مێژوویی) هیچ لە نهێنییەکانی بینای زمانەکە ڕوون ناکاتەوە. ئەو دوو بوارە لە لێکۆلینەوەی زماندا نابێ تێکەڵ بکرێن و کاری لێکۆڵەری زمانیش دەبێ کارێکی ئێستایی بێت.

٢/ زمان سستەمێکی یەکپارچەیە و بەشەکانی ئەرکێکی تەواوکارییان هەیە. بۆیە دەبێ لە یەك کاتدا لە هەمووی بکۆڵرێتەوە و ناکرێت بەش بەش بکرێت، واتە زمان تەنیا کۆمەڵێك دەنگ و وشە نییە، بەڵکۆ دەزگایەکە لە پەیوەندی و لەسەر سستەمێکی دیاریکراو کاردەکات و کاری ڕێزمانیش ئەوەیە ئەو بناغە و سستەمە بدۆزێتەوە. ئەو سستەمە بەلای سوسێرەوە (زمان)ەو جیایە لە (قسە) ی تاکە قسەپێکەرەکانی زمان. سوسێر سستەمی زمان بە هەموو پەیوەندییە ڕێزمانیەکانیەوە ناو دەنێ (Langue) و قسەکردنی خەڵکیش ناودەنێ (Parol).

٣/ دوو جۆر پەیوەندی لە نێوان توخمەکانی رستەدا هەیە، یەکەمیان پەیوەندی هاونشینی (Syntangmatic)، بریتییە لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان توخمەکانی ناو یەك زنجیرە گوتار کە بە تەنیشت یەکەوەن، ئەم ریزبوونەش بە ڕۆنانی رستە ناودەنرێ، وەك ڕۆنانی رستەی:

هەولێر شارێکی خۆشە.

ئەو شێوە تایبەتییەی ڕێزبوون لە ڕووی ڕێزمانییەوە بەم جۆرەیە: (بکەر+ تەواو کەر + کار).

پەیوەندی دووەم پەیوەندی جێنشینییە (Association) واتە توخمێکی دیاریکراو کە لە چالێکی دیاریکراوی رستە دەرکەوتووە، چ پەیوەندییەکی هەیە لەگەڵ ئەو توخمانەی کە دەکرا لە هەمان چاڵدا دەرکەون.))

کەواتە پەیوەندی ئاسۆیی بریتییە لە پەیوەندییە ئامادەبووەکان، کە پشت بە دوو کەرەسە، یان زێتر دەبەستێ، کە لە زنجیرەیەکی ڕاستەقینەدا هاتوون، کەچی پەیوەندی ستوونی کەرەسە گریمانە کراوەکان بە شێوەیەکی نا ئامادەیی و بە پشت بەستن بە مێشکەوە گرێ دەدات))

(د.همداد حوسێن، د.سەباح رەشید قادر:٢٠٠٩: ١١)

٤/ پەیوەندی نێوان (ناو و ناولێنراو) یان هێما(دال) Signifier و هێمابۆکراو(مەدلوول) Signified.

ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی لەخۆوەیە، واتا هیچ رایەڵەکی لۆژیکی نیە هەموو ناوەکان بە ناولێنراوەکانەوە

پەیوەست بکات، ئەم لەخۆوەبوونەش لە هەندێ وشەدا یەکجار بەرزە وەك ناوی ژمارەکان لە (سفر) هەتا (دە)، بەڵام ئاستی لە خۆوەیی پەیوەندییەکە لە ناوی ژمارە (بیست و یەك) دا کەمترە کە لە هەردوو وشەی (بیست) و (یەك) دروست کراوە.[٢٢]

وتارەکانی سوسێر لەڕێی قوتابییەکانییەوە دەگوازرانەوە ناوەندەکانی دەرەوەی زانکۆ، بەهۆی ئەم گواستنەوەیەش کەسانی بەهرەمەندی دەرەوە لێی سوودمەند دەبوون، (بیروڕاکانی سوسێر لە ڕێی زانای زمانەوانی رووسی (سێرجی کارتشفسکی ١٩٨٤ ـ ١٩٥٥) لە ساڵی (١٩١٧) گەیشتە ئەندامانی بازنەی زمانەوانی لە مۆسکۆ کە لە (١٩١٥) لە لایەن (رۆمان یاکۆبسن ١٨٩٦ ـ ١٩٨٢) دامەزرابوو (جون ای جوزیف وێخرون: ٢٠٠٦: ٤٤).

یاکۆبسن توانی لە میانەی کارەکانی لە بازنەی (پراگ)دا پەرە بە بۆچوونەکانی سوسێر بدات و قووڵتری بکاتەوە بە تایبەتی لە بواری دەنگسازی و فۆنیمە سەرەکییەکان و تواناکانی منداڵ بۆ گۆکردنی دەنگەکان. میتۆدی لێکۆڵینەوەکانی یاکۆبسن کاردانەوەی زانستی گەورەی هەبوو لەسەر رەوتی زانستی سەردەمی خۆی، لە ناودارترین زانایانی ئەو سەردەمیش کە لەسەر رێچکەی یاکۆبسن پەرەیان بە کارەکانی خۆیاندا (کلۆد لیڤی شتراوس) و (نعوم چۆمسکی) بوون. کارێکی تری یاکۆبسن لە زمانەوانیدا گرنگیدانی بوو بە زمانی شیعر، لەو بوارەدا وتارێکی بەناوبانگی هەیە بە ناوی (زمانەوانی و شیعرییەت)و لە دەسپێکی وتارەکەیدا هێڵەگشتییەکانی شعریەت و شعرناسی دیاردەکات و دەڵێ: ((شعر ناسی بە وەڵامی ئەو پرسیارەوە خەریك دەبێ کە چ شتێك پەیامی قسەیی بۆ بەرهەمێکی هونەری دەگۆڕێت)) (مریم خوزان،حسین پاینده:١٣٨٦: ٧١) لە وەڵامی پرسیارەکەشی دا زمانی شیعر دەکاتە هۆکاری گۆڕینی قسە بۆ شیعر و دەڵێ: (بابەتی سەرەکی شیعرییەت ئەوەیە کە هونەری زمانی لە جۆرەکانی تری هونەر ورەفتارە زمانییەکانی تر جیاوازترو زەق ترە، هەر ئەمەیشە کە شیعرییەت دەکاتە گرنگترینی کەرستەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی). (کورش سەفەوی:١٣٨٠: ٢٦١)

---

٢٢- بۆ پوختەی بۆچوونەکانی سۆسێر بڕوانە:

١. پی یر گیرو، نشانە شناسی، ت:محمد نبوی، ٩٧.

٢. محەمەد رەزای باتینی(د.)، ئاورێکی تازە بۆسەر رێزمان، و:حەسەنی قازی، ٧٧-١٠٧.

٣. محمد شبل الكومى (د.)، المذاهب النقدية الحديثة: مدخل فلسفي، ١٣٢ ـ ١٣٨.

له لایەکی ترەوە یاکۆبسن لە رووی رەگەزەکانی پەیوەندی زمانییەوە باسی ئەرکی شیعریەتی زمان دەکات، واتە باسی زمان دەکات لە بواری خولّقاندنی شیعردا، ڕەگەزەکان لەم هێلکارییە ڕوون دەکاتەوە:

١ـ نێرەر........................................................................

٢ـ وەرگر

٣ـ پەیام

٤ـ بابەت (سیاق)

٥ ـ پەیوەندی (ناوەندی پەیوەندی کردن)

٦ـ ڕەمز (دەستەواژە)

(عبدالعزیز موافی: ٢٠٠٨: ٢١٥)

بەلاّم لەبەر ئەوەی زمان سستەمێکی ئۆرگانیی رێکە لە هێما (دال) و هێمابۆکراو (مەدلوول) پێکدێت، کەواتە ناتوانرێ مامەلّەی راستەوخۆ لەگەلّ زمان بکرێت، چونکە بوونێکی پەتییە، لەبەر ئەوە مامەلّە لەگەلّ (قسە)دا دەکرێت چ گوترابێت و چ نوسراو، لە هێلکارییەکەی (یاکۆبسن) دا (پەیام) رۆلّی قسە دەبینێت. قسە پەیڕەوی پراکتیکی زمانە. ئەگەر زمان کرۆك بێت، ئەوا قسە ڕوالّەتە. بەلاّم قسە پێویستی بە ناوەندێکی هاوبەش هەیە بۆئەوەی پەیامەکەی بگات و ((پەیامیش بۆ ئەوەی کاریگەر بێت، دەبێ لە دوو توێی (سیاق) ێکدا رێکبخرێت))
(د.عمر محمد ئەلتالیب: ١٩٩٣: ٢٠٦).

شعرییەت لە (پەیام) دا دەردەکەوێت، کاری زمانەوانیش لێکۆلّینەوەیە لە بنیادی ئەو (پەیام) ەو روون کردنەوەی ئەو (زمان) ەیە کە (قسە) کەی بێ دەربڕدراوە، واتە گرنگ ئەوەیە ئەو بینایە زیندووە دینامیکییە ڕوون بکرێتەوە کە (شیعر) دروست دەکات نەك خودی (قسە)ی شیعرەکە و واتا ڕووکەشەکەی.

(قسە) جێبەجیٚ کردنی یاساکانی زمانە بە جۆرێك کە ئەگەر:

((قسە کار بێت..... زمان سنووری ئەو کارەیە

قسە چالاکی بێت..... زمان رێساو دەستووری ئەو چالاکییەیە

قسە ڕەفتار بێت...... زمان پێوەری ئەو رەفتارەیە

قسە پەیڕەوێکی تاکەکەسی بێت..... زمان پەیڕەوی کۆمەڵگایە))

(عبدالعزیز موافی: ٢٠٠٨: ٢١٥)

لە کاری ئەدەبیدا پێویستیمان بە وردبوونەوە نییە لە (ناوەندی پەیوەندی) چونکە کاری ئەدەبی بە گشتی دەقی نوسراوە هەر لەبەر ئەوە ڕەگەزی (ناوەندی پەیوەندی) لە هێڵکاری یەکە لادەدریٚ و لە رووی ئەدەبییەوە هێڵکارییەکە بەم جۆرە دادەڕێژرێتەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | سیاق | |
| نووسەر | ← | نووسین | خوێنەر |
| | | ڕەمز | |

(رامان سلون: ١٩٩٦: ١٠)

ئەرکی زمانیی رەگەزەکانی پەیوەندی کردنیش ئەم ئەرکانەن:

| | | | |
|---|---|---|---|
| سیاق (ئەرکی گەرانەوەیی) | | | |
| نووسەر | ← | نووسین (ئەرکی شیعری) | خوێنەر (ئەرکی هاندەری) |
| ئەرکی سۆزداری (هەڵچوونی) | | ڕەمز (ئەرکی راڤەکردنی زمانی) | |

یاکۆبسن لە میانەی خستنەرووی ئەرکەکانی زمان دا دەریدەخات، کە شیعر کارێکی زمانی پەتییە و لێکۆڵینەوە لە پەیامی شیعر دەبیٚ لێکۆڵینەوەیەکی زمانی بیٚ، قسەی مرۆڤیش هەر جۆرێك بیٚ لەم رەگەزانەی پەیوەندی دەرناچیٚ.

دەقی شیعری تایبەتییەکەی لەوەدایە کە پەیڕەوی هێڵە راستەکەی نێوان نووسەر و خوێنەر نابیٚ، بەڵکو رێڕەوێکی لاکێشەیی لە سنووری (سیاق) و (رەمز) وەردەگریٚ، واتە نووسەر

ئەركی (نێرەر)ی نامینێ، هەروەها خوێنەریش ئەركی (وەرگر) ی نامێنی، ئەمەش چونكە شیعر ناچار نییە پەیامێك بگەیەنێتە خوێنەر وەك ئەو پەیامانەی كە قسەی ئاسایی دەیانگەیەنن، لێرەدا شیعر لە نێوان نووسەرو خوێنەر بێ لایەن دەبێ و خۆی دەبێتە ئامانجی خۆی، هەوڵ دەدا بوونیی لە جیهانی تایبەتیی خۆیدا بسەلمێنێ كە جیهانی جۆرە ئەدەبیەكانی خۆیەتی، ئەو كاتە هەموویان بەیەكەوە دەبنە (سیاق) ێكی ئەدەبی.

(سیاق) بەلای (یاكۆبسن) ەوە ئەو باگراوندە گەورەیەی مەعریفەیە كە یارمەتی خوێنەر دەدا بۆ هەڵێنجانی پەیام لە ناو دەقەوە، خوێنەر ئەگەر شارەزای شیعری سوریالی و دادایی نەبێت و باگراوندێكی مەعریفی نەبێت لە بارەیانەوە، ناتوانێ راستەوخۆ هیچ پەیامێك لە دەقێكی داداییەوە هەڵبهێنجێ ئەگەر دەیان جاریش بیخوێنێتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە شارەزای (سیاق)ی ئەوجۆرە شیعرە نییە.

كەواتە (سیاق) یارمەتی (دەق) دەدات بۆ ئەوەی بەرەو خۆی بچێت و خۆی لە ناو هاوشێوەكانیدا بدۆزێتەوە، بەڵام ئەم كارە دەبێتە هۆی توانەوەی دەق لە ناو دەریای(سیاق) دا، تەنانەت دەقی تازە لە دایك بووش لە لاسایی كردنەوەی (سیاق) زیاتر نابێ، بەمەش داهێنان دەمرێ.

رزگار كردنی دەق لە مردن و توانەوە  لە ناو  (سیاق) دا لە ئەستۆی نووسەرە، نووسەری زیرەك بۆ پاراستنی دەق پەنا دەباتە بەر ڕەمز كە وەكو (كلیل ـ شفرە) دەقەكە دەپارێزێ و تایبەتمەندیەكانی زەق دەكاتەوە.

(ڕەمز بەلای (یاكۆبسن)ەوە فراوانترە لەو وشانەی كە بۆ مەبەستی جیا لە واتا فەرهەنگییەكانیان بەكاردێن، هەر لەبەر ئەوە وشەی (شفرە) یان (كلیل) راستترە بەكاربێ، چونكە مەبەستی (یاكۆبسن) لەم رەگەزە  ئەو شێوازە تایبەتییەیە كە نووسەر لە دەربڕینەكانیدا بەكاریدەهێنێ و بە هۆیەوە لە دەقی تر جیا دەبێتەوە و تایبەتیەكانی خۆی دەپارێزێ. سوودێكی تری (كلیل) ئەوەیە كە بەردەوام لە نوێبوونەوە دایە و لە ناو سیاقدا ون نابێت.
(عبدالله محمد الغڑامی: ٢٠٠٦: ٨ ـ ١٦)

كەواتە پەیامی شیعری (دەق) سستەمێكی زمانیی داخراوەو كۆمەڵێك كلیلی هەیە، هەر كە كلیلەكانی ئاشكرا بوون ئیتر دەقەكە لە (سیاق) دا دەتوێتەوە و نهێنییەكەی ئاشكرا دەبێ و دەبێتە بەشێك لە كەلەپووری سیاقی و مەعریفی، كلیلەكانی  دەقیش هەموویان زمانین و لە سیستمی زماندا پەنهان كراون.

سوود وەرگرتنێکی تری (یاکۆبسن) لە میتۆدی کاری (دیسۆسێر) بریتییە لەبەکار هێنانی بیرۆکەی تەوەرەی ئاسۆیی و تەوەرەی ستوونی، پێی وایە کە ((شێوەی هەڵبژاردنی وشەیەك لە نێو کۆمەڵێك وشەی هاوواتا لەسەر تەوەرەی جێنشینی و چۆنیەتی لە پەنا) پاڵ (یەکدا دانی ئەو وشانە لە تەوەرەی هاونشینی، دەکرێ رستەیەك لە ئەرکی پەیوەندییەوە بگوازیتەوە بۆ ئەرکی ئەدەبی))

(د. عەبدولواحید مشیر دزەیی:؟: ٨)

ئەو بۆچوونەی یاکۆبسن بناغەی لێکدانەوە زمانەوانییەکانی دەقی شیعرییە،چونکە تەواوی بەرجەستەبوون و دوورکەوتنەوەکانی زمان لە رێسا ئاساییەکانییەوە بەهۆی گەمە پێ کردنی وشەکانەوە دەبێ، واتە زمانی شیعری بە هۆی گەمە پی ‌ کردنی وشەکانەوە لەسەر هەردوو تەوەرەی هاونشینی و جێ نشینییەوە دروست دەبێ، ئەمەش لەبەشی دووەمی ئەم کتێبە بە ووردی دەخرێتە ڕوو.

### ٢-١-٢-١ بنیادگەری پێکهاتەیی:

ئەم ڕەوتەی بنیادگەری کاردانەوەیەك بوو دژی بنیادگەری فۆرماڵستی کە هەوڵی چارەسەرکردنی دەقی دەدا لە دوو توێی کاری زمانەوانیدا، بیروڕای ڕابەرانی بنیادگەری پێکهاتەیی وایە کە زمانەوانی هەرچەند فراوان بێت بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، بەڵام دواجار دەرگایەکی داخراوە بە ڕووی ئەدەب و دەرچەیەکی نییە کە دڵنیایی و هەست کردن بە ڕاستی بداتە خوێنەر، لوسیان گۆڵدمان (١٩١٣ ـ ١٩٧٠)لە رابەرە سەرەکییەکانی ئەو میتۆدەیە، لێکۆڵینەوەکانی لە بواری زانستی کۆمەڵناسییەو بە پشت بەستن بە بیری مارکسی هەوڵی دۆزینەوەی بنیادی کۆمەڵایەتی شاراوەی پشت دەق دەدات، بنیادی کۆمەڵایەتیش بنیادێکی گشتییەو نووسەرو شاعیران هەریەکە بە رێژەیەك کاریگەرن پێوەی.

گۆڵدمان لە کتێبی (المنهجیه فی علم الاجتماع الادبی)دا بنەماکانی میتۆدی بنیادگەری پێکهاتەیی بەم جۆرە دەخاتە ڕوو

(محمد عزام:٢٠٠٣: ٢٣٠):

١/ پێویستە لەسەر زانای بواری سوسیۆلۆژیا، لە روانگەی کۆمەڵگاوە لە ئەدەب تێبگات و لە روانگەی ئەدەبەوە بڕوانێتە کۆمەڵگا.

٢/ ئەزموونی یەك کەس زۆر بچووکترە لەوەی کە بتوانێ بنیادی هۆشەکی کاری ئەدەبی ئاشکرا بکات، ئەو کارە پێویستیی بە دەیان کەسی شارەزا هەیە کە ساڵەها لەو ئەزموونەدا ژیابن، واتای ئەو قسەیەش ئەوەیە کە بنیادی هۆشەکی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە نەك تاکەکەسی.

٣/ کاری گونجاو بۆ لێکۆڵەری ئەدەبی ئەوەیە پەیوەندی نێوان تێگەیشتنە تایبەتییەکانی گرووپێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و پێکهاتنی کاری ئەدەبی رێکبخات.

٤/ بنیادە هۆشەکییەکان دەتوانن تاقانەیی کاری ئەدەبی بپارێزن و لە کاری تر جیای بکەنەوە.

٥/ ئەو بنیادە هۆشەکییانەی کە تێگەیشتنی هەمەیی(جماعی) لە فەزای خەیاڵی داهێنەردا رێکدەخەن، بنیادی نەستین و نموونەی کارکردنیان وەك کارکردنی کۆئەندامی دەمارو کۆئەندامی ماسوولکە وایە، بۆیە بەو تێزە رەخنەییانە ئاشکرا ناکرێن کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ئێستای دەق دەدەن، یان ئەوانەی گرنگی بە ئاشکرا کردنی مەبەستی نووسەر دەدەن.

بنیادگەری پێکهاتەیی گرنگی بە دەرەوەی دەق دەدا و بەرەو خودی شاعیرو ژینگەکەی دەڕوا، بەڵام شێوازی کارکردنەکەی جیاوازە لە شێوازی رەخنەی مێژوویی و رەخنەی سایکۆلۆژی. بنیادگەری پێکهاتەیی بە دوای کاریگەرییە دەرەکییەکاندا دەگەڕێ کە بنیادی هزرو تێگەیشتنی کۆمەڵگا رێکدەخەن، بەم جۆرە بنیادگەری پێکهاتەیی لە دەقەوە دەست پێ دەکات و هەر لە ناو دەقیشدا دەمینێتەوە.

کارەکانی گۆڵدمان رەخنەی زۆری ئاراستە کراوە بە تایبەتی لە لایەن (رۆلان بارت)ەوە. بەڵام وانەبێ بنیادگەری پێکهاتەیی تەنیا لە کارەکانی گۆڵدمان دا قەتیس بووبێ، بەڵکو رەخنەگرانی تری وەك (جاك لینهارت) و (جان ئیف تادییە) و (جۆرج لۆکاش) و(میخائیل باختین) و (ئان جیفەرسۆن) یش لەو بوارەدا جێی پەنجەیان دیارە[٢٣].

---

٢٣- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :

١. تحليل الخطاب الادبی، محمد عزام : ٢٢٧ ـ ٢٤٦

٢. النظرية الادبية المعاصرة، رامان سلون : ٣١ ـ ٨٠

٣. رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزە کردن، علی تاهیر حسێن: ٩٥ ـ ١٠١

بنیادگەری لە ساڵانی (١٩٥٥ ـ ١٩٦٥) پێی نایە قۆناغێکی ترەوە لەسەر دەستی رەخنەگرانی ئەرووپایی کە دیارترینیان (رۆلان بارت) ی فەرەنسییە. لەم قۆناغەدا گرنگی بە بینای گشتی دەق دراو لە پەیوەندی بیرە سەرەکییەکانی ناو دەق لەگەڵ یەکتری کە هەر یەکەیان وەك (دال) ێك کاردەکات و بە هەموویان سستەمی دەق دروست دەکەن، کۆڵرایەوە. هەر لەم قۆناغەدا بایەخی خوێنەر تیشکی خرایە سەر و نووسەری دەق گرنگی نەماو بیرۆکەی (مردنی نووسەر) لەلای رۆلان بارت لەوتارەکەی لە ساڵی (١٩٦٨) دا دەرکەوت. لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمیش دا (جوناتان کولر) هەوڵی دا لەسەر رێچکەی رەخنەی نوێی ئەنگلۆ ئەمریکی بنیادگەرییەکەی دابمەزرێنێت، بەڵام بە پشت بەستن بە بۆچوونی (چۆمسکی) بۆ زمان کە دەیکاتە (توانست) و (چالاکی) نەك بۆچوونی سوسێر کە زمان بەش دەکات بۆ (زمان) و (قسە). (بە بۆچوونی (چۆمسکی) هەنگاوی یەکەمی تێگەیشتن لە زمان ئەوەیە قسەکەر توانای هەبێ رستەی راست دروست بکات لە ڕووی بنیاد و واتاوە، ئەم توانایەش لەسەر بنەمای شارەزایی قسەکەر لەنەستیەوە بە سستەمی زمان دادەمەزرێ.

کۆلەر بە سوود وەرگرتن لەو بۆچوونەی چۆمسکی بۆچوونی خۆی دادەرێژێت و پێی وایە کە خوێنەر دەبێ بە شارەزا بوون لە نەریتەکانی تێگەیشتنی زمان هەوڵی تێگەیشتن لە دەق بدات و لێرەوەش خوێنەر دەبێتە خاڵی گرنگی پرۆسەکە)

(رامان سلون:١٩٩٦: ١٠٢)

ئەو میتۆدەی کە لەبواری زمانی شیعری دا گرنگیی هەیە، میتۆدی بنیادگەیی فۆرماڵستییە کە بایەخی زمانەوانی بە دەق دەدات و پوختەی میتۆدەکەش لەم خاڵانە دا چڕ دەبێتەوە:

((١ - دووركەوتنەوە لە دەوروبەری دەق و گرنگی دان بە خودی دەق ئەمەش لە پێناو ئاشکرا کردنی بنیادی قووڵی دەقەکە کە بریتییە لە تۆڕێك پەیوەندی زمانیی شاراوە کە ئەدەبی بوونی دەق لەوێوە دەست پێ دەکات.

٢ - ڕەخنەی بنیادگەری لە کاتی شیکردنەوەدا ئامانجی دۆزینەوەی (سستەمی دەق) ەو لەوە زیاتر ناڕوا و گرنگی بە مێژووی دەق و خاوەنی دەق و واتاکەی نادا.

٣-ئەدەب پەیوەندی بە ژیان و کۆمەڵگا وە نیە و نایەوێ لە بارەی کۆمەڵگا وە قسەیەك بکات.

٤- شیکردنەوەی دەق لە ڕووی زمانەوانییەوە بۆ ئاستەکانی پراگماتیك و سینتاکسی و فۆنۆلۆژی و دەنگسازی ئەنجام دەدرێ، ئەمەش بۆ دەرخستنی بنیادی ریتم و شێوازی دەقەکە))
(شکری عزیز ئەلمازی:١٩٨٥: ١٨٢ ـ ١٨٦)

هاوشانی قوتابخانەی بنیادگەری هەوڵ و لێکۆڵینەوەی تر هەن کە لە بواری زمانی شیعردا گرنگی خۆیان هەیە و وەك قوتابخانەیەکی سەربەخۆ دەردەکەون و گرنگی بە شێوازی شیعری دەدەن، ئەم هەولانە لە ژێر ناوی شێوازگەری کۆدەبنەوە.

## ٢-٢-١ شێوازگەری:

زمان کۆگایەکی گەورەی وشەو رستەو دەربڕینی جیاجیایە، قسە پێکەرانی زمان لە یەك کاتدا ناتوانن سوود لە هەمووی وەربگرن، بەڵکو وشەیەك لە نێوان سەدان وشەو رستەیەك لە نێوان سەدان رستەدا هەڵدەبژێرن بۆ دەربڕینی مەبەستەکەیان، ئەم کردارە لە زمانی ئۆتۆماتیکی دا کردارێکی خێراو تیژ تێپەڕە، بەڵام لە زمانی شیعری دا شاعیر وردەکارترە لە هەڵبژاردنی وشەو رستەو دەربڕینەکاندا. هەر شاعیرێکیش بە هۆی توانا فەرهەنگی و دەربڕینەکانی، جۆری زمانی دەقەکەی دەگۆڕێ، بە گشتی شاعیرێکی دیاریکراو لە ماوەیەکی دیاریکراودا وەك مانگێك، یان چەند مانگیك توانا زمانییەکانی لە چەند دەقێکی ئەو ماوەیەیدا لە یەك دەچن و دەناسرێنەوە، بەڵام لە ماوەیەکی درێژتردا گۆڕانی بەسەر دا دێت بە هۆی گۆڕانی باری رۆشنبیریی شاعیرەکە. دیاردەی توانای زمانی و جۆری زمانی شیعری لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازیی زۆری پێوە دیارە بە مەرجی ئەوەی هەردوو شاعیرەکە داهێنەر و نوێکاربن.

کەواتە هەر شاعیرێك زمانێکی شیعری تایبەتیی خۆی هەیە، لەوانەشە بە درێژایی تەمەنی چەند زمانێکی شیعری لە لای هەمان شاعیر دەربکەون، ئەو تایبەتی بوونی زمانی شیعرە پێی دەگۆترێت شێوازی شاعیر، شێوازی لە هەڵبژاردنی وشەو دەربڕینەکان، شێوازی لە هەڵبژاردنی جۆری رستەکان، شێوازی لە بەکارهێنانی خوازەو خواستن و بەکارهێنانی وەسف و هاوەڵناوەکان و یەکە زمانییەکانی تر، لێکۆڵینەوەش لە شێواز پێی دەگۆترێ شێوازگەری.کەواتە شێوازگەری ((لێکۆڵینەوەیە لە تایبەتییەکانی شێواز وەك وێنەی شیعری و ئاوەڵناوەکان و درکەو مۆسیقای دەنگەکان، هەروەها لە سستەمی دەق و زمانی شیعر و تەم و مژی و بەکارهێنانی ئەفسانەو

پەندەکان و هەموو ئەو کەرستانەی کە رەوانبێژی لێی دەکۆڵینەوە، سنووری ئەمانەش دەبەزێنێ و سوود لە دۆزینەوە زمانەوانییەکان وەردەگرێت))

(فرحان بدری الحربی:٣٠٠٢: ١٢).

**١-٢-٢-١- جۆرەکانی شێوازگەری:**

١/ شێوازگەریی دەنگ سازی:

گرنگی بە مۆسیقای شیعر دەدات و لە زمانە کێشدارەکەی دەکۆڵێتەوە، لە روانگەی زانستی دەنگسازیەوە دەڕوانێتە زمانی شیعر. لە بڕگە کورت و درێژەکان و دەنگە دەنگ دارو کپەکان و چۆنیەتی ریزبوونیان لە ناو بڕگەکاندا دەکۆلێتەوە، هەروەها لە پێیەکانی کێشی شیعر دەکۆلێتەوە. بە گشتی گرنگی بە سێ لق دەدات:

**یەکەمیان:**

لێکۆڵینەوەی دەنگەکان تاکەتاکە و بە تەنیا و دەرخستنی بایەخی مۆسیقایی هەریەکەیان.

**دووەمیان:**

لێکۆڵینەوە لە ریتم و کاریگەری ئێستێتیکی لە ناو دەقی شیعریدا.

**سێیەمیان:**

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان دەنگ و واتای شیعرەکە،بۆنموونە دووبارە بوونەوەی دەنگە کپەکان بارێکی ئارامی دروست دەکات و دووبارە بوونەوەی دەنگی (ر) بارێکی جوڵاو دروست دەکات لە هەستی خوێنەردا.

٢/ شێوازگەریی پێکهاتەیی:

گرنگی بە لێکۆڵینەوە لەو ئامرازانە دەدات کە شاعیر بەکاری هێناون لە داهێنانە شیعرییەکەیدا، ((شاعیر دامەزراوەی دەقەکەی لەسەر بناغەی کۆمەڵێك ورووژێنەر و هەڵچوون دادەمەزرێنێ کە لە ناو دەقدا بە شێوەی بۆچوون و کەرەستەی هزری دەردەکەون و دواجار دەبنە سیمای تایبەتیی شێوازی خاوەنەکەیان))

(فتح الله احمد سليمان:٢٠٠٤: ١٢)

بەم چەشنە کەرستە زمانییەکان و بیرە دیاریکراوەکانی نێو دەقەکە دەبنە سیمای شێوازی شاعیرەکە.

٣/ شێوازگەریی ئەرکی:

جۆرێکی شێوازگەرییە لە کردەی گەیاندنی پەیام و ئەو ڕەگەزانە دەکۆڵێتەوە کە کەسایەتیی نووسەر زەق دەکەنەوە، ئەم جۆرەی شێوازگەری پشت بە خوێنەر دەبەستێت کە بتوانێ هەموو رەگەزەکانی نێو دەقەکە کۆبکاتەوە و دابەشیان بکاتە سەر چەند بنیادێکی دیاریکراو، لە کاتی دووبارە بوونەوەی ئەو بنیادانە شێوازی شاعیرەکە دەردەکەوێت و جیادەکرێتەوە لە شێوازی تر، هەروەها ئەرکێکی تری (شێوازگەریی ئەرکی) دۆزینەوەی (لادان لە سیاقی شێواز)ە، واتە دوای ئەوەی بنیادی شێوازەکە زانرا ئینجا هەوڵی دۆزینەوەی لادان لە سیاقی شێوازەکە دەدرێت کە زۆرجار لە ناو دەقێکی ئەدەبیدا دووبارە دەبێتەوە و شێوازی شاعیری پێوە دەناسرێتەوە.

(د.ابراهیم خلیل: ٢٠٠٢: ١٤٤)

٤/ شێوازگەری ئاماری:

ئەو جۆرەی شێوازگەری هەوڵدەدات لە رێگەی زانستی ئامارەوە لێکۆڵینەوەی ورد ئەنجام بدات و شێوازی زانستی لە شێوازی ئەدەبی جیا بکاتەوە و شێوازی شیعری لە شێوازی پەخشان جیابکاتەوە. لەم بوارەدا هەوڵی زۆر دراوە بۆ ئەوەی بڕیاردان لەسەر شێواز سیمایەکی زانستی هەبێت. ((هاوکێشەیەکی بیرکاری لەم بوارەدا هەیە کە پێی دەگوترێ (هاوکێشەی بۆزیمان) کەدانەرەکەی زانای ئەڵمانی (أ. بۆزیمان -A.Busemann)ەو لە ساڵی ١٩٢٥ لەسەر چەند دەقێکی ئەدەبی ئەڵمانی جیٚ بەجێی کردووە))

(د. سعد مەسلوح:١٩٨٤: ٥٩).

هاوکێشەکەی بۆزیمان رێژەی کار بۆ هاوەڵناو پێوانە دەکات و بە هۆی ئەم رێژەیەوە شێوازی ئەدەبی لە شێوازی زانستی جیادەکاتەوە و تەنانەت شێوازی شیعری لە شێوازی پەخشان جیادەکاتەوە. گونجانی هاوکێشەکەی بۆزیمان لەگەڵ هەموو زمانێك هاورێك نیە و بە پێی گۆڕانی زمانەکان کەم و کوڕی لە هاوکێشەکە دا دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵێکی گرنگە لە بواری بەکارهێنانی زانستی ماتماتیك و ئامار لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دا. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا هەوڵی ئاماری تر

دەرکەوتن وەك کارەکانی ((مایلیك ١٩٦٧ کە بە هۆی ئامێری کۆمپیوتەر ئامارێکی وردی بۆ شێوازی (جوناتان سویفت) ئەنجام دا، هەروەها (جیبسون ١٩٦٦) کە کۆمەڵێك لێکۆلینەوەی ئاماریی ئەنجام دا لەسەر پەخشانی ئەمریکی، هەروەها (ئۆمان ١٩٦٢) کە لە شێوازی (جۆرج برنادشو) ی کۆلیەوە)) (أ. یحیی فتحیة:٢٠٠٧:؟).

٥/ شێوازگەری سینتاکسی:

ئەم جۆرەی شێوازگەری لە روانگەی زانستی سینتاکسەوە لە دەقی شیعری دەکۆلێتەوە، دیارە کە زمانی شیعری لە ڕووی سینتاکسەوە وەك زمانی ئاخاوتن بە تەواوی پەیرەوی لە یاساکان ناکات، نەگونجانی ڕستەکان لەگەڵ، یان سینتاکسییەکان لەشیعردا وەك دیاردەیەکی زمانی شیعری دەردەکەوێت بە جۆرێك لەرستەی شیعری دا ((کۆمەڵێك یاسا دەردەکەون کە دەکرێ بە یاسای نوێ ناوبنرێن ئەگەر لەگەڵ یاسا رێزمانییەکان بەراوردیان بکەین))

(د. ابراهیم خلیل: ٢٠٠٢: ١٤٨)

**به گشتی چەمکی شێواز لە دوو دیاردە دا چڕ دەبێتەوە:**

**یەکەم:**

هەڵبژاردنی کەرستە زمانییەکان و گرنگیدان بە دروستکردنی رستەی کاریگەر کە پاڵەپەستۆ بخاتە سەر خوێنەرو سەرنجی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو رابکێشێت. ئەو هەڵبژاردنەش چ لە ئاستی فەرهەنگدا بێت بۆ بەکارهێنانی وشەیەکی دیاریکراو کە بە ڕای شاعیر ئەم وشەیە باشترە لە وشەیەکی تر بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی، یان لە ئاستی رێزماندا بێت وەك هەڵبژاردنی رستەیەك لە نێوان رستەکانی تر ئەویش لەبەر تایبەتیەتی رۆنانە رێزمانییەکەی

(د. سعد مەسلوح:١٩٨٤:٢٣ ـ ٢٦).

**دووەم:**

شێواز لادانە لە رێسا، یان لە قسەکردنی ئاسایی و ئۆتۆماتیکی،(شیپتزر) ی ئەڵمانی و (پیێرجیرۆ) ی فەرەنسی لە لایەنگرانی ئەم بۆچوونەن (د.فتح الله احمد سلیمان:٢٠٠٤: ٢٩).قسەکردنی رۆژانە کۆمەڵێك بنەمای بەڵگە نەویستی هەیە کە بوونەتە هۆی ئاسانی کردەی لە یەکتری گەیشتن، بۆ نموونە شوفێرێك کە لە نیشانەی سووری ترافیك دەوەستێ، پێشبینی دەکات کە

هەموو شوفێرەکانی تریش بوەستن، نەوەستانی هەر شوفێرێك لادانە لە پێشبینی هەموو شوفیرەکان و هاوکات لادانە لە یاساکانی هاتوچۆ. زمانی قسەکردنی رۆژانەش بە هەمان شێوەیە، کۆمەڵێك پێشبینی و بنەمای تر هەن کە بوونەتە یاساو کردەی گەیاندنی زانیاری ئاسان دەکەن، شێوازگەری گرنگی بە دەستنیشان کردنی جۆری ئەو لادانانە دەدات کە شاعیر بەکاریاندەهێنێت و زمانێکی شیعری تایبەت بە خۆی دروست دەکات. (پ. د. محەمەد مەعرووف فەتاح) بۆ دەستنیشان کردنی ئەو لادانانە و بەراورد کردنیان بە زمانێك کە پلەی لادانەکەی (سفر) بێ، یان زۆر نزم بێ، پەنا دەباتە بەر (بنەماکانی هاریکاری گرایس).

## ٢-٢-٢-١ بنەماکانی هاریکاری:

گرایس (Grice ١٩٦٨) پێی وایە کە دوو قسەکەر کاتێ رووبەڕووی یەکترن هەردووکیان هەوڵی ئەوە دەدەن مەبەستەکەیان روونتر بگاتە بەرامبەر و زۆرترین زانیاری بگوازیتەوە لەنێوانیاندا. لەم روانگەیەوە (بنەمای هاریکاری) وەك یەکێك لە بنەماکانی لە یەکتر گەیشتن رادەگەیەنێ و بە بۆچوونی ئەو قسەکەران بێ ئەوەی ئاگادار بن هاریکاری دەکەن بۆ یەکتری گەیشتن.

**بنەماکانیش ئەمانەن:**

١/ بنەمای چەندیتی:

(لە کاتی قسەکردندا رادەی زانیاری گەیاندنت بە پێی پێویست بێت).

واتە قسەکەر کە قسە دەکات هەواڵی نوێ و زانیاری تازە دەبەخشێ بەڵام دەبێ:

أ/ زانیارییەکان گونجاو بن لەگەڵ توانستی تێگەیشتنی کەسی بەرامبەر، گرنگ بن بە لایەوە بۆ ئەوەی ئاڵ و گۆڕ بکرێن.

ب/ لە بڕی پێویست زیاتر زانیاری مەبەخشە، چونکە دۆخی قسەکردن و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکە دەشێوێت.

٢/ بنەمای چۆنیەتی:

(ئەو زانیارییانەی لە کاتی قسەکرندا دەیانگەیەنیتە بەرامبەرەکەت هەڵە نەبن و واقیعی بن) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ل راستی قسەکان دڵنیا بێت و تا بکرێت بەڵگە دار بن.

٣/ بنەمای پەیوەندی:
(با گرنگی قسەکانت دیار بێـت). ئەمەش بەوە دەکرێت کە قسەکان پەیوەندییان بە بابەت و شوێنی گفت و گۆیەکە هەبێت و گوێگر بەلایەوە گرنگ بێـت).
٤/ بنەمای شێواز:
(بە ڕوونی قسە بکە بۆ ئەوەی لە قسەکەت تێ بگەن).
ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە:
أ/ قسەکان تەم و مژاوی نەبن.
ب/ دژیەك نەبن بە جۆرێك کە یەکتری هەڵبوەشێننەوە.
ج/ کورت و پوخت بن.
ء/ ڕێزبەندی ڕووداوەکان ڕێك بێت و ناماقووڵ نەبێت.
(مارغوت هاینمان و فولفغنغ هاینمان: ٢٠٠٦: ٥٦ـ ٥٨)

### ٣-٢-٢-١ جۆرەکانی لادان:

ئاشکرایە کە زمانی شیعری لەم بنەمایانە لادەدات، لادانەکانیش بە پێی جۆری ئەو بنەمایەی کە پێشێلی دەکەن دەبنە چەند جۆرێك:
١/ لادانی وشەیی لێکسیکی:
هەندی جار شاعیر بە پێی یاساکانی دروست کردنی وشە، یان بە بەزاندنی یاساکان وشەی نوێ دادەتاشێت، دروست کردنی وشەی نوێ لادانێکی لێکسیکییە. جا ئەو وشانە بێنە ناو زمان و زیندوویەتی پەیدا بکەن، یان هەر لە ناو شیعرەکەدا بمێننەوە، دروست کردنی وشە چەند ڕێگایەکی هەیە:
أ/ بەکارهێنانی یاسا لێسیکییەکان.
ب/ فراوانکردنی یاسا لێکسیکییەکان.
ج/ بەزاندنی یاسا لێکسیکییەکان (واتە بە بێ بەکارهێنانی یاسا)
٢/ لادانی ڕێزمانی:
ئەم لادانە ڕێزمانییانە رووکەشن و لە هەڵەی ڕێزمانی دەچن، وەك جێگۆرکێی تەواوکەرو بکەر، دیارخەر و دیارخراو، کرتاندنی هەندێ کەرستەی مۆرفۆلۆژی و کورت کردنەوەی وشە.
٣/ لادان لە زار و زمان:

شاعیر بۆ هەر مەبەستێك بێت هەندێك جار لەزمانی نووسینی باو لادەدات و زمانی بێگانە، یان زارو زارۆچکە بەکار دێنێت، ئەم دیاردەیە چ لە شێوەی تێهەڵکێش و چ لە شێوەی هونەری مولەممەع بێت، یان لە شێوەی بەکارهێنانی زارۆچکەکان بێت کە لە شیعری نویٚ دا هەیە.

٤/ لادان لە نووسینەوەی ئاسایی:

ئەم لادانانە بە تایبەتی لە شیعری نویٚ دا هەن، شاعیر پەیوەست نابیٚ بە تۆپۆگرافیایەکی دیاریکراو، بەڵکو ئازادانە وشەکانی دابەشی سەر لاپەرە دەکات و سەرەنجام شێوازێکی تایبەت بە خۆی وەردەگرێت، دیاردەیەکی تریش هەیە ئەویش نووسینی وشەیەکە بە شێوەی پیت پیت و پیتەکانیش ستوونی، یان ئاسۆیی بەجیا لە یەکتری ریز دەکرێن، یان وشەکان بە شێوەی پەیژەی، یان بە شێوەی وێنەیەکی دیاریکراو ریز دەکرێن. ئەمانە هەموویان لادانن لە نووسینەوەی ئاسایی.

٥/ لادانی واتایی:

لە کاتی لێکدانی کەرستەکانی رستەدا دوو مەرج بۆ دروستیی واتا دێنە پێشەوە:

أ/ لێکدانەکان لە ڕووی رێزمانەوە راست بن.

ب/ لێکدانەکان لە رووی واتاوە (مەنتیقیەوە) لە باربن.

کەوابیٚ لادان لە واتا دا سیٚ جۆرە، یان لە رووی رێزمانەوە ناراستە، یان لە رووی (مەنتیق)ەوە ناڕاستە، یانیش لە هەردوو ڕووەکەدا ناراستە.

لادانی واتاییش لەرووی سیما واتاییەکانەوە بەبۆچوونی (فەرزان سجودی) چەند جۆرێکی هەیە:

أ- بەرجەستەکردن

ب- تەجرید کردن (ئەبستراکت)

بەرجەستەکردنیش ئەم جۆرانەی هەیە:

ا-بەرەوان کردن

ب-بەتەن کردن

پ-بەزیندەوەرکردن: بە گیانەوەرکردن، بە رووەککردن، بەگیانەوەرکردنیش دووجۆری هەیە: بەمرۆڤکردن، بەئاژەڵکردن.

(دلێر سادق کانەبی:٢٠٠٨: ٢٩)

٦/ لادان له شێوازدا:

ئەم جۆرە لادانەش ئەوەیە کە شاعیر لە جۆرێکی دیاریکراوی زمان و دەربڕینی شیعرییەوە دەگوازێتەوە بۆ جۆرێکی تری بەکارهێنانی زمان لە ناو هەمان دەقدا، جا ئەو گواستنەوە چ لە ڕووی فەرهەنگەوە بێ بۆ نموونە لە وشەی پەتییەوە بەرەو وشەی بێگانە بڕوات، یان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بێ وەك ئەوەی لە شێوەی زمانی نووسینەوە بۆ زارۆچکە بڕوات، یان لە شێوازێکی ئەدەبیەوە بۆ شێوازێکی بازاڕی بڕوات.

(پ. د. محەمەد مەعرووف فەتاح:٢٠٠٧:١٥ ـ ٣٠)

شێوازگەری لەگەڵ ئەوەی سوودی تەواو لە زمانەوانی وەردەگرێت، بەڵام کاری لێکۆڵەری بواری شێوازگەری جیاوازە لە کاری لێکۆڵەری زمانەوانی، لێکۆڵەری زمانەوانی ((وەسفێکی عەقلانی بۆ زمان دەکات و سەرەنجام یاسا ڕێزمانییەکانی هەر زمانێك دەسنیشان دەکات، کە لە زمانی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە هەر لە سنووری دیاردەیەکی زمانی کارەکانی ئەنجام دەدات، گرنگی بە دەربڕینە ئەدەبیەکان نادات. هەر لەبەر ئەمەیە چۆمسکی قسەی ئاسایی بە داهێنان دادەنێت.

بەڵام لێکۆڵەری بواری شێوازگەری کارەکەی جیاوازە، لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کە زمانەوانی کاری تەواو دەبێ، شێوازگەری لە زمانی قسەکردنی ئاسایی دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی سنوورەکانی روون بکاتەوەو لە زمانی ئەدەبی جیای بکاتەوە، شێوازگەری بە قوولایی دەقدا شۆڕدەبێتەوە بۆ ئەوەی پێکهاتەو وێنەکانی دەر بخات و سروشتی دەروونی خاوەنەکەی ئاشکرا بکات))

(د. یوسف ابو العدوس:٢٠٠٧: ٤٩)

لە لایەکی ترەوە لێکۆڵینەوەی شێوازگەری سوود لە میتۆدی تر وەردەگرێت جگە لە زمانەوانی وەك ئامار. بە گشتی کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و شێوازگەری تا رادەیەکی زۆر هاوبەشن، ئەوەی کە جیایان دەکاتەوە ئامانجی لێکۆڵەرە ((ئەگەر لێکۆڵەری دەقی شیعری ئامانجی ئەوەبێ لە ڕێی شیکردنەوەی زمانی دەقەکەوە بگاتە یاسا گشتییەکان و ئەو یاسایانە بۆ دەقی تریش بگونجێت لە ڕێگەی گشتاندنیەوە، ئەوا ئەو لێکۆڵەرە زمانەوانە، بەڵام ئەگەر لە لێکۆڵینەوەی زمانی شیعرەکە مەبەستی دەرخستنی تایبەتی زمانەکە بێ و سیما تایبەتی و جیاکەرەوەکانی بخاتە ڕوو لەوە بکۆڵێتەوە کە شاعیر بە چ ڕێگایەك بەرەو واتا و مەبەستەکانی دەڕوات، ئەوە لێکۆڵینەوەکە دەبێتە لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری))

(د. یوسف ابو العدوس:٢٠٠٧: ٤٩)

شێوازگەری سوودێکی زۆری لە میتۆدی بنیادگەری وەرگرتووە لە رووی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، بەلاّم ئامانجی کاری خۆشی تەواو لە بنیادگەری جیاکردووتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە کە هاوشانی بنیادگەری بە میتۆدێکی سەربەخۆی لێکۆڵینەوەی زمانی ئەدەبی و زمانی شیعر دادەنرێت.

ئەگەر چی بنیادگەری و شێوازگەری بە درێژایی سەدەی بیستەم و تا ئەمڕۆش دوو میتۆدی کاریگەرن بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ پەنهانییەکانی زمانی شیعر، بەڵام مەسەلەی واتای شیعر هەمیشە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی وردتر هەبوو لەهەردوو ئاستی واتای وشەکان و واتای رستەکان دا، لەبەر ئەوە رەخنەی سیمیۆلۆژی وەك پێویستییەکی ئەو بوارە دەرکەوت.

## ٤-٢-٢-١ پێکهاتەی شێواز:

شێواز وەك کۆمەڵێك کارلێکی کیمیاییە، ئەگەر لەناو دەقدا روویدا دەق بەرەو بەئەدەبی بوون دەبات. ئەو کارلێکانەش لە هەموو ئاستە جیاجیاکانی زماندا روودەدەن. هەر لەپێکهاتەی دەنگیی رستەکەوە هەتا چۆنیەتی پەیوەندییەکانی نێو دەقەکە. بۆ ئاسان بوونی ئامارکردنی شێوازی هەر دەقێك، پێویستە ئەو یەکە تایبەتییانە جیابکرێنەوە کە شێوازیان تێدا دەردەکەوێ.

(جۆرج مۆلینیە) پێشنیاری دەستەواژەی (ستایلیم Styleme) دەکات بۆ ناونانی ئەو یەکانە، دەشتەواژەکەش لە (Style) وەرگیراوەو وەك دەستەواژەکانی فۆنیم و مۆرفیم و لێکسیم داتاشراوە.

(د.بسام برکە:٢٠٠٦: ٨٨-٩٠)

**ستایلیم:** بچووکترین یەکەی زمانی، یان رێنووسییە کە دەبێتە هۆی بەرجەستەبوونی زمانی دەق.

ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە ستایلیم بوونێکی سەربەخۆی نییە وەك فۆنیم ومۆرفیم، بەڵکو ستایلیم دیاردەیەکە پێویستی بەشوێنە بۆ ئەوەی دەرکەوێ، ئەو شوێنانەش کە ستایلیم تێیاندا دەردەکەوێ ئەمانەن:

١/ بڕگە: لە ناویەکە گەورەترەکاندا بەهای مۆسیقایی دروست دەکات.

٢/ وشە: بەیارمەتی هەندێك کارای تر فرەواتایی شیعری دروست دەکات، وەك: هێز، سیاق، بەڕەمز بوون.

٣/گرێ: لادانی واتایی دروست دەکات بە پێش و پاش کردنی کەرستەکانی.

٤/ڕستە: لادانە ڕێزمانییەکان و لادانە واتاییەکان لەم ئاستەدا دەردەکەون.

٥/پەیوەندییەکانی نێو دەق: پچڕاندنی ئەم پەیوەندییانە زنجیرەی ئاسایی واتا دەپچڕێنێت و ئەرکێکی زیاتر دەخاتە سەر شانی خوێنەر.

٦/ڕێنووس: پارچەپارپەکردنی فۆرمی ڕێنووس، لادانی ڕێنووسی دروست دەکات و واتای ئیحایی بەرهەم دێنێت.

ستایلیم لەهەندێ دۆخی تردا دروست دەبێت کە شوێن نین، وەك:

١/ تێکەڵکردنی شێوازە جیاجیاکانی ئاخاوتن وەك شێوازی ئەدەبی و شێوازی گفتوگۆی ئاسایی وشێوازی بازاڕ.

٢/ تێکەڵکردنی زارو زارۆچکە ناوچەییەکان لە یەك دەقدا.

٣/ بەکارهێنانی تەکنیکەکانی گێڕانەوە لە شیعردا و بە پێچەوانەوەش.

## ٣-٢-١ ڕەخنەی سیمیۆلۆژی:

وشەی سیمیۆلۆژی (semiology) واتە زانستی هێماکان، یان زانستی لێکۆڵینەوە لە هێما، بواری لێکولێنەوەی ئەم زانستە تەواوی ئەو هێمایانەیە کە لەژیاندا بەکاردێت،وەك نیشانەکانی هاتوچۆ و ئایکۆنی کۆمپانیاکان و ئاماژەی ڕەنگەکان و هێما زمانیەکان.

(سۆسێر) لە وتارەکانی دا ئاماژە بەوە دەکات کە (دەبێ لە ئاییندەدا زانستێك دروست ببێ کە لەهێماکان بکۆڵێتەوەو ئەو کاتەش زمانەوانی دەبێتە لقێکی ئەو زانستە) (ترنس هوکز:١٩٨٦: ١١٣) دەستەواژەیەکی تر هەیە لەبواری زانستی هێماکاندا ئەویش (سیمیۆتیکس semiotics)ە.

((ئەم دەستەواژەیە زمانەوانی ئەمریکی –شارل ساندرس بێرس – لەساڵی ١٩١٤ بەکاری هێناوە)) (د.ابراهیم خلیل:٩٢:٢٠٠٢).

لێکۆڵینەوەکانی سیمیۆلۆژی بەدوو ڕێچکەدا دەڕوات((یەکەمیان لێکۆڵینەوەیە لە چییەتی هێما و دیاریکردنی پێکهاتەومەرجەکانی. (پێرس)لەوبوارەدا کاری کردوە.

دووەمیان لێکۆڵینەوەیەلەئەرکی هێما لەبواری گەیاندنی زانیاریدا و لێکۆڵینەوەکانی سۆسێر زیاتر لەوبارەیەوە دەدوێن))

(محمد عبد المتلب:٢٠٠٨:٨١).

پێویستە ئاماژەیەك بۆ ئەم دوو دەستەواژەیە بکرێ و هەروا بەسادەیی بەڕێ نەکرێن. (دەستەواژەی (سیمیۆلۆژی) یەکلابووەتەوە کە زانستی لێکۆڵینەوەیە لە هێما، بەڵام دەستەواژەی (سیمۆتێکس)لە بواری زانستی هێما دا وەك خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو کراوەتە (سیمانتیك) (semantique) ئەویش زانستی (واتاناسی) یە. کەواتە ئێستا ئێمە لە بەردەم دوو دەستەواژەداین کە یەکەمیان فراوانترە لە دووەمیان، یەکەمیان (سیمیۆلۆژی) زانستی هێماکانەو دووەمیان لقێکی یەکەمەو(سیمانتیك) کە(واتەناسی)یە، ئەم دوو دەستەواژەیە هاو واتای یەکتری نین بەهیچ جۆرێك.((هەردوو دەستەواژەکە لە وشەی لاتینی (sema) وەهاتوون کە بەواتای (نیشانە) دێت و ڕێکەوتێکی سەیریشە کە هەمان فۆرمی دەنگی (سیما) لەزمانی عەرەبی دا بەواتای (نیشانە) هاتووە)). (د،یوسف وغلیسی:٢٠٠٨: ٢٢٧-٢٤٠)

لەرەخنەی ئەدەبی دا پێویستە دەستە واژەی (رەخنەی سیمانتیکی) بەکاربێت، چونکە ڕێبازە رەخنەییەکە سوود لەزانستی (واتاناسی) وەردەگرێت بۆ شیکردنەوەی پەنهانەکانی زمانی شیعر.بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەستە واژەی (رەخنەی سیمیۆلۆژی) بەکاردەهێنرێت بۆفراوانترکردنی کەرەستەکانی لێکۆڵینەوە لەزمانی شیعر، واتە پەنا دەبرێتەبەر نیشانەکانی دەرەوەی نیشانە زمانییەکانیش، ئەمەش لەبەر ئەوەی زمانی شیعری گرووپی (پێشڕەو)ی هەشتایەکانی هەولێر: **(جەلال بەرزنجی، ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەڕاج، سەباح رەنجدەر، عەباس عەبدوڵڵا یووسف، دڵشاد عەبدوڵڵا)** کۆمەڵێك ئاماژەی واتایی تێدایە کە لەدەرەوەی زمان دروستکراون و کەرستەی تری وەك دەستکاری تۆپۆگرافیای شیعرو شێوەکاری لەنووسین دا، کە ئەمانە ئاماژە گەلێکن لەسنووری سیمانتیك دا جێگەیەکیان نییە.

سیمیۆلۆژیا وەك زانست هیچ پەیوەندیەکی بەئەدەبی بوونەوە نییە، وەك (پالمەر) دەڵێ: ((واتای تایبەت بەکەسێکی دیاری کراو لەبواری لێکۆڵینەوەکانی سیمیۆلۆژیا دانییە، بەڵام بۆ هەندێ مەبەستی وەك لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکان گرینگە بزانین بۆچی تاکی قسەکەر لەقسەی ئاسایی لادەدات،...،هەروەها پێویستیمان بەوەهەیە کەواتای ئاسایی وشە و رستە لەو واتایە

جیابکینەوە کە هەندێ دۆخی تایبەتی دروستی دەکات ئەمەش جیاوازی نێوان خودی واتاو بەکارهێنانەکەیەتی کەدەکەوێتە دووتوێیی سیمیۆلۆژیاو پراگماتیك)).

(اف، ار، بالمر:١٩٨٥: ١١)

بەلاّم رەخنەی ئەدەبی توانیویەتی سوود لەسیمیۆلۆژیا وەربگرێ وەك پێوەرێك بۆ واتای ئاسایی و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ئاسایی، ئینجا لەم روانگەیەوە لادانەکان بەبەراورد لەگەلّ ئەو ئاستە ئاساییە دەستنیشان بکات.

سیمیۆلۆژیا وەك باسکرا زانستی لێکۆلّینەوەیە لە هێماکان، سروشتی هێما، یان رەمز بەلای (بیرس)ەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی لەگەلّ هێمابۆکراو، لەم روانگەیەشەوە هێما دەکاتە سێ جۆر ((جۆری یەکەم ئەوهێمایەیە کەتەواو بە هێمابۆکراو دەچێ، نموونەی ئەمەش وەك نەخشەی خانوو کە وێنەیەکی بچووککراوەی خانووەکەیە، ئەم جۆرەیان ناودەنێ (ئایکۆن icon). جۆری دووەم ئەوهێمایەیە کەبەکردار پەیوەندی بەهێما بۆکراوەوە هەیە وەك ئامێرەکانی دیارکردنی ئاراستەی با، یان وەك میلی کاتژمێر، ئەوجۆرەشیان ناو دەنێ (index) جۆری سێەم ئەو هێمایانەن کە هیچ پەیوەندیەکیان بەهێما بۆکراوەوە نییە و تەنیا خەلّکی راهاتوون لەسەر پەیوەستکردنیان بەهێما بۆکراوەوە، ئەمانەش وەك وشەکانی قسەکردن و نیشانەکانی هاتوو چۆ، ئەوجۆرەشیان ناودەنێ رەمز symbol)).

(د.محمد شبل الکومی:٢٠٠٤:٢٥٧)

(سۆسێر) یش کەلەئەرکی کۆمەلاّیەتی هێما دەکۆلّێتەوە، هێمای زمانی دابەش دەکات بۆ دووپێکهێنەر:

**یەکەم:** شێوەدەنگی (دال): سۆسێر مەبەستی دەنگی ماددی، یان لایەنی فیزیکی دەنگەکان نییە، بەلّکو ئەو شوێنەوارە (کاریگەرییە) دەروونییەیە کە دەنگە مادییەکان لەزەینی مرۆڤدا بەجێی دەهێلّن.

**دووەم:** (مەدلوول) چەمك (واتا): ((وێنەی زەینییەکەیە، لێرەدا مەبەست ناولێنانەکەنییە، ئەو دوو وێنەی سەرەوە بوونیان نیە، تەنیالەمێشکی (زەینی) قسەکەرەکان نەبێ)).

(د. هیمداد حوسێن، د. سەباح رەشید قادر:٢٠٠٩:١٠)

زۆربەی ئەو سەرەزاوانەی کەباسیان لە چەمکی (دال) و (مەدلوول) کردووە، (دال) بەهێما دەنگیەکانی وشە لێك دەدەنەوە واتە ئەو زنجیرە دەنگەی کە لەدوای یەکتری دەردەبڕدرێن و بوونی فیزیکییان هەیە، (مەدلوول)یش بەخودی شتەکە لێك دەدەنەوە کەهێمای بۆدەکرێت، واتە بوونە فیزیکی و ماددیەکەی.کەچی سۆسێر مەبەستی هیچ کامێك لەوانە نیە. بۆ سەلماندنی ئەو بیرۆکەیەش سەرنج دەدەینە ئەم پرسیارە: جیاوازی چیە لەنێوان دەنگی (د،ا،ر) لەگەڵ زنجیرە دەنگی (ا، د، ر) لەزمانی کوردی دا؟

وەڵامەکەی ئاساییە کەزنجیرەی یەکەم وشەی (دار) دروست دەکات و واتا دارە، بەڵام زنجیرەی دووەم هیچ ئاماژەیەکی نییە.

لەم نموونەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا:

١-زنجیرە دەنگەکان بەشێوەیەکی رەمەکی ریزدەبن و هیچ یاسایەك نییە لەئاستی واتاسازی دا کاریان تێ بکات (جگە لەیاساکانی درووست کردنی برگە کەپەیوەندیان بەواتاسازییەوە نییە) بۆیە زنجیرەی وەك (ب، ە، ر، د) هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ زنجیرەی وەك (د، ب، ە، ر) یان لەگەڵ هەر ریزبوونێکی تری ئەم چوار پیتە لەروی فیزیکییەوە.

٢-زنجیرەی (ب،ە،ر،د)توانای دروستکردنی کاریگەری هەیە لە سەر زەینی قسەکەر و وێنەیەکی زەینی لەلادا دروست دەکات، ئەمەش نەك لەبەر بوونی تایبەتمەندیەك لەریزبوونەکەی، بەڵکو لەبەر پێکهاتنی قسەپێکەرانی زمانەکە بەوەی کە ڕیزبوونی یەکەم کاریگەری هەبێ و ڕیز بوونەکانی دیکە کاریگەرییان نەبێ.

لەلایەکی ترەوە زنجیرە دەنگییەکانی وشەیەکی واتادار لە زمانێکی بێگانە بۆ کەسێك کە زمانەکە نەزانێت، یان واتای وشەکە نەزانێت، هیچ بایەخێکی نییە و هیچ هەستێك لەزەینی دا ناوروژێنێت. بۆنموونە وشەی (school) ی ئینگلیزی بۆ کوردێك کەزمانەکە نەزانێت هیچ وێنەیەکی زەینی دروست ناکات، تەنانەت هەر پێش و پاشێك لە ڕێنووسی وشەکەشدا بکەین بۆئەو گرنگ نییە، کەچی وشەکە بۆ کەسانێك کە زمانەکە دەزانن، وشەیەکی بایەخدارە و دەلالەتی خۆی هەیە. کەوابێ زنجیرە دەنگییەکان کەلە (وشە) دا دەردەکەون بەبڕیارێکی کۆمەڵایەتی دەتوانن ببنە هێما(دال)، ئەمەش لەبەر هیچ تایبەتییەکی دەنگیو شێوە نییە، تەنیا لەبەر بڕیارو پێکهاتنی کۆمەڵایەتییە، لەو ڕووەشەوە (ڕۆلان بارت) پێی وایە (لەبارەی چیەتی (دال)ەوە هەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە ناوەندێکی ماددییە بۆ (مەدلوول) (رولان بارت:١٩٨٦: ٧٧-٨١)

سۆسێر لەبارەی چەمکی (مەدلوول)ەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (مەدلوول) ئەو وێنە زەینییە یە کە لەلای مرۆڤ دروست دەبێت نەك خودی شتەکە.ئەو بیرۆکەیەی سۆسێر بەوە دەسەلمێنرێ کە(مرۆڤی کوێری زگماك)خودی هیچ شتێکی نەدیتوە تا لەگەڵ بیستنی دەنگ (هێما) ی شتەکەی بێتە بەرچاو، ئەوەی کە کوێر هەستی پێدەکات تەنیا وێنەی زەینەکەی خۆیەتی بۆ ئەو هێمایە،(لەلایەکی تریشەوە ئەو وشانەی کە ئاماژە بەشتی فیزیکی ناکەن وەك وشەی ئازایەتی، وێنە زەینیەکانیان بەپێی کەس و گوێگر دەگۆڕێتو هەر کەسێك کۆمەڵێك ڕووداوی بە بیر دێتەوە کە دیمەنی ئازایەتی تێدا هەبێت).

(د.محمد محمد یونس علی:٢٠٠٧: ١٠٠)

هەولێکی تری (سۆسێر) بۆ سەلماندنی ئەوەی کە (مەدلوول)ەکان وێنەی زەینین و شتی بەر جەستەنین ئەوەیە کە(ئەگەر (مەدلوول) بوونی بەر جەستەی هەبێ ئەوا ناساندنی پێویست بە پێناسە و بەراورد ناکات،کەچی ئێمە (مەدلوول)ەکان بەبەراورد کردن دەناسینەوە لەگەڵ دژەکانیان).

(جون ستروك:١٩٩٦: ١٨).

کردەی گواستنەوەی واتاو دروست بوونی واتای هاوبەش لەزەینی قسەکەر و گوێگردا هیچ بنەمایەکی هۆکاریی نییە، چونکە پەیوەندی نێوان هێماو هێمابۆکراو پەیوەندییەکی لەخۆوەیە. گواستنەوەو دروست بوونی واتای هاوبەش لەزەینی قسەپێکەرانی زمان تەنیا بەپێی پەیمان و ڕێککەوتنی کۆمەلایەتییە، بۆیە ئەگەر قسەکەر لەو پەیمانە لابدا و بەپێی قەراری کۆمەلایەتی قسەکان دەرنەبڕێ، گوێگر لێی تێناگات.

زمانی شیعر لە رووی سیمیۆلۆژیاوە لە حالەتی بەزاندنی ئەو پەیمان و قەرارە کۆمەلاتییە دایە، بۆیە گوێگر بە ئاسانی ناگاتە مەبەستی شاعیر، رەخنەی سیمیۆلۆژیش لەو حالەتەدا بە پاڵپشتی زمانەوانی و شێوازگەری ئەو لادان و بەزاندنانە دەست نیشان دەکات و یەکە واتاییەکان پۆلین دەکات و بنیادە واتاییە نوێیەکە روون دەکاتەوە، ئەو کاتەش مەبەستی شیعرەکە بەپێی وردی هەولە رەخنەیەکان روون دەبێتەوە.

**ڕەخنەی ئەدەبی لەم بوارانەدا سوود لە سیمیۆلۆژیا وەردەگرێت:**

**یەکەم:**

لە دۆزینەوەی ئەو بنیادە قووڵەی دەق کە گەمە بە واتا فەرهەنگییەکانی وشەکانی دەق دەکات و واتایەکی نوێ بەسەر دەقەکەدا دەپۆشێت، زانستی زمانەوانیی نوێ ئەوەی ئاشکرا کردووە کە واتای دەق لە واتای فەرهەنگیی وشکانییەوە نایەت، بەڵکو ((بەشێکی گرینگی واتا لەو ئەرکەوە دێت کە وشەکە لە ئاستی ئاسۆیی (ڕۆنان) ی ڕستەدا پێی دەسپێردرێت)) (یحیى عبابنە، امنەالزعبی:٢٠٠٥: ٩١) واتە لە میانەی پەیوەندی وشە بە وشەکانی تری نێو ڕۆناناکە و دراوسێتیان واتای دەق دروست دەبێت.

**دووەم:**

لە بەکارهێنانی کێڵگە واتاییەکاندا ڕەخنەی ئەدەبی سوودێکی زۆر لە سیمیۆلۆژیا وەردەگرێت. هەموو ئەو وشانەی کە دەتوانن لە تەوەری جێنشینی (شاوڵی) جێگرەوەی یەکتر بن، لەرووی واتاوە خاوەنی هەندێ سیمای هاوبەشن لە کاتی قسەکردنی ئاساییدا، بەڵام لە زمانی شیعردا ئەم دیاردەیە دەگۆڕێت، جێگرەوەکانی چاڵێکی دیاریکراو و ئاستی نەگونجانی سیما واتاییەکانیان لەگەڵ یەکتری، ڕادەی توندی لادانە واتاییەکە ئاشکرا دەکەن. خۆ ئەگەر وشە جێگرەوەکە لە تەوەری جێنشینیدا سیمای واتایی هاوبەشی هەبێت لەگەڵ وشە بنەرەتییەکە و بۆ ڕۆرنانی ڕستەکەش گونجاوبێت، لەم حاڵەتەدا هەرچەندە لادانی واتایی ڕوونادات، بەڵام فرە واتایی زمانی شیعر زەق دەبێتەوە.

هێما بۆکراو (مەدلوول) پەیوەستە بەهێما (دال)ەوە، (تاقیکردنەوەی تەوەری جێنشینی، گونجانی وشەکانمان بۆدەردەخات لەگەڵ کێڵگەی واتایی ئەو وشەیەی کەجێگاکەی دەگرێتەوە، ئەگەر جێگرتنەوەی وشەیەك لە تەوەری جێنشینی دا واتای لەنگ کرد و پێویستی بە گۆڕینی وشەی تر کرد لە تەوەری هاونشینی،ئەوا دەقەکە بێ کۆتاییە واتا دەلالەتەکانی لە ژمارە نایەن) (ڕولان بارت:١٩٨٦: ١٠٢)، کەواتە جێگۆڕکێیەکانی تەوەری جێنشینی ئەگەر لە کێڵگە واتاییەکەیان دەرچوون لادانی واتایی دروست دەکەن، ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی کەرەخنەی ئەدەبی تێیدا سوود لەسیمیۆلۆژیا وەردەگرێت بەپاڵپشتی شێوازگەری.

**سێیەم:**

لە بواری پەیوەندییە واتایەکان وەك پەیوەندی گونجان و پەیوەندی دژیەکی لەنێوان یەکە وابەستەکراوەکانی دەقێکی گێڕانەوەیی پەخشان بێت، یان شیعر و دواجار ئاشکراکردنی ئاراستەی گۆڕانە واتاییەکانی نێو دەقەکە بە هۆی جووڵەی ئەو پەیوەندیانەوە (چوارگۆشەی سیمیایی کەگریماس دایهێناوەو لەسەر چیرۆك جێبەجێی کردووە نموونەیەکی گرنگی ئەو بوارەیە کە جووڵەی واتاو ئاماژە گونجاوەکان و ئاماژە دژەکان لە دەقەکەدا روون دەکاتەوە)

(د.ابراهیم خلیل:٢٠٠٢:٩٤، ٩٥).

**چوارەم:**

لەبواری سیمیۆلۆژیای ناونیشاندا رەخنەی ئەدەبی زۆر پەیوەندی پەنهان لەبنیادی واتایی دەقەکە ئاشکرادەکات، ناونیشانی دەق هەمیشە ئاماژەیەکی قووڵ لە خۆدەگرێت و ڕایەڵە واتاییەکانی دەق رێکدەخات ((ناونیشانی شیعر وەك سەری جەستەیەك وایە کە پێکەوە گونجانی گشتیی دەقەکە رێکدەخاوت هەندێك لەلوغزەکان دەکاتەوە))

(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: ١٠: ٢٠٠١)

سەبارەت بە فەزای کارکردنی سیمیۆلۆژیا و ئەو ئاستانەی کەلێکۆڵینەوەیان تێدا دەکات وەك ئاستەکانی وشە(لێکسیك) و رستەو دەق،(رۆبێر مارتان) لەکتێبی (فی سبیل منطق للمعنی) دەڵێ: ((سیمیۆلۆژیا بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەواتا:

- واتای وشەکان (کەبواری لێکۆڵینەوەی فەرهەنگییە)
- واتای رستەکە (بواری راستەقینەی لێکۆڵینەوەی سیمیۆلۆژیا)
- واتای دەقەکان (بواری لێکۆلینەوەی شعریەت و شیکردنەوەی دەقە).))

(روبیرمارتان: ٢٥: ٢٠٠٦)

ئەم بۆچوونەش لەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕستە کارگەی بەرهەم هێنانی واتایە و دەلالەتی وشەکان دەگۆڕێت، بەڵام ناکرێت گرنگی (دەق) لەلێکۆڵینەوەی واتادا فەرامۆش بکەین کەدواجار لەتوانای دا هەیە گەمە بەواتای رستەکان بکات لەدووتوێی (سیاق) ی جیاجیادا چونکە (ئەو واتایانەی کەبەسەر واژەیەکدا دەدرێن پەیوەست نین بەخودی واژەکەوە بەڵکو

پەیوەستن بەو دۆخانەی کەلە (سیاق) ی جیاجیادا بۆی دروست دەبێت) (صابر الحباشة:٢٠٠٨:٣٦)

بە بۆچوونی رۆلان بارت لەدونیای دەقدا هیچ هێمایەك هێما بۆکراوێکی دیاری کراوی نییە بەڵکو پەیوەندی بە ناوخۆییەکانی هێماکان لەناو دەقدا دەست نیشانی هێما بۆ کراوەکان، دەکات، بۆیە((هێماکان لەقووڵایی دەقدا ئازادانە مەلە دەکەن بۆ ئەوەی سەرنجی هێمابۆکراوەکان بۆلای خۆیان رابکێشن ئەوکاتەش هێماو هێما بۆکراو هەموویان دەبنە هێمای نوێ و بەدوای هێمابۆکراوی تر دادەگەرێن بەجۆرەش وشە دەبێتە هێمایەکی ئازادو لەدۆخێکی ئامادە دا دەبێت، چونکە بەردەوام لەبەردەم دایە، بەلام هێما بۆکراو دەچێتە دۆخی ئامادەنەبوون چونکە پشت بەزەینی خوێنەر دەبەستی بۆئەوەی پەیوەستی بکات بەهێمایەکی دیاری کراو)).

(د. عبدالله محمدالغذامی: ٤٨: ٢٠٠٦)

لەم روانگەیەوەش کارەکتەری(ئامادەنەبوون) کەواتاکانن زۆر زاڵترو گرینگترن لەکارەکتەری (ئامادەبوون) کە وشەکانن، ئەم بیرۆکەیەش بنچینەی قوتابخانەی رەخنەی هەڵوەشاندنەوەیە کە لەمنداڵدانی بنیادگەری و سیمیۆلۆژیەوە لەدایك بوو.

## ٤-٢-١ رەخنەی هەڵوەشاندنەوە:

قوتابخانە رەخنەییەکانی پاش بنیادگەری لەگەڵ ئەوەی زۆرن، بەلام هەموویان لە خاڵێکدا یەك دەگرنەوە ئەویش فرە واتایی دەقە، یان بە دەربڕینێکی تر ئەگەر بنیادگەری لە بنیای دەقی دەکۆڵێتەوە و پێکهاتەکانی دەستنیشان دەکرد، بەلام گرنگی بە واتای دەق نەدەدا، ئەوا قوتابخانەکانی پاش بنیادگەری یەکێك لە هەوڵە کانیان شی کردنەوە و لێکدانەوەی واتایە(تأويل).

((ئەرکی دوای بونیادگەری خوێندنەوەو دەستنیشان کردنی وێنە شاراوەکانە کە دەکەونە نێو دێرەکان و وشەکان و فرەیزەکان.. داماڵینی مانای وشەی تاك و رستەکانە.. ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە شاعیر، یان هونەرمەند هەموو نهێنیەکانی دەقەکانیان ناخانە بەردەم خوێنەرەوە))

(پ. د. زاهیر لەتیف کەریم:٢٠٠٢: ٣٦)

له پێناو ئاشكرا كردنی واتا شاراوەكانی نێو دەقی ئەدەبی دا رەخنەی هەڵوەشانەوە بەرەو پێش چوون و تۆكمەییەكی زیاتری هەیە لە چاو هەوڵە هاوكاتەكانی بە جۆرێك لە رووی رێبازە رەخنەییەكانەوە وەك قوتابخانەیەكی رەخنەیی و دەژمێردرێت.

ئەستێرەی رەخنەی هەڵوەشانەوە، رەخنەگر و رووناكبیری فەرەنسی (جاك دریدا)یە كە لە(١٩٣٠) لە جەزائیر لە دایك بووە، جاك دریدا زۆر بەوردی ئاگاداری فەلسەفە و ئەدەبە، لەژێر كاریگەری بۆچوونە زمانەوانییەكانی (هایدیگەر) ی فەیلەسووف و (رۆلان بارت)ی رەخنەگر، درێژەی بەكارەكانی خۆی داوە، لە كۆی هەموو ئەمانە و لە سەرنجە وردەكانی خۆی سەبارەت بە ئەودیوی بۆچوونە فەلسەفی و ئەدەبی و رەخنەییەكانی پێش خۆی توانیویەتی رەخنەی هەڵوەشانەوە بە هێز بكات [٢٤].

دریدا لە نووسینەكانی خۆیدا بیرە سەرەكییەكانی هەڵوەشانەوە لەسەر بنەمای هەڵوەشاندنەوەی دژیەكیی بۆچوونی زانایانی تر روون دەكاتەوە، بۆ نموونە:

### ١-٤-٢-١ میتۆدی كاركردنی (جاك دریدا) لە هەڵوەشاندنەوەدا:

١/ لە شیكردنەوەی لێكۆڵینەوەكەی (لیڤی شتراوس) دا دوو بیردۆزی بەرامبەریەكی شیكردنەوە دەخاتە روو، یەكەمیان پشت بەستنە بە رابردوو و دواوە و هەوڵدانە بۆ بیناكردنی مانایەكی نموونەیی و بنەرەتی، دووەمیان رووكردنە پێشەوەو ئایندەیە كە هیچ واتایەكی ئامادەی تێدانیە و خوێندنەوە دەبێتە ئامێری گەڕان بە دوای واتادا، لەو كاتەشدا واتایەكی چەسپاو و نەگۆڕ بوونی نامێنی.

(د.ابراهیم خلیل:٢٠٠٢: ٩٨)

بە بۆچوونی دریدا هەڵەی شتراوس لەوەدایە كە بنەماكانی واتای نموونەیی و نەگۆڕی بڕیارداوە لە بواری میسۆلۆژیای ئەدەبدا، لە هەمان كاتدا باوەڕی وایە كە هیچ واتایەكی نموونەیی وەك پاڵپشت و (مرجع) بوونی نییە و خوێنەر واتا دەخولقێنی واتە (واتا) بوونەوەرێك نییە كە پێش دەق بوونی هەبێ، بەڵكو لە داهاتوودا (پاش لە دایك بوونی دەق دروست دەبێت)، هەر لەو روانگەیەوە رەخنەی توند لە بنیادگەری

---

٢٤- بڕوانە: أ- حەمە سەعید حەسەن، قوڵپی پێكەنین، لا: ٣٠- ٣٥.

ب- جون اي جوزيف وآخرون، أعلام الفكر اللغوي، ت: احمد شاكر الكلابي (د.)، ص: ٢٨١ — ٣٠٠.

دەگرێت کە بنیادگەری بەردەوام هەوڵی خولڤاندنی بنیادێك دەدات کە ببێتە چەق بۆ دەق، بۆ کۆمەڵگا بۆ بوون، مرۆڤ بە بوونی چەق دڵخۆشە چونکە، سەلماندنی بوونی تێدایە و پالپشتی مرۆڤە و پاساوی رەفتارەکانە، بنیادگەری دەق (بنیاد) بەو چاوگەیە دادەنێ کە ناکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوەو بنیادی نییە. واتە بنیادی بنیاد، یان چەقی چەق بوونی نییە. دریدا ترسناکی ئەو کارەی بنیادگەری بەوە روون دەکاتەوە کە ((مرۆڤ بیر کردنەوە و تێروانینی بۆچوونی(خود ـ من) بە چەقی بوونی خۆی دەزانێ، چونکە هەموو بیر کردنەوەو بوونی لە دەوری (خود) ە، بەڵام فرۆید بە بیردۆزەکانی تەواوی ئەو(خود)ەی هەڵوەشاندەوەو ئەو بۆچوونە میتافیزیکی یەی وێران کرد و سەلماندی کە (خود) دوو لەتی (هەست و نەست)ە)).

(د.محمد شبل الکومی:٢٠٠٤: ٣١٥)

٢/ لە بارەی فرەواتایی نووسین دا دریدا لە وەڵامی پرسیارێکی (ریتشارد کیرنی) خاوەنی کتێبی (جدل العقل) دەڵێ: ((کاتێك وشەکان لە قسەدا بەکاردێن، پێویست بەوە دەکات، کە دوو قسەکەر بەرامبەر یەکتر بن واتە هەردووکیان ئامادەبن ، ئەم ئامادە بوونە زوو واتا گل دەداتەوە و بواری پەرت بوونی نادات، بەڵام نووسین ئەو کارە تێکدەدا، چونکە ماوەیەکی کاتی و شوێنی لە نێوان نووسەرو خوێنەو دەخولقێنێ لەبەر ئەوە ناتوانین بڵێین ئەم نووسینە تەنها ئەو واتایەی هەیە))

(ریتشارد کیرنی:٢٠٠٥: ١٧٤)

٣/ لە خوێندنەوەی بۆ (سوسێر) بە توندی دژی ئەوە دەوەستێ کە زمان بنیاد بێت (Structure)،چونکە ئەگەر وابێ ئەوە دەبێ ناوەرۆکەکەی بەردەوام ئامادەبێت. واتە دەبێ واتای هەر یەکەیەکی زمانی لە خودی خۆیدا ئامادە بێت، کە چی (سوسێر) خۆی ئەم بریارە نادات و پێی وایە واتای هەر یەکەیەکی فەرهەنگی (دال) پشت بە بەرامبەر کردنی لەگەڵ دژەکەی دەبەستێ و واتاکەی لە خودی خۆیدا نیە و بە پێی بەرامبەر کردن دەگۆرێت.

(د.ابراهیم خلیل:٢٠٠٢: ١٠٠)

دریدا لەوەدا لەگەڵ سوسێر هاوڕایە کە پەیوەندی نێوان (دال) و (مەدلوول) لە خۆوەیەو هۆکارەکی (سببی) نییە، هەروەها پێی وایە هەتا ئەو لە خۆوەییە زۆر تر بێت ئەوەندە (دال) لە (مەدلوول) ەکەی دوور دەکەوێتەوە و دەق بەرەو بە شیعر بوون دەڕوات و فرە واتا تر دەبێت. (حەمە سەعید حەسەن:٢٠٠٤: ٣٢)

سوسێر پێی وایە که هێمای زمانی (دال) ناتوانێ هەر شتێك لەگەڵ هێما دەنگی (ناو)ەکەی یەك بخات، بەڵام چەمك (مفهوم) و وێنە دەنگییەکەی یەکدەخات. دریدا ئەم بۆچوونەی پەسەند نییە و هەرگیز پلەی(چەمك) و (وێنەی دەنگی) وەك یەك دانانێت، سوسێر پێی وایە که هەردووکیان وەك دوو ڕووی کاغەزن، بەڵام دریدا پێی وایە هاوتانین، بەڵکو (دال)جۆرێك لە شوێنەوار (ئەسەر) لە هەست و هزری مرۆڤ جێ دەهێڵێ، که بە هۆیەوە لە مەبەست و (مفهوم) نزیك دەکەوینەوە، زۆر جاریش شوێنەوارەکە لە چەند چەمکێك نزیکمان دەکاتەوە و فرە واتایی دەخولقینێ (بە تایبەتی لە نووسین)دا.

بە بۆچوونی دریدا هەڵەی سوسێر لەوەدایە کە ئەگەر (دال) و (مەدلوول) هاوتا بن، ئەوە وەك ئەوەی (دال) لە ڕێگەی (شوێنەوار) ەوە بە شتەکان دەبەسترێتەوە، پێویستە (مەدلوول) یش بە هەمان شێوە بە شتەکانەوە ببەسترێتەوە، کە چی سوسێر ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە(مەدلوول) هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە شتەکانی دەرەوە هەبێ.

(جون ای جوزیف وێخرون:٢٠٠٦: ٢٨٣ ـ ٢٨٦).

بەم جۆرە دریدا خودی ڕەخنەی هەڵوەشانەوە بە هۆی هاو دژەکانی ڕوون دەکاتەوە، بۆیە پێی وایە کە هیچ چەمکێك پێناسە و واتای دیاریکراوی نییە و هەموو (مفهوم) ێك (نامفهوم) ە.

## ٢-٤-٢-١ بنەماکانی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە.

زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە لەوەوە دێت کە خوێندنەوەکانی خۆی بۆ دەقێك هەڵدەوەشێنێتەوە، واتە واتایەك بۆ دەق دیاریدەکات، پاشان دوای خوێندنەوەی دووەم، واتای یەکەم هەڵدەوەشێنێتەوە واتای دووەم هەڵدەبژێرێ. ئەم کردەیە بەردەوام دەبێ و فرە واتایی دەقیش لەمەوە سەرچاوە دەگرێ. بنەماکانی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەش بە گشتی ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە کە کاری ڕەخنە هەڵوەشاندنەوەی بیر و باوەڕە چەسپاوە کانە لە بواری ئەپستمۆلۆژیا بە گشتی و ئەدەب بە تایبەتی وەك لە خوارەوە دەردەکەوێت:

## أ- ڕەتكردنەوەی (چەقگەرایی عەقڵ logocentrisme).

دریدا پێی وایە كە بیری فەلسەفەیی هەر لە ئەفلاتوونەوە تا سەدەی بیستەم لەسەر بنەمای چەق گەرایی دامەزراوە، جا ئەم چەقە نموونەی باڵابێ، یان خودا بێ، یان خودی مرۆڤ بێ، یان هەر شتێكی دیكە.

چەق گەرایی لە بواری ئەدەبدا لە هەندێ دیاردە دا دەردەكەوێ:

١/ كە دەقێك دەخوێنیتەوە یەكسەر گوێگر حەز دەكات بزانێ نووسەرەكەی كێیە، ئەمەش زاڵ كردنی نووسەرە بەسەر دەق.

٢/ مرۆڤ گوێگرتنی شیعرێكی بەلاوە خۆشترە لە خوێندنەوەی، ئەمەش زاڵ كردنی دەنگە بەسەر نووسین. دواجار پەنا بردنە بەر یەك واتایە و خۆ رزگار كردنە لە سروشتی دەق كە فرە واتاییە. ئەم دیاردەیەش لای دریدا بە (فۆنۆ سەنتەریزم phonocentrisme) ناو نراوە.[٢٥]

## ب- جیاوازی . دواخستن Differance

دەستەواژەی (Differance) كە دریدا دایتاشیوە هەمان خوێندنەوەی (Difference) ی هەیە و لە یەك كاتدا هەردوو واتای (جیاوازی) و (دواخستن) دەگەیەنێ، لە زمانی عەرەبیش دا دەستەواژەی (الاخ-ت-لاف) ی بۆ دانراوە، پیتی (ت) بە تەنیا دەنووسرێت بۆ ئاماژەی ئەوەی كە ئەگەر دەستەواژەكە بخوێندرێتەوە(الاختلاف) ئەوە مانای جیاوازی دەگەیەنێ و ئەگەر پیتی (ت) یەكەش نەخوێنیتەوە (الاخلاف) دەمینێتەوە كە واتای دواخستنە.

مەبەستی دریدا لەم چەمكە ئەوەیە كە واتا لەسەر بنەمای جیاوازییەكان دادەمەزرێت وەك (سوسێر) ئاماژەی بۆ دەكات، بەڵام ئەم بنەمایەی واتا بنەمایەكی لەرزۆكە، چونكە بە پێی جیاوازییەكەی گۆڕان لە واتا دا دروست دەبێت، لە دوو توێی دەقی ئەدەبیشدا پەیوەندی وشەكان زۆر فراوانتر دەبن لە چاو بوونیان لە ئاستی فەرهەنگدا، لەبەر ئەوە بەردەوام واتا گۆڕانی بەسەر دادێت، بۆیە هەرگیز ناتوانین بە واتای بنەڕەتی دەقەكە بگەین. هەر خوێندنەوەیەك كە ئەنجام دەدرێت بە بۆچوونی خاوەنەكەی توانیویەتی واتای دەقەكە ئاشكرا

---

٢٥- بڕوانە: أ- عبدالله محمد الغذّامي (د.)، الخطیئة والتكفیر، ص: ٥٤.

ب- یوسف وغلیسي (د.)، اشكالیة المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجدید،ص: ٣٥٧- ٣٦٠.

بكات، بەڵام پاش ماوەیەك هەمان خوێنەر هەست بەوە دەكات، كە نەیتوانیوە واتای دەقەكە ڕام بكات و دەقەكە خۆی بە دەستەوە نەداوە، لێرەدا دریدا ئەم خۆبەدەستەوەنەدانەی دەق بە (دواخستن) ناو دەبات. واتە دەق هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دایە كە واتای خۆی بە دەستەوە نەدات و ئەم كردەیە دوا دەخات بۆ جارێكی تر، ئەم دوا خستنەش كردەیەكی بەردەوامە و لە سروشتی واتای دەقە.[٢٦]

## ت- شوێنەوار. Trace.

((شوێنەوار پرنسیپێكی بنچینەیی نووسینە، پەیوەست نییە بە كات و شوێنەوە پەیوەندی راستەوخۆی بە یادەوەری هەیە. بنچینەی رەهای واتایە))
(د.یوسف وغلیسی:٢٠٠٨: ٣٦٥)

بۆچوونی دریدا شوێنەوار ئەو پانتاییەیە كە جیاوازی و دواخستن تێیدا دەخولێنەوە، دەریایەكی رەهای چەمكەكانە، دەق و واتایەكەی لەوێدا هەن بەر لەوەی لە لای نووسەردا هەبن. نووسەر جارێكی تر دووبارەیان دەكاتەوە، ئەمەش جیایە لەگەڵ بۆچوونی چەقگەرایی واتا (لۆگۆس)، چونكە لە باوەڕی لۆگۆسی دا واتا بوونێكی تاكی رەهایە و فرەیی قبووڵ ناكات، نووسەران لاسایی دەكەنەوەو پێی ناگەن، بەڵام شوێنەوار بە لای دریداوە فەزای فرە واتاییە كەپیرۆزی چەقگەرایی تێدا نامێنێ. لە لایەكی دیكەوە ئەو(شوێنەوار) ەی كە دریدا باسی كردووە جیایە لە شوێنەواری (واتا) كە شارەزایانی واتاسازی باسی دەكەن، بۆ نموونە رەنگی (سوور) ئاماژەی (ترسناكی، كۆمۆنیزم، خەبات...) دەگەیەنێ. ئەم ئاماژانە شوێنەواری واتان و لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی واتا بە پێی كات لە هزری مرۆڤەكان دروست بوون، ئینجا ئەم ئاماژانە سنووردارن و پەیوەستن بە بارودۆخی بەكارهێنانەوە، بەڵام (شوێنەوار) لە بۆچوونی (دریدا) دا پەیوەست نییە بەكات و شوێن، واتاكانی بێ كۆتایە و تەنها ئەوەندەی دەوێت كە خوێنەری دەق بیاندۆزێتەوە.

---

٢٦- بڕوانە : أ- عەبدولخالق یەعقوبی،رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەكانی، لا: ١٥٧- ١٦٠.
ب- ابراهیم خلیل(د.)، في النقد والنقد الألسني، ص: ١٠٠ و ١٠١.
پ- محمد شبل الكومی (د.)، المؤاهب النقدیه الحدیثه:مدخل فلسفی، ص: ٣١٥ و ٣١٦.

هاوشانی بنەمای (ئەسەر) دریدا چەند بنەمایەکی تر دەخاتە ڕوو، وەك (بنەمای بەردەوامی) یان (دووبارە بوونەوە) یان (بڵاووبونەوە Dissemination) لەم بنەمایەشدا جەخت لەسەر نوێبوونەوەی واتاو بەردەوام لە دایك بوونەوەی دەق دەکاتەوە کە زمان لە ناو دەقدا توانستی پەرت کردنی واتاکانی هەیە و خوێنەر لە کاتی خوێندنەوە دا پەرچە کرداری واتاکان دەکات و واتاکانی دنیای شوێنەوار تێکەڵ بە واتاکانی نێو دەق دەبن و بەم جۆرە دەق هەمیشە لە نوێبوونەوەدا دەبێت واتاکانیش بەسەر هەموو دەقەکاندا بڵاو دەبنەوە [٢٧].

## پ- زانستی نووسین grammatologie

بە بۆچوونی دریدا (قسە) یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئامادەبوون و ئێستایی بوونە و لە خودی خۆیدا هیچ بایەخێکی نیە ئەگەر پشتی بە (شوێنەوار) ەوە قایم نەبێ، زمانی شوێنەوار نووسینە نەك قسە و تایبەتییە دەنگییەکان. هەمیشە بایەخی نووسین لە خودی خۆیدا نیە بەڵکو لە(ئەو) ی بەرامبەریەتی کە فەزای شوێنەوارە. نووسین هەتا لە سیماکانی قسە دوور کەوێتەوە پەتی تر دەبێ. ئەم پەتی (ئەبستراکت) بوونەی نووسین قسە دەکوژێت و شوێنی دەگرێتەوە و سەرەنجام بە ئاسۆ و بنچینەی زمان دەگات، چونکە وەك خۆی دەڵێ: ((مردنی قسە ئاسۆ و بنچینەی زمانە)).

(د.یوسف وغلیسی:٢٠٠٨: ٣٦٨)

دریدا لەم راوانگەیەوە پێشنیاری زانستی نووسین دەکات، کە زانستێکی فراوانە و پێشتر بوونی نەبووە، زمانەوانی بە هەموو لقەکانیەوە بەشێکی بچووکی زانستی نووسینە. زانستی نووسین گرنگی بە هونەری خوێدنەوە دەدات. نووسین رزگار دەکات لە پاشکۆیی قسەو چەقگەرایی واتا، بە جۆرێك زمانی نووسین زمانێکی پەتی و باڵا دەبێت، لەم بوارەدا دریدا زمانی ماتماتیك و ئەندازە بە زمانێکی گرنگ دەزانێ، چونکە جیهانییە و هیچ پەیوەندییەکی بە قسەوە نییە و و پێویستی بە ئامادەبوونی قسەکەریش نییە.

---

٢٧- بڕوانە: أ- عبدالله محمد الغذّامي (د.)،الخطيئة والتكفير،ص:٥٥- ٥٩.

ب- یوسف وغلیسي (د.)، اشکالیة المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجدید، ص: ٣٦٥ — ٣٨٠.

پ- جون اي جوزیف وآخرون،أعلام الفکر اللغوي، ت:احمد شاکر الکلابي (د.)، ص: ٢٩١ و ٢٩٢.

زانستی نووسین ئەو راستییە دەگەیەنێتە واقیع کە نووسین سەرچاوەیەو بۆچوون و (فکرە) لە نووسینەوە سەرچاوە دەگرێ، خوێنەر کە دەق دەخوێنیتەوە زانیاری وەردەگرێت. دەق چەندە پەتی (ئەبستراکت) بێت ئەوەندە خوێندنەوەی زۆرتری پێویستە، لە ئەنجامیشدا زانیاری زیاتر دەبەخشێ لە چاو دەقێکی مردوو کە بە یەك خوێندنەوە خۆی دەداتە دەست وەك رۆلان بارت ئاماژەی بۆ کردووە.

بەم جۆرە زانستی نووسین ئەو بیرو باوەڕە هەڵدەوەشێنیتەوە کە ((بیرۆکە پێش نووسین هەبێ، واتای ئامادە پێش شوێنەوار هەبێ)).

(ریتشاردکیرنی:٢٠٠٥: ١٦٣)

ئەو چەمکانەی کە باس کران دەروازەی چوونە ناو بیری رەخنەی هەڵوەشاندنەوە بوون، هەڵبەتە چەند چەمکی تریش هەن کە دریدا بە شێوەی لابەلا باسی کردوون، بەڵام بە گشتی هەموویان لە خزمەتی ئەو چەمکە سەرەکیانەدان کە باس کران. ئەوەش پێویستە بگوترێ کە بیری هەڵوەشاندنەوە خۆی لە خۆیدا وەك بلورێك وایە کە هەر جارەی رەنگێك نیشانی دەرەوە دەدات، رابەرەکەی کە (جاك دریدا) یە سوورە لەسەر ئەوەی کە هەرگیز چەمکەکانی بە جۆرێك پێناسە ناکرێن کە بە ئاسانی خۆبە دەستەوە بدەن و ئیتر کۆتاییان پێ بێت. ((بە گشتی دەتوانین بڵێین کە رەخنەی هەڵوەشانەوە بنەمای واتای ئامادەو یەکڕەنگی دەق هەڵدەوەشێنیتەوە بۆ گەیشتن بە وردەکاریەکانی زمانی دەق و لەوێوە دووبارە دەقەکە دەخاتە ڕوو و نهێنییەکانی ئاشکرا دەکات، ئەم کردەیەش دینامیکییەو بەردەوام نوێ دەبێتەوە))

(د.عماد علی سلیم:٢٠٠٧: ١٩).

هەروەها هەوڵ دەدا بگاتە رایەڵە پەنهانەکانی دەق کە تەنیا لە دەرەوەی واتای رووکەشدا ئەم کارە ئەنجام دەدرێ و پێویستی بە سەربەستیی رەخنەگر هەیە لە هەنگاونان بەرەو واتا و مەبەست.

پوختەی بۆچوونەکانی دریدا لە لایەك و بیرۆکەی (سیاق) لەلای (یاکۆپسن) کە دوو تەوەرەی ئەم بەشەن، هەردووکیان تێکەڵ بە چەمکێکی گرنگی رەخنەی ئەدەبی دەبن کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی بنیادگەری زەق کرایەوە و لە پاش بنیادگەریش باسێکی سەرەکی رەخنەی ئەدەبی بووە ئەویش چەمکی (دەقئاوێزان)ە کە کۆتایی ئەم بەشە دەهێنێت و وەك خاڵی تیشکۆی بۆچوونی قوتابخانەکانی رەخنەی نوێی لێ دێت بەرامبەر بە زمانی شیعر.

## ٣-٤-٢-١ دەقئاوێزان Intertexte:

چەمكی دەقئاوێزان چەمكێكی تایبەتیی رەخنەی هەڵوەشاندنەوە نییە، بەڵام لە فەزای رەخنەی هەڵوەشاندنەوەدا بواری پەلهاوێشتن و بووژانەوەیەكی زۆری بۆ رەخساوە. مەبەست لە دەقئاوێزان پەیوەندی دەقەكان و تێكچڕژانیانە لەگەڵ یەكتری. دەقئاوێزان باگراوندی مەعریفەیە بەجۆرێك ((كۆی ئەو دەقانەیە كە لە یەك دەقدا كۆ دەبنەوە))

 (د.نعمان بوقرە:٢٠٠٨: ٩٥).

گرنگی دەقئاوێزان لەبواری داهێنانی شیعریدا لەوە دایە كە پانتایی ئەزموونی شاعیر لە بازنەی تاكەكەسی رزگار دەكات و بەرەو ئاسۆی كۆی ئەزموونەكانی دەبات بەجۆرێك ((دەقە كۆن و نوێیەكان لە كایەیەكی تازەدا بەپەیوەندیەكی دیالێكتیكی و بەشێوازی جۆراو جۆر دووبارە چەمكی نوێ دەخەنەوە نێو دەقی تازەو بازنەی وەرگرتن لەنێوان نوسەر و خوێنەردا كارا دەكەن)) (د.حافز المغربی:٢٠٠٦: ١٦١).

میشال فۆكۆ پێی وایە كە هەموو بوارێكی مەعریفە بەتێرو تەسەلی قسەی لەسەر كراوە، ئەوەی ئێمە دەینووسین دووبارە بەرهەم هێنانەوەی زانیارییە بەرێگایەكی تر، لەم بوارەشدا ناكرێ بڵێین كە لێكچوونەكان

لاسایی بن، یان نەپاراستنی ئەمانەتی زانستی، بەڵكو سروشتی دەقئاوێزان كە تێكچڕژانی دەقەكانە لە ناو یەكتری ((لە دیاردەی ئەو لیٚ وەر گرتنانە دەچیٚ كە پیٚشتر بە دیاردەی دزی ئەدەبی ناودەنران))

(د.احمد رحمانی:٢٠٠٤: ١٨٤).

**دەقئاوێزان بەپێی مەبەستی نووسەری دەق دوو جۆری هەیە:**

**١/دەقئاوێزانی لە خۆوە:**

لەم جۆرەیاندا شاعیر سوود لە بیرۆكەی كەسانی تر، یان لەوێنەی شیعری، یان لەدەربڕینێكی دیاریكراویان وەردەگرێت، بەڵام دەقاو دەق وەك خۆی دەرناكەوێ، خوێنەر هەست دەكات، كە هەمان شتی بیستووە، یان خوێندوویەتیەوە.

**٢/دەقئاوێزانی بەمەبەست:**

لەم جۆرەیاندا نووسەر سوود لەكەسانی تر وەردەگرێت و ئەم كارەش بەئاگاداریییەوە دەكات و ئاماژەش بەدەقەكەی پێش خۆی دەكات، ئەركی خوێنەر لەم جۆرەیاندا زۆر ئاسانترە و ماندووبوونی ناوێ.

(د.احمد محمد قدور:٢٠٠١:١٢٦-١٢٩)

بەگشتی دیارە کە دەقی ئەدەبی سەرچاوەی نییە و ئاماژە بە هەلّێنجانەکانی ناکات، بۆیە ئاشکراکردنی ئاوێزانەکانی پێویستی بەئامرازو میتۆد هەیە و لەم بوارەشدا میتۆدی هەلّوەشاندنەوە یارمەتیدەرێکی باشە، چونکە لە فەزای(شوێنەوار) دا هەموو دەقەلێکچووەکان بەیەك دەگەن و ئاشکرادەبن، لێکۆلّینەوەی وردی دەقی ئەدەبی پەنهانییەکانی دەقئاوێزان بوون ئاشکرادەکات، چونکە (ڕەمز و تەمومژ لەشیعردا دیاردەکان دەشارێتەوە، لەوانەشە هەندێ دیاردە دەربکەون لەروالّەتدا دژی دەقەکە بوەستن، بەلاّم لەناوەرۆکدا هاوتابن و ئاوێزان بوونی دەق دروست بکەن، ئەم دیاردە شاراوانە تەنها بەشیکردنەوەو هەلّوەشاندنەوە ئاشکرادەبێ) (مارغوت هاینمان و فولفغنغ هاینمان:٢٠٠٦:٧٥-٧٦)

**دەتوانرێ دەقئاوێزان بەچوار رێچکە ئاشکرابکرێ:**

١/ لەبونیادی زمانەوانی دا: وەك دەستەواژەو دارِشتنی رستەو دووبارەکردنەوەو کێش و مۆسیقای شیعر.

٢/ لەخستنەرووی فیکری دا: وەك زالّبوونی سێبەری فیکریی دەقی پێشوو بەسەر دەقی بەردەست لەرێی باسەکان و رووداوەکان و هەلّوێستەکان.

٣/ لەئاوێزان بوونی بونیادگەریدا: دەقی دوایی رەگەزە بونیادییەکانی دەقی پێشوو دەخوازێ،چ لەرووی کەسایەتییەکان، یان لەرووی کات و شوێن و کێرڤی رووداوەکان.

٤/ لەدەرهێنانی چاپدا: وەك قەوارەو رەنگی نووسینەکان و فۆنت و ناونیشانەکان و دابەشکردنی پانتایی یەکان و دیاردەی تریش.

(عەبدولموتەلّیب عەبدوللاّ:٢٠٠٦:١١٥-١١٧)

ئەو بابەتانەی لەم بەشەدا باسکران ئەو رێبازە رِەخنەییانەبوون کە گرنگییان بەزمانی شیعرداوە. رێبازی تری رەخنەیی هەن کەبواری کارکردنیان زمانی شیعر ناگرێتەخۆ بۆیە لێرە باسنەکراون، وردکردنەوەی بۆچوونی ئەم رێبازانە سەبارەت بەزمانی شیعر و چییەتی زمانی شیعر لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا دەخرێتەروو.

# بەشی دووەم

## پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی نوێوە

لەم بەشەدا لە چوار باس پێکهاتەی زمانی شیعری دەخرێتە ڕوو، باسی یەکەم لە ڕووی بنیادگەرییەوە پێکهاتەی ڕێزمانیی زمان ڕوون دەکاتەوە، باسی دووەم لە ڕووی شێوازگەرییەوە بەشیعری بوونی زمان لە هەر ئاستێکی ڕێزماندا ڕوون دەکاتەوە، باسی سێیەم بەپشت بەستن بە ڕەخنەی سیمیۆلۆژی لە بنیادی واتایی شیعر دەدوێ، باسی چوارەم لەڕوانگەی رەخنەی هەڵوەشاندنەوەوە لە زمانی شیعری دەدوێ لەئاستی دەق دا.

### ١-٢ باسی یەکەم:

### پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی بنیادگەری فۆرماڵیستییەوە:

لە دەروازەی ئەم کتێبەدا ئەوە خرایە ڕوو کە زمانی شیعری لە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە لە زمانی قسە کردنی ئاسایی جیاوازە، ئەم جیاوازییەش لە ڕووی پێکهێنەرەکانی زمانەکە نییە، بەڵکو لە ڕووی چۆنیەتی ڕێزبوون و جووڵەی پێکهێنەرەکانی زمانە ((چۆنیەتی داڕشتن لە شیعردا مەبەستێکی گرنگە، چونکە ئیحای تایبەتی دەداتە خوێنەر، پۆل ڤالێری دەڵێ: پەیوەندی شیعرو پەخشان وەك پەیوەندی رۆیشتن و سەما وایە (...) سەما لەگەڵ ئەوەی هەمان ئەندامەکانی رۆیشتن بەکار دەهێنێت، بەڵام سستەمی تایبەتی جووڵەی هەیە و ئەو جووڵە تایبەتییەش بۆ خۆی مەبەستە)) (محمد غنیمی هلال: ١٩٨٢: ٣٧٩)

هەمان ئەم مەبەستە (جان کۆهین) یش جەختی لەسەر دەکاتەوە کە ((قسەی شیعری نییە، کاتێك قسە کۆمەڵێك وشەیە، بەڵام زمانی شیعری هەیە کاتێك زمان بریتییە لە چۆنیەتی ریزکرنی وشەکان لە پاڵ یەکتر)). (جان کۆهین: ١٩٨٦: ١٤٥)

بنیادگەری فۆرماڵستی لە بنیادی زمانیی دەقی شعری دەکۆڵێتەوە. لێکۆڵینەوەی زمانیش لە سێ ئاستی سەرەکی دا ئەنجام دەدرێت:

١/ ئاستی دەنگ: أ/ فۆنەتیك ب/ فۆنۆلۆژی
٢/ ئاستی ریزمان: أ/ مۆرفۆلۆژی ب/ سینتاکس
٣/ ئاستی واتا: أ/ سیمانتیك ب/پراگماتیك (عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا:٢٠٠٧: ٤٨)
ئاستی واتا لە باسی (٣-٢) دا لەم بەشە لەگەڵ رەخنەی سیمیۆلۆژی باسی دەکرێت.

## ١-١-٢ ئاستی دەنگسازی:

زانستی دەنگسازی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ئاستی دەنگ دەدات ((ئەرکی ئەم نیزامە گۆڕینەوەی مۆرفیمی وشەکانە بۆ دەنگ بە هۆی جووڵانەوەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە)) (پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠: ٥٠)

دەنگسازی دوو لقە زانستی لێ دەبێتەوە:

### ١-١-١-٢ فۆنەتیك:

کریستاڵ بەم جۆرە پێناسەی دەکات: (زانستێکە لە دروست کردنی ئەو دەنگانە دەکۆڵێتەوە کە مرۆڤـــ لەکاتی دەربڕیندا بەکاریان دەهێنێ، هەروەها هەوڵی پۆلێن و وەسف کردنی جۆری دەنگەکان و دیاریکردنی وێنەی دەنگەکانیش دەدات) (دیوید کریستال: ١٣٨٢: ١٤)

کەواتە ئەم زانستە لە دەنگ دەکۆڵێتەوە و پۆلێنیان دەکات و جۆرەکانیان لە یەکتری جیا دەکاتەوە، ئەوەی گرنگە لێکۆڵینەوەی دەنگ لەم ئاستەدا پشت بە چۆنیەتی بەکار هێنانی دەنگەکان نابەستێ واتە ((ئاوڕ لە ئەرکی دەنگەکان ناداتەوەو دەنگەکان دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە بە بێ ئەوەی بایەخ بۆ ئەوە دابنێ کەسەر بە چ زمانێکن)) (تالیب حوسێن عەلی: ٢٠٠٨: ١). پۆلێن کردنی دەنگەکان بەپێی بنەمای جیاجیاوە دەکرێت، بنەمای

دەرکەوتن یەکێکە لەو بنەمایانە، ((لە رووی دەرکەوتنەوە دەنگەکانی زمانی کوردی بۆ یەکەم جار بەم شێوەیە رێکخراوە لەکەمەوە بۆ زۆر:

١/ دەربازە کپەکان / پ، ت ، ك /

بەخشپەکان / ف ، س، ش /

ئەفریکیتی کپ / چ /

٢/ دەربازە دەنگدارەکان / ب د گ /

بەخشپەی دەنگدار / ڤ ، ز ، ژ /

ئەفریکیتی دەنگدار / ج /

٣/ دەنگەکانی ناو لووت / م ، ن /

٤/ دەنگە لاوەکییەکان / ڵ ، ل /

٥/ دەنگە لەرزۆکەکان / ڕ ، ر /

٦/ بزوێنە بەرزەکان / ی ، وو /، نیوە بزوێنەکان / و /، / ی /

٧/ بزوێنەکانی نێوان / و ، ە ، ی /

٨/ بزوێنی / ا، ئۆ /... ئەم دووانە هەرە دەرکەوتوون /

(رەحمان ئیسماعیل حەسەن: ١٩٩١: ٤)

**٢-١-١-٢- فۆنۆلۆژی:**

زانستی لێکۆڵینەوەی دەنگە لە دۆخی گۆکردندا، واتە (لە زمانێکی دیاریکراودا) (تاڵیب حوسێن عەلی: ٢٠٠٨: ١٣)

کاتێ دەنگەکان دەکەونە دۆخی گۆ کردنەوە، دابەش دەبن بۆ:

أ/ **فۆنیم:** ((بچووکترین دانەیە کە ئەرکی جیا کرنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ)) (پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩١: ٦٣)

ب/ **ئەلۆفۆن:** ئەو دەنگە لێکچووانەن کە جیاوازی واتایی دروست ناکەن، وەك / خ / و / غ / لە وشەی (باخ، باغ) دا.

ئەوەی کە دەنگەکان دەکاتە ئەلۆفۆنی یەکتری، هاوبەش بوونیانە لە دەرچەدا، بەڵام لە لەرینەوەی ژێیەکاندا وەك یەك نین، بەو پێیە ئەم دەنگانەی خوارەوە ئەلۆفۆنی یەکترن:

(ف/ ڤ)، (س،ز)، (ش،ژ)، (خ / غ) (پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠: ٦٧)

لە ئاستی دەنگسازی دا کاتێ دەنگەکان یەکتری دەگرن (بڕگە) دروست دەکەن.

## ٣-١-١-٢ بڕگە:

لە پێناسەی بڕگەدا دوو بۆچوون هەیە:

١-بۆ چوونی فۆنەتیکی:

أ - بڕگە زنجیرەیەك دەنگە لووتکەیەکی هەیە کە لە ناوەڕاستی دوو لادایە.

ب- بچووکترین یەکەیە لە رۆنانی وشەدا.

٢- بۆچوونی فۆنۆلۆژی: (بڕگە ئەو یەکە بنچینەییەیە کە فۆنیم لە ناویدا بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێ).

(د. مراد عبدالرحمن مبروك: ٢٠٠٢: ٥٢).

ژمارەی بڕگەکان لە وشەیەکدا بەندە بە ژمارەی بزوێنەکانەوە لەم وشەیەدا، واتە (چەند بزوێن لەوشەیەکدا هەبێ، ئەوەندە بڕگە پێك هاتووە)) (پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠: ٧٦) بڕگەلە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی ریز دەبن، پوختەی یاساکان ئەمانەن:

١/ فۆنیمی یەکەم لە هەر بڕگەیەك کۆنستانتە.

٢/ پاش ڤاول پتر لە دوو کۆنسبنانت نایەت.

٣/ پێش ڤاوڵ پتر لە دوو کۆنسنانت نایەت.

٤/ بڕگە بە بێ ڤاول دروست نابێ.

٥/ ڤاوڵ لەسەرەتای بڕگە نایێت.

٦/ دوو ڤاوڵ پێکەوە نایێت.

(عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا: ٢٠٠٧: ٥٥).

بە پێی ئەو یاسایانە قاڵبەکانی بڕگە لە زمانی کوردیدا ئەمانەن:

١/ بڕگەی سووکی ئاسایی C V وەك (دە، تۆ، زێ،...)

٢/ بڕگەی پڕی ئاسایی CVC وەك (دار، من، شێر،...)

٣/ بڕگەی گرانی ئاسایی C V C C وەك (سارد، مەرد، کورت،...)

٤/ بڕگەی سووکی لێکدراو C C V وەك (چیا، پشوو، برۆ،...)

٥/ بڕگەی پڕی لێکدراو C C V C وەك (بژار، بزووت، دیار،..)

٦/ بڕگەی گرانی لێکدراو    c c v c c    وەك (خواست، بنێشت،..)
(د. شێرکۆ بابان: ٢٠٠٥: ١٥).

ڕایەکی تر هەیە سەبارەت بە دەست پێ کردنی بڕگە بە (ڤاوڵ) لە زمانی کوردیدا و پێی وایە کە بڕگەی کوردی دەکرێت بە (ڤاوڵ) دەست پێ بکات، ئەگەر ئەم ڕایەش بە یاسایەکی فۆنۆتاکتیکی لە قەڵەم بدرێت ئەوا سێ قاڵبی دیکە بۆ بڕگەی کوردی زیاد دەبن و بەم جۆرە:

٧/ بڕگەی سووکی ناتەواو    v    وەك ئامرازی بەستن (ی)

٨/ برگەی پڕی لێکدراو    v c    وەك ئامرازی کۆ (ان)

٩/ بڕگەی گرانی ناتەواو    v c c    وەك پارچولکەی (اند) لە (سوتاندن) دا.

(د. شێرکۆ بابان: ٢٠٠٥: ١٥)

بەڵام ئەم ڕایە لەگەڵ یاسا فۆنۆتاکتیکییەکانی زمانی کوردی گونجاو نیە و تەنانەت خودی نموونەکانی سەرچاوەی پێشووش لەگەڵ بڕگە بڕگە کردنی زمانی کوردی ناگونجێن، بۆ نموونە:

١/ (ی) بەستن، وەك: دارای برام ←── / دا / رای / ب / رام /

لێرەدا ئامرازی (ی) بە بڕگەی پێش خۆیەوە لکاو نەیتوانی تەنیا بێ.

٢/ ئامرازی کۆ (ان). وەك: کچان. ←── / ك / چان /.

لەم نموونەشدا (ان) نەیتوانی بڕگەیەکی سەربەخۆ بێ و کۆنستانتی (چ) ی بۆ خۆی ڕاکێشا.

٣/ پارچۆڵکەی (اند)، لە هەمان نموونەی (سووتاندن)دا. / سوو / تان / دن /.

وەك دیارە خودی پارچۆلکەکە کەبڕیار بوو بڕگە بێ، خۆی نەگرت و پارچە بوو. بۆیە ناکرێ ئەو رایە بسەلمێت و راست وایە شەش قاڵبەکەی سەرەتا باس بکرێن.

گرنگی دەنگسازی لە لێکۆڵینەوەی زمانی شیعری بۆ ئاشکرا کردنی بنیادی مۆسیقایی شیعرەکەیە هەڵبەتە لە ڕووی دەنگسازییەوە ((هیچ دەنگێك لە خۆیەوە بەهایەکی ئێستێتیکی نییە)) (رینیەویلیلك واوستن وارین: ١٩٨٧: ١٦٥) بەڵام بڕگەکانی وشە و چۆنیەتی ریز بوونیان کێشی شیعری دروست دەکات و بناغەی ریتمی مۆسیقای زمانی شیعر دادەمەزرێنێ.

## ٢-١-٢ ئاستی وشەسازی مۆرفۆلۆژی:

ئەم ئاستەی زمانەوانی گرنگی بە وشە دەدات لە ڕووی ڕۆنان و دانە پێکهێنەرەکانی وشەو ئەو یاسایانەی کە وشە دروست دەکەن. بچووکترین دانەی ئاستی مۆرفۆلۆژی پێی دەگوترێ (مۆرفیم).

### ١-٢-١-٢ مۆرفیم:

بۆ ناساندن و پۆلین کردنی (مۆرفیم) یش دوو بنەما هەیە:

١/ **بنەمای واتایی:**

بە پێی ئەم بنەمایە: مۆرفیم بچووکترین کەرەسەی زمانەکە واتای هەبێت.

پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠: ٨١)

بەڵام ئەم بنەمایە چەند گرفتێکی هەیە لەوانە:

أ/ هەندێ کۆمەڵە دەنگ هەن لە هەندێ وشەدا مۆرفیمن و لە هەندێ باری تردا مۆرفیم نین، وەك:

مۆرفیمی (نا) لە دەیان وشەی وەك (ناخوات، ناڕوات، ناڕێك، نابەجێ،) مۆرفیمن، چونکە واتای وشەی پێچەوانە دەکەنەوە. بەڵام (نا) لە (وشەی (ناشتن، ناوەخن، ناوەڕاست، ناوك،..) مۆرفیم نین، کەواتە هەر کۆمەڵە دەنگێك لە بارێکدا واتای هەبوو مەرج نیە مۆرفیم بێت چونکە لە باری تردا واتای نییە.

ب/ زۆر مۆرفیم هەن واتایان نییە، بەڵام مۆرفیمن وەك (پێشگرەکان). بۆ نموونە: ڕاچەنین، داچڵەکین (پ. د. محەمەد مەعرووف فەتاح و م. سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٦::٨، ٩)

٢/ **بنەمای ئەرکی:**

بە پێی ئەو بنەمایە ((مۆرفیم دەورێکی سینتاکسی هەیە کە لە ڕۆنانی ڕێزمانیی گەورەتر لە خۆیدا دەینوێنی بە واتای ئەوەی لە وشە و فرێز و ڕستەدا دووپات دەبێتەوەو ئەمانە دروست دەکات))

(پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠: ٨١)

ئەم بنەمایە مۆرفیمە واتادارو مۆرفیمە بێ واتاکانیش دەگرێتەوە، نموونەی ئەو مۆرفۆفیمانەی کە واتایان نییە، بەڵام بە هۆی ئەرکی رێزمانییەوە مۆرفیمن، وەك:

أ/ ئامراز کۆکردنەوە (ان)

ب/ ئامرازی ناساندن (ە کە)

ج/ جێناوە لکاوەکان.

دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت کە مۆرفیم هەیە بوونی فیزیکی نییە و تەنیا لە زەینی مرۆڤدا بوونی هەیە، وەك مۆرفیمی کەسی سێ یەمی تاك لەگەڵ کاری رابردووی تیپەڕدا کە لە شێوەی (سفر Ø) دایە.

وەك (هاتم) دوو مۆرفیمە: هات + م.

(هات) دوو مۆرفیمە: هات + Ø (کەسی سێیەمی تاك)

لە لایەکی ترەوە (مۆرفیم) هەیە زیاتر لە شێوەیەکی فیزیکی هەیە، واتە بە چەند شێوە دەردەکەوێت و پێیان دەگوترێ ئەلۆمۆرف.

## ٢-٢-١-٢ ئەلۆمۆرف:

(ئەلۆمۆرفەکان شێوە جیاوازەکانی هەمان مۆرفیمن) .


پ. وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٤٣)

نموونەی ئەلۆمۆرفەکان وەك:

١/ ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی پێناسین / ە کە / ئەمانەن

- ەکە: پیاوەکە.
- یەکە: چرایەکە. (زاری هەولێر)
- ۆکە: خانۆکە. (زاری سلێمانی)
- ئێکە: قاپێکە. (زاری سلێمانی)
- کە: چراکە. (زاری سلێمانی)

هەندێ ئەلۆمۆرف بە هۆی بوونی ئەلۆفۆنەکان دروست دەبن: واتە بە کاریگەری گۆڕانی دەنگی لە کاتی گۆکردندا، وەك ئەم نموونانە:





ئەلۆمۆرفەکان ناتوانن جێگرەوەی یەکتری بن، بەڵکو تەنها یەکتری تەواو دەکەن و هەریەکەیان لە بواری تایبەتی خۆیدا دەردەکەوێت.

### ٣-٢-١-٢ پەیوەندی نێوان مورفیم و وشە:

وشە دانەیەکی فەرهەنگییە و لە ڕووی واتاوە سەربەخۆیە، هەر وشەیەك واتای خۆی هەیە، بەڵام مۆرفیم هەموو کاتێك بەو شێوەیە نییە، راستە مۆرفیم هەیە وشەیەکی تەواوە، یان راستتر وایە بڵێین وشە هەیە لە یەك مۆرفیم پێکدێت وەك (دار)، (هەولێر)، بەڵام وشە هەیە لە چەند مۆرفیمێك پێکدێت وەك (دارەکە). لە دوو مۆرفیمی (دار + ەکە) پێکهاتووە. ئەمەش بۆ سروشتی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە کە زمانێکی لکاوە واتە ((مۆرفیم لە دوای مۆرفیم بە یەکترەوە دەنووسێن بێ ئەوەی شێوەی فۆنەتیکییان تێك بچێ، یان گۆڕانی بەسەر دا بێت)).
(پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠: ٨٥)

### ٤-٢-١-٢- جۆرەکانی مۆرفیم.

مۆرفیم دابەش کردن و پۆل کردنی زۆرە، بەڵام ئەو دابەش کردنەی خوارەوە گرنگیی خۆی هەیە، چونکە هەموو جۆرەکانی مۆرفیم دەگرێتە خۆی.




بە پێی ئەم پۆلكردنە رستەی (هونەرمەندەكان بە رێگەوەن بۆ ئێرە) بەم جۆرە شی

دەكرێتەوە

هونەر: ئازاد (بنكەی سەربەخۆ) (لێكسیكی)

. مەند: بەند (گیرەك، پاشگر)

. ەكە: بەند (نووسەك، دواگر)

. ئان: بەند (نووسەك، دواگر)

بە: ئازاد (بنكەی سەربەخۆ، ئەركی)

. رێگە: ئازاد (بنكەی سەربەخۆ، لێكسیكی)

. ەوە: بەند (گیرەك، رێزمانی، پاشگر)

.ن: بەند (نووسەك، دواگر)

بۆ: ئازاد (ئەركی)

ئێرە: ئازاد (ئەركی) (پ. محەمەد مەعرووف فەتاح، د. سەباح رەشید قادر: ٢٠٠٦: ٢٩ ـ ٣٠)

لە ئاستی مۆرفۆلۆژی دا زمانی شیعری سوود لە دیاردەیەك وەردەگرێ بۆ مۆسیقای شیعری ئەویش دیاردەی(هێز) ە.

**٥-٢-١-٢ هێز:**

((زیادە وزەییێکی دەنگییە لە پڕ لەسەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدا))

(پ. وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٨٤)

((مرۆڤ کاتێ قسە دەکات بە سروشتی خۆی یەکێك لە بڕگەکانی هەر وشەیەك توندتر لە بڕگەکانی تر دەردەبڕێت، ئەم توند کردنە لە دەربڕینی بڕگەدا پێی دەگوترێ هێز))

(د. ابراهیم انیس: ٢٠٠٧: ١٥٩)

شوێنی هێز لەسەر بڕگەکانی وشەدا واتای وشەکە دەستنیشان دەکات، بۆ نموونە:

لە وشەی (ئازادی) دا ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی کۆتایی بێت (ئازادی) ئەوا بە واتای (سەربەستی) دێت، بەڵام ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی دووەم بێت، (ئازادی) واتە (تۆ ناوت ئازادە)، یان واتە(تۆ سەربەستی).

## ٣-١-٢ ئاستی رستە سازی:

ئەم ئاستە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی فرێزو رستە دەدات و لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە کە سنووری فرێزو رستە دیاریدەکەن.

**١-٣-١-٢ فرێز:**


لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ، یان زیاتر پێکدێت بە مەرجێك پەیوەندیەکی سینتاکسی بە هێز لە نێوانیاندا هەبێت. وەك پێکهێنەرێکی گەیەنەر دەکەوێتە نێوان وشەو رستە، واتە لە رووی رۆنانەوە لە رستە بچووکترەو لە وشەش گەورەترە.

(دیار عەلی کەمال: ٢٠٠٢: ٤٣)

فرێز لە وشەیەك، یان زیاتر پێکدێت، ئەگەر کاری تێدابوو ئەوە فرێزی کارییە، ئەگەر کاری تێدانەبوو، ئەوە فرێزی ناوییە. فرێزی ناویش یەکەیەکی گرنگی رستەیە، لە رووی ئەرکەوە (دەبێتە بکەری رستە، یان گرێی کاری فراوان دەکات و دەبێتە بەر کار، یانیش دەبێتە تەواوکەری ئامرازی پەیوەندی).

(حاتەم ولیا محەمەد: ٢٠٠٢: ٣٥ ـ ٣٦)

سادەترین جۆری فرێز ئەوەیە وەك وشە بێت. بۆ نموونە ناوێك بێت، یان كارێك. رستەیەكی وەك: (هێمن هات). لە دوو فرێز پێكهاتووە:




فرێز بەپێی جۆری كەرستە سەرەكییەكەی دوو جۆری هەیە:

## ٢-١-٣-١-١ فرێزی ناوی:

(بریتی یە لە رۆنانێك، كە پێكهاتووە لە رەگەزێكی سەرەكی(سەر) كە بەناوێك دەناسرێتەوە، لەگەڵ وشەیەكی شوێنكەوتووش، یان زیاتر، كە بە ئارەزووە) (حاتەم ولیا محەمەد: ٢٠٠٠: ٣٤)

ژمارەی شوێنكەوتووەكان دیاریكراو نییە، شوێنكەوتووەكان لە رووی ئەركەوە دەبنە دیارخەری ناوی (سەرە)، شوێنی شوێنكەوتووەكان بە پێی جۆری كەرستەكانیان بەم جۆرەی خوارەوە دەگۆڕێت:

**یەکەم:**

## دیارخەرەکانی پێش سەرە:

ئەوانیش کۆمەڵێك وشەو کەرستەی ڕێزمانین:

١/ وشەکانی (هەر، تەنها، بەند کەرەکان)

٢/ ئاوەڵناوی نیشانە (ئەو ـ ە) بە هەموو دۆخەکانی تاکوو کۆو نێر و مێ و دوور و نزیك.

٣/ چەندێتی:

أ / وشەی (چەند، هەموو، گشت، هەند)

ب/ ژمارە.

٤/ ئاوەڵناوی پلەی باڵا: دەبێتە دیار خەری ناوێکی گشتی، تەنها ئەو ڕۆنانەی کە بەم جۆرەیە:

**أ/ ئاوەڵناوی سادە + ترین ←——— جوانترین**

٥/ بریناو (بدل): بریناو دەبێتە دیارخەری ناوی (سەرە) لە فرێزدا. وەك:

مامۆستا ئازاد هات. مامۆستا: دیارخەری ناوی (ئازاد) ە.

٦/ ئامرازی پرسیار: ئەو ئامرازی پرسیارانەی کە وەك هاوەڵناوی پرس بەکاردێن، دەبنە دیارخەری سەرە.

ئەم هاوەڵناوانەش وەك (کام، چەند، چ).

**دووەم:**

**دیارخەرەکانی پاش (سەرە):**

ئەمانەش دوو کۆمەڵە دیارخەرن:

## ١/ ئەو کەرستانەی کە بە بێ ئامرازی خستنە سەر دەبنە دیارخەر:

**أ/ مۆرفیمی (ناسراو و نەناسراو) ی تاك و کۆ. وەك:**

منداڵەکە، منداڵەکان

منداڵێك، منداڵانێك

کوڕگەلەکە

کوڕگەلێك

**ب/ جێناوی خاوەنیەتی:**

جێناوی لکاو دەبێتە تەواکەری سەرەی گرێی ناوی و گرێیەکە لە دواوە فراوان دەکات، بەم جۆرەش چەمکی خاوەنیەتی دەبەخشێ وەك: باوکم هات.

**پ/ نازناو:**

(نازناو) لە ڕووی یەکپارچەبوونی لەگەڵ ناوی سەرە، وەك (بریناو) ە. هەردووکیان قسەی ئەوەیان لەسەرە کە دیارخەری سەرە نەبن، بەڵکو بەشێك بن لەسەرە، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە وەك دیار خەر بژمێردرێن، چونکە لە رووی ئەرکەوە ئەرکی دیارخەری دەبیینن لە روون کردنەوەی ناوی (سەرە) دا.

نموونەی نازناو:

مەحموود پاشا.

حەسەن ئاغا.

**چ/ لاڕستە:**

ئەو رستە شوێنکەوتووەیە کە سەربەخۆیی سینتاکسی نییە و بەشێکە لە رستەی سەرەکی.

لاڕستە دەبێتە دیارخەری (سەرە) ی گریٚ. بۆ نموونە:

کۆتر، کە لە سەردار نیشت، جوانە.

## ٢/ ئەو کەرستانەی کە پێویستیان بە مۆرفیمی خستنەسەر هەیە بۆ ئەوەی ببنە دیارخەری (سەرە) ی گریٚ:

**أ/ گرێی ناوی:**

گرێی ناوی دەبێتە دیارخەری گرێیەکی ناویی تر، لە دواوەی (سەرە) دەکریٚ چەند گرێیەکی ناوی ببنە دیارخەر، بۆ نموونە:

وەزارەتی کار. (یەك دیارخەر)

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان. (زیاتر لە یەك دیار خەر)

گرێی ناوی فراوان دەکات و دەبێتە دیارخەری سەرە، وەك:

هەناری شیرین.

ئەگەر ناوی (سەرە) ناسراوبوو، ئەوا مۆرفیمی (ە) لە جیاتی مۆرفیمی (ی) خستنەسەر بەکاردێت.

وەك: هەنارە شیرینەکە.

**پ/ ژمارە لە دۆخی پلەیی دا:** وەك:

قەلەمی دووەمم شکا.

**ج/ چاوگ:**

چاوگ دەتوانێت لە دوای (سەرە) ی گریٚ رۆڵی دیارخەری ببینێت و گرێیەکە فراوان بکات.

وەك: زەویی کێلان دەبیٚ نەرم بیٚ.

**چ/ گرێی ئاوەڵکاری: وەك:**

کۆتری سەردارەکە فڕی.

### ٢-١-٣-١-٢ فرێزی کاری:

بنەماکانی رۆنانی فرێزی کاری بە کورتی دەخرێتە روو لەبەر ئەوەی مامەڵەی راستەوخۆی زمانی شیعری زۆرتر لەگەڵ فرێزی ناوییە. یاسایەکانی رۆنانی فرێزی کاریش ئەمانەن:

١/ ف. ك ← رەگی کار + راناوی لکاو.

٢/ ف. ك ← ف. ن + کار + راناوی لکاو.

٣/ ف. ك ← ف. بەند + کار + راناوی لکاو.

ف. بەند ← پریپۆزیشن + گ. ن.

٤/ ف. ك (بوون) ← تەواوکەر + بوون + راناوی لکاو.

٥/ ف. ك ← { کاری تێنەپەر / ف. ن + کاری تێنەپەڕ / ف. بەند + کاری تێنەپەڕ } + ڕاناوی لکاو + (ئاوەڵکار)

(عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا: ٢٠٠٧: ٦٦)

### ٢-١-٣-٢ ڕستە:

بنیادی رێزمانیی رستە لە زمانی کوردیدا بەم جۆرەیە:

(بکەر + بەرکار + کار) واتە (subject + object + verb) کورتەی وشە ئینگلیزیەکانیش (SOV) یە. تێکچوونی ئەو رێزبوونە واتا دەشێوێنی، بۆ نموونە:

کوڕەکە کتێبێکی کڕی. * کڕی کوڕەکە کتێبێك.

### ٢-١-٣-٢-١ قاڵبە رێزمانییەکانی ڕستە:[٢٨]

---

٢٨- لە ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستەدا سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

أ- قەیس کاکل تۆفیق(د.) : وانەکانی بابەتی سینتاکس، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی قەروەردە،قۆناغی سێیەم، ٢٠٠٢- ٢٠٠٣.

ب- حاتەم ولیا محەمەد،فرێزی ناوی و فرێزی کاری لەکرمانجیی ژووروودا،لا: ٤٠- ٥٥.

پ- ئاواز حەمەسدیق بەگیخانی، ریزبوونی کەرستەکان لەزمانی کوردی دا، لا:٥٦- ٩١.

به پێی ئەو بنەمایەی که ڕێزبوونی ئاسایی کەرستەکانی رسته له زمانی کوردیدا به جۆری (SOV)یه (بکەر + بەرکار + کار)، کاتێکیش که (ڕسته) که به هۆی کەرسته لاوەکییەکانەوه (وەك تەواوکەرەکان و ئاوەڵگوزارەکان و سەربار) فراوان دەکرێ، ئەم جۆره قاڵبه ڕێزمانییانەی ڕستەمان دەست دەکەوێت:

ـ بکەر + کار: من هاتم

ـ بکەر + تەواوکەری راستەوخۆ + تەواوکەری به یاریده + کار: من کتێبەکەم بۆ ئێوه نارد.

ـ بکەر + تەواوکەری راستەوخۆ + کار: من ئەسپەکەم زین کرد.

ـ بکەر + تەواوکەری راستەوخۆ + ئاوەڵگوزاره + کار: تۆ خەنجەرەکەت به هەوەنته هەڵمەکێشه.

ـ بکەر + ئاوەڵگوزاره + کار: ئەو پاشەوپاش هات.

ـ بکەر + ئاوەڵگوزاره + کار + ئاوەڵگوزاره: ئێوه له زۆر وڵاتی جۆربه جۆرەوه هاتونەته ئێره.

ـ شوێن + بکەر + کار: له دەرەوه بەفر دەبارێ.

ـ ئاوەڵگوزارەی کات + بکەر + کار: دەمێکه نازێ رۆیشتوه.

ـ ئاوەڵگوزارەی کات + بکەر + ئاوەڵگوزارەی شوێن + کار + ئاوەڵگوزارەی شوێن: دوێنێ یەکێك له بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان هاته لام.

ـ بکەر + ئاوەڵگوزارەی شوێن + تەواوکەری راستەوخۆ + کار: با له ئاسمانی لێڵی پایزدا پەله هەوره پرش و بڵاوەکانی داگرتبوو.

ـ بکەر + تەواوکەری راستەوخۆ + سەربار + کار: ئازاد نامەکەی باوکی دڕاند.

ـ بکەر + سەربار + کار: پووره ئایشێ، ژنی مەلا برایم دێ. [٢٩]

ڕێزبوونی کەرستەکان به پێی جۆری کاری رستەکه له رووی هێزەوه دەگۆڕێت. بەم جۆره:

ت- ئاسۆ عەبدولڕەحمان کەریم، رۆنانی رسته لەشیوەزاری فەیلی دا، لا: ٣٢- ٤٣.

٢٩- لەم زاراوانەی سەرەوەدا (سەربار = دیار خەر) و (تەواوکەری راستەوخۆ = بەرکار).

**یەکەم:**

**لە رستە کارتێنەپەڕەکاندا:**

لەم جۆرە رستانەدا دەکرێت شێوەی (بکەر + کار) بگۆڕێت بۆ شێوەی (کار + بکەر) وەك: کەوەکە دەخوێنیّ. ⟵ دەخوێنیّ کەوەکە.

رستەی (دەخوێنیّ کەوەکە) پلەی رێزمانی کەمترە لە چاو رستەی (کەوەکە دەخوێنیّ). ئەم دیاردەیە زۆرتر لای شاعیران بەکاردێت.

لەو رستانەی بکەرەکانیان لە گرێ پێکهاتووە کەمتر رێگا بە (کار + بکەر) دەدرێت، وەك

| | |
|---|---|
| ئازاد و نەوزاد هاتن | * هاتن ئازاد و نەوزاد |
| ئازاد وەك نەوزاد زیرەکە | * زیرەکە ئازاد وەك نەوزاد |
| ئازاد یان نەوزاد نوست ؟ | * نوست ئازاد یان نەوزاد ؟ |
| ئازاد لەگەڵ نەوزاد رایان کرد | * ڕایان کرد ئازاد لەگەڵ نەوزاد |

ئەوەندەی کە گرێی ناوی و گرێی کاری لە رستەکەدا فراوان بکرێن، ئەوەندە پێش و پاش کردنی کەرستەکان نەگونجاوتر دەبێت. ئەو کەرەستانەش کە رستە فراوان دەکەن ئەمانەن:

**یەکەم:** تەواوکەری بەیاردیدە.

**دووەم:** سەربار (دیارخەر).

**سێیەم:** ئاوەڵگوزارە.

**چوارەم:** ئامرازی پرس.

**پێنجەم:** ئامرازی سەرسوڕمان.

## دووەم: لە رستە کارتێپەڕەکاندا:

لەم جۆرە رستانەدا سیّ کەرستەی رێزمانیی سەرەکی هەن (بکەر + تەواوکەری راستەوخۆ + کار)

لەم جۆرە رستانەدا:

١/ مەرجە بکەر لەگەڵ کارەکەی لە رووی کەس و ژمارەدا رێك بکەوێت.

٢/ ئەگەر کارەکە لێکدراوبوو دەکرێ بەشی یەکەمی بکەوێتە پێش تەواوکەری راستەوخۆ (بەرکار) وەك:

ئازاد ڕاوەماسی فێر کردم.

ئازاد فێری راوەماسی کردم.

ئەگەر رستەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتبوو (بکەر + تەواوکەری راستەوخۆ + تەواوکەری بەیاریدە + کار)، ئەوا دەکرێ شوێنی دوو تەواوکەرەکە ئالۆگۆڕبکرێت وەك: من کتێبەکەم بۆ تۆ نارد.

من بۆ تۆ کتێبەکەم نارد.

هەندێ هۆکار رۆڵیان لە چۆنیەتی ریزبوونی کەرستەکانی رستە دا هەیەکە ئەمانەن:

**١/ ئاشنایی و نائاشنایی کەسەکان:**

لە زمانی کوردیدا بکەر سەرەتای رستە دەگرێت. ئەگەر بکەر لەوشەیەك زیاتر بوو، ئەوا کامەیان ئاشناترە ئەویان پێش دەکەوێت. ئاشنابوونیش پەیوەندییەکە بە پێی قسەکەر و گوێگرەکەی دەگۆڕێت، هەروەها پلەی کۆمەڵایەتی رۆڵی هەیە لە ئاشنا بوون، کەسی ناسراوتر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئاشناترە، لە کاتی قسەکردندا پێش ناوەکانی تری گرێیەکە دەکەوێت.

بنەماکانی هاریکاری گرنگییەکی زۆریان هەیە لەم بوارەدا، قسەکەر رستەکانی بە جۆرێك رێکدەخات کە باشترین پەیام بگەیەنێتە گوێگر، بۆیە ئاشنایەتی پەیوەندییەکی تەواوکاری نێوان قسەکەرو گوێگرەکەیەتی.

**٢/ هەندێ هۆکاری سەراپا:**

ئەم هۆکارانە رۆلی گرنگیان هەیە لە رێزبوونی کەرستەکان لە گرێیەکی دیاریکراودا. بۆ نموونە رێزبەندی ژمارەکان، وەك (یەکەم و دووەم و سێیەم) بۆ نموونە:

یەکەم و دووەم لێرەن. * دووەم و یەکەم لێرەن.

**٣/ ناسیاری و خاوەنێتی، یان (سەرچاوە):**

ناوی ناسراو پێش نەناسراو دەکەوێت. وەك:

ئازاد و کوڕێك هاتن. * کوڕێك و ئازاد هاتن.

٤/ **باس (مسندالیه):**

(باس) خاڵی دەست پێ کردنەو پاشماوەی رستەکەی پێوە هەڵدەواسرێت.

باس هەمیشە لای گوێگر شتێکی زانراوە و لە رستەکەدا شتێکی تری پێوە هەڵدەواسرێت، وەك:

أ/ لووتکەی چیاکە سپی دەچێتەوە. * سپی دەچێتەوە لووتکەی چیاکە.

ب/ شارەکە شەقامەکانی تەسکن. * شەقامەکانی تەسکن شارەکە.

لە رستەی (ب) دا وشەی شارەکە بۆ بەرجەستەکردن خراوەتە سەرەتای رستەکە. رێزبوونە ئاساییەکەی خۆی ئەوەیە ببێتە دیارخەری ناوی شەقامەکان، بەم جۆرە: شەقامەکانی شارەکە تەسکن.

٥/ **هۆکاری شەکلی یان جۆری کەرستەکان:**

جۆری کەرستەکان لە گرێیەکی دیاریکراودا رۆڵی خۆی هەیە، بۆ نموونە:

أ/ جێناو پێش ناو دەکەوێت. وەك

تۆو کورەکەی دراوسێتان. * کورەکەی دراوسێتان و تۆ.

ب/ ناو (لە پێناسەدا) پێشی پێناسەکەی دەکەوێت.

گاسن ئامێرێکی زەوی کێلانە. * ئامێرێکی زەوی کێلانە گاسن.

زمانی شیعری لە رووی سینتاکسەوە سوود لە هەندێ دیاردە وەردەگرێت، وەك دیاردەی (بوونی دوو بنجی سینتاکسی بۆ یەك رستە)کە دەبێتە هۆی لێڵی واتایی، ئەم دیاردەیەش بە جۆرێکە کە ((لەناو چوار چێوەی زمانێکدا ئەگەر یەك دەربڕین (رستە) دوو مانای جیای بەخشی ئەوە ئەم رستەیە یەك سیما و دوو بنجی هەیە، بۆ نموونە رستەی:

ئازاد ئازار لە دڵ دەڕوێنێ.

ئەم دوو واتایە دەگەیەنێ:

١/ ئازاد ئازار لە دڵدا دەچێنێ (دەخاتە دڵ)

٢/ ئازاد ئازار لە دڵ دەچوێنێ. (ناهێڵێ)

هۆی ئەم جیاوازییە ئەوەیە وشەی (دەڕوێنی) کە رانەبردووی (ڕواندن) ە دوو واتای هەیە:

١/ چاندن

٢/ ڕواندن (تێپەری رۆیشتن)

(پ. وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٣٩)

سوودێکی  تری زمانی شیعری لە لێکۆڵینەوەی ئاستی سینتاکسیدا لە رووی مۆسیقای شیعرییەوەیە، ئەویش دیاردەی (ئاواز) ە لە کاتی دەربڕینی رستەکاندا.

### ٢-٢-٣-١-٢ ئاوازە:

ئەو گۆڕانانەیە کە بەسەر ئاستی ئاسایی دەنگی قسەکردندا دێت، ئەمەش بە هۆی ((گۆڕان لەلەرەی دەنگەژێیەکان لە کاتی قسەکردندا))

(د. مراد عبدالرحمن مبروك: ٢٠٠٢:٦٠)

گۆڕانی ئاوازی دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا، بۆ نموونە رستەی:

ئازاد نامە بۆ پرشنگ دەنووسێت.

١.ئەگەر قورسایی بەیەکسانی خرایە سەرهەموو بەشەکانی رستەکە،ئەوە مانای خەبەری دەگەیەنێ.

٢.ئەگەر قورسایی لەسەر وشەی(ئازاد) زیاد کرا،رستەکە دەبێتە وەڵامی(کێ  نامە بۆ پرشنگ دەنووسێ؟)

ئازاد نامە بۆ پرشنگ دەنووسێ.

٣.ئەگەر قورسایی لەسەر وشەی(نامە) دا زیادکرا رستەکە دەبێتە وەڵامی(ئازاد چی بۆ پرشنگ دەنووسێ ؟)

ئازاد نامە بۆ پرشنگ دەنووسێ.

٤.ئەگەر قورسایی لەسەر فرێزی (بۆ پرشنگ) دا زیاد کرا،رستەکە دەبێتە وەڵامی(ئازاد نامە بۆ کێ دەنووسێ؟)

ئازاد نامە بۆ پرشنگ دەنووسێ.

٥. ئەگەر قورسایی لەسەر کاری (دەنووسێ) زیاد کرا، رستەکە دەبێتە وەڵامی (ئازاد چی بۆ پرشنگ دەکات؟)

ئازاد نامە بۆ پرشنگ دەنووسێ

(محەمەد مەحوی:٢٠٠١: ٢٩٦)

بەم جۆرە دیاردەی ئاواز واتای رستەکان دەگۆڕێت و دەربڕینە جۆراوجۆرەکانیش کە بناغەی ئاوازن، دەبنە هۆی تایبەت بوونی هەر جۆرێکی خوێندنەوە، ئەم خوێندنەوە تایبەتییانەش هەر یەکەیان شێوازێکن و بەجۆرێکی تایبەتی واتای ڕستە دەگۆڕن.

## ٢-٢ پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی شێوازگەرییەوە

شێوازگەری هەوڵی شیکردنەوەی شێوازی نووسینی هەردەقێکی شیعری دەدات، لە پێناو روون کردنەوەی ئەو بنیادە زمانییە تایبەتییەی کە شاعیر شیعرەکەی لە سەر دامەزراندووە، چونکە بنیادی زمانی راستەوخۆ کار لە واتای شیعرەکە دەکات.

هەر شاعیرێك شێوازی تایبەتیی خۆی هەیە (شێوازی تایبەتیی هەر کارێکی ئەدەبی، واتە سیما تایبەتییەکانی ئەوە کارە، دیاردەیەکی تاکەکەسییە لە هەموو لایەنەکانیەوە)
(بسام برکە: ٢٠٠٦: ٧٣)

لەبەر ئەوە پێویستە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بکرێت لە لایەن ئەو شاعیرەوە تیشك بخرێتە سەر ئەو گەمە زمانییانەی کە شاعیر دەقی پێوەگرتووە، ئەو کاتە شێوازی شاعیر روون دەبێتەوە ئەم کارەش بە لێکۆڵینەوە لە دەقی شیعری دەکرێت لەم ئاستانەدا:

أ- ئاستی دەنگسازی

ب- ئاستی رۆنانی وشە

ج-ئاستی رۆنانی ڕستە.

ئەم ئاستانە هەموویان بەیەکەوە کاردەکەن لە پێناو خوڵقاندنی شێوازێکی تایبەتی لە لایەن هەر شاعیرێکەوە و رەوتی واتایی دەقەکە دەسنیشان دەکەن.

## ١-٢-٢ پێکهاتە دەنگییەکانی زمانی شیعری:

لەم تەوەرەیەدا ئەو تایبەتمەندییانەی زمانی شیعری دەخرێتە روو کە پەیوەندییان بە دەنگەوە هەیە، ئەوانیش بەم جۆرەن:

### ١-١-٢-٢ نەزم.

وەرگێڕەکانی کتێبی (بنیادی زمانی شیعری جان کۆهین) لە پێناسەی نەزم دا دەڵێن ((نەزم: کێش و تەرصیعە)).(جان کوهین: ١٩٨٦: ٧)

بەو پێیە نەزم دوو پێکهاتەی هەیە، یەکەمیان (کێش) و دووەمیان (تەرصیع). لە کتێبی (جواهر البلاغە) دا هاتووەکە (تەرصیع) (بریتییە لە هاوسەنگی پاژەکان — ئەلفاز — و هاوڕێکی نیوە دێرەکان).

(السید احمد الهاشمی: ١٨٣٨: ٣٥٢)

(تەرصیع) لەرەوانبێژیدا بەهاوسەروا ناودەنرێت کە چەند جۆرێکی هەیەو بەگشتی هاوڕێکی دووبارەبوونەوەی دەنگێکە لەناو دێری شیعر دا. ئەم هاوڕێکییە لە نیوە دێرەکاندا بە (تەفعیلە) دروست دەبێت، یان بە یەکسان بوونی بڕگەکان کە هەمان مەرجی دروست بوونی کێشە لە شیعردا. بەڵام نەزم هۆکاری تریشی هەیە کە پشتیان پێ دەبەستیّ، چونکە هەندێ دەقی شیعری هەن تەواو دەستیان لە کێش بەرداوە کەچی جۆرێکی نەزمیان هەر تێدایە. لەبەر ئەوە نابێ نەزم پەیوەست بکرێت بە کێشی شیعرەوە، واتە نەزم یەکەیەکی دەنگی نیە وبەس، بەڵکو پاڵپشتی تریش هەیە. جان کۆهین پێی وایەکە ((نەزم یەکەیێکە لە هەمان کاتدا دەنگی و واتایییە)).

(جان کۆهین: ١٩٨٦: ٥٢)

کەواتە پاڵپشتی دووەمی نەزم (واتا)یە. واتای شعر بە تەنیا و بەبێ بوونی کێش رادەیەکی نەزم دەپارێزێ. ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕستە لەو شوێنە تەواو دەبێ کەواتای تەواو بوو، ئینجا ڕستەکان بە پێی مەبەستیان بەرزونزمی دەنگیان تێدایە. ئەم وەستان و بەرزی و نزمییانە جۆرێکی نەزم لە خۆیان دا هەڵدەگرن. واتە نەزم دیاردەیەکە لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکە دەردەکەوێ. بەمەش لە رووی سەرچاوەی دروست بوونەوە هەمان سەرچاوەی دروست کردنی (ئاوازە)ی دەبێ کە بەرزونزمییە دەنگییەکانی رستەیە لە کاتی خوێندنەوەدا.

نەزم کەرستەیەکی گرنگە لە زمانی شیعریدا، بوون و نەبوونی نەزم جۆری دەق دەستنیشان دەکات بە جۆرێك دەقێك نەزمی تێدابێت لەرووی دەنگییەوە دەبێتە شیعر و دەقێکیش نەزمی تێدانەبێت لە رووی دەنگییەوە دەبێتە پەخشان. بۆ نموونە دەقەکانی شیعری فێرکردن لە ڕووی دەنگییەوە شیعرن بەڵام لە رووی واتاوە بەخشانن. پەخشانە شیعریش لە رووی دەنگەوە شیعر نییە، کەچی لە رووی واتاوە شیعرە.

به بۆچوونی فۆرمالیستە رووسەکان ((دێری شیعر بچووکترین یەکەی بنەڕەتییە لە ریتمی شیعردا)) (رینیەویلیك و اوستن وارین: ١٩٨٧: ١٧٦)، ئەم ڕایە ئەوە دەگەیەنێ کە وەستانەکانی ناودێری شیعر و یەکەدەنگییەکانی دروستکردنی ریتم لە سەرتاپای دێری شیعری دا پاڵپشتی نەزمن، چونکە یەکە بچووکەکانی تری وەك تەفعیلە و بڕگەکان، لە خودی خۆیانەوە بایەخیان نیە، ئەو کاتە دەبنە بنەمای مۆسیقای شیعر کەلەدێردا بە هاوڕێکی ریزببن، لەبەرئەوە دێر دەبێتە یەکەی نەزم، بە پێی ئەو بۆچوونە ئەو بیرە دەچەسپێ یەکەی نەزم پەیوەست نییە بە کێشداری شیعرەوە، ئەگەرچی کێش هاوکارێکی گرنگە بۆ زەقتر بوونەوەی نەزم لە شیعردا.

## ٢-١-٢-٢ کێش:

شیعری کلاسیکی کوردی پەیڕەوی کێشی عەرووزی دەکرد، شیعری نوێی کوردیش هەتا کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمیش هەندێ پاشماوەی عەرووزی هەر تێدا هەیە. بە جۆرێك شیعری سالانی (١٩٥٠ — ١٩٧٠) بەرێژەیی (١٢،٠٧ ٪) کێشی عەرووزی تێدا بەکارهاتووە. (جەبار ئەحمەد حوسێن: ٢٠٠٥: ١٠٣)

لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە کێشی عەرووزی لە شیعری کوردیدا نامێنێ کێشی بڕگە جێی دەگرێتەوە، بەڵام ئەویش بە تێکشکاوی.

شیعری هەشتاکانی هەولێر هەوڵی وازهێنان لە کێشی داوە، بەڵام لە ماوەی (١٩٨٠-١٩٩٠) نەیتوانیوە هەوڵەکە بچەسپێنێ، بەڵکو دوای راپەرین (١٩٩٠) ئەو هەوڵە بەرەبەرە چەسپاوە. لەبەر ئەوە لەم لێکۆلینەوەیەدا کە قسە لە کێش دەکرێت، تەنیا کێشی پەنجە (بڕگە) دەخرێتە روو، چونکە ماوەی زەمەنی لێکۆڵینەوەکە هیچ پەیوەندییەکی بە کێشی عەرووزەوە نەماوە.

### کێشی پەنجە (ژمارەی بڕگە):

کێشی ژمارەی بڕگە لە سەربنەمای یەکسان بوونی ژمارەی بڕگەکان لە نیوە دێرەکاندا دادەمەزرێت. ئەم کێشە لەگەڵ زمانی کوردی گونجاوە و زۆرجار بە کێشی خۆماڵی ناودەنرێت، تایبەتمەندی کێشی ژمارەی بڕگە لەوەدایە کە وشەکانی زمانەکە کەرت ناکات.

بەکارهێنانی ئەم کێشانە بە ساغی واتە لە نیوە دێری یەکساندا لە شیعری هەشتاکاندا دیاردەیەکی دەگمەنە، بە زۆری بە تێکشاوی، یان بە تێکەڵی لەگەڵ کێشی تر دەبینرێت،

ئەمەش چونکە شاعیرانی ئەو ماوەیە پشتیان لە شیعری ستوونی کردووەو شیعری ئازادیان نووسیوە.

کێشەکان بە پێی بەکارهێنانیان لە لایەن شاعیرانەوە بەم جۆرە دابەش دەکرێت:

١.بەکارهینانی کێش بە تەواوی
٢.بەکارهینانی کێش بە تێکشکاوی
٣.بەکارهینانی کێشی بە تێکەڵی
٤. کاڵ بوونەوەی کێش

## ١-٢-١-٢-٢ بەکارهینانی کێش بە تەواوی:

بۆ ئاسان بوونی لێکجیاکردنەوەی کێشە تەواوەکان، جۆرەکانی لە سەر بنەمای (ریتم)[٣٠] ریز دەکەین بەم جۆرە:

### ١-١-٢-١-٢-٢ بنەمای ریتمی سێ بڕگەیی:

لەم بنەمایەدا ئەو جۆرە کێشانە دروست دەبن.

أ. **کێشی شەش بڕگەیی:**

نموونەی لە هەشتاکانی هەولێردا نییە، بەڵام نموونەیەکی ئەم جۆرە کێشە لای (گۆران) وەردەگرین کە ئەمەیە:

تێ خوڕە تێ خوڕە، ٣+٣
مێ تێرە و گوان پڕن، ٣+٣
کاتی ڕان مۆڵ دانە، ٣+٣
تابڵێی دەشت جوانە، ٣+٣
(گۆران: ٢٠٠١: ٥٢)

---

١- ریتم دووبارە بوونەوەی ڕێکە لەهەر یەك لە ئاستەکانی زماندا، لەئاستی دەنگسازیشدا ریتم دووبارە بوونەوەی ڕێکی دەنگ و بڕگەکانە کە بنەمای کێشی ژمارەی بڕگەیە. لەم باسەدا بەهۆی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی کێش بە نەزمەوە، بابەتی ریتم لەدوای کێش دا هاتووە.

ب. **کێشی نۆ بڕگەیی:**

ئەم کێشە نموونەی بە تەنیا زۆر دەگمەنە، بەڵام لە کاتی تێکشکانی کێشە گەورەترەکاندا دێری نۆ بڕگەیی دەردەکەوێت. نموونەی ئەم کێشە کە بەتەواوی بەکارهاتبێ وەك:

(( ئەسووتاو شەوقێکی زەردباوی٣+٣+٣

ئەدا لە روخساری غەمگینی)) ٣+٣+٣

(د.عەزیز گەردی:٢٠٠٨: ؟)

**پ. کێشی دوازدە بڕگەیی لە جۆری (٣+٣+٣+٣):**

بە کارهێنانی ئەم کێشەش بەخاوێنی لە شیعرەکانی هەشتاکانی هەولێردا نموونەی نییە، بەڵام بە تێکەڵی لەگەڵ کێشەکانی تر، ڕستەی لەم جۆرە دەردەکەون.

نمونەی کێشی دوازدە بڕگەیی:

((ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسك سووك (٣+٣+٣+٣)

ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووك)) (٣+٣+٣+٣)

(د. وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٦٦)

**٢-١-٢-١-٢-٢ بنەمای ریتمی (٤) بڕگەیی:**

ئەم بنەمایەش ئەو کێشانەی خوارەوە دروست دەکات:

ا. **کێشی چوار بڕگەیی:**

بەرێژەیەکی زۆر کەم لە شیعری هەشتاکاندا بە کارهاتووە. بۆ نموونە:

((سەری دانام

پەیژە ئاسا

بەرەو ژوورتر

پێی سەرکەوێت

............))

(نەوزاد رەفعەت: ٢٠٠٤: ١٠٧)

**ب. کێشی هەشت بڕگەیی (٤+٤):**

ئەم کێشە لە هەشتاکانی هەولێر بە تەواوی کەم بە کارهاتووە، بە زۆری وشە لەت دەکات. بۆ نموونە:

((لەجێی بەفرە گوڵی کێوی (٤+٤)
نێو ئەم هەڵدێرو کێوانە (٥+٣)
گوللە لە بەرۆکی دیلیان (٢+٤+٢)
دەبووە گوڵێکی دێوانە)) (٢+٣+٣) (١٩٨٣)

(کەریم دەشتی:٢٠٠٤: ١٣٢)

**پ. کێشی دوازدە برگەیی (٤+٤+٤):**

ئەم جۆرەی کێش لە هەشتاکاندا بە تەنیا بە کارنەهاتووە، بەڵام بە تێکەڵی و بە تێکشکاوی لە شیعرەکاندا دەدیترێت.

((بڕوابکە..بەر لە کاتی ئاوابوونا (٤+٤+٤)
خۆر بارگەی شڕی تێکدەنێ (٣+٢+٣)
لەژێر ڕێژنەی پەڕامووچە بارانێکا (٤+٤+٤)
زریزەی لەپکەی گەردەنێ..دادەپچڕێ)) (١٩٨٣)

(هاشم سەڕاج: ٢٠٠٥: ٥٤)

**ت. کێشی شازدە بڕگەیی (٤+٤+٤+٤):**

لە شیعری هەشتاکانی هەولێردا بە تەواوی بەکارنەهاتووە، بەڵام لەهەندێ دێردا بەتێکەڵی لەگەڵ کێشەکانی دیکە دەردەکەوێ، وەك:

((جەستەی شەکەت و گرمۆڵەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا
دەڕۆیشت و بەرێگاوە چاوی سەرسامیی دەگێڕا)) (١٩٨٨)

(نەوزاد ڕەفعەت: ٢٠٠٤: ١٢٧)

### ٢-٢-١-٢-١-٣     بنەمای ریتمی پێنج (٥) بڕگەیی:

ئەم بنەمایەش ئەو کێشانەی خوارەوە دروست دەکا:

**أ. کێشی پێنج بڕگەیی:**

ئەم کێشە بە تەنیا لە هەشتاکانی هەولێر بەکارنەهاتووە، نموونەی ئەم جۆرە کێشە وەك:

((ئەی بەرخۆلەکە
نەرم و نۆڵەکە
سپی و خرپنی
وەك کڵوی لۆکە))

(د. وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٦٤)

**ب. کێشی دە برگەیی (٥+٥):**

کێشی دە بڕگەیی خاوێن نموونەی لە لای ئەو شاعیرانە نییە کە لەم باسەدا کاری لەسەر کراوە، بەڵام بە تێکەڵی، یان بە تێکشکاوی زۆر بە کارهاتووە. نمونەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە بە تەواوی لای (مەولەوی) زۆرە، وەك:

((بینابیم وەچەم باز ئاوەردەوە
مەردەبیم دیسان ئیحیام کەردەوە))

(مەولەوی:٢٧٠٦: ٢٤٦)

**پ. کێشی (١٥) برگەیی (٥+٥+٥):**

ئەم جۆرە کێشەش لە شیعری هەشتاکانی هەولێردا بە تەنیا بە کارنەهاتووە، بەڵکو لە ناو شیعرەکاندا بە تێکەڵی لەگەڵ کێشەکانی تر بەرەزاو دەکەوێ. نموونەی ئەم کێشە کە بەتەواوی بەکارهاتبێ وەك:

((ئەم لایەك پەڵە ئەو لایەك پەڵە هەوری رەنگاوڕەنگ
لە ناوەراستا بەدەم ناسۆرە رۆژی شۆخ و شەنگ))

(د. وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٦٧)

هەندێ جۆری تری کێش هەن کە لە تێکەڵ کردنی ئەم بنەمایانەوە دروست دەبن، وەك ئەم کێشانە:

**٤-١-٢-١-٢-٢ کێشی (٧) حەفت برگەیی:**

لە پێکهاتەی (٣+٤) یان (٤+٣) دروست دەبێت. هەندێ جاریش بنەمای (٥+٢) یان (٢+٥) بە کاردێت. بۆ نموونە:

((هەر لەو رۆژەوەی پاشا
فەرمانی دایە نێومالٚ
قژی کچەکان ببڕن
رەنگیان لە کۆشك بسڕن
من لە مالێ دەرکرام
بووم بە بارانی گولاو
..............................))

(کەریم دەشتی: ٢٠٠٤: ١١٢)

**٥-١-٢-١-٢-٢ کێشی (١١) بڕگەیی:**

ئەم جۆرە لە بنەمای (٤+٤+٣) بڕگەییەوە دروست دەبێت، وەك:

((تاوان سەختە تاوانباری گرانە
بارکردنی لەئەستۆدا هەرزانە))

(د. عەزیز گەردی: ٢٠٠٧: ؟)

**٦-١-٢-١-٢-٢ کێشی (١٣) بڕگەیی:**

لە بنەمای (٤ +٤+٥)ەوە دروست دەبن، وەك:

((سەردەمێك بوو دونیای گیانم تاریك و چۆلٚ بوو
کام بەرۆچکەی گەرمە دلٚم چەشنی سەهۆلٚ بوو))

(د. وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٦٦)

### ٧-١-٢-١-٢-٢ کێشی (١٤) بڕگەیی:

لە بنەمای (٤+٣+٤+٣)ەوە دروست دەبێت و بە (کێشی دەوری)ش ناو دەبرێت، چونکە بنەما لێکچووەکان جار نا جارێك بە شێوەی دەوری دووبارە دەبنەوە، بۆ نموونە:

((خەبەر بەرن بۆ شێخم تۆ بەکەیم کوشتووە

پەشیمانم پەشیمانم هەر مەیەکم ڕشتووە))

(د. عەزیز گەردی:٢٠٠٧: ؟)

### ٢-٢-١-٢-٢ بەکارهینانی کێش بە تێکشکاوی:

کێشە سادەکان هەموو جارێك دابەشی سەر دوو نیوە دێری یەکسان نابن، چونکە نیوە دێرەکانیان تێکدەشکێ بۆ یەکەی بچووکتر. ئەوەی لەم باسەدا گرنگە ئەوەیە کە دەبێ دابەش بوونەکان بنەمای ریتمی بپارێزن، چونکە کێشێکی وەك کێشی (١٢) بڕگەیی لە هەردوو بنەمای (٣) برگەیی و (٤) بڕگەیی دروست دەبێت، ئەم دوو بنەمایە جیاوازن و ریتمی شیعری تێکدەدەن ئەگەر بەهەڵە وەربگیرێن. لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ناکرێ وشە لەت بکرێت بۆ گونجاندنی کێشەکان. بە پێی بنەمای ریتمی کێشەکان بەم جۆرە دابەش دەکرێن:

### ١-٢-٢-١-٢-٢ بنەمای ریتمی سێ برگەیی:

ئەم بنەمایە کێشی شەش بڕگەیی و نۆ بڕگەیی و دوازدە بڕگەیی لەیەك دەقدا دروست دەکات، بە هەمان شێوەی بنەماکانی دیکە رێگە بە دروست بوونە جیاوازەکانی کێشە گەورەکان دەدات بە مەرجی ئەوەی ریتمەکە لەسەر (٣) برگەیی بمێنێتەوە، واتە رێگە بە دروست بوونی کیشی (١٢) بڕگەیی نادات لەسەر بنەمای (٤+٤+٤) چونکە ریتمەکە تێکدەچێ.

نموونەی ئەم جۆرە بنەمایەش ئەم پارچە شیعرە:

| | |
|---|---|
| بەر لەوەی برینی ئەو دڵەی هۆنراوە کون کونی کردووە | ٣+٣+٣+٣+٣+٣ |
| تێکەڵی شەمشێرو چەقۆکەم | ٣+٣+٣ |
| بەر لەوەی هەنگوینی باڵۆرەی شێتی خۆم | ٣+٣+٣+٣ |
| تێکەڵی ژەهراوی ئەزەل کەم | ٣+٣+٣ |

.............................(١٩٨٦)

(کەریم دەشتی: ٢٠٠٤: ٨٣)

### ٢-٢-٢-١-٢-٢ بنەمای ریتمی چوار برگەیی:

ئەم بنەمایە کێشی (٤، ٨، ١٢، ١٦) بڕگەیی دروست دەکات، هەندێ جار رستەی شیعری (٢٠) بڕگەییش بەرەزاو دەکەون. یەکە گەورەکانی وەك (١٢) بڕگەیی ناکرێ دابەشی سەر پێکهاتەکانی وەك (٣+٣+٣+٣) بکرێن، چونکە ریتمەکە تێکدەچێ، بەڵام (٨) بڕگەیی دەکرێ ببێتە (٣+٣+٢) چونکە پێکهاتەی (٣+٣+٢) نابێتە بنەمای ریتمی (٣) بڕگەیی لەبەر بەشە (٢) بڕگەییەکە، هەروەها دەکرێ ببێتە(٥+٣) لەبەر هەمان هۆ.

نموونەی ئەم جۆرە بنەمایەش ئەو پارچە هۆنراوەیە:

لەو دیو تەمی ماچەکانت ٤+٤

لەو دیو دنیای چاوەروانی ٤+٤

لێوی ماچە تەزیوەکان ٤+٤

لە لێژایی پێکەنینت ناپەرنەوە ٤+٤+٤

باسکت بازنەی ماچەکانمە ٤+٤

.....................................

ئەی بەژانی رەنگاوڕەنگی چاوەڕوانی هەراسان بوو ٤+٤+٤+٤ (١٩٨٥).

(فەرید زامدار: ٢٠٠٧: ١٥٩)

### ٣-٢-٢-١-٢-٢ بنەمای ریتمی پێنج برگەیی:

لەم جۆرەیاندا لە ناویەك دەقی شیعریدا کێشی (١٠، ١٥) بڕگەیی دروست دەبن، یەکەکان بەم جۆرە دابەش دەبن: (٥) بڕگەیی دەکرێت ببێتە (٣+٢)، بەڵام (١٥) بڕگەیی نابێتە (٣+٣+٣+٣+٣) چونکە ریتمی ئەم دابەش بوونە سێ بڕگەییە و کێشەکە تێکدەدات.

نموونەی بنەمای پێنج بڕگەیی ئەم پارچە شیعرەیە:

دەستەیەك راوچی ٥ (٣+٢)

کونە گورگێکیان لە شاخ دۆزیەوە ٥+٥

بە کەوڵە گورگ و سەرماوە بەرەو گوند گەرانەوە ٥+٥+٥

.................................... (١٩٧٩)

(نەوزاد ڕەفعەت: ٢٠٠٤: ٨٦)

بنەمای (٥) بڕگەیی لە چاو بنەماکانی دیکە کەمتر بە کارهاتووە بە جۆرێك کە لە شیعری هەشتاکاندا لە کۆی بەرهەمی (٩) شاعیر ئەم بنەمایە بە خاوێنی بە کارنەهاتووە و تێکەڵ بە بنەمای تر کراوە لە کێشە تێکەڵەکاندا بۆیە شیعرێکی ساڵی (١٩٧٩) کرایە نموونە.

### ٣-٢-١-٢-٢ بەکارهێنانی کێش بە تێکەڵی:

لەم جۆرەدا دەقی شیعری پابەند نابێ بەیەك جۆری کێشەوە، دوو جۆر، یان زیاتر تێکەڵ دەکات، ئەم تێکەڵ کردنە ئەو جۆرەشیان دەگرێتەوە کە بنیادی ریتمی کێشەکان لە یەکتری جیاوازبن، وەك بنیادی سێ بڕگەیی و چوار بڕگەیی کە دوو بنیادی مۆسیقای جیاواز دروست دەکەن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشی زۆری شیعری هەشتاکانی هەولێر پەیرەوی لەو سستەمەی کێش دەکەن. نموونەی ئەو جۆرە سستەمە:

| | | |
|---|---|---|
| لەوێ شوێنێك وەکو ئێرە | (٤+٤) | ٨ بڕگە |
| مردووەکانیان دەشۆن ئەمجا دەیاننێژن | (٤+٢+٢+٤) | ١٢ بڕگە |
| دوو کێلی بۆ دادەنێن | (٣+٤) | ٧ بڕگە |
| یەکەم لێی دەخوێندرێتەوە | (٢+٦) | ٨ بڕگە |
| گورگ بۆ ئەوە پێدەکەنێ کەڵبەکانی پیشاندات | (٨+٧) | ١٥ بڕگە |
| دووەم بەخەتێکی ئالۆز لێی هەڵکۆڵدراوە | (٦ +٧) | ١٣ بڕگە |

(سەباح ڕەنجدەر: ١٩٩٩: ٣)

### ٤-٢-١-٢-٢ کاڵبوونەوەی کێش:

ئەمەیان چوارەم جۆری بە کارهێنانی کێشە و لە کۆتایی هەشتاکاندا لە لای هەموو شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر کاری پێ کراوە. ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لە دەقێکی شیعریدا چەند دێرێك پەیرەوی لە کێشی جیاجیا دەکەن و چەند دێرێکی دوای ئەوان پەیڕەوی لە هیچ جۆرێکی کێش ناکەن. هەندێ شیعری تریش هەن کە تەواوی دێرەکانیان پەیرەوی لە کێش ناکەن مەگەر بۆ مەبەستێکی ئێستێتیکی ناوبەناو هاوگونجاونێکی دەنگیی کاتیی زۆر کورت دروست بێ.

نمونەی ئەم جۆرە شیعرەش شیعری (بۆ منداڵان)ی ئەنوەر مەسیفی:

گەورەتر بوومایە چاوی خۆم دەکردە گڵۆپ و

چیتر نەمدەهێشت شەونخوونی شارەکەم بۆنی
تاریکی لێ بێ
گەورەتر بوومایە، لەپی خۆم
دەکردە تەختە ڕەشەو نەمدەهێشت چیتر
دیواری قوتابخانەی گوندەکەم بۆنی ترسی لێ بێ ١٩٨٧

(ئەنوەر مەسیفی:٢٠٠٥:٤٤)

**٣-١-٢-٢ ریتم:**

ریتم یەکەییێکی دەنگییە لە زانستی مۆسیقادا. لە رەخنەی شیعریشدا وەك مەسەلەیەکی گرنگ باسی لێوە دەکرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی زمانی شیعری جگە لە کێش، ریتمیشی تێدایە. لە شیعری کۆندا ریتم بە بوونی تەفعیلەکان دیاردەکرا، بۆیە بوونی ریتم لە پەخشاندا مەحاڵ بوو ((بە بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرانە ریتم یەکسان بوو بەکێش)) (رینیە ویلیك رأوستن وارین: ١٩٨٧: ١٧٠)، بەڵام تەوژمی شیعری نوێ کە کێشەکەی کێشی تەفعیلە نییە و هەندێ جاریش هەر کێشی نییە، بیرورای نوێی هێنایە بواری لێکۆڵینەوە، بە جۆرێك کە ریتم ئەوەندە لە کێش دوورخرایەوە تا ئەو ئاستەی لێکۆڵینەوە لە ریتمی قسەی ئاسایی دەکرا، ئەمەش بە پاڵپشتی ئەو بۆچوونەی کە پێی وابوو ((ریتم پەیوەندییەکی توندی بە ئاوازەوە هەیە)).

(رینیە ویلیك و اوستن وارین: ١٩٨٧: ١٧٠)

ئاواز دانەیەکی مۆسیقای دەنگە لە ئاستی رستەدا، واتە ڕستەیەك بە تەواوی یەك ئاوازی هەیە، کەچی لە هەمان ڕستە لەوانەیە بنیادی ریتم تێیدا چەند جارێك دووبارە بێتەوە. ریتم سروشتێکی خولیی هەیە، واتە بەردەوام دووبارە دەبێــتەوە، هەر لەبەر ئەو دووبارە بوونەوەیە بوو ڕەخنەی کۆن لەگەڵ کێشی شیعری پەیوەستی کردبوو، بۆچوونی ڕاست لەبارەی ریتم ئەوەیەکە ((ریتم بە دوو هۆکار دروست دەبێ:

١. یەکسانی ژمارەی هێزەکان.
٢. هاوسەنگی دابەش بوونی هێزەکان)).

(جان کۆهین: ١٩٨٦: ٨٦)

به پێی ئەم بۆچوونە ریتم بە هۆی هێز دروست دەبێ، دیارە هەر وشەیەك هێزێکی تێدایە کە دەکەوێتە سەر یەکێك لە بڕگەکانی و زۆرجار بە پێی گۆڕینی شوێنی هێزەکە مەبەستی وشەکە دەگۆڕێت.

ئەم بۆچوونە پەسەنترە لە بۆچوونەکانی دیکە، چونکە لە لایەك ریتم بە کێش نابەستێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ریتم بە ئاواز نابەستێتەوە، ڕاستە لە کێشی تفعیلەدا هێز لە بڕگە جیاجیاکانی تەفعیلەکاندا زەقە، بەڵام ناکرێ بڵێین تەفعیلە ریتم دروست دەکات، بەڵکو ئەوە هێزی سەربڕگەکانە لە کێشی عەرووز و لە قسەی ئاساییشدا ریتم دروست دەکات. بەڵام ریتم لە شیعردا تا ئاستێك رێکترە و دووبارە بوونەوەکانی بە پێی سیستمی دەنگیی شیعرەکەن، لە قسەی ئاسایی و پەخشاندا ریتم ئەگەر دەریش بکەوێ بە پەرش و بڵاوی دەردەکەوێ و هەستکردن بە مۆسیقایەکی رێك دروست ناکات، چونکە دووبارەبوونەوەی رێکی نییە. ((ریتم بواری داهێنانی شاعیرە، ئەوانەی داهێنان لە کێشدا دەکەن زۆر کەمن و بە دەگمەن هەڵدەکەون و هەموو جارێکیش داهێنانەکەیان لێ قبووڵ ناکرێ. کەچی ریتم لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە. وەکو هەویر وایە لە بەر دەستی شاعیردا چۆنی بوێ وای دەکرۆێنێ)).
(عەزیز گەردی: ١٩٩٤: ٧٤)

ریتم بنیادی دووبارەنەوەی مۆسیقای ڕستەیە، بناغەیەکی نەگۆڕە و دووبارە دەبێتەوە، چەند بڕگەیەك بەهێزێکی دیاری کراو و هاوسەنگ دووبارە دەبنەوە و ریتم دروست دەکەن، هەندێ جار کێش هاودەنگ دەبێ لەگەڵ بنیادی ریتمەکان، هەندێ جاریش هاودەنگ نابێت، بەڵام لەم کاتانەدا کێشەکە پارچە پارچە دەبێت نەك ریتمەکە تێکبچێ. بنەمای ریتم دووبارە بوونەوەیە، ئەو دووبارە بوونەوەیەش لەم ئاستانەی خوارەوەدا دەخرێتە روو:

### ١-٣-١-٢-٢ دووبارەبوونەوە لە ئاستی دەنگسازی دا:

((ئەم ئاستە سەبارەت بە ریتم باس لەو یاسایانە دەکات کە فۆنیمەکانی هەندێ لەوشەکانی ڕستەی شیعری رێکدەخەن،...، ئەم رێکخستنەی فۆنیمەکان هەوڵێکی بەمەبەستی شاعیرە بۆ قەرەبووکردنی لە دەستدانی هاودەنگی قافیەکان)).
(د. محەمەد بەکر: ٢٠٠٤: ٨٣) ئەم سستەمی رێکخستنەش لەم شێوازانەدا دەردەکەوێت:

**أ: دوو فۆنیمە لێکچووەکە لەناو یەك بڕگەدا بن:**

ئەمەش دوو جۆری هەیە:

**- چوونیەك (أ+ب) (أ+ب). وەك:**

((بایەك شەو دۆشەکێکی زەوی ئازاد بێت،..........))

(ش+ه) (ش+ه)

(جەلال بەرزنجی: ٢٠٠٣:٧)

**- پێچەوانە (أ+ب) (ب+أ). وەك:**

((ئەوانیش کەسانی راستەقینەن...))

(س+ا) (ا+س)

(ع. ع. یووسف: ٢٠٠٩: ٧٠)

**ب - دوو فۆنیمە لێکچووەکە لەناو دووبڕگەی هاوسێدا بن:**

لەم جۆرەدا دوو فۆنیمی هاودەنگ لە دوو بڕگەی دابڕاودا دێنەوە، ئەمیش دوو جۆری هەیە:

**- چوونیەك (أ-ب) (أ-ب). وەك:**

((رێبدە گەرماییت گەرمان کاتەوە)).

(گ-م)(گ-م)

(سەباح ڕەنجدەر: ١٩٩٩: ٥٩)

**- پێچەوانە (أ-ب)(ب-أ). وەك:**

((درەختەکە شەوبوو کەوتە سەما)).

(ت-ك) (ك-ت)

(کەریم دەشتی: ٢٠٠٤: ٣١٤)

**پ- دوو فۆنیمی یەکەم لەناو یەك بڕگەدابن و دوو فۆنیمی دووەم لەدووبڕگەی جیاوازدا بن:**

**- لێکچوو (ا+ب) (أ-ب). وەك:**

((وەختێ ژنێ / گوتی ئەمشەو لەخە ومدا))

(ە+و)(ە- و)

(ئەنوەر مەسیفی: ٢٠٠٥: ٦٣)

**- پێچەوانە (ا+ب) (ب-ا). وەك:**

**((ڕەش بە سپی بگۆڕتەوە / کیژان پیر کا /))**

(ك+ی) (ی- ك)

(ئەنوەر مەسیفی: ٢٠٠٥:٦٣)

**ت- دووفۆنیمی یەکەم لە دووبڕگەدا بن و دوو فۆنیمی دووەم لە ناو یەك بڕگەدا بن:**

**-لێکچوو (ا-ب) (ا+ب).وەك:**

((لەخەونم دا/ چەند مردوویێ ڕاویان دەنام/))

(ن- د) (ن+د)

(ئەنوەر مەسیفی: ٢٠٠٥:٦٣)

**-پێچەوانە(ا-ب) (ب+ا). وەك:**

((لەخەونمدا/ چەند مردوویێ ڕاویان دەنام/))

(ە- د)(د+ە)

**(ئەنوەر مەسیفی: ٢٠٠٥:٦٣)**

دووبارە بوونەوەی دەنگی لە دوو جۆری دیکەدا دەردەکەوێت کە ئەمانەن:

أ. دووبارە بوونەوەی تاك فۆنیمی لە شوێنە جیاجیاکانی ڕستەی شیعریدا کە بە هەموویان ریتمێکی تایبەتی دروست دەکەن. وەك:

((بە خۆشت لە چوون ئاشنای، لە هاتنەوەش نەشارەزای))

(ع.ع. یووسف: ٢٠٠٩: ٨٣)

ب. دووبارەبوونەوەی بڕگە لە شوێنە جیاجیاکاندا کە بەهەمان شێوە رۆڵی گرنگیان هەیە لە بنیادی ریتمی دەقەکە، وەك ((دڵشادم: دا لەکانی داڵن))
(دڵشاد عەبدوڵڵا: ۱۹۹۲:۹)

**۲-۳-۱-۲-۲ دووبارەبوونەوە لە ئاستی وشەدا:**

دووبارەبوونەوەی وشەیەکی دیاریکراو لە شوێنە جیاجیاکانی ڕستەدا، بایەخی ریتمی و بەهای واتایی هەیە، بۆ نموونە:

سەرزەمین بەهرەی داخراوە
نهێنیەکی سەرسوڕمێنەری لانەماوە بیدرکێنێت و بەختیارمان کات
بۆ
هەڵبژاردنی گشتی
لێبووردنی گشتی
تەنیایی گشتی
مەرگی گشتی
دەعوەت کراوین
(سەباح رەنجدەر: ۱۹۹۹: ٦۱).

**۳-۳-۱-۲-۲ دووبارە بوونەوەی فرێز (گرێ):**

دووبارە بوونەوەی گرێ لە شوێنە جیاجیاکانی ڕستەدا بایەخی مۆسیقایی هەیە، وەك دووبارە بوونەوەی گرێی بەند لەم پارچەدا:

دڵیان لە هەموو قسەیەکی رزیو
لە هەموو گەڵایەکی سیس
لە هەموو ئادگارێکی پووت
لەهەموو تۆوێکی بێ ڕووەت پاك دەکردەوە
(کەریم دەشتی: ۲۰۰٤: ۲۷۰)

### ٤-٣-١-٢-٢ دووبارەبوونەوە لە ئاستی ڕستەدا:

هەندێ جار شاعیر ڕستەیەکی تەواو لە شیعرەکەیدا چەند جارێك دووبارە دەکاتەوە بۆ جەخت کردنەوە لەسەر مەبەستەکە و بەرزکردنەوەی بەهای ئێستێتیکای شیعرەکە، بۆ نموونە لە شیعری (بەری بەیانە) ی (گۆران) دا ئەم دوو ڕستەیە دووبارە دەبنەوە:

بەری بەیانە، ڕووناکە ئاسۆ

ئاسۆی هیوای کورد، مژدەبێ لەتۆ

(گۆران: ٢٠٠١: ٤٠٢)

### لەمەسەلەی (ریتم) دا دەبێ هەندێ خاڵ بە هەند وەربگیرێ:

١-کۆمەڵێك یاسای پێش وەخت بوونی نییە کە شاعیر پێیانەوە پەیوەست بێ، بەڵکو شاعیر بە ئارەزووی خۆی و بە شارەزایی لە بەکارهێنانی شاعیرانەی زمان، ریتمی تایبەتی خۆی دروست دەکات، بۆیە هەمان جۆرەکان ریتم دروست کردن لە لای چەند شاعیرێکەوە وەك یەك دووبارە نابنەوە، بەڵکو جیاوازییەکی زۆر و تەکنیکی جیاواز بەدی دەکرێ.

٢- دووبارەکردنەوە و فراوانکردنی سەرەی گرێ بە کەرستە جیاجیاکان لە زمانی شیعریدا بێزاربوونی خوێنەر و گوێگر دروست ناکەن، چەنکە هەموویان سیاقی واتایی و مۆسیقایی دەقەکە بەهێزتر دەکەن و چێژی زیاتر بە خوێنەر دەبەخشن.

### ٤-١-٢-٢ قافیە:

قافیە((بەشێکی وشەی کۆتایی دێری شیعرە بە مەرجی ئەوەی هەمان وشە بە هەمان فۆرم و واتای خۆی لە کۆتایی دێرەکانی تردا دووبارە نەبێتەوە، ئەگەر دووبارە بووەوە ئەوا بە ڕەدیف دادەنرێت و پێش ئەو وشەیە دەبێتە قافیە)) (محمد رەزا شفیعی کدکنی: ١٣٧٩: ٥٥)

ئەم پێناسەیە لەسەر بنەمای شیعری ستوونی و قافیەکانی شیعری کلاسیکی دارێژڕاوە، لە شیعری نوێ دا سستەمی یەکگرتووی قافیە نامێنێ، ئەو بەها دەنگییەی قافیە دروست دەکرد بە جۆری دیکە لە ناو بنیادی ریتمی شیعرەکەدا بەرجەستە دەبێت.

لە شیعری هەشتاکانی هەولێردا لە لای هەندێك لە شاعیرەکان و بە شێوەیەکی زۆر سنووردار، جۆرێك لە هاوئاهەنگی کۆتایی دێرەکان هەیە، کە نموونەی زۆر دەگمەنن، بەڵام بایەخی مۆسیقایی تایبەتیان هەیە، بۆ نموونە:

((ڕەبەنێ خەوی خراپ بێ / دلۆپە بارانێ زەویی
بزر کردبێ / بەستێ شەپۆلی چك کردبێ /
چیایێ قۆپێکی ڕمابێ / کێشکەیێ گوندی نەمابێ /
ولاتێ داگیرا کرا بێ / ئێواران پێش من دەکەون / پێش من
خۆیان لە ناو گۆڕی من دەکوتن / مالێ نوستنان
بەتای یەکتر خۆمان گەرم دەکەینەوە /
تا رۆژهەلدێ وێکرا گوێمان ڕاگرتووە
ڕەنییێ دۆلێ دابمارێ / بایێ هەلکە / شەو
هاوارێ.)) ١٩٨٤

**(ئەنوەر مەسیفی: ٢٠٠٥: ٤٤)**

ئەم شیعرە (١٣) ڕستەیە، (٩) ڕستەی بە دەنگی (ێ) کۆتایی دێت و دوو ڕستە بە دەنگی (ن) و دوو ڕستە بە دەنگی (ە) کە(و)ی نەبزوێنی لە پێشە. ئەم شیعرە راستە قافیەیێکی کۆنکرێتی نییە، بەلام بوونی ئەو تاقە دەنگانە مۆسیقایەکی تایبەتیان بە شیعرەکە داوە.

قافیە کۆمەلێك بایەخی دەنگیی گرنگی هەیە کە ئەمانەن:

١. کاریگەری مۆسیقایی.
٢. بەرجەستەکردنی وشە لە هەر شیعرێکدا بە جۆرێکی تایبەت.
٣. خۆشی بەخشین.
٤. جوانی، ئەمیش بە فرە جۆری لە هەمان فۆرمدا.
٥. رێکخستنی بیر و هەست.
٦. پتەوکردنی شیعر.
٧. یارمەتیدانی مێشك لە بەستنەوەی دێرەکان بە خێرایی.
٨. دروست کردنی یەکێتی فۆرم لە شیعردا.
٩. لێکجیا کردنەوە و دەستنیشان کردنی میسراعەکان.
١٠. ئاسانکردنی بە دوای یەکداهاتنی واتاکان.
١١. زەق کردنەوەی جوانیی تاکە وشەکان.
١٢. لە گەلێ یەك گونجان و لە یەك نزیککردنەوەی بەشەکانی شیعر.
١٣. دروست کردنی قالبی دیاریکراو و پاراستنی یەکێتی قالبی شیعر.

١٤. فراوانكردنی وێنە و واتاكان لە شیعردا.
١٥. گەیاندنی واتا لە ڕێگەی ئاوازی وشەكانەوە.
(محمد رەزا شفیعی كدكنی: ١٣٧٩: ٦٢)

بوون و نەبوونی قافیە لە شیعردا وەك عەزیز گەردی دەڵێ: ((بۆ چەند هۆكارێك دەگەڕێتەوە: سەردەم، زمان، شاعیر، شیعرەكە خۆی)) (عەزیز گەردی: ١٩٩٩: ٤٧). ئەمەش مانای وایە سەروا پێویستییەكی بنەڕەتی نییە بە جۆرێك كە ئەگەر نەبوو ئیتر شیعر دروست نەبێ، بەڵكو سەروا بەهایەكی ئێستێتیكی شیعرە و هەندێ جاریش لە خودی شیعرە كەدا بە هۆی پەیوەست بوونی دێر پێیەوە بووەتە هۆی بەزۆر بەكارهێنانی وشە، ئەمەش بووەتە هۆی لاوازی واتای دێرەكان.

### ٥-١-٢-٢ تۆپۆگرافیای شیعرەكە:

یەكێك لەودیاردە شیعرییانەی كە لە شیعری نوێدا دەركەوتووە دیاردەی گۆڕانی تۆپۆگۆافیای شیعرە، واتە گۆڕانی ستایڵی دابەش بوونی وشەكان بەسەر لاپەڕە.
لە شیعری كۆندا دێری شیعری هەبوو، دێریش دوو نیوە دێر بوو، بەڵام لە شیعری نوێدا دێرەكان تێكشكان و تۆپۆگرافیایەكە گۆڕا. ئەمەی لەم گۆڕانی تۆپۆگرافیایە سوودی هەیە بۆ زمانی شیعر لە ئاستی دەنگسازیدا ئەوەیە گۆڕانی تۆپۆگرافیای شیعر گۆڕانی مۆسیقایی بە دوادادێ. بۆ نموونە لەو رستانەی خوارەوەدا كە دەستكاری كراون:

(لە مەل بپرسن، لە دار بپرسن، لەبەرد بپرسن،
لە گیا بپرسن:
رۆژێ چەند جاران خۆم بە خۆڵ دەشۆم)

ئەو ڕستە شیعرییانە لە ڕووی ریتمەوە رستەی ئاساین. بەڵام شاعیر بەم جۆرەی نەنووسیوە، بەڵكو دەستكاری تۆپۆگرافیایەكەی كردووە و بەم جۆرەی خوارەوەی نوسییوە:

((لەمەل بپرسن، لە داربپرسن، لە بەرد
بپرسن لە گیا بپرسن
رۆژێ چەند جاران خۆم بە خۆڵ دەشۆم))

**(ئەنوەر مەسیفی: ٢٠٠٥: ٥٣)**

ئەو جۆرە نوسینەی دووەم کە هی شاعیرە، تەنیا بە گواستنەوەی وشەی (بپرسن) بۆ سەرەتای دێری دووەم دووبایەخی مۆسیقایی دروست کردووە:

**بایەخی یەکەم:**

کۆتایی دێری یەکەمی بە فرێزی (لەبەرد) هێناوە، بەرد وشەیەکە لە یەك بڕگەی گرانی ئاسایی(cvcc) پێکدێ کە لە دوای ڤاوڵی بڕگەکەدوو کۆنسنانت بەدوای یەکەوەن و هێزێکی گەورە دەکەوێتە سەر دوا بڕگە. هەروەها دوا کۆنسنانت فۆنتمی /د/ ە،کە دەنگدارێکی دەربازی گڕە، بەمەش بەرجەستەبوون و زەق بوونەوەی دەنگەکە ڕوودەدات چونکە (نەبزوێنی گڕی دواوە درێژترە لە نەبزوێنی کپی دواوە)


(رەحمان ئیسماعیل حەسەن: ١٩٩١: ٨١)

بوونی هێز لەسەر دوا بڕگە و گڕیی کۆنسنانتەکە، کاریگەرییەکی گەورە دەکەنە سەر ریتمی دێرەکە.

**بایەخی دووەم:**

لە وەدایە وشەی (بپرسن) لە دێری دووەمدا (بپرسن، لە گیا بپرسن) دووبارەبوونەوەی وشەیە لە ناو هەمان دێردا. دیاردەکە دووبارە بوونەوەش بایەخێکی تایبەتی هەیە لە بینای ریتمی ناوەوەی شیعردا. ئەو دەستکارییانەی شاعیر لە تۆپۆگرافیادا دەیکات زۆرجار یاسا زمانییەکان تێکدەشکێنێ، چونکە سروشتی زمان ئەوەیە ((فراوانکاری لە قسەدا دەکا، واتە لە سیاقی قسەدا زیاتر لە جارێك ئاماژە بەو شتانە دەکات کە مەبەستیەتی)). (جان کۆهین: ١٩٨٦: ٥٦)، بەڵام شاعیر ڕەچاوی ئەو سروشتە ناکات و فراوانکارییەکان تێکدەشکێنێ و ڕستەکان کورت دەکاتەوە.بەڵام جۆرەك ناهاوسەنگی دروست دەبێ، ناهاوسەنگی ئاستی دەنگ و ئاستی واتا.

لە قسەکردن ئاساییدا لەگەڵ تەواوبوونی ڕستە، واتا تەواو دەبێ. واتە لەگەڵ تەواو بوونی هێلی دەنگ هێڵی واتاش تەواو دەبێ، بەڵام لە شیعردا بە هۆی دەستکاری تۆپۆگرافیاوە ئاستی دەنگ هاوتەریبی ئاستی واتا نابێ وەك لەم هێلکارییەدا دیارە:




(جان کۆهین: ١٩٨٦: ٧١)

لە هێڵکارییەکەدا دەردەکەوێ کە لەو شوێنەی کە (واتا) پێویستی بە وەستانی دەنگە، دەنگ ناوەستێ و لەو شوێنەش کە (واتا) پێویستی بە بەردەوامی دەنگە، دەنگ دەوەستێ. ئەمەش سروشتی تۆپۆگرایای شیعری نوێیەکە کارەکتەرێکی مۆسیقایی گرنگە لە گەڵ ئەوەی لەسەر ئەرکی تێکشکانی واتا دروست دەبێ.

چۆنیەتی دابەش بوونی وشە و پیتەکان بەسەر لاپەڕەدا گرنگییەکی زۆری هەیە لە سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بۆ واتای دەقەکە و بەرجەستەبوونی دەقە لە ئاستی ڕێنووسدا.ئەم شێوازە لە نوسیندا ((زیادکردنی بەها ئێستێتیکای ئەندازەییە بۆ دەقی شیعری لە پاڵ ئێستێتیکای مۆسیقایی)) (اسماعیل رسلان: ؟: ٥٣)

هەندێك جاریش ئەو دابەش بوونە تایبەتییەی وشە و پیتەکان، وێنە و شێوە دروست دەکەن لەسەر لاپەڕەدا، وەك شێوەی: دار، باڵندە، هێما: ئایکۆنەکان... وەك لەم شیعرە دەردەکەوێ:

ئاو لە دەستی منداڵ بڕژێ
لە گێژەنی خەیاڵ وێنەی

ئاگر

پۆلیس

پەیکەر

زمان لە قسەکردن میراتی ئێمەیان ژێرخۆل کرد

چەتر

گەراج

دەرگا

ڕەسم دەکات
لە دەرەوەی پێشانگای هونەرمەندێکی خەیاڵ داخراودا هەڵیدەواسێ
دووبارە وێنەی

قەلەبالغی شەقام
پاککردنەوەی شووشەی مۆزەخانە
دەنگدانەوەی ئاژێری کارگە
زمان قسەکردن میراتی ئێمەشی تێدایە
ئاشقبوونی کۆتری ناو منارەو کەنێسە
پشکفتنی سبەینە
حەزکردنی ئاوێنە لە مرۆڤـ

وێنە دەکات
لەدەرەوەی پێشانگای
هونەرمەندێکی خەیاڵ کراوە هەڵیدەواسێ

(سەباح ڕەنجدەر: ١٩٩٩: ٦٧)

ئەگەر لەیەك تاقە هێما و گرافیکی ناو ئەم جۆرە شیعرەی سەرەوە وردبینەوە، دەیان ئیحا دروست دەبن کە بە قەسیدەیەکی تەواو ناکرێنە واتاو ناگەنە خوێنەر.

(تۆپۆگرافیای شیعر جگە لەبایەخە دەنگییەکەی بایەخی واتاییشی هەیە، شیعر دووجۆرە، شیعری دەنگی و شیعری وێنەیی) (عادل زرغام: ٢٠٠٩:١٥)، کاتێك شیعرییەت لە دەرەوەی زماندا هەبێت وەك لە دیمەنە سروشتییەکان دا، ئەوە شیعرییەتەکی تایبەتیی تۆپۆگرافیای شیعریش هەیەو لەوێدا شیعر وێنەیەکی گۆیایە.

## ٢-٢-٢ پێکهاتەی زمانی شیعری لە ئاستی وشەدا (لێکسیکی):

مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ وشەکان مامەڵەیەکی تایبەتییە، وشەکان بەرجەستە دەکات و سیمای جیاوازیان پێ دەبەخشێ، جیا لەو سیمایەی کە لە فەرهەنگ و قسەکردنی ئاساییدا هەیانە. زۆر جاریش وشە لە هەموو واتاکانی دادەماڵێ و وەك ڕەمز بەکاریدەهێنێ. ئەو بابەتانە لە باسە تایبەتییەکانی وەك ڕەخنەی سیمیۆلۆژی دا دەخرێتە ڕوو.

ئەوەی کە لێرەدا باس دەکرێت دروست کردنی وشەیە لە لایەن شاعیرەوە کە بە لادانی وشەیی (لێکسیکی) دادەنرێت. ((هەندێ جار شاعیر بۆ ئەوەی لە درێژ بڕی دەرچێت، یان بۆ پاراستنی وزە و لکاندنێکی توندوتۆڵ، یان لەبەر نەبوونی هەندێ کەرەسەی ئامادە لە زمانەکەدا، خۆی وشە دادەتاشێ. ئەمەش کاتێ دەبێ بە لادانی ڕاستەقینە کە لەو یاسایانە لابدات کە لە زمانەکەدا هەیە بۆ دروست کردنی وشەی نوێ))

(پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح: ٢٠٠٧: ١٥)

دروست کردنی وشەش هەندێ جار بەبەکارهێنانی هەمان یاساکانی ڕۆنانی وشەیە کە لە زماندا هەن. هەندێ جاریش دوورە لە بەکارهێنانی یاساو ڕەمەکی دروست دەکرێ. ئەم وشانەش دەکرێ دارێژراوبن یان لێکدراو.

١. **وشەی دارێژراو:**

ئەی تەلەفی گفتۆگۆ جامیعی کیذب و درۆ

واعیظییە ئیشی تۆ، عاشقییە کاری من

لێرەدا نالی بە پێی یاسای مۆرفۆلۆژی کوردی (ناو+ی) و بەلادان لە سنووردارێتی هەمان یاسا وشەی (عاشقی) دروستکردووە.

(دلێر سادق کانەبی: ٢٠٠٨: ٢٧)

٢. **وشەی لێکدراو:**

شاعیران لەم بوارەدا زۆر وشەیان دروست کردووە کە دروست کردنەکەیان بە پێی یاسا مۆرفۆلۆژییەکانە، بەڵام هەر لە فەزای شیعرەکە خۆیدا بە کاردێن و زیندوون، وەك وشەی (سفرخۆر) کە بەپێی یاسای (ناو+رەگی کار) دروست کراوە، هەروەها وشەی دیکە وەك: گۆلەکەڵەباب، کافرشا، لەشکرپووش، ساقۆبەرد،....) کە ئەنوەر مەسیفی بە کاریهێناون، هەروەها دەربرین و وشەی وەك: (تەنیایی گشتی، کەپکەمار) لای سەباح ڕەنجدەر، (تەرمەگ، وشکنشین، کیسەڵرەوت، قوڕگخنکێن، دمکاسن...) لای(ع. ع یووسف).

## ٣-٢-٢ زمانی شیعری لە ئاستی ڕۆنانی ڕستەدا:

شاعیر زمانی ئاسایی خەڵکی بەکاردەهێنی، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز، لەگەڵ ئەوشدا ((شاعیر دەیەوێت پەیامێك بگەیەنێ و مەبەستیەتی خەڵکی تێی بگەن، بەڵام تێگەیشتنێك بە ڕێگایەکی جیاواز)).(جان کۆهین: ١٩٨٦: ٩٥). لەبەر ئەوە ڕستەکانی شیعر لە دۆخی ئاساییدا

ڕستەی نامۆن و زۆر خۆبەدەستەوە نادەن.لە ڕووی ڕۆنانی ڕستەوە هەر ڕستەیەك پەیرەوی یاساکانی ڕۆنان و سروشتی زمانەکە بکات، ڕستەیەکی ڕێزمانی تەواوە بێ گوێ دانە واتای ڕستەکە. ڕستەیەکی وەك:(ئەمڕۆ پیاوێکی بالاّ بەرزم دیت).لە ڕووی ڕۆنان و لە رووی واتاوە ڕستەیەکی ڕێکە. بەلاّم ڕستەیەکی وەك: (ئەمڕۆ پیاوێکی سێ چاوم دیت.) ڕستەیەکە لە رووی ڕۆنانەوە هیچ گرفتێکی ڕێزمانیی نییە. بەلاّم لە ڕووی واتاوە نەگونجاوە، چونکە هاوەڵناوی (سێ چاو) کە دیارخەرە، لەگەڵ دیارخراوەکەی (پیاو) ناگونجێ. هاوشێوەی ئەو ڕستەیەش وەك:

(مێروولەکە منداڵەکەی خوارد.

منداڵەکان دەفڕن.

فیلەکە بەسەقفی ژوورەکەدا هەڵدەگەڕێ).

ئەوانە کۆمەڵە ڕستەیەکن لە دۆخی ئاسایی قسەکردندا نەگونجاون، بەلاّم لە دۆخێکی تایبەت بە خۆیاندا ڕستەی ئاساین لە ڕووی واتاوە، وەك لە دۆخی فلیمی کارتۆنیدا، تەواوی ئەو ڕستانە گونجاو و بێ گرفتن).

(پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح: ٢٠٠٧: ٤)

کەواتە گرنگە کە گوێگر، یان خوێنەر یەکسەر ڕستەکان ڕەت نەکاتەوە، بەڵکو لەو دەوروبەرە بکۆڵێتەوە کە ئەو ڕستانەی تێدا گوتراوە، بۆیە لە رووی واتاوە ناکرێت گرفت بۆ زمانی شیعری ساز بکرێت، چونکە ڕستە شیعرییەکان لە دۆخی تایبەتیی خۆیاندا کە دۆخی لادانە زمانییەکانە دەبنە ڕستەی واتادار، بەلاّم گرنگ ئەوەیە خوێنەر شارەزای دۆخەکە بێ و بزانێ جووڵە و گەشەی واتا تێیدا چۆنە.

## تەوەرەی هاونشینی و جێ نشینی:

ڕستەکانی قسەکردنی ڕۆژانە لە دوو ئاستدا لە بەکارهێنانی ئاسایی لادەدەن. کە ئاستی هاونشینی و جێنشینییە، لە هەریەکە لەم ئاستانەدا جۆرێك لە بەرجەستەبوون و لادان دروست دەبێت، ئەم بەرجەستەبوونەی زمان بە پێی تەوەرەکان بەم جۆرەن:

### ١-٣-٢-٢ زمانی شیعری لە ئاستی هاونشینی دا:

لەم ئاستەدا چەند دیاردەیەك ڕوودەدات کە بەگشتی لادانی ڕێزمانین:

**١. پێش و پاش کردنی کەرستەکان:**

لە ڕستەی ئاسایی زمانی کوردیدا بکەر لە سەرەتای ڕستەدا دێت ئینجا بەرکار و تەواوکەرەکان، ئینجا کار. شاعیر بۆ ڕێکخستنی ریتم وکێش لە شعرەکەیدا، یان بۆ مەبەستی ئێستێتیکی دەستکاری ئەو ڕیزبوونانە دەکات، بەڵام ئەو جۆرە لادانە ((ڕووکەش و تەنکە و پەیوەندی بەروخسارەوە هەیە و کار لە ناوەرۆکی بەرهەمەکە ناکا و لەم ڕووەوە لە هەڵەی ڕێزمانی دەچن)).

(پ.د. محەمەد مەعروف فتاح: ١٨:٢٠٠٧)

بۆ نمونە:أ/ ((ئاوازێکی لە گەرووتا
هەناسەی گۆرانییەکی ڕەنگ هەڵنەگرتوو
هەڵپە دەکا و....))

(فەرید زامدار: ٢٠٠٧: ٧٠)

گرێی (لە گەرووتا) بە پێی ڕێساکانی ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستە پێش بکەر کەوتووە.دەبوایە ڕستەکە بەم جۆرە بێ: هەناسەی گۆرانییەکی ڕەنگ هەڵنەگرتوو لە گەرووتا هەڵپەدەکا.

(بکەر + ئاوەڵگوزارەی شوێن + کار)

بەڵام ریزکردنەکەی شاعیر بەم جۆرەیە:

لە گەرووتا هەناسەی گۆرانیەکی ڕەنگ هەڵنەگرتوو
هەڵپەدەکاو...

(ئاوەڵگوزارە + بکەر + کار)

ب/ ((ناتبزوێنێت کوێربوونەوەی ئاگردانی / فریادی /
گەمارۆدانی /.............))

(نەوزاد ڕەفعەت: ٢٠٠٤: ١٣١)

لەم ڕستە شیعرییەدا گرێی کاری پێش گرێی ناوی خراوە. ڕیزبوونی ئاسایی کەرستەکان دەبوایە بەم جۆرە بێ:

کوێربوونەوەی ئاگردانی نا بتزوێنێت.

### ٢. خستنی هەندێ کەرستە:

لێرەدا شاعیر بەمەبەستی خۆپاراستن لە دووبارەکردنەوەی ڕستەکان، پەنا دەباتە بەر دیاردەی (خستن). ئەم دیاردەیەش بە پێی جۆری ڕستەکە و مەبەست شاعیر دەگۆڕێت. لە دێرەکەی پێشووی ئەم دیاردەیە ئاشکرایە، شاعیر لەو تەکنیکەدا هێڵی لاری بە کارهێناوە بۆ جیاکردنەوەی بەشە خستراوەکان وەك لە دێرەکەدا دیارە:

نابتزوێنێ کوێربوونەوە ئاگردانی / فریادی /
گەمارۆدانی /..............

ئەم دێرە سێ ڕستەی تێدایە کە ئەمانەن:

نا بتزوێنێ کوێربوونەوەی ئاگردانی (کوێربوونەوەی ئاگردانی ناتبزوێنێ)
نابتزوێنی فریادی (فریادی ناتبزوێنی)
ناتبزوێنی گەمارۆدانی (گەمارۆدانی ناتبزوێنێ)

هەندێ جار شاعیر خستن بە کاردێنێت، بەڵام تەنیا بەمەبەستی خۆ ڕزگارکردنە لە قاڵبی سواو، وەك:

هەن تەمەنیان باخچەیەکە
هەموو سەر لەبەیانییەك
گوڵێکی تیا دەپشکوێ

(نەوزاد ڕەفعەت: ٢٠٠٤: ١٢٠)

لە دێری یەکەمدا (بکەر) خستراوە. دەبوایە لەسەرەتای ڕستەکە بکەر هەبێ، بۆ نموونە:
هەندێ کەس هەن تەمەنیان باخچەیەکە.

بەڵام شاعیر خۆی لەو جۆرە ڕیزکردنە بە دوورگرتووە و بە خستنی بکەرەکە ڕستەکەی بەرجەستە و زەق کردووەتەوە.

### ٢-٢-٣-٢ زمانی شیعری لە ئاستی جێنشینیدا:

ئەم ئاستە تایبەتە بە چاڵە ڕێزمانییەکان. هەر چاڵێکی ڕێزمانی لە ڕستەیەکی دیاری کراودا دەتوانرێ یەك وشەی لێ دابندرێ، بەڵام هاوشێوەکانی ئەو وشەیە لە ڕووی جۆرو سیمای واتاییەوە هەموویان دەتوانن لەو چاڵە دابنشین. لێرەدا شاعیر لە جیاتی وشەی دیاریکراو وشەیەکی دیکە بە کاردێنێ بۆ خولْقاندنی دەلالەتی نوێ.

لەڕەوانبێژی کۆن دا ئەم کارە بە (خواستن) ناو دەنرا. خواستن سنووری خۆی هەبوو دەبوایە لە عورفی شاعیرانە دەرنەچێ، دەبوایە (لێکچوونێك لە نێوان دوو وشەکەدا هەبێ و پەیوەستێکیش هەبێ ئاماژە بە واتا بنەڕەتیەکە بکات).(السید احمد الهاشمی: ١٣٨٣: ٢٧١) پاشان بە دەستبەردانی شاعیران لە کەرستە سواوەکانی ڕەوانبێژی، جێگۆڕکێی وشەکان لەم تەوەرەیەدا بووە هۆی دروست بوونی ڕەمز، ڕەمزیش تائاستێکی زۆر گونجانێکی واتایی لەگەڵ کۆی سیاقەکەدا هەیە، بەڵام ئەوەی لە شیعری گرووپی (پێشڕەو)ی هەشتاکانی هەولێر سەرنج ڕاکێشە دیاردەی نەگونجانە، واتە بە کارهێنانی وشەیەك لە جێی وشەیەکی دیکە کە بە هیچ جۆرێك لە گەڵ دەوروبەرەکەی ناگونجێت. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك: ((منداڵەکە گوێی لە قیژەکە بوو.))

(پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح: ٢٠٠٧: ٩)

دەتوانی بڵێی: (منداڵەکە گوێی لە من بوو.) چونکە: (من) لە ڕووی سیمای واتاییەوە (+ دەنگ) ی هەیە.

(منداڵەکە گوێی لە بەردەکە بوو.)

ئەمەیان گونجاو نییە چونکە (بەرد) سیمای (+دەنگ)ی نییە، بەڵام لەوانەیە مەبەست (گوێ لێ بوونی بەربوونەوەی بەردەکە بێ، ئەو کاتە (بەرد) لە دۆخی بەربوونەوەدا سیمای (+دەنگ) پەیدا دەکات. بۆیە ڕستەکە لەو دۆخەدا پەسەندە، بەڵام ڕستەی (منداڵەکە گوێی لە ڕەنگەکە بوو.) ڕستەیەکی نەگونجاوە چونکە (ڕەنگ) کە سەر بەهەستی بینینە، هیچ پەیوەندییەکی واتایی نییە لەگەڵ (گوێ لێ بوون) کە هەستی بیستنە. ئەو نەگونجانە لادانی واتایی شیعرەکاندا دروست دەکات.

### ٣-٢-٣-٢ لادانی واتایی:

وەك لە بەشی یەكەمی ئەم كتێبەدا ئاماژەی بۆ كرا لادانی واتایی بە پێی لێكدانی كەرستەكانی ڕستە، سێ جۆری هەیە:

**١. لێكدانەكان لە ڕووی ڕێزمانەوە ڕاستن، بەڵام لە ڕووی لۆژیكەوە نالەبارن:**

بۆ نموونە: ((كۆترە ڕژاوەكان لە خەیاڵ گیربوون)).(جەلال بەرزنجی: ٢٠٠٣: ١٠١) ئەم ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانەوە ڕستەیەكی گونجاوە. واتە ڕیزبوونە ئاسۆیی یەكەی ڕێك و گونجاوە و هیچ ئالوگۆڕێك لە شوێنی كەرستەكان نەكراوە، بەڵام لە ڕووی لۆژیكەوە ڕێك نییە. ئەمەش چونكە لە تەوەرەی جێنشینیدا دوو گۆڕانكاری كراوەو كەرستە نوێیەكان لەگەڵ دەوروبەریان ناگونجێن. ئەوانیش:

أ. وشەی (ڕژاو) كە دیارخەری وشەی (كۆترەكان)ە، دەبێ لە گەڵ وشەیەك بە كاربێت كە سیمای (-زیندوو)ی هەبێ، بەڵام كۆتر سیمای (+زیندوو)ی هەیە و گیاندارە.

ب. وشەی (خەیاڵ) كە ئاوەڵگوزارەی شوێنی دروست كردووە، سیمای (-بەرجەستە)ی هەیە، لە كاتێكدا (شوێن) بەگشتی سیمای (+بەرجەستە)ی هەیە.

**٢. لێكدانەكان لە ڕووی ڕێزمانەوە ناراستن، بەڵام لە ڕووی لۆژیكەوە لە بارن.**

بۆ نموونە:

((ئێستاكەش هەر سازگارە ئاوی؟

وەكو خۆی پڕ ڕووناكییە كۆشكی بوخارا؟))

(دڵشاد عەبدۆڵڵا: ٢٠٠٥: ٣٢)

ئەو ڕستە شیعرییانە لە ڕووی لۆژیكەوە ڕستەی گونجاون و مەبەستیان روونە، بەڵام لە ڕووی ڕیزبوونی كەرستەكانەوە لادانی تێدایە، بكەری ڕستەكان كەوتووەتە كۆتایی لە كاتێكدا دەبوایە بەم جۆرە بێت:

ئێستاكەش ئاوی هەرسازگارە ؟

دەست و پەنجەكانی بێ ئەندازە ناسك و شل ماوە ؟

..............................................

كۆشكی بوخارا وەكی خۆی پڕ ڕووناكییە ؟

**٣. لێکدانەکان لە ڕووی ڕێزمان و لۆژیکەوە نەگونجاوبن**.بۆ نموونە:

ئەو مایـنەی خۆی پـەڕاندەوە ١

لە جێی خورانی مـن ڕوام ٢

................................

کەمرد بووە ساقۆپەمۆ ٣

وەرەمدار قورِ

٤□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□

□(ئەنوەر مەسیفی: ٢٠٠٥: ٦٩)

□

لەم چەند ڕستە شیعرییەدا هەردوو جۆری لادانەکە بەزەقی دەردەکەون. لە ڕستەی دووەمدا جێگۆڕکێ بەڕیزبوونی کەرستەکان کراوە، ڕاستەکەی (من لە جێی خورانی ڕوام)ە.لە ڕستەی سێیەمدا دیارخەر پێش دیارخراو کەوتووە، ئامرازی (ی)ش (خستراوە)، ڕاستەکەی (قوڕی وەرە مدار)ە. کەواتە ڕستە شیعرییەکان لە ڕووی زمانەوە دەبوایە بەم جۆرەبن:

ئەو مایـنەی خۆی پەراندەوە

من لە جێی خورانی ڕوام

...................................

کە مرد بووە ساقۆی پەمۆ

قوڕی وەرەمدار

لە ڕووی لۆژیکیشەوە لادانی واتایی زۆری تێدایە، لە ڕستەی دووەمدا (من ڕوام)، (من) کراوتە ڕووەك، واتە سیمای (+ڕووەك)ی پێدراوە. ڕستەی سێیەمیش (قوڕ) کراوەتە زیندەوەر، واتە سیفەتی (زیندەوەر)ی پێ دراوە چونکە (وەرەمدار) سیفەتی کەسی زیندووە، مرۆڤ بێ، یان ئاژەڵ.

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە شێوازگەری لەو بەکارهێنانە تایبەتییانەی زمان دەکۆڵێتەوە کە شاعیر بۆ مەبەستی ئێستێتیکای شیعرەکانی پەیرەوی دەکات، کاریگەری ئەو بەکارهێنانە تایبەتییەش لە سەر واتای شیعرەکە زۆر زەق و ئاشکرایە، ئەمەش لە باسی سێیەمی ئەم بەشەدا لێی دەکۆڵرێتەوە.

## ٢-٣ زمانی شیعری لەڕووی ڕەخنەی سیمیۆلۆژییەوە:

### ٢-٣-١ زمانی شیعری و دەلالەتی وشەکانی (سیمانتیك):

لە باسی زمانی شیعری لە ڕووی دەلالەتی وشەکانەوە دەبێ هەندێ دیاردە بخرێتە ڕوو، وەك:

#### ٢-٣-١-١ فێڵدە واتاییەکان:

وشەکانی زمان شێوەیەك لە دۆستایەتیی واتایی لەنێوانیاندا هەیە بەشێوەیەك زۆرجار بە چەند وشەیەك دەتوانن وەسفی هەمان شت بکەن، هەر وشەیەك لەڕوویەکەوە وەسفی شتەکە دەکات. ئەم دیاردەیە هەموو وشەکانی زمان ناگرێتەوە. زۆر وشە هەن کە لەگەڵ یەکتریدا ناسازن، بۆ نموونە کە شتێکت بە جوان دانا ناکرێ بڵێی ناشیرنە، بەڵام ((وشەی: شەق، زللە، مستەکۆڵە،دارکاری، بەردەباران...هتد هەموویان بۆ یەك کێڵگەی واتایی دەگەڕێنەوەکە دەتوانین ناوی بنێت (لێدان) لەکوردیدا)) (پ.د.محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٩٠: ١٧٣). کەواتە کێڵگەی واتایی ئەوبوارە واتاییەیە کە کۆمەڵێك وشە تێیدا هاوبەشن. کۆبوونەوەی وشەکان بەدەوری کێڵگەیەکی واتاییدا ڕەمەکی نییە، بەڵکو لەئەنجامی هاوبەش بوونیانە لە لەهەندێ وەسف دا، ئەم وەسفانەش پێیان دەگوترێ سیما واتاییەکان.

#### ٢-٣-١-٢ سیما واتاییەکان:

هەر وشەیەك خەرمانەیەکی واتایی بەدەورەوە هەیە، ئەویش کۆمەڵە تایبەتمەندییەکە ئاماژە بۆ سنووری واتای وشەکە دەکات، هیچ وشەیەك لەگەڵ وشەیەکی تر لەهەموو تایبەتمەندییەکاندا وەك یەك نابن، ئەگەر وەك یەك بوون هاوواتایی دروست دەبێ، بەڵام هەندێ وشە لەنێو خۆیاندا لە هەندێ تایبەتمەندیی واتاییدا هاوبەش دەبن. ئەو تایبەتمەندییانە بە سیما واتاییەکان ناودەنرێت. بۆنموونە وشەی (پیاو) لەگەڵ وشەی (کوڕ) لەهەندێ سیمادا هاوبەش و لەهەندێکیشدا جیاوازن:

پیاو:<+مرۆڤ +هەراش +نێر>

کوڕ: <+مرۆڤ -هەراش +نێر>

بەڵام دوو وشەی (فرمێسك) و(ئەسرین) لە هەموو سیماکاندا هاوبەشن:

فرمێسك: <+شل +سوێر+لەچاو دادەڕژێ>

ئەسرین: <+شل +سوێر +لەچاو دادەڕژێ>

بۆیە فرمێسك = ئەسرین

لەشیعردا کۆمەڵێك وشەو ئاماژەی هاوسیمای واتایی کۆدەبنەوە و بە هەموویان فێڵدی واتایی دروست دەکەن،هەر دەقێکی شیعریش چەند فێڵدێکی واتایی تێدایە، فێڵدە واتییەکانیش بنیادی واتایی دەقەکە پێکدەهێنن.

بەکار هێنانی وشە لە شیعردا بەکارهێنانێکی ئازادە، واتە شاعیر پەیوەست نییە بەگونجان و نەگونجانی وشە لەگەڵ دەوروبەرەکەی، ((لەزمانی شیعردا شاعیر کار لەسەر ئەوە دەکات کە هێماکان لە هێما بۆکراوەکان دووربخاتەوەودەلالەتی نوێ بداتە وشەکان)) (جورج مولینیە: ٢٠٠٦: ١٦). لەوکاتەشدا وشە لە ئەرکە فەرهەنگییەکەی دەردەچێت و دەبێتە(سیمبوڵ) ڕەمز.

## ٣-١-٣-٢ ڕەمزو جۆرەکانی ڕەمز [31]:

بوونی ڕەمز لەشیعردا ئەو دیاردەیە بوو کە تەکانێکی نوێی بەڕەخنەی ئەدەبی دا، چونکە لە شیعرە کۆنەکاندا ڕەمز بەو بوونە چڕەی سەدەی بیستەم بوونی نەبوو، ئەو ڕەمزانەش کە هەبوون ئەوەندە سواو بوون بە جۆریك لە ڕەمزێتی دەرچووبوون و ببوونە هێما(دال) بۆ زنجیرە (مەدلوول)ێك یان بۆ سەربردەیەك کە هەر لەگەڵ بیستنی ئەو ڕەمزە، خوێنەر سەربردەکەی دەهاتە بەرەزاو.

ڕەمز بەواتایە فەلسەفییەکەی ((شتێکی بەرجەستەیە ئاماژە بۆ شتێکی واتایی دەکات، لێکچوونێکیش لەنێوان هەردووکیاندا هەیە)) (اسماعیل رسلان: ؟: ٥). لەکردەی بەڕەمز کردنی وشە لەناو شیعردا (شاعیر وشەیەك، یان دەربڕینەك بەکاردێنێ کە بوونی هەبێ و بەرجەستەبێ بۆ شتێك کە، یان بوونی بەرجەستەی نەبێ، یان ئەگەری بەرجەستە بوونی کەم بێ، گرنگ لەکارەکەدا ئەوەیە واتایەك خۆی لەپشت بەکارهێنانەکە حەشاردابێ).

(کارلوس یوسونیو: ٢٠٠٥:١١٧).

---

٣١- بۆ پێناسەکانی ڕەمز بڕوانە: نامەی ماستەری (ئاسۆ عومەر مستەفا) بەناونیشانی (بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ سالح و گۆران)، ٢٠٠٧، لا: ١١٦ — ١١٨.

هەموو کارێکی ئەدەبی کۆمەڵێك ڕەمزی تێدایە، بەڵام تا ڕەمزەکان زۆرتربن ئەوەندە زیاتر زمانی دەقەکە بەرەو زمانی شیعری دەڕوا. شاعیر ڕەمز بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی شان لە شانی بیرە پەتییەکان (ئەبستراکت) بدات. بیرە پەتییەکان ئەو بیرانەن، یان ئەو حەزو ئاواتانەن کە ئاشکرا نابن و بەبەرجەستەیی ناکەونە بەر چاوان، ئەمەش چ بەهۆی ترس، ترسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئاینی، یان لەبەر فەوتان، فەوتانی ئەو پیرۆزییەی لە (تەجرید)بوونی بیرۆکەکاندا هەیە بەجۆرێك کە ئەگەر بەرجەستە بن ئیتر پیرۆزی و چێژی ئەدەبیان نامێنێ، لێرەشدا ڕێژەی ڕۆمانسیەتی شیعری دەبێتە سفر، چەنکە شاعیر هەموو بیر و حەزەکانی لەشیعرەکەدا بەدەست دێ، ئەمەش پێچەوانەی سروشتی شیعرە کە هەردەم پڕە لە حەزی کامڵ نەبوو و لەبیری ناکام، بۆیە ڕەمز نوێنەری هەموو ئەو حەزو بیرانەیە کە نایانەوێ ئاشکرا بن.

ڕەمز پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ خوازەدا هەیە، بەجۆرێك ((ناوەرۆکی خوازە پێکدێنێ و بەپێی پەیوەندییەکانی نێو دەق دەسەڵاتی بەسەردا هەیە، بەجۆرێك هەموو خوازە بەکارهاتووەکان لەخزمەتی ڕەمزدان، ئەمەش ڕۆڵی گواستنەوەی ئیحاکانی بۆ وەرگر هەیە))

( هێمن عومەر ئەحمەد: ٢٠٠٨: ١٧٤).

بەم جۆرە ڕەمزەکان دوور نابن لە تێگەیشتنی خوێنەر و لەتۆڕی بنیادی واتای شیعردا ڕۆڵی واتایی هەموویان دەردەکەوێت لە ڕەنگاوڕەنگ کردنی شیعردا.

**ڕەمز چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە:**

**١- ڕەمزی کۆمەڵایەتی:**

ئەو جۆرە ڕەمزەیە کە کۆمەڵگا بەگشتی لەسەری کۆکە و سیمایەکی نێو نەتەوەیی هەیە وەك ((کۆتر ڕەمزی ئاشتییە، ڕەنگی سوور ڕەمزی ترسناکییە)) (د.عبدالهادي عبدالرحمان: ٢٠٠٨: ١٦)

**٢- ڕەمزی مێژوویی:**

ئەو ڕەمزانەن کە لەڕووداوە مێژووییەکان وەردەگیرێن جا چ ناوی کەس بن، یان ناوی شارو دێهات، یان ناوی ڕووداوێکی دیاری کراو وەك پەیماننامە سیاسیەکان. بۆ نموونە ((قەڵای دمدم)) ڕەمزی خۆڕاگرییە لای کورد.

**٣- ڕەمزی ئەفسانەیی:**

ئەو ڕەمزانەن کە لەئەفسانە میللییەکان وەردەگیرێن و واتا لەخۆیاندا حەشار دەدەن. وەك (شێخی سەنعان) ڕەمزە بۆ عیشقی پاك.

**٤- ڕەمزی کەسی:**

ئەو جۆرەیان تایبەتە بە داهێنانە کەسیەکان لەبواری ڕەمزدا، زۆربەی ڕەمزە بەکارهاتووەکانی شیعری شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر ڕەمزی کەسین. واتە شاعیر خۆی دەزانێ ئەو وشەیەی بۆ لەو جێگایەدا بەکارهێناوە و پێشتر کۆدەنگییەك نەبووە لەبارەی بەکارهێنانی. (ڕەمزە کۆنەکان ڕەمزی گشتیبوون، هەموو شاعیرێك بۆهەمان مەبەست بەکاریدەهینان، هەر لەبەر ئەوەش بوونە ڕەمزی سواو، بەڵام ڕەوتی نوێگەری وەك ئەوەی لەبواری فۆرمی شیعر کەرستەی نوێی داهێنا، بەهەمان شێوە گۆڕانی لەبەکارهینانی ڕەمزیش بەرپا کرد، ئەویش بەهاندانی شاعیر بۆ دروستکردنی ڕەمزی تایبەتیی خۆی)

(د.علی جعفر العلاق: ٢٠٠٣:٤٧).

شاعیر ڕەمزی کەسی بە دوو شێواز دروست دەکات. یەکەمیان: بە بەکارهێنانی نوێی ڕەمزە کۆنەکان، ئەم کارەش لە لادانی واتایی نزیك دەکەوێتەوە. دووەمیان: بە خوڵقاندنی ڕەمزی نوێ، ئەمەش لێڵی زمانی شیعری لێدەکەوێتەوە.پەیوەندی زمانی شیعری و زانستی سیمانتیك لە دوو ئاستە:

یەکەمیان: **ئاستی دەلالەتی وشەکان**، ئەمەشیان لە زمانی شیعردا وەك کردەی بەڕەمز کردنی (دال) ەکان دەردەکەوێت و باسی لێوەکرا.

دووەمیان: **ئاستی دەلالەتی ڕستە**، ئەویش لە بابەتی (پراگماتیك) دا باسی لێوە دەکرێت.

## ٢-٣-٢ زمانی شیعری و واتای ڕستەکانی:

ڕەخنەی سیمیۆلۆژی گرنگی بە واتای شیعرو بنیادە واتاییەکانی دەدات، وشە لە ئاستی فەرهەنگدا واتایەکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام لە ناو قسەکردندا بەپێی سیاقی قسەکە واتای نوێ وەردەگرێت، لەدەقی شیعریشدا ئاستی واتا نوێیەکان زۆرتر دەبێت، کەوابێ واتای وشە

بەپێی ناوەندی بەکارهێنانەکەی دەگۆڕێت، وەك (فتجنشتاین)[32] لەبارەی چەمکی واتای سیاقی دا دەڵێ: ((لێکدانەوەی واتای وشە بە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی دەکرێت، پشت دەبەستێ بەو دۆخە جیاجیایانەی کەوشەکەی تێدابەکاردێ، وشەکان لەخودی خۆیاندا وەك مردوو وان، بەکارهێنانیان لە سیاقدا دەیانژیێنیتەوە)).
(عبدالعزیز موافی: ٢٠٠٨:٢٢٩)

لەپێناو ڕوونکردنەوەی وردەکاریەکانی واتای شیعردا، ئەم تەوەرەیە بۆ چەند سەرباسێك پۆلین دەکەین:

### ٢-٣-٢-١ واتای ئاشکراو واتای پەنهان:

واتای ئاشکرا ئەو واتایەیە کە لەسیاقی دەق دەردەکەوێت، ئەمەش لە ئەنجامی پەیوەندی ئاستەکانی دەنگ و بڕگەو ڕۆنانی وشەکان و مۆسیقای ڕستەشعرییەکان.
(مرادعبدالرحمن مبروك: ١١٤: ٢٠٠٢)

واتای ئاشکرا: مەرج نییە بەیەکەم خوێندنەوەی دەق دەربکەوێت، مەبەست ئەوەیە واتای ئاشکرا وەك واتای فەرهەنگی ئامادە نیە، بەڵکو زۆرجار دوورەدەستەو لەپشت ڕەمزو بنیادە جیاجیاکانی دەق شاردراوەتەوە.

واتای پەنهان: ئەو واتایانەن کە لەدەرەوەی پەیوەندییە زمانییەکانی ناو دەقەوە هەڵدەقوڵێن، واتە لە ئەنجامی پەیوەندی دەق بە بوارەکانی دەروونی شاعیرو باری کۆمەڵایەتی و باری ئابووری و ڕامیارییەوە ئاشکرادەبن، ئەمەش واتایەکە ڕاستەوخۆ دەست ناکەوێت، بەڵکو پێویستی بە گۆشەنیگای ڕەخنەیی جیاواز هەیە بۆئەوەی هەڵبهێنجرێت.
(د.محمد محمد یونس علی: ٢٠٠٧:١٦١)

---

٣٢ - لودفیج فتجنشناین (١٨٨٩- ١٩٥١): فەیلەسووفێکی هاوچەرخی بواری فەلسەفەی شیکارییە، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بیری فەلسەفەیی سەدەی بیستەمدا هەبووە، دووکتێبی گرنگی هەیە کە وەرگێڕداونەتە سەر زمانی عەرەبی بەناوی (رسالە منگقیە فلسفیە) و(بحوپ فلسفیە). (د.فیصل غازی مجهول : ٢٠٠٩، ٣).

قوتابخانەکانی وەك بنیادگەری پێکهاتەیی و ڕەخنەی دەروونشیکاری گرنگییان بە واتای پەنهان داوەو لەم لێکۆڵینەوەیەدا گرنگی پێ نادرێت، چونکە لەدەرەوەی هەوڵە زمانەوانییەکانە.

واتای ئاشکرای دەق لەناو خودی زماندایە و بەدەرەوە نابەسترێتەوە، وشەکان لەناو ڕستەدا بەزنجیرە ڕیزدەبن و هەر وشەیەك لەڕووی واتاوە خۆی لەگەڵ دەوروبەرەکەی دەگونجێنێ. لەقسەی ئۆتۆماتیکی دا هەر وشەیەك خۆی لە نەگونجان دوور دەخاتەوە بۆ ئەوەی دەربڕینێکی ڕوونی ببێ، بۆ نموونە:

١- ئۆدیب دەیویست جۆکاست لەخۆی مارەبکات.

٢- ئۆدیب دەیویست دایکی لەخۆی مارەبکات.

ئەو دوو ڕستەیە هەردووکیان ڕاستن بۆ کەسێك کە بزانێ (جۆکاست = دایکی ئۆدیب) (روبیرمارتان:٢٠٠٦: ٥٤)،بەڵام لەڕستەی دووەمدا وشەی (دایك) لەگەڵ دەوروبەرەکەی ناگونجێت کە(ئۆدیب) بکەری ڕستەکەیەو سیمای (+کوڕ)ی هەیەو کاری ڕستەکەش (مارەکردن)ە، بۆیە ڕستەی دووەم ناگوترێت و ڕستەی یەکەم پەسەندە. لەزمانی شیعریدا ئەو ڕوون بوونە مەرج نییە بمێنێ چونکە زمانی شیعر لەئاستی پراگماتیکی دا بەرجەستە دەبێت.

## ٢-٢-٣-٢ پراگماتیك.

زانستی (واتاسازی) دوو ئاستی هەیە، یەکەمیان ئاستی وشە (سیمانتیك) ئەم بەشەیان لە واتای وشە دەکۆڵێتەوەو گرنگی بە کێڵگە واتاییەکان و سیمای واتایی وشەکان دەدات. ئاستی دووەم (پراگماتیك)ە کە ئاستی ڕستەیە. پراگماتیك((لێکۆڵینەوەیە لەواتا بەپێی قسەکەر و گوێگر و دەوروبەر، واتە لێکۆڵینەوەی لایەنی دەرەوەی زمانە و گرنگی بەو واتایە دەدرێت کە لەکاتی بەکارهێنان و پەیوەندی کردن بەکاردێت)) (عبدالسلام نجم الدین:٢٠٠٧:٧١). ڕستە بەپێی بەکارهێنانی لەژینگەی دەرەوەی زماندا واتای جۆراوجۆر پەیدا دەکات کە قسەکەر و گوێگر بەپێی بارودۆخی قسەکردنیان لەیەکتری تێدەگەن. بۆنموونە ڕستەی (ئێستا نان دەخۆین.)

ئەم ڕستەیە چەندان واتا دەگەیەنێ لە دۆخی جیا جیادا، وەك:.

١- وەڵامدانەوەی کەسێکە لە تەلەفۆن کە بپرسێ (ئێستا چی دەکەن؟).

٢- داواکردنی باوکە لەمنداڵەکەی کە پێش نان خواردن دەستی بشوات.

٣- دایك ناهێڵێ منداڵەکەی لەو ساتەدا گەمەبکا، چونکە کاتی نان خواردنە.

٣- کەسێك دەیەوێت کارێك ئەنجام نەدات بۆ بەرامبەرەکەی چونکە دەست بە، نان خواردن دەکات.

(مارغوت هاینمان و فولفغنغ هاینمان:٢٠٠٦: ١٣١)

زۆربەی دەربڕینەکورتەکانی قسەکردنی ڕۆژانە چ وەلاّم بن یان سەرسوڕمان،لەدۆخی پراگماتیك دان.زۆربەی جۆرەکانی (درکە) کە لە کاتی قسە کردندا بەکاردێت دەچێتە ئاستی پراگماتیکەوە، بۆنموونە کە کەسێك نابەرپرسانە و بەناشیرنی لەشوێنێکی نەگونجاو هەڵس و کەوت دەکات و ڕێز بۆ کەسەکان و شوێنەکە دانانێت، خەڵکی تەنیا بە یەك دەربڕینی (بەهارە!) سەرنجی خۆیان بەرامبەری دەردەبڕن، ئەویش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو کەسە وەك ئاژەڵ هەڵس و کەوت دەکات، چۆن ئاژەڵ لەبەهاردا تەڕاتێن بە ناو و گیاو گوڵدا دەکات و دەگەوزێت، ئەویش هەر بەم جۆرەیە.

زمانی شیعری بەگشتی زمانێکی پراگماتیکییە، چونکە هێماکان بەواتایەکی تر دەردەبڕدرێن و ڕستەکان لەمەبەستی ڕووکەشیان دوورن ((واتای پراگماتیکی واتایەکی نائاساییەو پابەندی(چالاکی) و (بنەما)یەو یاسا دەبەزێنێ بۆ واتایەکی قووڵتر... واتای سیمانتیکی بریتیە لە(واتای فەرهەنگی + کاریگەری ڕێزمانی)، بەلاّم واتای پراکماتیکی بریتیە لە(واتای سیمانتیکی + واتای دەوروبەر)) (عەبدولواحید مشیر دزەیی:؟: ٦ ).

ئاستی پراگماتیك ئاستی لێکۆڵینەوەی واتایە لە ڕستەدا، بەلاّم دەقی شعری ڕایەڵەی واتایی فراوانتری هەیە لەچاو یەکەی(ڕستە)، ئەویش ڕایەڵەی بنیادی واتاییە لەئاستی دەق دا.

### ٣-٢-٣-٢ بنیادی واتایی و چوارگۆشەی گریماس:

**و**اتای دەقی ئەدەبی (شیعر) یان (پەخشان) تێکەڵەیەکی ڕەمەکی نییە. لێکۆڵینەوەکانی بواری واتا سازی دەریانخستووە کە واتاکانی نێو دەق پەیوەندییەکی تەواوکاری بە یەکیانەوە دەبەستێ بە جۆرێك کە (تۆڕێکی زیندوو لە جووڵەی واتایی لە بنیادی دەقەکەدا هەیە هەموو واتاکانی دەقەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە و هەریەکەیان لایەنی شاراوەی ئەوی تر روون دەکاتەوە).

(د.ابراهیم محمود خلیل:٢٠٠٣: ١٠٦)

لەم بوارەدا لێکۆڵینەوە لە بنیادی واتا دەرکەوت، واتە میتۆدی بنیادگەری بە کارهێنرا بۆ ئاشکراکردن و دۆزینەوەی بنیادی واتا. زانا گریماس (A.J.Gerimas) کتێبی (بنیادی واتایی) لەساڵی(١٩٦٦) بلاّوکردەوەو تێیدا هەوڵدەدات کە (ئەو کارەکتەرو دانە گرنگانە بدۆزێتەوە کە سنووری گشتی واتا دیار دەکەن لە دەقداو ئەم کارەشی لە سەر ژانری رۆمان جێ بە جێ کرد).


(تری ایگلتون:١٣٦٨: ١٤٣-١٤٤)

گریماس بناغەی کارەکەی لە سەر بیرۆکەی (دژیەکی) داناوە کە لە کاری ئەدەبیدا زۆر زەقە (د.ابراهیم خلیل:٢٠٠٢:٩٤)، میتۆدەکەی گریماس بۆ شیعر زۆرگونجاوە، چونکە (دژیەکی) لە شیعردا زەقترە لە چاو ژانرەکانی دیکەی ئەدەب.

**ئەو دوانە دژیەکانەی کە کاری لە سەر کردوون ئەمانەن:**

(ئەرك× قەدەغە)، (دڵنیا بوون × دڵنیا نەبوون / دڵەڕاوکێ)، (پێویست × ئەستەم)،(راستی × پووچەڵ)

یاسایەکی گشتی بۆ تەواوی دژ یەکەکان داناوە کە دەکرێت هەر دوانەیەکی دژیەکی تر هەبێ لە میانەی یاسایەکە دابنرێت، یاسایەکەش بە (چوار گۆشەی گریماس) ناسراوەو بەم جۆرەیە:





ژێرەوەی دژیەکی (دەرەنجامی واتایی)

(احمد مداس:٢٠٠٧ :٢٧)

ئەو دوانە دژیەکانەی کە باس کران بە پێی ئەم هێڵکاری یە بەو جۆرەی خوارەوە دەردەکەوێ:

## ١ – دوانەی (پێویست ×ئەستەم)




(احمد مداس :٢٠٠٧ : ٢٧)

شاعیر هەوڵی ئەوە دەدا شتی ئەستەم ئاسایی بکات، لەم چوار گۆشەیەدا،بۆ ئاسانی راڤەکردن لای راستی ناو دەنێین (A) و سەرەوەی (B) و لای چەپی (C) و ژێرەوەی (D).هەڵبەتە ئەم ناونانە لە خودی کارەکەی گریماس و سەرچاوەی لێوەرگیراودا نییە، بەڵام ئاسانی راڤە کردنەکە پێویستی دەکات.


لە پەیوەندی (A) دا ئەو شتەی کە (پێویستە ببێ) لە بەرامبەردا بوونەکەی (ئاسایی) یە، ئەمەش (سەلماندن) ە.

لە پەیوەندی (B) دا ئەو شتەی (پێویستە ببێ) لە بەرامبەردا بوونەکەی (ئەستەمە)، ئەمەش دژیەکییە.

لە پەیوەندی (C) دا ئەو شتەی کە بوونی (ئەستەمە) روودانەکەی(رێکەوتە)، ئەمەش (نەفی) روودانەکەیە.

لە پەیوەندی (D)دا دەرئەنجامە واتاییەکە دوانەیەکی دژیەکی یەکجار بەهێزە دروست بووە، ئەویش (ئاسایی × رێکەوت). واتا رووداوێکە هیچ رێگرییەکی لە بەردەم دا نییە، بەڵام بەرێکەوت ڕوودەدا.

## ٢ – دوانەی (راستی × پووچەڵ):




(احمد مداس :٢٠٠٧ : ٢٧)

لەم چوار گۆشەیەدا دژیەکەکان تەوەرەیینە بە شێوەی (×)، پەیوەندییەکانیشی بەم چەشنەیە:


A- بوونێك دەرنەکەوێت، ئەمە پەیوەندی نهێنییە.

B- بوونێك دەرکەوێت، ئەمە راستییە.

C- نەبوونێك دەرکەوێت، ئەمەدرۆیە.

D- نەبوونێك دەرنەکەوێت، ئەمە واتایەکی پووچەڵە.

### ٣- دوانەی (دڵنیابوون × دڵنیانەبوون):




(احمد مداس: ٢٠٠٧ : ٦٠)


A: ئەو کارەی کە لێی دڵنیای، ئەگەر لە روودانیدا نییە. (ئاراستەی سەلماندن).

B: ئەو کارەی لە روودانەکەی دڵنیای، ئەگەر لە روودانی هەیە (دژیەکی).

C: ئەو کارەی ئەگەر لە روودانەکەی دانییە، دڵنیانی رووبدا. (نەفی روودەدات)

D: دەرەنجامی واتایی چوار گۆشەکە، دوانەی دژیەکی (نائەگەرەکی × دڵنیانەبوون)ە، واتە (ئەگەر) لەروودانەکەدا نییە، بەلاّم دڵنیابوونیش لەئاست رووداوەکەدا نییە، ئەمەش دڵەڕاوکێیە.

**٤- دوانەی (ئەرك × قەدەغە):**




(احمد مداس:٢٠٠٧ :٦٠)

A: ئەو شتەی ئەرکە ئەنجام دانەکەی ڕێ پێدراوە،. (سەلماندنی ڕاستییەکە)
B: ئەو شتەی ئەرکە ئەنجام دانەکەی قەدەغەیە، (دژیەکی)
C: ئەو شتەی قەدەغەیە،مرۆڤ سەرپشکە لە ئەنجام دانی. (نەفی ڕاستییەکە)
D: ئەوشتەی ڕێ پێدراوە، مرۆڤ سەرپشکە لە ئەنجام دانی، ئەمەیان دەرەنجامی واتایی چوار گۆشەیە.

لێرەدا چوارگۆشەکانی گریماس بە پێی سەرچاوە بە کارهاتووەکان تەواو بوو، بەڵام لە گۆشەی چوارەم) D (لە(پەیوەندی پووچەڵ) دا سەرنجێکی واتایی گرنگی هەیە تێکەڵ بە هونەری (جوانی بایس) دەبێتەوە.

**٤-٢-٣-١ پەیوەندیی پووچەڵ و جوانی بایس:**

جوانی بایس لقێکی زانستی جوانکاری گوزارەییە، لە سەر دوو بنچینە دادەمەزرێت:

ا-بوونی دیاردەیەك.

ب-لێکدانەوەو دەست نیشان کردنی هۆکاری دیاردەکە.

بە پێی ئەم دوو بنچینەیەش چوار جۆری (جوانی بایس) دروست دەبن:

١-دیاردەکە بوونی هەبێ و هۆکاریشی هەبێ، بەڵام شاعیر هۆکارەکە دەگۆڕێت.
٢- دیاردەکە بوونی هەبێ و هۆکاری نەبێ، شاعیر هۆکارێکی بۆ دەست نیشان دەکات.
٣-دیاردەکە بوونی نەبێ و شاعیر بیخوڵقێنێ، بەڵام بیبەستێتەوە بە هۆکارێکی ترو سەلماندنێکی گونجاوی بۆ بکات.
٤-دیاردەکە بوونی نەبێ، هیچ هۆکارێکیش نەبێ کە پێوەی پەیوەست بکرێ، بەڵام شاعیر هەردووکیان بخوڵقێنێ.

بە پێی دابەشکردنی لۆژیکی دەبێ جۆری چوارەم بوونی هەبێ. بەڵام لە سەرچاوە کۆنەکانی بەلاغەی عەرەبی وەك پێویست گرنگیی پێ نەدراوە[٣٣]، هەروەها لە سەرچاوە نوێیەکانیش دا بە هەمان شێوە[٣٤]. سەرچاوە کوردییەکانی ڕەوانبێژیش وەکو پێویست گرنگییان پێنەداوە[٣٥]. ئەم جۆری چوارەمە کە (نە دیاردەکە بوونی هەبێ و نەهۆکارەکەش مەعقول بێ)، ئەمە لە (پووچەڵ/ زەیف) زیاتر نییە کە گریماس لە پەیوەندی D لە دوانەی هاودژی (ڕاستی × پووچەڵ)دا باسی کردووە، بەڵام لە ڕووی شیعرییەوە وێنەی یەکجار بەرزو جوان دروست دەکات و بنیادێکی واتایی یەکجار کاریگەرە. بۆ نموونە لەم دێرەی (نالی)دا:

گەرنییە ئاور لە سینەمدا بە تاو
بۆ چ لە بەر قوڵقوڵ غەریقی ئاوم ئەز

(مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم: ١٩٧٦: ٢٢١)


---

٣٣ - بروانە: أ/ العلاّمة تفتازاني، مطوّل على التلخيص، ص:٤١٦- ٤٤٠.
ب/ محمد بن عبدالرحمن،تلخيص:تلخيص زبدةالمفتاح للسكاكي،ص:١٤٦.
ث/ الخطيب القزويني، الأيضاح في علوم البلاغة-المعاني والبيان والبديع- مختصر تلخيص المفتاح، ص:١٩٢- ٢١٠.

٣٤ - بروانە: أ/ أحمد الهاشمي، جواهر البلاغة،ص:٣٧١.
ب/ احمد مطلوب (د.) و كامل البصير(د.)، البلاغة والتطبيق، ص:٤٣٣.
ث/ علي الجارم ومصطفى امين،البلاغةالواضحة، ص: ٢٨٨- ٢٩١.

٣٥ - بروانە: أ/ عەلائەدین سەجادی،خۆشخوانی، لا:٧٦.
ب/ عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا،لا: ٨٦.
پ/ مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەدیع و عەرووزی نامی، لا:٢٣.

ئەم دێرە دوانەیەکی دژیەکی بەرامبەر یەکتری کردووەتەوە، دوانەی (ئاگر × ئاو)، لە چوار گۆشەی گریماسدا دەکرێ بەم جۆرە بەرامبەریان بکەینەوە:




لەو دێرەی سەرەوەدا شاعیر باس لە دیاردەیەکی ڕاستەقینە دەکات ئەویش ئەوەیە کە لەبەر ئاگری ناخی، ئاوی چاوەکانی دەکوڵێن و لەبەر قووڵ قووڵی فرمێسکی خەریکە بخنکێ. دیارە ئەو دیاردەیە لەسەرەوەی چوارگۆشەکەدا ڕاستەقینەیەو ئەوەیە کە شاعیر دەیەوێ ئێمە باوەڕی پێ بکەین، شاعیر توانای ئەوەی هەیە راستەقینە دروست بکات، چونکە(ڕاستەقینە لەزماندا جیاوازە لەگەڵ ڕاستە قینەکانی لۆژیك) (روبیرمارتان:٢٠٠٦: ٢٢٢) بەڵام ئەو نهێنییەی کە ئاو و ئاگر بەردەوام لای شاعیر بە ئامادەیی دەهێڵێتەوە وەك لە پەیوەندی (نهێنی) دەردەکەوێ (بوونی ئاگر/دەرنەکەوتنی ئاو)ە ئەمیش ئەو واتایە ئاشکرا دەکات کە شاعیر بەردەوام دەسووتێ، بەڵام ئەو ئاوەی کە دەبێ بیکوژێنێتەوەکە(ویصال)ە دەستی ناکەوێ، بۆیە کردەی سووتان دینامیکی و بەردەوامە. لێرەدا ئومێدێك هەیە کە وادەکا شاعیر لەو سووتانە بەردەوامەدا نەبێتە خەڵووز، ئەویش لە پەیوەندی تەوەرەیی (دەرنەکەوتنی ئاو × دەرکەوتنی ئاو) دا دەردەکەوێ کە شاعیر بەردەوام ئومێدی هەیە کە ئەو ئاگرەی بکوژێتەوە، دیسانەوە هەردوو پەیوەندییە تەوەرەییەکە لە واتا ڕووکەشەکە (ڕاستی) بە پێچەوانەیی (ڕاست بۆ چەپ و سەرەوە بۆ خوارەوە) وەك هێمای(×) بەرەو واتا ڕاستەقینەکەمان دەبەن کە پەیوەندییە (پووچەڵ)ەکەیە و لەوێدا شاعیر ئاگادارمان دەکاتەوە کە (نە ئاگر هەیە و نە ئاو)، بەڵام پێچەوانەیی هەردوو تەوەرەکە (×) ئەوە دەگەیەنێ کە واتای ژێرەوە پێچەوانەی حەقیقەتی شیعرییە و بێ بنەمایە.

بەم جۆرە دەتوانین سوود لە چوار گۆشەکانی گریماس وەربکرین بۆ ئاشکراکردنی بنیادی واتایی دەقی شیعری، ئەمەی سەرەوە تەنها بە کارهێنانی یەك چوار گۆشەبوو بە کورتی بۆ یەك دێری شعر، کە هەڵبەتە تەواوی غەزەلەکە جوانتر مەبەست دەپێکێت ئەگەر کاری تێدا بکرێت و هەموو چوار گۆشەکانیش کاریان پێ بکرێت. ئەمەش لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا ئەنجام دەدرێت.

## ٤-٢ زمانی شیعری له ڕوانگەی (ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە) وە:

له یەكەی (٤-١)ی ئەم كتێبەدا باسی ئەوە كرا كە رەخنەی هەڵوەشاندنەوە بیرۆكەی (بنیاد)ی بەواتا بنیادگەرییەكەی قبووڵ نییە و ڕەتی دەكاتەوە، چونكە بوونی بنیادێكی پێش وەخت واتە بوونی واتایەكی پێش وەخت. كاری رەخنەی هەڵوەشادنەوە لە گەڵ بنیادی زمانی شیعری لەو روانگەوەیە كە زمان نهێنییەكانی دەق لە خۆ دەگرێت. ئەو نهێنیانە واتای دەقیان حەشارداوە. رەخنەی هەڵوەشادنەوە رایەڵەی ئەو نهێنییە زمانیانە هەڵدەوەشێنێتەوە بۆ گەیشتن بە واتایەكی كاتیی دەقەكە، كە بە گۆڕانی رەخنەگر و خوێندنەوەیەكی نوێ دەگۆڕدرێت. واتە ئەو واتایەی كە ڕەخنەگری ڕەخنەی هەڵوەشادنەوە دەیگاتێ، واتای تاقانە و مەركەزی نیە. هەر خوێندنەوەیەكی ورد و پشكنەر واتایەكی نوێ دروست دەكات، لەبەر ئەوە جاك دریدا بنەمای كارەكانی خۆی لەسەر خوێندنەوەی ورد دامەزراندووە.

(د.محمد عصفور: ١٩٩٦: ١٨٠)

بۆچوونی تری ڕەخنەیی هەن كە گرنگی بە خوێندنەوە دەدەن وەك تیۆرەكانی (بەرەوخوێنەر) و هیرمۆنتیك و فینۆمینۆلۆژیا و ڕەخنەی پێشبینی كردن، كە لەشەستەكانی سەدەی بیستەم تا هەشتاكانیش بەردەوام بوون، بەڵام هەریەكەیان بە جۆرێك لە جۆرەكان لە رەخنەی هەڵوەشاندنەوەدا دەتوێنەوە.(د.محمد شبل الكومی: ٢٠٠٤: ٣٣٠- ٣٤٤). تەوەرەی سەرەكی لێكۆلینەوەی هەموویان گرنگی دانە بە خوێنەر. لەگەڵ ئەوەی كە لە بۆچوون و ئاراستەی جۆراوجۆرەوە دەركەوتوون، بەڵام بە گشتی لەو باوەڕەدان كە ((خوێنەر خولقێنەری راستەقینەی مانایە، ئەم ڕەوتە رەخنەی سەرەكی خۆی لە رەوتەكانی پێشوو، لەوەدا كۆكردۆتەوە تا رۆڵ و كاریگەری خوێنەر بێننەپێشێ)).

خولقاندنی واتاش پێویستی بە پرۆسەیەكی تێروتەسەل هەیە كە دەبێ خوێنەر بە هەناسە درێژییەوە خەریكی بێت. دەكرێت پێشنیاری پرۆسەیەك بۆ خولقاندنی واتا بە یارمەتی رەخنەی هەڵوەشاندنەوە لەم هەنگاوانەدا بخرێتەڕوو:

١. خوێندنەوەی ورد.

٢. شی كردنەوە.

٣. تێگەیشتن.

٤. نووسینەوە.

ئەم پرۆسەیە لە خوارەوە بە چەند تەوەرەیەك دەخرێتەڕوو:

## ١–٤–٢ خوێندنەوە:

خوێندنەوە هونەرە وەك ئەوەی كە نووسین هونەرە. نووسین هەر چەندە بایەخ داربێ ئەگەر خوێنەری شارەزای نەبێ كە بتوانێ چێژ لە دەق وەربگرێ، بایەخی نووسینەكە دەرناكەوێ. لەبەر ئەوە رۆلان بارت دەڵێ: ((ئەگەر ئەم ڕستە، ئەم چیرۆكە، ئەم وشەیە بە چێژەوە دەخوێنمەوە ئەوە لەبەر ئەوەیە كە ئەمانە هەموویان بە تام و چێژەوە نوسراون، بەڵام پێچەوانەكەی چی ؟ گەلۆ بە چێژەوە نووسینی من، منی نووسەر — گرەنتی چێژی خوێنەرەكەم دەكا ؟ بە هیچ كلۆجێ. من دەبێ ئەم خوێنەرە بدۆزمەوە (دەبێ " راو "ی بكەم) بەبێ ئەوەی بزانم لە كوێیە)).

(ئیسماعیل زارعی: ٢٠٠٧: ٢٤)

ئەمە ئەوە دەگەینێ كە خوێنەر جوانییەكانی دەق ئاشكرا دەكات و سەرچاوەكانی چێژ دەدۆزێتەوە. ئەم كارەش بە خوێندنەوەیەكی زیرەكانە دەكرێت كە (رۆلان بارت) بە دوایدا دەگەڕێ و بە خوێنەری نموونەیی ناو دەبرێ، چونكە دەركەوتنی زیندوویەتی دەق لە خاڵی بەیەكگەیشتنی نووسەر و خوێنەری دەقە و لەوێدا رۆشنبیری هەردوو سەرچاوەكە بەیەك دەگەن.

### ١-١-٤-٢ تەكنیكەكانی خوێندنەوە:

**١. چەند بارەكردنەوەی خوێندنەوە:**

ئەمەش لە كاتی جیاجیاو دۆخی دەروونیی جیاجیادا، لەوانەیە خوێندنەوەیەك لە جەنجاڵی رۆژدا جۆرە تێگەیشتنێك دروست بكات، بەڵام لە ئارامی شەودا جۆرە سەرنجێكی تر لای خوێنەر بەرامبەر دەقەكە دروست ببێ. بە هەمان شێوە بارە دەروونییەكان ئەنجامی جیاجیاو سەرنجی جیاجیا دروست دەكەن، تووڕەیی جۆرێكی سەرنج دروست دەكات و ئارامی جۆرێكی تر، هەروا دڵتەنگی و دڵخۆشی. لە رووی جەستەییەوە ماندوویەتی و پشوودان، برسێتی و تێری، تەنانەت لەش ساغی و نەخۆشی. ئەم بارە جیاوازانە هەریەكەیان جۆرێك لە سەرنج تۆمار دەكەن. لە ئەنجامدا كۆمەڵێك سەرنجی جیاواز گەڵاڵە دەبن كە لە هیچ تاقەدۆخێكدا دەست نەدەكەوتن.

**٢. داماڵینی هەر سەرنجێکی خوێندنەوەکانی پێشوو بۆ هەمان دەق لەسەرنجەکاتی دیکە:**
واتە کاتێك خوێندنەوەی دووەم دەست پێ دەکرێت پێویستە سەرەنجەکانی خوێندنەوەی یەکەم فەرامۆش بکرێ بۆ ئەوەی بەریەککەوتن دروست نەبێ و هیچ سەرەنجێکیش نەفەوتێ.
٣. لە کاتی خوێندنەوەدا پێویستە رەخنەگر هەموو ئەو پێداویستی و کەرستە رِەخنەییانەی لە زەیندا بێ کە بابەتی رەخنەکەی دەوڵەمەند دەکەن، بۆ ئەوەی بزانێ چ لە ناو دەقەکەدا سوود بە کارەکەی دەگەینێ.
(د. عبدالله محمد الغزامی: ٢٠٠٦: ٨٩ - ٩١)

ئەو سەرنجانەی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا تۆماری دەکات دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدابێ:
١. ئەو وشانەی لە رووی واتاوە لە شوێنی خۆیان بە کارنەهاتوون.
٢. ئەو وشانەی کە وەك رِەمز بە کارهاتوون.
٣. بەرجەستە کردنە دەنگییەکان، وەك: قافیە، دووبارکردنەوەی دەنگی لە کۆتایی رستە شیعری یەکاندا، دیاریکردنی کێش ئەگەر هەبێت، بینای گشتی ریتم لە دەقەکەدا.
٤. دەستنیشانکردنی ئەو رستانەی کە لادانیان تێدایە لە یاسایەزمانییەکان.
٥. هونەرەکانی رەوانبێژی، ئەگەر خاوەنی دەق پشتی پێ بەستابێ.
٦. بینای گێڕانەوە دەست نیشان بکرێت ئەگەر هەبوو لە دەقەکەدا، وەك، کەسایەتی و شوێنی و کات و دیالۆگ و مەنلۆگ، ئەمەش لە پێناو روونکردنەوەی رۆڵی گێڕانەوە لە دروست کردنی بنیادی واتای دەقەکەدا.
(د. عدنان خالد عبدالله: ١٩٨٦: ٤٤ - ٤٦)

### ٢-١-٤-٢ جۆرەکانی خوێندنەوە:

تۆدۆرۆف سێ جۆرە خوێندنەوە دەستنیشان دەکات:
١. خوێندنەوەی ستوونی (القراءة الاسقاطية).
٢. خوێندنەوەی راڤەکردن (قراءة الشرح).
٣. خوێندنەوەی شیعرێتی (القراءة الشاعرية).

**ئەوانیش  بەم جۆرەن:**

**١. خوێندنەوەی ستوونی:**

جۆرێکی کۆنی خوێندنەوەیە، لە میانەی دەقەوە بەرەو نووسەری دەق و کۆمەڵگا دەروات،رەخنەگر دەق وەك بەڵگە نامەیەك بە کاردێنیٚ بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی بەرامبەر دانەری دەق و کۆمەڵگا و مێژوو، واتە لەدەقەکەوە بەئاراستەیەکی ستوونی بەرەو دەرەوەی دەق شۆڕدەبێتەوە.

**٢. خوێندنەوەی راڤەکردن:**

ئەم جۆرەیان پەیوەستە بە دەقەوە، بەڵام تەنیا بە واتای رووکەشی دەقەوە خەریك دەبیٚ ئەمەش بە وەرگێرانی وشەکانی ناو دەقەکە بۆ وشەی ئاسانتر.

**٣. خوێندنەوەی شیعرێتی:**

ئەم جۆرەشیان وردبوونەوەیە لە (کلیل — شفرە)ی دەقەکە بە پشت بەستن بەسیاقە هونەرییەکەی، هەوڵ دەدات دیوە شاراوەکەی دەق ئاشکرا بکات.

(عبدالله محمدالغذّامی: ٢٠٠٦: ٧٧ - ٧٨)

جۆری سێیەمی خوێندنەوە ئەو جۆرەیانە کە لە پرۆسەی خوێندنەوەی وردی دەقی ئەدەبیدا سوودی لیٚ وەردەگیرێت و رێگا بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی پرۆسەی خولقاندنی واتا خۆش دەکات.

**٢-٤-٢  شیکردنەوە:**

شیکردنەوەی واتای دەق دوو ئاستی هەیە، لێکدانەوە، دۆخگۆڕین (تأویل). ئەو دوو ئاستە زۆرجار لە جیاتی یەکتری بە کاردێن، بەڵام جیاوازییان هەیە، لە سنووری کارکردندا جیاوازن، هەروەها لە چۆنیەتی کارکردنیشدا جیاوازن.

**١-٢-٤-٢ لێکدانەوە:**

((بریتییە لە دەرخستنی واتاکانی دەق بە پێی پێویستیی وشەکانی، ئەنجامەکەش دەرخستنی واتای راستەوخۆی دەقەکەیە))

(أ. سمير شريف استيتيه: ٢٠٠٨: ٧١٤)

دەقێك كە پێویستی بە لێکدانەوە بێت، ئەگەر لێکنەدرایەوە، واتاکەی بە هەڵەیی دەگاتە خوێنەر، ئەمەش مانای وایە رۆڵی لێکدانەوە دۆزینەوەی واتای راستی وشەکانە لە رووی فەرهەنگەوە.

- (راغبی ئەسفەهانی) دەڵێ: ((تەفسیر دەرخستنی واتای ماقووڵە)). (عومەر عبدالعزیز: ٢٠٠٠: ٢٠٠) پاشان دەڵێ تەفسیر فراوانتر بە کاردێت لە چاو (تەئویل). بە کارهێنانیشی لە بواری وشەدایە، بەڵام بەکارهێنانی (تەئویل) لە بواری رستەدایە.

- (ماتوریدی) دەڵێ: ((تەفسیر بڕیاری کۆتاییە بەوەی کە ئەم واتایە مەبەستی دەربرینەکەیە، بەڵام (تەئویل) هەڵبژاردنی ئەگەرێکە لە ئەگەرەکانی واتا و مەبەستی دەربرینەکە))

(د.محمد شبل الکومی ٢٠٠٤: ٢٨٥).

لەم پێناسانەوە دەردەکەوێت کە (لێکدانەوە) خستنە رووی واتای وشەکانە، هەر وشەیەك بە تەنیا، بەبێ ئەوەی دەستکاری واتای زەمینەی گشتی دەقەکە (سیاق) بکرێت. ئەم قۆناغە دوای خوێندنەوەی ورد دێ، خوێنەر پێویستە لەوشەکانی دەقەکە وردبێتەوە، واتای راستەوخۆیان دەربهێنێ. پاشان دەقەکە دووبارە بخوێنێتەوە و سەرەنجە نوێیەکانی تۆماربکات. لە قۆناغی تەفسیردا واتاکان گۆڕانیان بەسەردا دێ، بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە واتاکان رووکەشن و پێویستیان بە خوێندنەوەی قووڵتر هەیە.

## ٢-٢-٤-٢ دۆخگۆڕین (تأویل):

دەستەواژەی (تأویل) لە زمانی عەرەبیدا دوو بنەچەی فەرهەنگیی هەیە:

أ. لە وشەی (أول) وەرگیراوە کە واتای گێڕانەوەیە بۆ یەکەمین واتا (واتای مەبەست).

ب. لەوشەی (أیالە) وەرگیراوە کە واتای (سیاسە) دەگەینێ، ئەمیش واتە هونەری گونجاندنی کۆمەڵێك یەکەی خاوەن سەربەخۆیی جوگرافیایی و سیاسی، وەك میرنشین، یان هەرێم لە قەوارەیەکی گەورەی وەك دەوڵەتدا.(عمر عبدالعزیز: ٢٠٠٠: ٢٨) و (د. محمد شبل الکومی: ٢٠٠٤: ٢٨٤).

هەردوو بنەچەکە پێویستین بۆ روون کردنەوەی چەمکی تەئویل. چونکە کردەی تەئویل هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە واتای مەبەست، ئەو واتایەی کە خاوەن دەق مەبەستیەتی، یان هەرواتایەك کە بگونجێت و نزیك بێت لێوەی. ئەمەش بە گونجاندنی واتای ڕستەکان لەگەڵ کۆی سیاقی دەقەکە بۆ ئەوەی بە هەموویانەوە لە ئەنجامی سەرەکی نزیك ببنەوە و هیچ رستەیەك یەکێتییەکە هەڵنەوەشێنێتەوە.

لە رووی زانستی (هێرمۆنتیکا) وە (تەئویل) ((ئەو هونەر و رێ و شوێنانەیە کە بە هۆیانەوە خوێنەر دەتوانێ بە شێوازێکی دروست لە نووسینی کەسایەتی دیکە تێ بگا)). (غادە الاحمد ٢٠٠٨: ؟)

بەبۆچوونی (فیلهێلم دیلثی)[٣٦] (ئامانجی زانستی تەئویل ئەوەیە بیردۆزەیەکی گشتی بۆ تێگەیشتن دابنێت). (هایدیگەر)[٣٧] پێی وایە کە تەئویل بریتییە لە (دۆزینەوەی ئەوەی کە دەق باسی نەکردووە لە رێگەی ئەوەی کە باسی کردووە). (محمد شبل الكومي: ٢٠٠٤، ٣٠٠، ٣٠٤)

لەم بۆچوونانە ئەوە دەردەکەوێ کە تەئویل بەستنەوەی بابەتی ناو دەقە بە بابەتێکی تر لە دەرەوەی دەق، یان بە ئەزموونێکی دەرەوە. لە بەر ئەوە پێویستی بە هەندێ بنەما هەیە کە لەو بوارەدا یارمەتیدەری خوێنەربن، بنەماکانیش ئەمانەن:

**١. هێنانەوە** (recall):

بریتییە لە هێنانەوەی بابەتێك کە لە مێشکدا هەڵگیراوە و پەیوەندی بە بابەتی دەقەکەوە هەیە. رەخنەگر دەبێ توانستی هێنانەوەی بە هێزبێت و بتوانێت بابەتی دەق بە بابەتەکانی مێشکییەوە ببەستێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ لە رێگەی ئەوانەوە تیشك بخاتە سەر واتای دەقەکە.

**٢. هەست کردن (ئیلهام) (الحدس)** Intuition:

ئەو جۆرە هەست کردنە دەروونییە، بریتییە لە دەرك پێ کردنە راستەوخۆ بە بابەتە مەعریفی و دەلالییەکان و بابەتە تەم و مژاوییەکان. ئەمەش پێویستی بە وەرزشی زەینی هەیە، مرۆڤ لە رێگەی وردبوونەوە لە هۆکار و ئەنجامەکان، توانای هەستی بەهێز دەبێ، بە جۆرێك پێشبینی ئەنجامەکان دەکات بێ ئەوەی هەموو هۆکارەکانی دیتبێ، کە خوێنەر دەقێك دەخوێنیتەوە لە رێگەی هەستی دەروونییەوە دەرك بە زۆر لە واتایە پەنهانەکانی دەقەکە

---

١- فیلهیلم دیلپی (١٨٣٣- ١٩١١): فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە، گرنگی بە تێکەڵکردنی زانستی فەلسەفەو زانستی (روح) داوە، باوەڕی وایە کە فەلسەفە بەتەنیا وەك میتافیزیکا، شکست خواردووە، لەکتێبە بەناوبانگەکانی (مدخل الی دراسە العلوم الٳنسانیە) (دراسات حول أساس علوم الروح) (نڤریە تصورات العالم). (جورج گرابیشی: ١٩٨٧: ٢٧٦).

٣٧ - مارتن هایدیگەر (١٨٨٩- ١٩٧٦): لەفەیلەسووفە هەرە مەزنەکانی ئەڵمانیایە، بە سوودوەرگرتن لە میتۆدی فینۆمینۆلۆژی لە دیاردەی (بوون) ی کۆڵیوەتەوە، بەمەش بە یەکێك لەفەیلەسووفە هەرەمەزنەکانی بوونگەرایی دادەنرێت لەسەدەی بیستەمدا، لەکتێبەکانی (الوجود والزمان) (مدخل الی المیتافیزیقا) (ما المقصود بالتفکیر؟). (جورج گرابیشی : ١٩٨٧ : ٦٤٠).

دەکات، ئەمەش بەو توانستە زەینییەی کە لە ئەنجامی زۆر خوێندنەوەوە پەیدایکردووە. (أ. د.سمير شريف استيتيه: ٢٠٠٨: ٧١٥ – ٧١٧)

کردەی لێکدانەوە و گونجاندن هەوڵێکن بۆ تێگەیشتنی گونجاو لە دەقی ئەدەبی.دوابەدوای ئەم کردانەش دەبێ (تێگەیشتن) لە پوختەیەکی دیاریکراودا لەلای خوێنەر گەڵاڵە ببێ.

### ٣–٤–٢ تێگەیشتن:

تێگەیشتن بەوە بەرهەم دێت کە خوێنەر کۆی رستەکان لە دوو توێی سیاقی گشتی دەقەکەوە سەیر بکات، سیاقیش بە باگراوندە مێژووییەکەی ببەستێتەوە، واتە بەو دەقانەی کە کەم تا زۆر ئاوێزانی دەبن و واتای هاوبەشیان لە نێواندا هەیە. (بنەمای شوێنەوار دەمانگەینێتەوە ئەو باسانەی کە بابەتی سەرگەرمیی خوێنەران بوون لە کاتی لە دایك بوونی دەقی دیاری کراودا). (محمد بن عياد: ؟: ؟)

واتە تێکەڵی ئەو باگراوندە مەعریفییە گەورەیەمان دەکات، کە دەق لێوەی لە دایك بووە. لەوێوەش خوێنەر دەتوانێ بە شێوەیەکی گونجاو پەی بەو واتایە ببات لە دیدی ئەودا نووسەری دەق مەبەستیەتی، یان وای بۆ دەچێ کە دەقەکە وابگەیەنێ.

تێگەیشتن لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر جیاوازە، ئەم جیاوازییەش بۆ سروشتی دەق و جیاوازی باگراوندی مەعریفی و جۆری خوێندنەوە دەگەرێتەوە. لەبەر ئەوە تێگەیشتنەکانی هەر خوێنەرێك لە پێشبینی کردنێك زیاترنییە، ئەمەش چەمکی (جیاوازی – دواخستن)ی دریدا مان دەخاتەوە بیر کە دەڵێ واتای دەق هەمیشە لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر دەگۆڕێت و واتایە ڕاستەقینەکەی هەمیشە خۆی دوا دەخات و هەرگیزیش دەست کەس ناکەوێت، ئەمەش چونکە لە بنەرەتدا شتێك نییە پێی بگوترێت واتای بنەرەتی، یان واتای یەکەم و پێش وەخت، وەك لە چەمکی (چەق گەرایی واتا) دا باسی لێوە کرا.

تێگەیشتن بە پێی ئەوەی کە دوا بەرهەمی وەرگرتنی پەیامە، دەبێ گشتگیر بێ و هەموو دەقەکە بگرێتەخۆ. ناکرێ هەندێ بواری دەقەکە زەق بکرێتەوە و هەندێکی دیکەی پشت گوێ بخرێ. ئەمەش پێویستی بە شیکردنەوەیەکی وردی هەموو رستەکانی دەقەکە هەیە. رەخنەی هەڵوەشاندنەوە یارمەتیدەرێکی باشە لەم بوارەدا چونکە سروشتی ئەو ڕەخنەیە ((کردەییێکی شیکارییە لە لایەن خوێنەرەوە بۆ ئەو بینایەی کە شاعر دروستی کردووە)).

**(عبدالله محمد الغذامي: ٢٠٠٦: ٢٩٩)**

هەموو خوێنەرێك مەرج نییە بتوانێ راڤەی گونجاو بۆ دەق بەرهەم بهێنێ، زۆرجار خوێنەری کەم شارەزا مەبەستی دەقەکە بەرەو هەڵدێر دەبات، پێوەری گونجان و نەگونجانی لێکدانەوەکان لە لایەك و پارێزەری دەقیش لە لایەکی دیکەوە (سیاق)ە، لە رێگەی سیاقی گشتییەوە دەق بە پارێزراوی دەمێنێتەوە و لێکدانەوەی نەگونجاو لاوازی ناکات.

### ٢-٤-٤ نووسینەوە:

نووسینەوە لە رەخنەی هەڵوەشاندنەوەدا بنەمایەکی زۆر گرنگە، لەتی دووەمی کردەی هەڵوەشاندنەوەیە لە جووتە هاودژی (خوێندنەوە × نووسینەوە) دا. کردەی خوێندنەوە، هەڵوەشاندنەوەی رایەڵەکانی دەقە بۆ دوورخستنەوەی لە سەنتەرگەرایی واتا. کردەی نووسینەوەش دووبارە چنینەوەی رایەڵەکانە کە خوێنەر بە ئارەزووی خۆی ئێستێتیکایەکی نوێ لە دوو توێی کەرستەی دەقەکەدا دروست دەکات. بەم کردەیەش چێژێکی گەورە دەبات. لە رەخنەی هەڵوەشاندنەوەدا دەبێ خوێنەر لە قۆناغی خوێندنەوەوە کەرستەکانی نووسین کۆ بکاتەوە، ئەمەش نەك بەو واتایەی فۆرم و ستایلێکی نووسینەوە لە مێشکی خۆی ئامادە بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی ورد و چڕو چەندبارە ئەنجام بدا. نووسینەوە لە رەخنەی هەڵوەشاندنەوەدا ئەو پایەیە کە خۆشی دەداتە خوێنەر. رۆلان بارت لە پێناسەی (نووسین) دا دەڵێ: ((زانستی خۆشی وەرگرتنە لە دەق)).

(د. یوسف وغلیسی: ٢٠٠٨: ٣٦٨). ئەمەش ئەو نهێنییە کە زۆرجار خوێندنەوەی دەقێکی ڕەخنەیی چێژدارترە لە خوێندنەوەی خودی دەقە ئەدەبییەکە کە ڕەخنەکەی لەبارەوە نوسراوە.

خوێنەری دەق لەم دوا قۆناغەدا باری سەرنجی خۆی لە دەقێکی نوێدا دەنووسێتەوە، نووسینەوەکەی ئەو دەبێتەوە دەقێکی تر هاوشانی دەقە سەرەکییەکە ((نووسینەوە دووبارە بنیادنانەوەیە، لەو ئاستەدا ڕەخنەی هەڵوەشانەوە جێبەجێ دەبێ، چونکە دەق دەبێتە لێکدانەوە و لێکدانەوە دەبێتە دەق))

(عبدالله محمد الغذامی: ٢٠٠٦: ٩١).

لە نووسینەوەدا خوێنەر (کە رەخنەگرە) پێویستی بە پراکتیزە کردنی بۆچوون و کەرستەکانی قوتابخانە رەخنەییەکانی دیکە دەبێ، تێکەڵ کردنی قوتابخانەکانیش لە کاتی پراکتیزەکردندا کارێکی

پێویستە، لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە رەخنەگران لەگەڵ ئەو هەنگاوەدا نین و بە ئەنجامی نەشارەزایی رەخنەگری دادەنێن (محمدعزام: ٢٠٠٣: ١٠٩)، بەڵام ڕاستییەکەی وەها نییە، چونکە هیچ یەکێك لە قوتابخانەکان کەرستە و بواری تەواوی لێکۆڵینەوەی نییە، بەڵکو هەموویان بەیەکەوە ئەو کارە بە جوانی ئەنجام دەدەن، بەڵام گرنگە رەخنەگر لێکدانەوەکان تێکهەڵنەشێلێ، چەنکە دەبێ پایە پایە بە ئاستەکاندا بڕوات و دەق بخاتە بەر نەشتەری هەموو قوتابخانەکان، بەڵام هەریەکەیان بە جیا. دواجار هەموو سەرنجەکان کۆدەبنەوە و لێکدانەوەی دەقەکە دەوڵەمەند دەکەن. ئەم جۆرەی خوێندنەوە وەك پلان دەبێتە میتۆدی پراکتیزەکردن لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبە دا.

# بەشی سێیەم

## پراکتیزە کردنی میتۆدە رەخنەییەکان لە سەر زمانی شیعریی هەشتاکانی هەولێر

ئەم بەشە هەوڵی پراکتیزەکردنی ئەو بنەما و ڕێسایانە دەدات کە لە بەشەکانی ڕابردوودا لە بارەی زمانی شیعرییەوە خرانەڕوو. کەرستەی پراکتیزەکردنەکانیش شیعری شاعیرانی هەشتاکانی هەولێرن. وەك: **(ئەنوەر مەسیفی، فەرید زامدار، سەباح رەنجدەر)**. (١٩٨٠ — ١٩٩٠)، زۆربەی شاعیرانی ئەم ماوەیە لە حەفتاکانەوە دەستیان پێکردووە و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامن، هەندێکیشیان لە هەشتاکاندا یەکەمین بەرهەمەکانیان بلاوکردووەتەوە، ئەوەی کە بە بناغەی ئەو ستایلە نوێیە دادەنرێت کە ئەوان دایانهێنا لە شیعردا، کارەکانیانە لە ماوەی سالانی (١٩٨٠ — ١٩٩٠).

دەقی شیعری زمانێکی چڕی هەیە، شاعیر تا ئەوپەڕی توانای، خۆی لەفشەڵی (حشو)بەدوور دەگرێ، لەبەر ئەوە لە شیعردا هەموو وشەیەك مەبەستەو ناکرێ هیچ وشەیەك بە سەربار بزانرێت، لە شیعری نوێدا تاقە دەنگەکانیش گرنگیی خۆیان هەیە لە ئیستاتیکای فۆرم و واتادا، بەتایبەتی کاتێك کەبەرجەستە دەکرێن و بەتەنها دەنووسرێن، بۆیە ناکرێت تەنها لەڕیز بوونی ئاسایی دەنگ و وشەکاندا بەدوای واتای دەقەکە بگەڕێین، بەڵکو هەموو دەنگ و وشەکان لە ڕیزبوونی ئاسۆیی و ستوونیشیاندا پەیوەندیی واتایی دروست دەکەن و بەهای ئێستێتیکی دەقەکە بەبەردەوامی زێتر دەکەن.

گەڕان بەدوای ئەو پەیوەندییانە و دۆزینەوەی ڕایەڵەکانیان، کارێکی ڕەمەکی نییەو دەبێ رەخنەگر میتۆدێکی دیاریکراوی کارکردنی هەبێ بۆئەوەی ئەنجامی ڕوونی دەست بکەوێ.

ئەم بەشە زمانی شیعری لە دۆخی شیکاری پراکتیکیدا لە ڕوانگەی قوتابخانە ڕەخنەییەکانەوە دەخاتەڕوو، بە ئامانجی ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە هەر قوتابخانەیەکی ئەدەبی جۆرێك لە چێژ و بەهای ئێستێتیکی دەق دەردەخەن و هەموویان پێویستیان بە میتۆدی بنیادگەری هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستییانە بگەنە بڕیارەکان. بۆ درێژەدادڕی نەکردن لە پراکتیکەکەدا، دوو دەق وەك کەرستەی پراکتیزەکردنەکە بەکار دێت، لەدەقی یەکەمدا لە بنیادی زمانی و شێوازی دەقەکە دەکۆڵدرێتەوە، لەدەقی دووەمیشدا بنیادی زمانیی دەقەکە هەڵدەوەشێندرێتەوە بۆ گەیشتن بە بنیادە واتاییەکەی.

**٣-١ دەقی یەکەم:**

**پەشیمانی**

**دوعام دەکرد دەمگوت خوایە/ بایێ بابێ / ١**
**ڕەش بە سپی بگۆڕێتەوە / کیژان پیرکا / ٢**
**دوعام دەکرد/ دەمگوت خوایە دیسان / ٣**
**نووحمان بۆ بنێرە/ ئەوە نییە جارێکی تر چیا / ٤**
**بارانێکی نەشارەزای لێدەدا/ ٥**
**دوعام دەکرد/ دەمگوت خوایە/ با ئۆکسجین ٦**
**چەند دەقیقەیێ نەمێنێ/ ٧**
**بەڵام کاتێ کیژێ گوتی/ دوێنێ شەوێ ٨**
**لەخەونمدا/ چەند مردوویێ ڕاویان دەنام/ ٩**
**وەختێ ژنێ / گوتی ئەمشەو لەخەومدا ١٠**
**یەك دوو کۆترم بەرە لڵا کرد/ ١١**
**وەکو برایمی زێندینان / جارێکی تر پەرێخانم ١٢**
**خۆش ویستەوە/ ڕێژنە شیعر/ جارێکی تر ١٣**
**لەو دوعایانەی کە کردم، پەشیمانی کردمەوە. ١٤**

(١٩٨٤) (ئەنوەر مەسیفی ٢٠٠٥ : ٦٣)

### ١-١-٣ شیكردنەوەی دەقەكە لەئاستی فۆنۆلۆژیدا:

لەم تەوەرەیەدا دووبارەبوونەوە دەنگییەكانی ناودەقەكە دەخرێنە ڕوو، وەك دووبارەبوونەوەی تاك فۆنیمی و دووبارەبوونەوەی جووت فۆنیمی.

#### ١-١-١-٣ دووبارەكردنەوەی تاك فۆنیمی:

دووبارەكردنەوەی كۆنسنانت و ڤاوڵەكان بەم جۆرەیە:

**أ- دووبارەكردنەوەی كۆنسنانت:**

١- د ،م،د ،د ،م / ب،ب

٢- ر،ب،ب /ك،ر،ك

٣- د ،م،د /د ،م،د

٤- ن،ب،ب،ن، ر/ن،ی،ر،ر،ی

٥- ر،ن،ن،ر،د ،د

٦- ن،د ،د ،ق،ق،ن،ن

٧- ك،ت،ك،ت / و،و

٨- و،ن،م،د /ن، د ،د ،و، ن،د ،ن،م

٩- و،خ،ت/ ت،م،و،خ،و،م

١٠- ك،د ،ك،ر،ڵ،ڵ،ك،ر،د

١١- ك، ر، م، ن، ن، ن/ر، ر، ر، ن، م

١٢- ش، و، ت، و/ ر، ش، ر/ ر، ت، ر

١٣- و، د، ی، ن، ی، ك، ك، ر، د، م، م، ن، ك، ر، د، م، و

**ب- دووبارەكردنەوەی ڤاوڵ:**

١- و، ا، ە، i، ە، و، ا، ە، /ا، ێ، ا، ێ

٢- ە، ە، i، ی، i، ە، ە/ی، ا، ی، ا

٣- و، ا، ە، i، / ە، و، i، ا، ە، ی، ا

٤- وو، ا، ۆ، i، ێ، ه/ ه، ه، i، ه، ا، ێ، ی، i، i، ا

٥- ا، ا، ێ، ی، ه، ا، ه، ا، ێ، ه، ا

٦- و، ا، ه، i/ ه، و، i، ا، ه، / ا، ۆ، i، ی

٧- ه، ه، ی، ه، ێ، ه، ێ، ێ

٨- ه، ا، ا، ێ، ی، ێ، و، ی / i، ێ، ێ، ه، ێ

٩- ه،ه،i،ا/ ه،i، وو،ێ،ا،ا،ه،ا

١٠- ه،ێ،i،ێ/ و،ی،ه،ه،ه،i،ا

١١- ه،وو،ۆ،i،ه،ه،ا،i،

١٢- ه،i،ا،ی،ێ،ی،ا،/ا،ێ،ی،i،ه،ی،ا،i،

١٣- ۆ،ی،ه،ه،/ ێ،ه،ی،i/ ا،ێ،ی،i

١٤- ه،و،ا،ا،ه،ه،i،i،ه،ی،ا،ی،i،i،ه،ه

## ٣-١-١-٢ دووبارەكردنەوەی جووت فۆنیمی:

## ٣-١-١-٢-١ دووفۆنیمە لێكچووەكە لەناو یەك بڕگەدا بن:

### أ- لێكچوو:

١- (د+ه) ( د+ه)، (ب+ا) ( ب+ا)

٣- (د+ه) (د+ه)

٦-(د+ه) (د+ه)

٨-(و+ێ) (و+ێ)

١٤-(ك+ر) (ك+ر)

### ب- پێچەوانە:

٩-(ا+ن)(ن+ا)

١٠-(و+ه)(ه+و)

**٣-١-١-٢-٢ دووفۆنیمە لێکچووەکە لەناو دووبڕگەی هاوسێدا بن:**

١-(ا- یٚ)(ا- یٚ)

٥-(ە- ا)(ە- ا)(ە- ا)

٧- (ە- یٚ)(ە- یٚ)

١٢- (ی- ا)(ی- ا)

**٣-١-١-٢-٣ دووفۆنیمی یەکەم لەناو یەك بڕگەدابن و دووفۆنیمی دووەم لەدووبڕگەی جیاوازدا بن :**

**أ- لێکچوو:**

١٠-(ە+و)(ە- و)

١٤-(ی+ا)(ی- ا)،(د+م)(د- م)

**ب- پێچەوانە:**

٢- (ك+ی)(ی- ك)

١٢-(ا+ی)(ی- ا)(ی- ا)

**٣-١-١-٢-٤ دووفۆنیمی یەکەم لە دووبڕگەدا بن ودوو فۆنیمی دووەم لە ناو یەك بڕگەدا بن:**

**أ- لێکچوو:**

٩-(ن- د)(ن+د)

١١-(ك- د)(ك+د)

١٢-(ر- ی)(ر+ی)

**ب- پێچەوانە:**

٩- (ە- د)(د+ە)

**٢-١-٣ شیكردنەوەی دەقەكە لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا :**

١- دروست كردنی وشەی نوێ بەبەكارهێنانی یاساكانی مۆرفۆلۆژی زمانەكە :

وشەی ( ڕێژنە شیعر) بە پێی یاسای (ئاوەڵناو +ناو) دروست كراوە، بەڵام لەفەرهەنگی زمانی كوردیدا نییە.

**٣-١-٣ شیكردنەوەی دەقەكە لە ئاستی سینتاكس دا:**

**١-٣-١-٣ تەوەرەی هاونشینی:**

**أ- خستنی كەرستەكان:**

٣- (.../دەمگوت خوایە دیسان/) ئەم رستەیە بەم شێوازە كۆتایی هاتووە و ئەوكارەی كەدەبێ دوای (دیسان) بێت، خستراوە.

٤- (.../ ئەوە نییە جارێكی تر چیا /) ئەو رستەیەش بەهەمان شێوە (كار)ی خستراوە.

٦-(.../.../ بائۆكسجین): ئەم رستەیەش (كار)ی خستراوە.

٨-(.../ دوێنێ شەوێ) :ئەم رستەیەش بەهەمان شێوە (كار)ی خستراوە.

١٠-(.../ گوتی ئەمشەو لە خەومدا): (كار) ی خستراوە.

١٣-(.../ جارێكی تر پەریخانم): (كار)ی خستراوە.

**ب- پێش و پاش كردنی كەرستەكان** لەم شیعرەدا ڕوویندداوە:

**٢-٣-١-٣ تەوەرەی جێنشینی:**

**أ- رستە لەرووی رێزمانەوە راست بێت، بەڵام لەرووی لۆژیكەوە نەگونجاو بێت :**

٤-...../ ئەوە نییە جارێكی تر چیا /

٥- بارانێكی نەشارەزای لێدەدا/

ئەم دوو لەتە رستەیە لە رووی ریزمانەوە گونجاون، بەلام لە رووی لۆژیکەوە نەگونجاون، ئەم نەگونجانەش بەهۆی ئاوەلناوی (نەشارەزا)وە دروست بووە،چونکە وەسفی ناوی (چیا) ی کردووە،ئاوەلناوەکە بۆ ناویك بەکاردیت کە سیمای <+زیندوو> ی هەبیت، بەلام (چیا) ئەو سیمایەی نییە، بەمەش لادانی واتایی لە ڕیگەی (بەڕەوانکردن)ەوە ڕوویداوە و رستەکەی لە واتای لۆژیکی دوور خستووەتەوە.

١٣-......./ ڕیژنە شیعر/ جاریکی تر

١٤- لەودوعایانەی کە کردم، پەشیمانی کردمەوە.

لادانی واتایی لە وەسف کردنی شیعر بە(ریژنە) ڕوویداوە و واتای دیرەکەی لە لۆژیك دوور خستوەتەوە،ئەمەش چونکە وشەی ڕیژنە لە دۆخی ئاوەلگوزارەییدا بۆ وەسف کردنی شتیك بەکاردیت کە سیمای <+ داباریین> ی هەبیت، وەك : باران، گوللە... بەلام شیعر ئەو سیمایەی نییە.

**ب- رستە لەرووی لۆژیکەوە گونجاو بیت، بەلام لە رووی ڕیزمانەوە ناراست بیّ :**

٣- دەمگوت خوایە دیسان

٤- ئەوە نییە جاریکی تر چیا

٦- بائۆکسجین

٨- دوینیّ شەویّ

١٠- گوتی ئەمشەو لە خەومدا

١٣- جاریکی تر پەریخانم

### ٤-١-٣ تۆپۆگرافیای دەقەکە:

ئەم دەقە دابەش بوونیکی تایبەتیی رستەکانی هەیە، زۆربەی رستەکانی پیش ئەوەی لەرووی واتاوە تەواو بن، پچڕاون. دەقەکە لەکۆی (١٤) دیردا(١٣) رستەی تیدایە، لەم ژمارەیەش (٦) رستەیان تیکشکاون، کەواتە ریژەی رستە تیکشکاوەکان بۆ رستە تەواوەکان دەکاتە (١٣/٦) و ئەویش دەکاتە(٤٦٪) ی رستەکان، ئەم ریژەیەش ریژەیەکە بەرزە بەبەراورد لەگەلّ شیعری پیش هەشتاکان. ئەم پچڕانانە وایانکردووە کە وەستانەکانی هیلّی دەنگیی

شیعرەکە بەرامبەری وەستانەکانی نووسین نەبێت، ئەمەش ئەو تایبەتمەندییەی زمانی شیعرییە کە بایەخی فۆرم و دەنگ بەسەر بایەخی واتای نزیك دا زاڵدەکات. ئەم تۆپۆگرافیایە تایبەتییەی دەقەکە جۆریك لە سەروای بۆ دەقەکە دروست کردووە وەك لە خوێندنەوەی دەقەکەدا دەردەکەوێت.

### ٣–١–٥ قافیە:

#### ٣-١-٥-١ سەروا:

ئەم دەقە بەپێی ئەوەی کە دەقێکی ستوونی نییە، دوادەنگی هەر دێرێك بەسەروا دادەنرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی سستەمی مۆسیقایی دەقەکە دەیسەپێنێ، بەوپێیەش سستەمی سەروای دەقەکە بەم شێوەیەیە:

| | |
|---|---|
| دوعام دەکرد دەمگوت خوایە/ بابێ بابێ / | A |
| ڕەش بە سپی بگۆڕتەوە / کیژان پیرکا / | B |
| دوعام دەکرد/ دەمگوت خوایە دیسان / | C |
| نووحمان بۆ بنێرە/ ئەوە نییە جارێکی تر چیا / | B |
| بارانێکی نەشارەزای لێدەدا/ | B |
| دوعام دەکرد/ دەمگوت خوایە/ با ئۆکسجین | C |
| چەند دەقیقەیێ نەمێنێ/ | A |
| بەڵام کاتێ کیژێ گوتی/ دوێنێ شەوێ | A |
| لەخەونمدا/ چەند مردوویێ ڕاویان دەنام/ | D |
| وەختێ ژنێ / گوتی ئەمشەو لەخەومدا | B |
| یەك دوو کۆترم بەڕەڵڵا کرد/ | E |
| وەکو برایمی زێندینان / جارێکی تر پەریخانم | D |
| خۆش ویستەوە/ ڕێژنە شیعر/ جارێکی تر | F |
| لەو دوعایانەی کە کردم، پەشیمانی کردمەوە. | G |

#### ٣-١-٥-٢ هاوسەروا:

ئەم دەقە بەهۆی هاوسەرواوە بنیادێکی مۆسیقایی بەهێزی هەیە، لەناو هەندێ رستەدا هاوسەروا بەهۆی دەنگی لێك نزیکەوە دروست بووە، وەك دەنگی (د) دەنگی سەروایەو دەنگی (ت) لەرووی سیما دەنگییەکانەوە لێی نزیکە، بۆیە لەهاوسەروادا بەشدار دەبێت، لەرووی هێمابۆ کردنەوە لەم کتێبەدا هەمان پیتی سەروایەکەی بەپیتی بچووك دادەنرێت. بنیادی هاوسەروای دەقەکە بەم جۆرە دەردەکەوێ :

D.....E.........e........G/.........A.................A.........

G..............G/...........B.................B..............

E/.........e..............G.................C...............

C............G/...........G...............F.........B............

a.........a.................B.............

D......E/.........e.........G.................C............

E.................A........................A...........

D.........A.........A.....a/..............A.........A............

B/.........c.........A..............C...........D.............

A.........A/......a.................B.........

D.....................E..............

a............C/......a.........F...........D.............

G/.........G.........F/.........a.........F............

a.........D.........a...........G..................

لە سستەمی هاوسەروای شیعرەکەدا دەردەکەوێت کە لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی دا هاوسەروا بوونێکی بەر چاوی هەیە و هەردوو هونەری **تەضمین** وتەرصیع تێیدا بەکار هاتووە. **تەضمین** بە نەپچڕانی واتای دێر لەگەڵ وەستانی قافیە دا و تەرصیعیش بە بەرامبەر بوونێکی ڕێژەیی دەنگەکان لە ئاستی ستوونیدا کە جۆرێك لە سەروای ناوەوەیان دروست کردووە.(د.عەزیزگەردی:١٩٩٨: ٣٢١، ٣٤٦).

### ٦-١-٣ كێش:

لەم دەقەدا كێشی ژمارەی بڕگە بەجۆرێكی تێكشكاو بەكار هاتووە، جۆری كێشی دێرەكان بەپێی زنجیرەیان، بەم شێوەیەیە :

| | |
|---|---|
| ١. دوعام دەكرد دەمگوت خوایە/ بابیێ بابیێ / | ٤ ×٤/×٤ |
| ٢. ڕەش بە سپی بگۆڕتەوە / كیژان پیركا / | ٤ ×٤/ ×٤ |
| ٣.دوعام دەكرد/ دەمگوت خوایە دیسان / | ٤/×٤ × ٢ |
| ٤. نووحمان بۆ بنێرە/ ئەوە نییە جارێكی تر چیا / | ٢ ×٤ / ×٤ × ٤× ٢ |
| ٥. بارانێكی نەشارەزای لێدەدا/ | ٤× ٤ × ٣ |
| ٦. دوعام دەكرد/ دەمگوت خوایە/ با ئۆكسجین | ٤ /× ٤ /× ٤ |
| ٧. چەند دەقیقەییێ نەمێنیێ/ | ١× ٤ × ٣ |
| ٨. بەڵام كاتیێ كیژیێ گوتی/ دوێنیێ شەویێ | ٤× ٤ / × ٤ |
| ٩. لەخەونمدا/ چەند مردووییێ ڕاویان دەنام/ | ٤ /× ٤ × ٤ |
| ١٠. وەختیێ ژنیێ / گوتی ئەمشەو لەخەومدا | ٤ /× ٤ × ٤ |
| ١١. یەك دوو كۆترم بەڕەڵڵا كرد/ | ٤× ٤ |
| ١٢. وەكو برایمی زێندینان / جارێكی تر پەریخانم | ٢ ×٣ × ٣ / ×٤ ×٤ ×٤ |
| ١٣. خۆش ویستەوە/ ڕێژنە شیعر/ جارێكی تر | ٤/ × ٤/× ٤ |
| ١٤. لەو دوعایانەی كە كردم، پەشیمانی كردمەوە. | ٥ × ٣، ٤ × ٤ |

كێشی شیعرەكە كێشێكی تێكشكاوەو لەسەر بنەمای ریتمی چوار بڕگەیی دامەزراوە،تەنیا دێری پێنجەم بەهۆی بوونی پێیەكی سێ بڕگەیی لەكۆتاییەكەیدا، لەم كێشە لایداوە.دێرەكانی ژمارە (٧) و (١١) پێی سێییان تێدایە و ئەگەر بەچواری بخوێندرێنەوە وشە لەت دەكەن. ئەو دێرانەی كە پێی سێییان تێدایە تائاستێك كێشەكەیان لەنگ كردووە.

### ٧-١-٣ بنیادی ئاوازە:

بۆ ئاسانی دەست نیشانكردنەكان، هێمای ( ↖ ) بۆ بەرز بوونەوەی ئاوازو هێمای( ↙)ش بۆ نزم بوونەوەی ئاواز بەكاردەهێنین.

**پەشیمانی(↙)**

دوعام دەکرد (↖)دەمگوت خوایە(↖)/ بابیێ بابێ (↙)/
ڕەش بە سپی بگۆڕتەوە(↙) / کیژان پیرکا(↙) /
دوعام دەکرد(↖)/ دەمگوت خوایە(↖) دیسان /
نووحمان بۆ بنێرە(↙)/ ئەوە نییە جارێکی تر چیا (↖)/
بارانێکی نەشارەزای لێدەدا(↖)/
دوعام دەکرد(↖)/ دەمگوت خوایە(↖)/ با ئۆکسجین(↖)
چەند دەقیقەیێ (↖)نەمێنێ(↙)/
بەڵام کاتێ (↖)کیژێ گوتی(↖)/ دوێنێ شەوێ(↖)
لەخەونمدا(↖)/ چەند مردوویێ(↖) ڕاویان دەنام(↖)/
وەختێ ژنێ(↖) / گوتی ئەمشەو لەخەومدا(↖)
یەك دوو کۆترم بەرەڵڵا کرد(↙)/
وەکو برایمی زێندینان (↙)/ جارێکی تر(↙) پەریخانم
خۆش ویستەوە(↙)/ ڕێژنە شیعر(↙)/ جارێکی تر(↙)
لەو دوعایانەی کە کردم(↙)، پەشیمانی کردمەوە (↙).

## ٨-١-٣ پتەویی زمانی دەقەکە:

ئاسانترین ڕێگا بۆ بە شیعری کردنی زمانی دەق، بەکارهێنانی ئاوەڵناوە وەك دیارخەر بۆ دیارخراوێکی نەگونجاو، بەهۆی ئەمەوە لادانی واتایی دروست دەبێت، بەڵام لاوازیی ئەم تەکنیکە لەوەدایە کە ئەگەر زۆر بەوەستایی بەکارنەیەت، زمانەکە بەرەو فشەڵی (حشو) دەبات. پتەوی زمانی دەق بەوە دروست دەبێت کە حەشوی کەم بێت، ئەمەش بەوە دەکرێت کە کەم پەنا ببردرێتە بەر بەکارهێنانی ئاسایی ئاوەڵناو، ئەمەش کارێکی گرانە، بەڵام زمانی دەقەکە پتەو دەکات.

بۆ پێوانەی پتەویی زمانی دەقەکە (هاوکێشەی بۆزیمان)ی لەسەر جێبەجێدەکەین.

کارەکانی ناو دەقەکە ئەمانەن: (دەکرد، دەمگوت، بابێ، بگۆڕتەوە، پیرکا، دەکرد، دەمگوت، بنێرە، نییە، لێدەدا، دەکرد، دەمگوت، نەمێنێ،گوتی، ڕاویان دەنام، گوتی، بەرەڵڵاکرد، خۆشویستەوە، پەشیمانی کردمەوە).

**ژمارەی کار لەناو دەقەکەدا:** ( ١٩) کارە.

ئاوەڵناوەکانی ناو دەقەکە : (نەشارەزا).

**ژمارەی ئاوەڵناو لەدەقەکەدا:** ( ١) تەنها یەك ئاوەڵناو.

**ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو** = ١/١٩ = ١٩.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە کەم دەقی شیعری هەیە ڕێژەی یەکجار بەرزی هەبێ، بۆیە بەرزیی ڕێژەی ئەم دەقە بەڵگەی پتەویی زمانەکەیتی.

## ٩-١-٣ لادان لە زارو زمان و شێواز:

زمانی ئەم دەقە لە زۆر جێگادا لە زمانی نووسین لادەدات و زاری هەولێر بەکاردێنێت، لادانەکانیش ئەمانەن:

٢. ڕەش بە سپی بگۆڕتەوە / کیژان پیرکا /

لەم دێرەدا کاری (بگۆڕتەوە) و وشەی (کیژ) لادانن لە زمانی نووسین، لەنووسیندا (بگۆڕێتەوە) و (کچ)بەکاردێت.

٣.دوعام دەکرد/ دەمگوت خوایە دیسان /

لەم دێرەدا وشەی (دیسان) بەکارهاتووە کە لە زمانی نووسیندا (جارێکی تر) بەکاردێت.

٨. بەڵام کاتێ کیژێ گوتی/ دوێنێ شەوێ

لەم دێرەدا دووبارە وشەی (کیژ) بەکارهاتووە، هەروەها لادان لەزمانی نووسین و شێواز دا لە دەربڕینی (دوێنێ شەوێ) ڕوویداوە، چونکە لەشێوازی نووسینی ئەدەبیدا (دوێنێ شەو) بەکاردێت.

٩. لەخەونمدا/ چەند مردوویێ ڕاویان دەنام/ : لەم دێرەدا وشەی (خەون) بەکارهاتووە کە سەر بە زاری هەولێرە.

ئەوەی سەرەوە هەوڵێك بوو بۆ خوێندنەوەی شیعرەکە بەپشت بەستن بە میتۆدی شێوازگەری کە لە بنیادی زمانیی دەق و بوارەکانی بە شیعر بوونی دەکۆڵێتەوە. تەوەرەی دووەمی ئەم بەشە هەوڵی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لە بنیادی واتایی دەقێکی تر دەدات بەپشت بەستن بە ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە.

**٣-٢ دەقی دووەم:**

**(........)**
**بێ دەنگیش قسەکردنە**
**بەڵام بە شێوەیەکی تر**
**کوێرین بەڵام**
**ناخمان چاوێکی تری تیایە**
**چاوەڕێی و چاوەڕێش نیت**
**چاوەڕوانی شتێکی بەڵام لە گەیشتنی دەترسی**
**چاوەڕوانیش نیت چونکە حەز بە هاتنی ئەو**
**شتە**
**ناکەی**
**لە خۆت زێتر کەس نابینی**
**شەقامەکان چۆڵ و هۆڵن**
**لە خۆت بەو لاوە کەسی تر لەشار نییە**
**هەمیشە بەردەبیتەوە ناخی خۆت و**
**لە شوێنە جەنجاڵەکاندا تاك و تەنیای**
**بگەڕێوە منداڵدانی ئاوەدانیت**
**هیچ پێویستیت**
**بە ئازادی ژیان و زمان و تەمەن نابێ**


(١٩٨٠)

(فەرید زامدار: ٢٠٠٧: ٢٧٩)

### ١–٢–٣ هەڵوەشاندنەوەی بنیادی دەقەکە:

لە شیکردنەوەی ئەم دەقەدا بە پشت بەستن بە ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە، هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی سستمی ڕیزبوونی ڕستەکانی دەقەکە دەدرێت بە مەبەستی دووبارە بنیادنانەوەی و گەیشتن بە ئاماژە شاراوەکانی، لە میانەی ئەم کارەشەوە گرنگی بە ئیحای وشەکان دەدرێت و بنیادی واتایی و فیلدە واتاییەکان دەستنیشان دەکرێت.

دوای خوێندنەوەی وردی دەقەکە خوێنەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەقەکە لە دوو بەش پێکدێ، هەر بەشێکیان تا ئاستێك بوونی سەربەخۆی هەیە، ئەم دوو بەشە بە سێ ئاراستە کاردەکەن، یەکەمیان: ئەو دۆخەی کە ئێستا تێیدانە و بەشی دووەم بە دوای بەشی یەکەمدا دێ و بە هەردووکیان پەیکەری شیعرەکە تەواو دەکەن. دووەمیان: هەر ڕستەیەکی پارچەی یەکەم ڕستەیەکی پارچەی دووەم دەگرێتە خۆ، ئەمەش بە زنجیرە، لێرەدا دووپارچەکە پەیوەندییەکی ڕاڤەیی زنجیرەییان هەیە. سێیەمیان: بە ئاراستەی هەڵوەشاندنەوەی بنیادە زنجیرەییەکە، واتە بە گەڕانەوەی پێچەوانەیی لە یەکەم دێری پارچەی دووەمەوە بۆ یەکەم دێری پارچەی یەکەم و ئەم تەرزەش هەر بە زنجیرە، پەیوەندییەکی پێچەوانەیی دروست دەبێ کە بە هۆیەوە دەقەکە سەر لە نوێ بنیادێکی تازەی بۆ دروست دەبێ و لەم کردەیەشدا هەندێ لە ئیحا شاراوەکانی دەردەکەون. ئەم بونیادانەش لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت:




لە خوارەوەش بەپێی ئەم هێڵکارییە دەقەکە دابەش دەکرێ:

بێ دەنگیش قسەکردنە ١
بەڵام بە شێوەیەکی تر ٢
کوێرین بەڵام ٣

ناخمان چاوێکی تری تیایە ٤
چاوەڕێی و، چاوەڕێش نیت ٥
چاوەڕوانی شتێکی، بەڵام لە گەیشتنی دەترسی ٦
چاوەڕوانیش نیت چونکە حەز بە هاتنی ئەو ٧
شتە ٨
ناکەی ٩
لە خۆت زێتر کەس نابینی ١٠
شەقامەکان چۆڵ و هۆڵن ١١
لە خۆت بەولاوە کەسی تر لە شار نییە ١٢
هەمیشە بەردەبیتەوە ناخی خۆت و ١٣
لە شوێنە جەنجاڵەکاندا تاك و تەنیای ١٤
بگەڕێوە منداڵدانی ئاوەدانیت ١٥
هیچ پێویستیت ١٦
بە ئازادی ژیان و زمان و تەمەن نابێت ١٧

کۆی شیعرەکە سێزدە (١٣) ڕستەیە، بەڵام شاعیر هەندێك لە ڕستەکانی شکاندووە و لە ئەنجامدا حەڤدە (١٧) دێری دروست کردووە، بەم جۆرە بنیادی ئامادەی دەقەکە (١٧) دێرە. شکاندنی ڕستەکان و جیاکردنەوەی هەندێ لە بەشەکانی ڕستە و بە تەنیا نووسینیان لە دێرێکی سەربەخۆدا هەندێ لە نهێنییەکانی دەقەکە ئاشکرا دەکات، لە یەکەم بنیادی نوێی دەقەکە و سەرباری بێ ناونیشانی دەقەکەش جۆرێك لە تەوەرە بۆ دەقەکە دروست دەکات، کە هەموو دێرەکان بە دەوری دەسووڕێنەوە.

ئێستا ئەگەر هەر ڕستەیەکی بەشی یەکەمی شیعرەکە لەگەڵ ڕستەی بەرامبەری لە بەشی دووەمدا ببەستینەوە، ڕیزبوونێکی تری ڕستەکانمان دەست دەکەوێ کە بەم جۆرەیە:

### ٣-٢-١-١ بنیادی نوێ (١) :

| | | |
|---|---|---|
| بێدەنگیش قسەکردنە ⟵ | لە خۆت زیاتر کەس نابینی | (١ ⟵ ١٠) |
| بەڵام بە شێوەیەکی تر ⟵ | شەقامەکان چۆڵ و هۆڵن | (٢ ⟵ ١١) |
| کوێرن بەڵام ⟵ | لە خۆت بەولاوە کەسی تر لە شار نییە | (٣ ⟵ ١٢) |
| ناخمان چاوێکی تری تیایە ⟵ | هەمیشە بەردەبییەوە ناخی خۆت و | (٤ ⟵ ١٣) |
| چاوەڕێی و چاوەڕێش نیت ⟵ | لە شوێنە جەنجاڵەکاندا تاك و تەنیای | (٥ ⟵ ١٤) |
| چاوەڕوانی شتێکی بەڵام لە گەیشتنی دەترسی ⟵ | بگەڕێوە بۆ منداڵدانی ئاوەدانیت | (٦ ⟵ ١٥) |
| چاوەڕوانش نیت چونکە حەز بەهاتنی ئەو ⟵ | یچ پێویستیت | (٧ ⟵ ١٦) |
| شتە ⟵ | بە ئازادی ژیان و زمان و تەمەن نابێت | (٨ ⟵ ١٧) |

ناکەی (٩)

(بنیادی نوێ -١-)

ئەو دەقەی سەرەوە ئەنجامی بەرامبەرکردنی دێرەکانی هەردوو پارچەکەیە بە زنجیرە، تەواو لە دەقی یەکەم جیاوازە، شێوەیەکە لە ڕاڤەی دەق بە پشت بەستن بە کەرەسەکانی خۆی. زۆربەی دێرەکان لەگەڵ بەرامبەرەکانیاندا واتایەکی گونجاو دروست دەکەن وەك ئەوەی کە پێشتر دوو لەتە دێر بووبن و جیاکرابنەوە. بۆ نموونە:

لە (١ ⟵ ١٠)دا: بێ دەنگی و قسەکردن دوو ڕووداوی دژیەکن، بەڵام لێرەدا هەمان بایەخی لۆژیکییان هەیە، چونکە قسەکەر تەنیایە و خۆی دەدوێنێ، خۆ دواندنیش کردەیەکی بێ دەنگە، بۆیە لێرەدا قسەکردنەکە بێ دەنگە. ئەم بەرامبەرکردنە گونجاوترە لە چاو ڕیزبەندی بنەڕەتی دێرەکانی شیعرەکە چونکە لە وێدا (بێ دەنگی = قسەکردن -١-) بەڵام (بەشێوەیەکی تر -٢-) کە شێوەکەی تر ڕوون نییە، بەڵام لە پەیوەندی ( ١ ⟵ ١٠) شێوەکەی تر ڕوونە.

لە (٢ ⟵ ١١)دا: شەقامەکان لە خودی خۆیاندا چۆڵ و هۆڵ نین، بەڵام لە هزری شاعیرو لەو تەنیایی یە قووڵەی ناخی داگیرکردووە، بەلای ئەوەوە شەقامەکان چۆڵ و هۆڵن، لەم پەیوەندییەدا زۆر بە ڕوونی ئەمە ڕاڤە دەکرێ کە چۆڵ و هۆڵی شەقامەکان بەرجەستە نییە،

بەڵکو بە شێوەیەکی ترە. ئەمە لە کاتێکدا لە ڕیزبوونە بنەڕەتییەکە ڕستەی (٢) سەر بە ڕستەی (١)و هیچ پەیوەندی بە ڕستەی (٣)وە نییە.

لە (٣ ←١٢)دا: ((کوێرین)) ئەم کوێرییە واتایەکی خوازەییە، هەست نەکردنی شاعیرە بە دەوروبەرەکەی لە ئەنجامی نقوم بوونی لە ناو خودی خۆیدا. لە ڕیزبەندە بنەڕەتییەکەدا ئەم (کوێری)یە بەرەو کوێری بەرجەستە دەڕوات، چونکە دێرەکەی دوای ئەو کەم و کوڕی ئەو کوێرییە بەوە پڕدەکاتەوە کە (ناخمان چاوێکی تری تیایە). واتە ئەگەر چاویشمان نەبێ، بەڵام چاوی دەروونمان هەیە، بەڵام لە پەیوەندی (٣ ←١٢)دا واتا خوازەییەکە زەق دەکرێتەوە بەوەی کە شار کەسی تێدا نییە بۆیە کەس نابینی، کە کەسیش نەبینی وەك ئەوە وایە کوێربی.

لە (٤ ← ١٣)دا: بوونی چاوی ناخ وادەکات مرۆڤ هەمیشە بەرەو ناخی خۆی بڕوا بۆ ئەوەی لە وێدا ڕوونتر و فراوانتر شتەکان ببینێ، ئەو گەڕانەوەیەی مرۆڤ بەرەو ناخی خۆی خۆ ویست نییە، بەڵکو وەك بەربوونەوی کەسێکە کە بەهۆی بێ ئاگاییەوە لە ڕۆیشتندا بکەوێتە ناو چاڵێکەوە. مرۆڤیش بەهۆی ئەو دڵەڕاوکێ و تەنیاییەی کە تێیدایە ئاگاداری ڕێگا و بەردەمی خۆی نییە و ساتمە دەکات و بەردەبێتەوە ناو ناخی خۆی، بەڵام جوانی پەیوەندییەکە لەوەدایە کە بەربوونەوەی ئاسایی ئازار و شکانی لەگەڵدایە، بەڵام لەو پەیوەندییەدا بەربوونەوەکە ڕزگاربوونە لە کوێری و بەدەستهێنانی چاوی (ناخە)ە.

لە (٥ ← ١٤)دا: هەردوو ڕستەکە واتە (٥) و (١٤) ئاماژە بۆ دڵەڕاوکێی شاعیر دەکەن لە ئاست پەیوەندی بەشتەکان و کەسەکانەوە.

لە (٦ ← ١٥)دا: چارەسەری ترسی شاعیر و ڕزگاربوونی لە دڵەڕاوکێ بەوە دەکرێ کە بگەڕێتەوە (منداڵدانیی) خۆی. ئەو دەربڕینەش چەندان ئاماژە دەگرێتەوە: منداڵدا لە هەموو بارەکاندا ئاماژەیە بۆ ساتێك کە تێیدا شاعیر سەری بەبیرکردنەوە قاڵ نەبووبێ و دڵەڕاوکێ داینەگرتبێ، لەو ساتیشدا ئاوەدانی و ئارامی بەدەست دێ، جا ئەوساتە چ سەردەمی منداڵی بێ، یان هەر ساتێك کە شاعیر دۆخێکی دەروونی وای هەبێ کە هەست بە ئاوەدانی بکات و وەك سەردەمی منداڵی بێ گرفت بێ.

لە (٧ ← ١٦)دا: هەردوو دەربڕینەکە کاریان تێدا نییە. هەردووکیان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە شاعیر نایەوێ لەگەڵ ئەو ڕووداوە هەنگاو بنێ کە ئەگەر کاری ڕستەکان هەبوایە، ڕوویدەدا. هەردوو دەربڕینەکە بەرەو ئاراستەی نەرێتی دەڕوا لە واتادا، دەربڕینی (٧) بەهۆی کاری (نیت)و لە دەربڕینی (١٦) بەهۆی وشەی (هیچ) کە ئاماژەی (نەرێ)ی تێدایە.

لە (٨ ⟵ ١٧)دا: ڕوونکردنەوەیەکی زۆر گرنگ لەم پەیوەندییەدا هەیە، شاعیر لە ڕیزکردنی خۆیدا ئاماژەی بەوە نەداوە کە ئەو (شت)ە چییە کە مرۆڤ حەز بەهاتنی ناکاو مایەی دڵەڕاوکێیەتی، بەڵام لەم پەیوەندییەدا وشەی (شت) دەکەوێتە بەرامبەر (بەئازادی ژیان و زمان و تەمەن نابێت). واتە (شت)ە کە ئازادی ژیان و زمان و تەمەنە، مرۆڤ ئەگەر گەڕایەوە دۆخی سادەیی منداڵی پێویستی بەو شتانە نییە، مرۆڤی پێگەیشتوو پێویستی پێ هەیە، بەڵام لێی دەترسێ. ((ترسی مرۆڤ لە ئازادی و بەرپرسێتی ترسێکی ئەنتۆلۆژییە)). (رولو مای و ارفین یالوم: ١٩٩٩: ٩٧-١٠٠)

لەم بنیادەی کە دروستکرا یەك ڕستەی کورت دەمێنێتەوە کە ژمارە (٩)ی بەر کەوتووە، ڕستەی (ناکەی). ئەم ڕستەیە لە ڕووی ژمارەوە سەنتەری ژمارەکانە، واتە هەشت ژمارە لە پێشی و هەشت ژمارەش لە پاشیدا هەیە. وەك ئەوەی لە تۆپۆگرافیای شیعرەکەدا بووەتە سەنتەر، لە واتاشدا وەك (بیت القصید دەردەکەوێ. سەرتاپای شیعرەکە ئاماژەیە بۆ ترسان و دڵەڕاوکێی مرۆڤ کە ناوێرێ ڕووبەڕووی بەرپرسێتی خۆی بێتەوە، بۆیە (ناکەی) ئەو دیوە سایکۆلۆژییە ڕاستەقینەیەی مرۆڤە کە شاعیر پەردەی لەسەر هەڵدەماڵێ و ڕاستییەکان ئاگاداری دەکاتەوە.

ئەمجارە ئەگەر بینای ڕیزبوونی ڕستەکان بە پێچەوانەی (بنیادی نوێ -١-) ڕیزبکەین بەم جۆرە:

### ٢-١-٢-٣ بنیادی نوێ (٢) :

لەخۆت زێتر کەس نابینی ⟵ بێ دەنگیش قسەکردنە (١٠ ⟵ ١)
شەقامەکان چۆڵ و هۆڵن ⟵ بەڵام بەشێوەیەکی تر (١١ ⟵ ٢)
لە خۆت بەولاوە کەسی تر لە شار نیە ⟵ کوێرن بەڵام (١٢ ⟵ ٣)
هەمیشە بەردەبێتەوە ناو ناخی خۆت و ⟵ ناخمان چاوێکی تری تیایە (١٣ ⟵ ٤)
لە شوێنە جەنجاڵەکاندا تاك و تەنیای ⟵ چاوەڕێ یو چاوەڕێش نیت (١٤ ⟵ ٥)
بگەڕێوە منداڵدانی ئاوەدانیت ⟵ چاوەڕوانی شتێکی بەڵام لە گەیشتنی دەترسی (١٥ ⟵ ٦)
هیچ پێویستیت ⟵ چاوەڕوانیش نیت چونکە حەز بە هاتنی ئەو (١٦ ⟵ ٧)
بە ئازادی ژیان و زمان و تەمەن نابێت ⟵ شتە (١٧ ⟵ ٨)
ناکەی (٩)

**(بنیادی نوێ – ٢ –)**

خوێندنەوەی دەقەکە بەم جۆرەی سەرەوە ئاماژە واتاییەکانی (بنیادی نوێ -١-) دووبارە دەکاتەوە کە پێویست بە نووسینەوەیان ناکات، بەڵام هەندێ سەرنجی تر لەم خوێندنەوەیەدا دەردەکەون وەك:

١-دەقەکە شێوەی جۆرێك لە دیالۆگی تێدایە لە نێوان دوو کەسدا، جۆرێك لە پرسیارو وەڵام، یان دیاردەیەك کە ڕاڤەی بوێ و لە بەرامبەردا ڕاڤەکەی دەردەکەون.

ئەم سەرنجە لە بنیادی بنەڕەتی دەقەکە بە ئاسانی دەرناکەوێ، چونکە زنجیرەی واتایی ڕستەکان پەیوەندییەکی تر دروست دەکات و خوێنەر بەرەو واتایەکی دیاریکراو ڕادەکێشێ، بۆیە پێویستی(هەڵوەشاندنەوە) لێرەدا دەردەکەوێ، چونکە بنیادە بنەڕەتییەکە هەڵدەوەشێتەوە و سەر لەنوێ دەقێکی تر لە هەمان ڕستە دروست دەکات و کۆمەڵێك ئاماژەی پەنهان دەهێنێتەوە بەر ڕۆشنایی خوێندنەوە.

لەم بنیادە نوێیەدا دایە لۆگ لە نێوان (من)ی شاعیر و کەسی بەرامبەرە (تۆ). لە ڕستەکانی (١،٢،٣،٤)دا شاعیر دەیەوێ، واتە ڕووی قسەکردن لە خۆیەتی، بەڵام لە ڕستەی (٥)ەوە هەتا کۆتایی، ڕووی گوتارەکەی لە (تۆ)یە. لێرەشدا چەند تێبینییەك دەردەکەون:

أ-(من) لە شێوەی جێناوی ئێمە بەکارهاتووە.

ب- بەکارهێنانی (من) بەرامبەر بە (تۆ) ڕێژەکەی (١٧/٤)یە کە دەکاتە نزیکەی (١/٤) چارێگ.

٢- لە پەیوەندییەکانی (١٠ ← ١) و (١١ ← ٢) و (١٢ ← ٣) و (١٣ ← ٤)دا دایەلۆگەکە ڕوودەدا، شاعیر هەندێ دیاردە باس دەکات کە لە کەسایەتی دەوروبەری (تۆ)دا هەن و خۆیشی لە دۆخی (ئێمە)دا وەڵامی دەداتەوە.

٣- لە پەیوەندی (١٢ ← ٣)دا ڕستەی وەڵامەکە (کوێرین بەڵام) شێوەی پێش و پاشکردنی وەرگرتووە، بۆ گونجاندنی لەگەڵ ئەم بنیادەدا دەبێ ڕیزبوونە ئاسۆییەکەی بگۆڕێت و بکرێتە (بەڵام کوێرین) ئەو کاتە بەم جۆرە دەبێ : ((لە خۆت بەو لاوە کەسی تر لە شارنیە بەڵام کوێرین)) (١٢ ← ٣)

٤- هەندێ لە ئاماژەکان ڕاشکاوانەتر دەردەکەون بە بەراورد لەگەڵ ئاماژەکانی (بنیادی نوێ -١-)دا.

ئەمەش هۆکارەکەی ئەو جۆرە دایەلۆگەیە کە دروست بووە (لە بنیادی نوێ -٢-)دا کە جۆرێك لە ڕاڤە و تەفسیرکردنی تێدایە.

٥- جەخت کردنەوە لەسەر سەرچاوەی ترس و دڵەڕاوکێی مرۆڤ کە (ئازادی و بەرپرسێتی)یە، لەم بنیادەدا راشکاوانەترە، وەك دیارە کە:

((بە ئازادی ژیان و زمان و تەمەن نابێت شتە)) (١٧ ← ٨)

لەم بنیادەدا بەشی یەکەمەکەی پێمان دەڵێ: {(ژیان و زمان و تەمەن)ی ئازادانە،نابێت} واتە قەدەغەکردنی ژیانی ئازاد و زمانی ئازاد و تەمەنی ئازاد ڕادەگەیەنێت. لە بەرامبەریشدا هەڵوێستی شاعیر لەم قەدەغەکردنە دڵخۆشییە، چونکە ڕزگاری دەبێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرپرسێتی ئەنتۆلۆژی خۆی و لە وەحشەتی ئازادی دەربازی دەبێ، دواجار لە دڵەڕاوکێ و ترس ڕزگاری دەبێ، ئەم دڵخۆشییەش بە کورتەی ڕستەی (شتە) دەردەبڕێ کە واتای (گرنگە) یان (شتێکی گرنگە) دەگەیەنێ.

٦- دایەلۆگی شاعیر و(تۆ)ی وەهمی هەندێك ئاماژەی گرنگی تێدایە کە پشتیوانی واتای بنیادە نوێیەکەن. بۆ نموونە:

ا- شاعیر وەك قسەکەر ڕۆڵی ڕیش سپیەتی و مامۆستایی دەبینێ و ئامۆژگاری (تۆ) دەکات و ڕاڤەی گرفتە ئەزەلییەکانی بۆ دەکات، بەڵام لە بەرامبەر دا خۆی متمانەی بە قسەکانی نییە و ناتوانێ بە متمانەوە جێناوی (من) بەکاربهێنێ، بەڵکو پەنا دەباتە بەر (ئێمە) بۆ ئەوەی قسەکانی شەرعیەتی کۆ بەدەست بهێنێ.

ب- (تۆ) پەیکەرێکی وەهمییە، شاعیر خوڵقاندوویەتی بۆ ئەوەی خۆی لەباری کزی و دڵەڕاوکێ دەربکات و بەشەکەی تری کەسایەتی خۆی کە (تۆیە) ئامۆژگاری بکات و بیخاتە قەفەسی تۆمەتبارکردنەوە. ئەمەش بە پێی تیۆری کەسایەتی فرۆید (منی باڵا)ی شاعیرە ئامۆژگاری (ئەو)ی شاعیر دەکا.

ج- هەردوو خاڵی (ا،ب) ئەوە دەگەیەنن کە شاعیر لە لایەکەوە متمانەی بە خۆی نیە و دڵەڕاوکێیەکەی قووڵترە لەوەی خۆی بتوانێ چارەسەری بکا، لە لایەکی تریشەوە نایەوێ خۆی بەرپرسێتی خۆی بگرێتە ئەستۆ و(حوکمی ئازادی) بەسەر خۆیدا جێبەجێ بکا، بۆیە (تۆ) دەخوڵقێنێ و بۆ خۆ شاردنەوە لە مەحکومیەتی ئازادی دەیسازێنێ.

٧- شاعیرایەتی ئەم بنیادە لە وەدایە کە دیمەنی دیالۆگی خستووەتە ڕوو، بەڵام ڕاستەقینەی گوتارەکە مەنەلۆگە و تەنیا شاعیرە خۆی دەدوێنێ.

٨- ڕستەی (ناکەی) دووبارە وەك تەوەرەیەکی واتایی گرنگ خۆی دەسەپێنێ و شیعرەکە لە فەزای خۆیدا دەسوڕێنێتەوە.

### ٢-٢-٣  فێڵده واتاییەکان له بنیادی بنەڕەتیی شیعرەکەدا:

ئەم دەقە شیعرییە بنیادێکی بازنەیی هەیە، واتە ڕووداوەکانی زنجیرەیی نەو دوا ڕووداوی بەیەکەم ڕووداوی دەبەسترێتەوە، بەگشتی شیعرەکە لەم چەند فیلّدە واتاییەدا چڕدەبێتەوە:

١- ئومێدەواری: دەقەکە بە ئومێدەواری و دڵدانەوە دەست پێدەکات، شێوەیەك لە خۆ دڵنیاکردنەوە بەوەی کە بێ دەنگی کەم و کوڕی نییە، بەڵکو ستایلێکی تری قسەکردنە، ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ باوەشی دیاردەی باو (قسەکردن) و خۆ ڕزگارکردنە لە دیاردەی تایبەتی و تاکە کەسی (بێ دەنگی).

ئەم فیلّدە لەم ڕستانەدا خۆی دەنوێنێ:

بێ دەنگیش قسەکردنە ١

بەڵام بە شێوەیەکی تر ٢

کوێرین بەڵام ٣

ناخمان چاوێکی تری تیایە ٤

**١-دڵەڕاوکێ:**

دڵەڕاوکێ یەکێکە لە فیلّدە واتا ییەکانی دەقەکە و لەم دێرانەدا دەردەکەوێ:

چاوەڕێی و، چاوەڕێش نیت ٥

هەمیشە بەردەبیتەوە ناو ناخی خۆت ١٣

**٢-ترس:**

فێڵدی ترس لەم دێرانەدا دەردەکەوێ :

چاوەڕوانی شتێکی، بەڵام لە گەیشتنی دەترسی ٦

چاوەڕوانیش نیت چونکە حەز بە هاتنی ئەو ٧

شتە ٨

ناکەی ٩

**٢- بێ هیوایی:**

٣- ئەم دێرانەی خوارەوە دەچنە سنووری فێڵدی بێ هیواییەوە:

| | |
|---|---|
| ناکەی | ٩ |
| لە خۆت زێتر کەس نابینی | ١٠ |
| شەقامەکان چۆڵ و هۆڵن | ١١ |
| لە خۆت بەولاوە کەسی تر لە شار نییە | ١٢ |
| لە شوێنە جەنجاڵەکاندا تاك و تەنیای | ١٤ |

**٥-ئاسۆی تاریك:**

لەم فێڵدەدا فێڵدە بچووکەکانی (دڵەڕاوکێ) و (ترس) و(بێ هیوایی) کۆ دەبنەوە و لەدێری پێنجەمەوە بەردەوام دەبن تا دێری (١٤) چاردە.

**٦-ڕزگاربوون:**


ئەم فێڵدە چارەسەری گرفتەکان دەگرێتە خۆ کە لەم دێرانەدا دەردەکەوێ:

| | |
|---|---|
| بگەڕێوە منداڵدانی ئاوەدانیت | ١٥ |
| هیچ پێویستیت | ١٦ |
| بە ئازادی ژیان و زمان و تەمەن نابێت | ١٧ |

**٧- ئاسۆی ڕووناك:**


ئەم فێڵدەش، فێڵدە بچووکەکانی (ئومێدەواری) و (ڕزگاربوون) دەگرێتە خۆ.

بە پێی فێلدەکان دەقەکە بە ئاسۆی ڕووناك دەست پێدەکات، پاشان تاریکی بەسەر دادێت و بەردەوام دەبێت، دواجار بەرەو ڕووناکی دەگەڕێتەوە، بۆیە هێڵی بەیانی واتای دەقە چەماوەیەکی قوچەکییە بەم جۆرە..





هێلکاری ژمارە (3-1)

پانتایی واتایی دەقەکەش بەپێی فیڵدەکان بەم جۆرە :




هێلکاری ژمارە (٣-٢)

(…………….)




هێلکاری ژمارە (٣ – ٣)

هەندێك لە دێرەکانی ئەم دەقە تەم و مژ دروست دەکەن ئەویش بەوەی زیاتر لە ئاماژەیەك دەگەیێنن. ناونیشانی دەقەکە کە بۆشاییەکە لە نێوان دوو کەوانە دا، هەروەها دێری ژمارە (١٠) و (١٥) لە دەقەکەدا لەم جۆرەن.


أ- ناونیشانەکە مافی خوێنەرە کە پێشنیاری هەر ناوێکی بۆ بکات وەك لە خوێندنەوەی بنیادە نوێیەکاندا کاری (ناکەی) کە رستەی ژمارە (٩)یە، پێشنیارکرا بۆ بۆشایی ناونیشانەکە بەهۆی ئەوەی کە شوێنێکی تەوەرەیی هەبوو لەڕووی تۆپۆگرافیا و واتاوە.

ب- دێری ژمارە (١٠) (لە خۆت زێتر کەس نابینی) دوو ئاماژەی هەیە:

١. شاعیر لەبەر ترس و دڵەڕاوکێی خۆی ئاگاداری کەس نییە و کەس نابینێ. ئەوە بە درێژیی قسەی لەسەر کراوە.

٢. شاعیر خۆپەرستە، دێرەکە ئاماژەیە بە نەرجسیەتی شاعیر کە تا ئەو ئاستە خودپەرستە کە ناتوانێ کەسی تر ببینێ. دێرەکانی (١١، ١٢، ١٤) پاڵپشتی ئەم مەبەستەنە.

پ- دێری (١٥) (بگەڕێوە بۆ منداڵدانی ئاوەدانیت) کە پێشنیاری چارەسەرە لە شیعرەکەدا، ئاماژەی دوو چارەسەری تێدایە بۆ هەردوو گرفتەکە، لە گرفتی یەکەمدا کە دڵەڕاوکێیە، (منداڵدانی ئاوەدانی) پەناگەیەکی باشە بۆ نەمانی دڵەڕاوکێ وەك باس کرا. لە گرفتی دووەمدا (منداڵدانی ئاوەدانی) ئەو شوێنەیە کە نەرجسیەتی شاعیر تێیدا تێر دەبێت، چونکە تەنیا خۆی گەورەی ئەو شوێنەیە و هەموو جوانییەکانی ئەو شوێنە بۆ خۆیەتی. ئاکامی ئەم دوو گرفتە لە دێری (١٦)، (١٧) دا یەکلایی دەبێتەوە، ئەم دوو دێرە پاڵپشتی گرفتی یەکەم دەکەن (دڵەڕاوکی)، بەڵام پاڵپشتی گرفتی دووەم (خۆپەرستی) ناکەن. ئەم چەمك و داتا واتاییانە لەم هێڵکارییەدا روون دەبێتەوە:




هێلکاری ژمارە ( ٤ — ٣ )

لە هێڵکارییەکەدا دەردەکەوێ کە ڕادەی تەم و مژەکە کار لە ڕەوتی واتایی دەقەکە ناکات. چەنکە ئەگەر دێری (١٠) واتای دڵەڕاوکێ بگەیەنێ، ئەوە لەگەڵ دێری (١٧) دەگونجێت و بەشێوەی ئۆتۆماتیکی (زاڵ بوونی دڵەڕاوکێ) بەسەر واتای دێرەکە دەردەکەوێ. ئەگەریش دێری (١٠) واتای خۆپەرستی بگەیەنێ ئەوە لەگەڵ دێری (١٧) ناگونجێ و لە دەرەنجامی نەگونجانەکە کە(داخرانی دەرگای خەونەکانە)، دڵەڕاوکێ بەسەر واتاکەدا زاڵ دەبێتەوە

لە هێڵکارییەکەدا دەردەکەوێ کە ڕادەی تەم و مژەکە کار لە ڕەوتی واتایی دەقەکە ناکات. چەنکە ئەگەر دێری (١٠) واتای دڵەڕاوکێ بگەیەنێ، ئەوە لەگەڵ دێری (١٧) دەگونجێت و بەشێوەی ئۆتۆماتیکی (زاڵ بوونی دڵەڕاوکێ) بەسەر واتای دێرەکە دەردەکەوێ. ئەگەریش دێری (١٠) واتای خۆپەرستی بگەیەنێ ئەوە لەگەڵ دێری (١٧) ناگونجێ و لە دەرەنجامی نەگونجانەکە کە(داخرانی دەرگای خەونەکانە)، دڵەڕاوکێ بەسەر واتاکەدا زاڵ دەبێتەوە.


### ٥-٢-٣ ڕوون کردنەوەی بنیادە بنیادە واتاییەکان بە بەکارهێنانی (چوارگۆشەی گریماس):

پانتایی (دڵەڕاوکێ، ترس، بێ هیوایی) پانتاییەکی فراوانەو باڵ بەسەر (ئومێدەواری، ڕزگاربوون) دا دەکێشێ. دەقەکە لە دۆخێکی گرژی دایە لە نێوان:

| | | |
|---|---|---|
| (دڵەڕاوکێ | X | دڵنیایی) |
| (ترس | X | ئارامی) |
| (بێ هیوایی | X | ئومێدەواری) |
| (ئاسۆی ڕووناك | X | ئاسۆی تاریك) |
| (ڕزگاربوون | X | مانەوە لە گرفت) |


پەیوەندییە واتاییەکان لە ناو دەقەکەدا لەم خاڵانە ڕوون دەبێتەوە:

**١-بنیادی گشتی دەقەکە لە نێوان (ئاسۆی ڕوون ئاسۆی تاریك) بەم جۆرەیە:**





هێلکاری ژمارە (٥ — ٣)

**٤- لە ناو دەقەکەدا ململانێیەکی بەردەوام هەیە لە نێوان (چاوەڕوانی/ ترس)، هەروەها (ئازادی / ترس) ئەم دوو کایە واتاییەش لە چوارگۆشەکەدا بەم جۆرە دەردەکەون:**




هێلکاری ژمارە (٦-٣)




هێلکاری ژمارە (٧-٣)

**لە هێلکاری (٦- ٣) دا:**

لە پەیوەندی (A) دا: مرۆڤ چاوەڕوانی شتێکە و هیچ ترسیشی نییە، ئەمە پاڵپشتی فێڵدی ئومێدەوارییە لە دەقەکەدا، هەروەها پەیوەندی (A) لە هێڵکاری (٧ – ٣) بەهەمان شێوەیە.

لە پەیوەندی (B) دا: مرڤ چاوەڕوانە، بەڵام ترسی هەیە، ئەمەیان دۆخی راستەقینەیە لە دەقەکەدا، بەڵام ئەم دۆخە دڵەڕاوکێ دروست دەکات، هەمان دیاردە لە پەیوەندی (B) لە هێلکاری (٧ -٣) دا دروست دەبێت.


لەپەیوەندی (C) دا: مرۆڤ بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ شتێك بێت ترسی هەیە، ئەمە تەوەرەی بەدرۆخستنەوەی سیاقی واتایی دەقەکەیە. ئەم تەوەرەیە بەردەوام دژی خواستەکانی دەق کاردەکات، واتە هەتا ئەوپەڕی سنووری گونجان بەدوای واتای شاراوەی نێو سیاق دەگەڕێ، هەمان دیاردە لەپەیوەندی (C) ی هێڵکاریی (٧-٣) دا هەیە.

لە پەیوەندی (D) دا: مرۆڤ لە دۆخێکدایە ترسی نییە، چاوەڕوانی هیچ شتێك نییە، ئەم دۆخە بە پێی چوارگۆشەکە ئەگەرێکی پووچەڵە(زائف)، چونکە لە ژیانی ئاساییدا مرۆڤی هۆشیار هەرگیز لەم حاڵەتەدا نابێ، بەڵکو مرۆڤێك لەم حاڵەدایە کە هەست و هۆشی نەبێت و بیرنەکاتەوە، بۆیە ئەم پەیوەندیە ئەگەر مرۆڤی ئاسایی بکەوێتە چوارچێوەیەوە، تووشی بێ هیوایی دەبێ، چونکە لە ژیانێکدا دەبێ کە هیچ رووداوی تێدا نییە و چاوەروانی هیچ نییە.

لە شیعردا شاعیر وەك قسەکەری ئاسایی رووداوەکان بە هۆکارێکی دیاری کراو نابەستێتەوە، بەڵکو لە بنیادی دەقەکەدا هۆکاری تری بۆ دروست دەکات، ئەم هۆکارە شاراوانە دەبنە پاڵپشتی فێڵدە واتاییەکان. گرنگی بەکارهێنانی چوارگۆشەی گریماس لەوەدایە، کە هەوڵدەدات دیاردەکان بە بەراورد لەگەڵ دژەکانیان ڕوونتر بکاتەوە، ئەم کارەش بەپێی

بۆچوونی (سۆسێر) بنەمای دەرك كردنی مرۆڤە بەواتای شتەكان. چوارگۆشەكە راستیی رووداوی ناو شیعرەكە بەراورد دەكات لەگەڵ دژەكەی كە رووداوێكی ئەگەرییە و ڕوونادات، بەڵام دەیخاتە بەردەستی خوێنەر بۆ ئەوەی لە ئەنجامی هەست كردن بە دژایەتییەكە، وێنە راستەقینەكە بەرووی ببینێت. وەك لە پەیوەندی (B / D )، ( A / C ) لە هێڵكارییەكاندا دیارە.

## ٣-چارەسەی شاعیر بۆ رزگاربوون لە نێوان (پێویست / ئەستەم) دا:




هێلكاری ژمارە (٨-٣)

شاعیر چارەسەرێك بۆ گرفتە دەرونییەكانی (تۆ) دادەنێ بەوەی كە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی بێ گرفتی و ئاوەدانیی دەروونیی خۆ، یان بگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی و رزگاری بێت لەو قەیرانەی كەتێی كەوتووە، بەڵام كاتێ چارەسەرەكەی شاعیر دەخرێتە ناو چوارگۆشەی گریماس، هەندێ ئاماژەی واتایی تر دەردەكەون كە بەم شێوەیەن:

چارەسەرە (پێویست)ەكە، كە رووداوی راستەقینەیەو دەبێ رووبدات، چارەسەرێكی ئەستەمە و روو نادات، بەم كارەش شاعیر بە ناراستەوخۆیی بەرامبەرەكەی تێ دەگەیەنێ كە ناتوانێ بگەڕێتەوە و ئەگەر گەڕانەوەكەی روویدا ئەوە رێكەوتە، بەڵام لە بەرامبەردا ئومێدی گەرانەوەش لە چوارگەشەكەدا دەردەكەوێت، ئەم رستەیە (بگەڕێوە بۆ منداڵانی ئاوەدانیت)

بەپێی دەلالەتی هێڵکاری (٣-٨) لەسەر بنیادی (ئومێدی گەڕانەوە / ڕەتکردنەوەی گەڕانەوە) یان (پێویستیی چارەسەر/ ئەستەمیی چارەسەر) دامەزراوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە دڵەڕاوکێ فێڵدێکی سەرەکیی واتایە لە دەقەکەدا ئەگەر چی لە واتای رووکەشیشدا زۆر دەرنەکەوتبێ.

### ٣-٢-٦ رستەی (ناکەی) وەك تەوەرەیەك بۆ واتای هەموو شیعرەکە:

لە ئەنجامی هەوڵەکانی پێشوو بۆ دەستنیشان کردنی بنیادی واتایی دەقەکە و پاش دەستنیشانکردنی فێڵدە واتاییەکانی، ئەوە دەردەکەوێت کە ترس لە هەنگاو هاوێشتن بەسەر دەقەکەدا زاڵە، ئەم ترسەش لە ئاماژە نەرێیەکان کۆدەبێتەوە کە هەموویان دەلالەتی دەستەوەستانی نێرەری پەیام دەگەیێنن لە ئاست ژیان و دوودواوەکانی، رستەی (ناکەی) وەك لە هێڵکاری (بنیادی نوێ -١-) و (بنیادی نوێ -٢-) دا دەردەکەوێت لە رووی تۆپۆگرافی و واتاییەوە تەوەرەو سەنتەری دەقەکەیە. ئاماژە نەرێ یەکانیش بەم جۆرەی خوارەوە بە دەوری ئەم تەوەرەیە کۆ دەبنەوە:

هێڵکاری (٩ — ٣)

وەك لە هێڵکارییەکەوە دیارە لە کۆی (١٧) دێر ( ١٣) دێری شیعرەکە بە دەوری تەوەرەی (ناکەی) لەمیانەی چوارچەمکدا کۆبوویتەوە، بۆیە زۆر گونجاوە کە ڕستەی (ناکەی) وەك تەوەرەی واتایی دەقەکە دابنرێت.

### ٣-٣: دەقی سێیەم [٣٨]

**مەرگی ئاوێنە (٣)**

١ دروود بۆ هەمووومان

٢ هەمووومان کەم

٣ من

---

٣٨– ئەم دەقە سێیەم پارچە شیعرە لە شیعری (مەرگی ئاوێنە) لە کتێبی شیعری ( ڕووەکەکانی خوداوەند) ی سەباح رەنجدەر . چاپی دووەم ،٢٠٠٦ ز.

٤ تۆ

٥ ئەو

٦ ئێمە

٧ ئێوە

٨ ئەوان

٩ پێویست بوو بڕووخێ

١٠ سەر زەمین کەرنەڤاڵی تەواوی تێدا نییە

١١ ئێستا باخچەیەکە هوماکان تێیدا دێنە قسە

١٢ قسەکردن میراتی ئێمەشی تێدایە

١٣ نامەکانم پێچابوایەوە

١٤ قۆل و باسکە کوتراوەکانی

١٥ ئەو ئاوانەی دەبنە خوێ دەمبینێ

١٦ ساکاریی ئاوە بەکەفەکانیشم ئاڵۆز دەکرد

١٧ ئەوە بڕواهێنانی ئەو مانەوەیەمە

١٨ لە چوار ڕیان

١٩ هەشت پیتی ژیان و مردن

٢٠ بە هەشت دەنگ بانگیان کرم

٢١ ئێسکبەندی دەنگەکان هەڵوەشانەوە

٢٢ ژ ی ا ن

٢٣ م

٢٤ ر

٢٥ د

٢٦ ن

٢٧ ژیان چ مۆمێکە باران دایدەگیرسێنێ

٢٨ لە ئەشکەفتەکان تیشکە سەرخۆشەکانی

٢٩ شیرینی دەدەن بەخەون

٣٠ لەسەر گێڕانەوەی خەون

٣١ لەگەڵ شەوی خەوخۆشی ڕێك نەكەوتین
٣٢ مردن چ نامەیەكە تراویلكە دەیپێچێتەوە
٣٣ لە سێبەری ئەو درەختەی بەختیاری بەری دەخوات دەگات
٣٤ لەسەر پچڕانی نامە
٣٥ لەگەڵ بەختیاری ڕێك نەكەوتین
٣٦ خەون شەوی خەوخۆشی و بەختیاری
٣٧ خوێن شیرین كرد
٣٨ مەودای ڕێگاكان دیارن
٣٩ ماوەم نادەن بڕۆم بەرەو بزربون
٤٠ ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان
٤١ چەند ساڵ ژیام ژیان
٤٢ چەندین ساڵی تریش بژیم ژیان
٤٣ ناتناسم ژیان
٤٤ ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان
٤٥ لە كەرنەڤاڵی گواستنەوەی
٤٦ كیژی زەوی بۆ كوڕی ئاسمان
٤٧ هوما لەسەرشانی ڕاستم
٤٨ بە گوێی چەپی چرپاند
٤٩ ناسین مەحاڵە
٥٠ مردن مردن مردن مردن مردن
٥١ چەندساڵ مردم مردن
٥٢ چەندین ساڵی تریش بمرم مردن
٥٣ نووسینی سەر كێڵی خۆم بۆ ناخوێندرێتەوە مردن
٥٤ مردن مردن مردن مردن مردن
٥٥ لە كەڕنەڤاڵی گواستنەوەی
٥٦ كوڕی زەوی بۆ كیژی ئاسمان
٥٧ هوما لەسەر شانی چەپم

٥٨  بەگوێی ڕاستمی هاڕاند
٥٩  خوێندنەوە مەحاڵە
٦٠  ئەگەر بکرێ حەزدەکەم
٦١  بتناسم و حیکمەتی ئازیزانی
٦٢  سەر کێڵی خۆم بخوێنمەوە
٦٣  ئێسکبەندی دەنگەکانیش
٦٤  لە گیانێکی پڕ لە هەڵمەت و ڕاکردن بڕوێنمەوە
٦٥  مەحاڵ وەك تۆپێك هەڵدە ئاسمان
٦٦  کەوتەوە سەر زەوی بکەوە دوای
٦٧  ماسوولکەکانی پێت بەهێز دەکات
٦٨  پێیەکانی بەهێز بوون بەردەکەی گەیاند
٦٩  درەختی تەمەن ژمێر
٧٠  لکەکانت خوارو بێمانان
٧١  کەی بکرێ دەکرێتە دەکرێ
٧٢  بکرێ و دەکرێ
٧٣  لە پەرداخێکی نیوە بەتاڵ و نیوە پڕ
٧٤  وەك منداڵێك
٧٥  مانگ بە کۆترێکی هەڵفڕیو بزانی
٧٦  بە ئاوابوون پێبکەنێ
٧٧  مشتومڕی ڕەنگە گەرمەکان
٧٨  ئەی تاوانبارکراو بە ژیان
٧٩  ژیان   ژیان   ژیان   ژیان   ژیان
٨٠  دوای ئەو هەموو لەخۆ دوورکەوتنەوەیە   ژیان
٨١  گۆریەی گەلاَ
٨٢  لەپێی ژیان دەکەم   ژیان
٨٣  پەڕینەوە بۆ ناو دارستانەکان بۆ خۆم   ژیان
٨٤  ژیان   ژیان   ژیان   ژیان   ژیان

٨٥ مشتومڕی ڕەنگە ساردەکان
٨٦ ئەی تاوانبارکراو بە مردن
٨٧ مردن مردن مردن مردن مردن
٨٨ لە ژێر خاکێکی دڵخۆش مردن
٨٩ بە دیار پەنجەرەیەکی چاوکراوە مردن
٩٠ لە خۆم نزیك دەبمەوە مردن
٩١ ئەستێرەیەکی هەمیشە هەڵاتوو
٩٢ دێنمە کنەخۆم
٩٣ مردن مردن مردن مردن مردن
٩٤ هومای ناقۆڵا
٩٥ لەبەر ئاوێنەی گۆمێکی لاڵ
٩٦ هێرش دەباو خۆ بەدەستەوە دەدا
٩٧ ئاگادارییەك لە شەقامی
٩٨ ژ ی ا ن
٩٩ م
١٠٠ ر
١٠١ د
١٠٢ ن
١٠٣ چاو بانگ دەکات
١٠٤ ئاو لەدەستی منداڵ بڕژێ
١٠٥ لە گێژەنی خەیاڵ وێنەی
١٠٦ ئاگر
١٠٧ پۆلیس
١٠٨ پەیکەر
١٠٩ زمان لە قسەکردن میراتی ئێمەیان ژێر خۆڵ کرد
١١٠ چەتر
١١١ گەراج

١١٢ دەرگا
١١٣ وێنە دەکات
١١٤ لەدەرەوەی پێشانگای
١١٥ هونەرمەندێکی خەیاڵ داخراو هەڵێدەواسێ
١١٦ دووبارە وێنەی
١١٧ قەڵەباڵغی شەقام
١١٨ پاککردنەوەی شووشەی مۆزەخانە
١١٩ دەنگدانەوەی ئاژێری کارگە
١٢٠ زمان قسەکردن میراتی ئێمەشی تێدایە
١٢١ ئاشقبوونی کۆتری ناو منارە و کەنێسە
١٢٢ پشکفتنی سبەینە
١٢٣ حەزکردنی ئاوێنە لە مرۆڤ
١٢٤ وێنە دەکات
١٢٥ لەدەرەوەی پێشانگای
١٢٦ هونەرمەندێکی خەیاڵ کراوە هەڵێدەواسێ
١٢٧ شاعیرێکی سەرسام بە سەرەتاکانی ناولێنان
١٢٨ لە دەفتەری تێبینییەکانی
١٢٩ بەزمانی دڵ لە دڵدان بۆی دەنووسێ
١٣٠ ژیان — ژیان = ئەی کۆتری دەبەنگی
١٣١ بە ئارەقەی بن باڵت بۆن ڕێژم کە
١٣٢ بۆ هەمیشەیی پەیمانمان بەتاڵ ناکەین
١٣٣ تۆ بەسەر منارەو کەنێسەکان درۆ بکە
١٣٤ منیش لەناو ئەو ڕێیانە دادەنیشم
١٣٥ خوداوەندان دژی فریشتە قاچاخچییەکان
١٣٦ خۆپیشاندانیان تێدا بەرپا کرد
١٣٧ ڕوخساری بەقووڵی ڕوانییە چاوم
١٣٨ نیگایەکی تاوانبارکردن

١٣٩  بیانوو مەهێنەوە
١٤٠  درۆکانت لەسێبەری بایەکی
١٤١  چاکەت چەرم
١٤٢  پێڵاو بەکرێ
١٤٣  ڕوون بکەوە
١٤٤  خامۆشی دێ
١٤٥  شەپقەیەکت لەپەڕی قەل لەسەر دەنێ
١٤٦  برۆ تازییەکان
١٤٧  کتێبی دڵنەوایی
١٤٨  بە هەموو شتێکت ڕازی دەکات
١٤٩  ڕازی بوون
١٥٠  لە تۆڕنانی بارانی هەوەسبازو خۆڵی داوێن پیس
١٥١  هەوەسبازو داوێن پیس حەزیان لێك کرد
١٥٢  دروود بۆ نەوەکانیان
١٥٣  ناون بۆ ڕووناکی
١٥٤  مانان بۆ بزر بوون
١٥٥ ( ڕووناکی و بزربوون جمکانەی دایکمن دایکم لە گرانی ڕووناکی پۆدرە کرد و فڕێی دا بزریوونی گەورە کرد ئێستا بزربوون  کیژێکی درەوشاوەیە ڕووی خاکی ئارایش کردووە بێ خزم و کەس و پێوەندی قاچ لەسەر قاچ لەناو باخچە دادەنیشێ دەچێتە کەنار سەکۆیەکان یاری بەگوێی ماسی و هێلکە شەیتانۆکە دەکات دەبێتە هاوڕێی گایەکی گۆشتن لە سێرك خوێنی دەبەخشێتە یاریکەرێك کە یاری دەزانێ یان نازانێ)

( ڕووەکەکانی خوداوەند: ٢٠٠٦: ١٠٥-١١٢)

## خوێندنەوەی دەقەکە:

لەم دەقە شیعرەی سەرەوەدا زمان ئەوەندەی تێکشکانی شاعیر لە نێوان ناچاریی ئێستا ( ژیان) و حەتمی بوونی داهاتوو (مردن) تێکشکاوە. ئالۆزی زمانی دەقەکە فۆرمێکی تێکشکاوی بە شیعرەکە بەخشیوە بە جۆرێك بینینی تۆپۆگرافیای نووسینەکە کۆمەڵێك ئاماژە و ئیحا لە لای خوێنەر دروست دەکەن . لەلایەکی دیکەوە دەقەکە ئەفسوونێکی تێدایە کە خوێنەر بەرەو واتایەك دەبات، کە بە ڕووکەش واتایەکی نزیکەو هەموو بارێکی بۆ ڕەخساوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەو واتایە مەبەست نییە و هەر لە سیاقەکەدا ئاماژەی تر هەن کە واتای قووڵتر و شاراوەتر دەخەنە ڕوو. بۆ ئاسان کردنی خوێندنەوەی ئەم دەقە، بابەتەکە لە میانەی چەند هەنگاوێکدا دەخەینە ڕوو.

هەنگاوی یەکەم: باری ڕێزمانی و واتایی دێرەکانی دەقەکە.

**أ – ڕستە ناتەواوەکان لە ڕووی ڕێزمانەوە. ( ئەو ڕستانەی کاریان تێدا نییە، یان ڕیزبوونی کەرستەکانیان ناڕێزمانین):**

٢ هەموومان کەم

٣ من

٤ تۆ

٥ ئەو

٦ ئێمە

٧ ئێوە

٨ ئەوان

٢٢ ژ ی ا ن

٢٣ م

٢٤ ر

٢٥ د

٢٦ ن

٤٠ ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان

٤١ چەندساڵ ژیام ژیان

٤٢ چەندین ساڵی تریش بژیم ژیان

٤٤ ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان

٥٠ مردن مردن مردن مردن مردن

٥١ چەندساڵ مردم مردن

٥٢ چەندین ساڵی تریش بمرم مردن

٥٣ نووسینی سەر کێڵی خۆم بۆ ناخوێندرێتەوە مردن

٥٤ مردن مردن مردن مردن مردن

٧١ کەی بکرێ دەکرێتە دەکرێ

٧٢ بکرێ و دەکرێ

٧٣ لە پەرداخێکی نیوە بەتاڵ و نیوە پڕ

٧٤ وەك منداڵێك

٧٥ مانگ بە کۆترێکی هەڵفڕیو بزانێ

٧٦ بە ئاوابوون پێبکەنێ

٧٧ مشتومڕی ڕەنگە گەرمەکان

٧٨ ئەی تاوانبارکراو بە ژیان

٧٩ ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان

٨٠ دوای ئەو هەموو لەخۆ دوورکەوتنەوەیە ژیان

٨١ گۆڕیەی گەڵا

٨٢ لەپێی ژیان دەکەم ژیان

٨٣ پەڕینەوە بۆ ناو دارستانەکان بۆ خۆم ژیان

٨٤ ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان

٨٥ مشتومڕی ڕەنگە ساردەکان

٨٦ ئەی تاوانبارکراو بە مردن

٨٧ مردن مردن مردن مردن مردن

٨٨ لە ژێر خاکێکی دڵخۆش مردن
٨٩ بە دیار پەنجەرەیەکی چاوکراوە مردن
٩٠ لە خۆم نزیك دەبمەوە مردن
٩١ ئەستێرەیەکی هەمیشە هەڵاتوو
٩٢ دێنمە کنەخۆم
٩٣ مردن مردن مردن مردن مردن
٩٨ ژ ی ا ن
٩٩ م
١٠٠ ر
١٠١ د
١٠٢ ن
١٠٩ زمان لە قسەکردن میراتی ئێمەیان ژێر خۆڵ کرد
١٢٠ زمان قسەکردن میراتی ئێمەشی تێدایە
١٣٠ ژیان — ژیان = ئەی کۆتری دەبەنگی
١٣٨ نیگایەکی تاوانبارکردن
١٤٩ ڕازی بوون
١٥٠ لە تۆڕنانی بارانی هەوەسبازو خۆڵی داوێن پیس

وەك لە ڕیزکردنی ڕستە ناتەوەاوەکانی دەقەکە دەردەکەوێ لە کۆی (١٥٥) دێری ناو دەقەکە (٥٥) دێریان ڕستەی ناتەواون (کاریان تێدا نییە، یان ڕیزبوونی کەرستەکانیان ناڕێزمانین) و واتا نابەخشن.

**ب — ئەو ڕستانەی کە کەرستەکانیان کەوتووەتە دێری پاش خۆیان و بە چەند دێرێك ڕستەیەك پێکدێنن:**

١٣ نامەکانم پێچابوایەوە
١٤ قۆل و باسکە کوتراوەکانی
١٥ ئەو ئاوانەی دەبنە خوێ دەمبینێ
١٦ ساکاریی ئاوە بەکەفەکانیشم ئاڵۆز دەکرد

.....................................

١٩ هەشت پیتی ژیان و مردن

٢٠ بە هەشت دەنگ بانگیان کرم

.............................

٢٨ لە ئەشکەفتەکان تیشکە سەرخۆشەکانی

٢٩ شیرینی دەدەن بەخەون

...................................

٣٠ لەسەر گێڕانەوەی خەون

٣١ لەگەڵ شەوی خەوخۆشی ڕێك نەکەوتین

.......................................

٣٤ لەسەر پچڕانی نامە

٣٥ لەگەڵ بەختیاری ڕێك نەکەوتین

......................................

٣٦ خەون شەوی خەوخۆشی و بەختیاری

٣٧ خوێن شیرین کرد

.....................................

٤٥ لە کەرنەڤاڵی گواستنەوەی

٤٦ کیژی زەوی بۆ کوڕی ئاسمان

٤٧ هوما لەسەرشانی ڕاستم

٤٨ بە گوێی چەپی چرپاند

٤٩ ناسین مەحاڵە

.............................

٥٥ لە کەرنەڤاڵی گواستنەوەی

٥٦ کوڕی زەوی بۆ کیژی ئاسمان

٥٧ هوما لەسەر شانی چەپم

٥٨ بەگوێی ڕاستمی هاڕاند

٥٩ خوێندنەوە مەحاڵە

....................................
٦٠  ئەگەر بکرێ حەزدەکەم
٦١  بتناسم و حیکمەتی ئازیزانی
٦٢  سەر کێڵی خۆم بخوێنمەوە
....................................
٦٣  ئێسکبەندی دەنگەکانیش
٦٤  لە گیانێکی پڕ لە هەڵمەت و ڕاکردن بڕوێنمەوە
....................................
٦٩ درەختی تەمەن ژمێر
٧٠  لکەکانت خوارو بێمانان
....................................
٩٤  هومای ناقۆڵا
٩٥  لەبەر ئاوێنەی گۆمێکی لاڵ
٩٦  هێرش دەبا و خۆ بەدەستەوە دەدا
....................................
٩٧  ئاگادارییەك لە شەقامی
٩٨  ژ ی ا ن
٩٩  م
١٠٠  ر
١٠١  د
١٠٢  ن
١٠٣  چاو بانگ دەکات
....................................
١٠٤  ئاو لەدەستی منداڵ بڕژێ
١٠٥  لە گێژەنی خەیاڵ وێنەی
١٠٦  ئاگر
١٠٧ پۆلیس

١٠٨ پەیکەر
١٠٩ زمان له قسەکردن میراتی ئێمەیان ژێر خۆڵ کرد
١١٠ چەتر
١١١ گەراج
١١٢ دەرگا
١١٣ وێنه دەکات
.........................................
١١٤ لەدەرەوەی پێشانگای
١١٥ هونەرمەندێکی خەیاڵ داخراو هەڵێدەواسێ
.........................................
١١٦ دووباره وێنەی
١١٧ قەڵەباڵغی شەقام
١١٨ پاککردنەوەی شووشەی مۆزەخانه
١١٩ دەنگدانەوەی ئاژێری کارگه
١٢٠ زمان قسەکردن میراتی ئێمەشی تێدایه
١٢١ ئاشقبوونی کۆتری ناو مناره‌و کەنێسه
١٢٢ پشکفتنی سبەینه
١٢٣ حەزکردنی ئاوێنه له مرۆڤ
١٢٤ وێنه دەکات
................................................
١٢٥ لەدەرەوەی پێشانگای
١٢٦ هونەرمەندێکی خەیاڵ کراوه هەڵێدەواسێ
....................................................
١٢٧ شاعیرێکی سەرسام به سەرەتاکانی ناولێنان
١٢٨ له دەفتەری تێبینییەکانی
١٢٩ بەزمانی دڵ له دڵدان بۆی دەنووسێ
١٣٠ ژیان — ژیان = ئەی کۆتری دەبەنگی

١٣١  بە ئارەقەی بن باڵت بۆن ڕێژم کە

.............................................

١٣٤ منیش لەناو ئەو ڕێیانە دادەنیشم

١٣٥  خوداوەندان دژی فریشتە قاچاخچییەکان

١٣٦  خۆپیشاندانیان تێدا بەرپا کرد

.............................................

١٤٠  درۆکانت لەسێبەری بایەکی

١٤١  چاکەت چەرم

١٤٢  پێڵاو بەکرێ

١٤٣  ڕوون بکەوە

.............................................

١٤٤  خامۆشی دێ

١٤٥  شەپقەیەکت لەپەڕی قەل لەسەر دەنێ

.............................................

١٤٧  کتێبی دڵنەوایی

١٤٨  بە هەموو شتێکت ڕازی دەکات

.............................................

لەم ئامارەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە (٨٠) دێری ناو دەقەکە ڕستەی ناتەواون، بەڵام لەگەڵ دێرەکانی دوای خۆیان تەواو دەکرێن و دەبنە ڕستەی تەواو، ئەم چەشنە دێرانە (٢٢) ڕستە ی تەواو دروست دەکەن کە ڕستەی درێژن و لەت لەت کراون.

**ج – ئەو ڕستانەی کە لەڕووی ڕێزمانەوە تەواون و لە دێرێکدا دەردەکەون ئەمانەن:**

١ درووود بۆ هەمووومان

٩  پێویست بوو بڕووخێ

١٠  سەر زەمین کەڕنەڤاڵی تەواوی تێدا نییە

١١  ئێستا باخچەیەکە هوماکان تێیدا دێنە قسە

١٢  قسەکردن میراتی ئێمەشی تێدایە

١٧  ئەوە بڕواهێنانی ئەو مانەوەیەمە

٢٧  ژیان چ مۆمێکە باران دایدەگیرسێنێ

٣٢  مردن چ نامەیەکە تراویلکە دەیپێچێتەوە

٣٣  لە سێبەری ئەو درەختەی بەختیاری بەری دەخوات دەگات

٣٨  مەودای ڕێگاکان دیارن

٣٩  ماوەم نادەن بڕۆم بەرەو بزربون

٦٥  مەحاڵ وەك تۆپێك هەڵدە ئاسمان

٦٦  کەوتەوە سەر زەوی بکەوە دوای

٦٧  ماسوولکەکانی پێت بەهێز دەکات

٦٨  پێیەکانی بەهێز بوون بەردەکەی گەیاند

١٣٢  بۆ هەمیشەیی پەیمانمان بەتاڵ ناکەین

١٣٣  تۆ بەسەر منارەو کەنێسەکان درۆ بکە

١٣٤  منیش لەناو ئەو ڕێیانە دادەنیشم

١٣٧  ڕوخساری بەقووڵی ڕوانییە چاوم

١٣٩  بیانوو مەهێنەوە

١٤٦  برۆ تازییەکان

١٥١  هەوەسباز و داوێن پیس حەزیان لێك کرد

١٥٢  درووود بۆ نەوەکانیان

١٥٣  ناون بۆ ڕووناکی

١٥٤  مانان بۆ بزر بوون

١٥٥  (ڕووناکی و بزربوون جمکانەی دایکمن دایکم لە گرانی ڕووناکی پۆدرە کرد و فڕێی دا بزریوونی گەورە کرد ئێستا بزربوون  کیژێکی درەوشاوەیە ڕووی خاکی ئارایش کردووە بێ خزم و کەس و پێوەندی قاچ لەسەر قاچ لەناو باخچە دادەنیشێ دەچێتە کەنار سەکۆیەکان یاری بەگوێی ماسی و هێلکە شەیتانۆکە دەکات دەبێتە هاوڕێی گایەکی گۆشتن لە سێرك خوێنی دەبەخشێتە یاریکەرێك کە یاری دەزانێ یان نازانێ)

لە ئامارەکەی سەرەوەدا دیارە کە (٢٥) ڕستەی تەواو لە دەقەکەدا هەیە کە هەریەکەیان بە سەربەخۆیی لە دێرێکدا دەردەکەون. کۆتایی دەقەکەش پەرەگرافێکە کە ئەویش وەك دێرێك ئەژمارکراوە و بە جۆرێك لەجۆرەکان وەك پوختەی پارچە شیعرەکە دەردەکەوێ.

**د – ئەو ڕستانەی کە لە ئاستی ڕێزماندا تەواون، بەڵام لەئاستی واتادا ناتەواون:**

٩ پێویست بوو بڕووخێ

١١ ئێستا باخچەیەکە هوماکان تێیدا دێنە قسە

١٧ ئەوە بڕواهێنانی ئەو مانەوەیەمە

٢٧ ژیان چ مۆمێکە باران دایدەگیرسێنێ

٣٢ مردن چ نامەیەکە تراویلکە دەیپێچێتەوە

٣٣ لە سێبەری ئەو درەختەی بەختیاری بەری دەخوات دەگات

٣٩ ماوەم نادەن بڕۆم بەرەو بزربون

٦٥ مەحاڵ وەك تۆپێك هەڵدە ئاسمان

١٣٧ ڕوخساری بەقووڵی ڕوانییە چاوم

١٥٣ ناون بۆ ڕووناکی

١٥٤ مانان بۆ بزر بوون

وەك دیارە ژمارەی ڕستەکان (١١) ڕستەیەو ئەم ڕستانە، یان لادانی واتاییان تێدایە یانیش ڕوون نین و زیاتر لە ئاماژەیەکیان هەیە، بۆیە لە سیاقدانەبێ خۆیان بەدەستەوە نادەن.

ه – ڕستە تەواوەکان لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە ئەمانەن:

١ درووود بۆ هەمووومان

١٠ سەر زەمین کەڕنەڤاڵی تەواوی تێدا نییە

١٢ قسەکردن میراتی ئێمەشی تێدایە

٣٨ مەودای ڕێگاکان دیارن

٦٦ کەوتەوە سەر زەوی بکەوە دوای

٦٧ ماسوولکەکانی پێت بەهێز دەکات

٦٨ پێیەکانی بەهێز بوون بەردەکەی گەیاند

١٣٢ بۆ هەمیشەیی پەیمانمان بەتاڵ ناکەین

١٣٣ تۆ بەسەر منارە و کەنێسەکان درۆ بکە

١٣٤ منیش لەناو ئەو ڕێیانە دادەنیشم

١٣٩ بیانوو مەهێنەوە

١٤٦ بڕۆ تازییەکان

١٥١ هەوەسباز و داوێن پیس حەزیان لێك کرد

١٥٢ دروود بۆ نەوەکانیان

وەك لەم خستنە ڕووەی سەرەوە دەردەکەوێ ئەم دەقە شیعرییە تەنیا (١٤) ڕستەی تێدایە کە خوێنەر بەبێ ئەرك و هەوڵدان تێیان بگات، لە بەرامبەر ئەمەوە خوێنەر تووشی (١٤١) دێر دەبێ کە بەبێ بەستنەوەیان بە کۆی دەقەکەوە لێیان حاڵی نابێ. ئەمەش ئەرکێکی یەکجار گەورە دەخاتە ئەستۆی خوێنەر و فرەواتاییەکی زۆریش بەدەقەکە دەبەخشێ.

ئەم خشتەیەی خوارەوە باری ڕێزمانی و واتایی دێرەکانی دەقەکە ڕوونتر دەکاتەوە:

| باری ڕێزمانی و واتایی دێرەکان | ژمارەی ڕستەکان | ژمارەی دێرەکان |
| --- | --- | --- |
| ئەو ڕستانەی لە رووی ڕێزمانەوە ناتەواون و هیچ مەبەستێك ناگەیەنن. | ٥٥ | ٥٥ |
| ئەو ڕستانەی هەندێك لە کەرستەکانیان کەوتووەتە دێری پاش خۆیان. | ٢٢ | ٨٠ |
| ئەو ڕستانەی لە ئاستی ڕێزماندا تەواون و لە ئاستی واتادا ناتەواون . | ١١ | ١١ |
| ئەو ڕستانەی لە ئاستی ڕێزمان و واتادا تەواون. | ١٤ | ١٤ |
| کۆی ڕستە و دێرەکان | ١٠٢ | ١٦٠ |

خشتەی (٣-١)

لە خشتەی (٣-١) دا ئەم سەرنجانە دەردەکەون:

١ — ژمارەی دێرەکان (١٦٠) دێرە واتە (٥) دێری لە ژمارەی ڕاستەقینەی دێرەکانی پارچە شیعرەکە زیاترە، ئەمەش بۆ ئەو دێرانە دەگەڕێتەوە کە لە خانە جیاوازەکاندا ئەرکی هاوبەشیان وەرگرتووە و دووجار ئەژمارکراون.

٢- ژمارەی ڕستەکان (١٠٢) ڕستەیە و هۆکارەکەی ئەوەیە کە (٨٠) دێری شیعرەکە لە (٢٢) ڕستەدا تواوەتەوە.

بۆ ڕوون کردنەوەی کاریگەریی ئەم بارە ڕێزمانی و واتاییە لەسەر خوێنەری دەقەکە دەبێ ڕادەی بەدەستهاتنی مەبەستی دەقەکە پێوانە بکرێ و ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کە چەندە

چاوەڕوانیی خوێنەر بۆ گەیشتن بەمەبەستی نووسەری دەق بەرهەمی هەیە. دیارە کە لە زمانی ئاسایی ئاخاوتندا ڕێژەی چاوەڕوانی خوێنەر زۆر بەرزە و مەبەستی بەدەستهاتووش بەگشتی (١٠٠٪)ە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە دەقی ئەدەبیدا کەم دەبێتەوەو خوێنەر ئاستی چاوەڕوانییەکەی دادەبەزێ، مەبەستی بەدەستهاتووش ڕێژەکەی دادەبەزێ. لەو دۆخەشدا گرژی لەنێوان خوێنەرو واتای دەقەکە دروست دەبێت، چونکە خوێنەر پەیامێکی بۆ دێت کە ناتوانێ تێی بگات، واتە بەپێی تیۆرەکەی (یاکۆبسن) لە گواستنەوەی پەیامدا، خوێنەر شارەزای ناوەندی گواستنەوەکە نییە کە شیعرییەتی دەقەکەیە، یان شێوازی تایبەتیی خاوەنی دەقەکەیە. ئەم خشتەیەی خوارەوە ئاستی گرژیی نێوان خوێنەرو واتای دەقەکە دەخاتەڕوو:

| جۆری مەبەست لە دەقەکەدا | دۆخی دێرو ڕستەکان | دووبارەبوونەوەی جۆرە مەبەستەکە |
|---|---|---|
| ئاسان بەدەستهاتوو | ئەو ڕستانەی لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە تەواون. | ١٤ |
| گران بەدەستهاتوو | ئەو ڕستانەی دەکەونە چەند دێرێکەوە. | ٢٢ |
| نەگەیشتن بەمەبەست | ڕستە ناتەواوەکان لەڕووی ڕێزمان و واتاوە (٥٥) + ڕستە ناتەواوەکان لەڕووی واتاوە (١١). | ٦٦ |

خشتەی (٣-٢)

خشتەی (٣-٢) ڕوونیدەکاتەوە کە خوێنەری ئەم دەقە تەنیا لە (١٤) دێری جیاجیای ئەم شیعرەدا بەئاسانی لە واتای ڕستەکە تێدەگات، لە (٢٢) ڕستەکەی تر کە بە درێژایی (٨٠) دێر بڵاوبوونەتەوە درەنگ لە پەیامەکە حاڵی دەبێ، چونکە پێویستی بە کات هەیە تا چەند دێرێك بەدوای یەکدا بۆ هەمان مەبەست دەخوێنێتەوە. لە (٦٦) دێریشدا هیچ لە مەبەستی پەیامەکە ناگات. بەم پێیەش خوێنەر لە نیوە زیاتری پەیامەکەدا پێویستی بە وەستان و وردبوونەوەو ڕامان هەیە و بەبێ گەڕانەوە بۆ هۆکارەکانی تری وەك سیاقی دەقەکە و ئاماژە ناڕاستەوخۆیەکان و ڕەمزەکان ناتوانێ خوێندنەوەیەکی سەرکەوتوو بۆ دەقەکە ئەنجام بدا.

هەنگاوی دووەم: خستنە ڕووی بابەتە سەرەکییەکانی ناو دەقەکە.

**أ – مرۆڤـ لە نێوان بەرپرسێتی و ون بووندا:**

ئەم دەقە بە درووديکی توانج ئامێز دەستپێدەکات بۆ شکۆ و لەخۆ ڕازی بوونی هەموو مرۆڤێك، بە ژماردنی هەموو جێناوە کەسییەکانیش ئەم مەبەستە دەچەسپێنێ، توانجەکە بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ ئاسوودە دەژی بێ ئەوەی بزانی چی لەدەست داوە و چەند ئەرکی ماوە. پاشان ئاماژە بە و سستمە ڕۆتینییە گەورەیەی ژیان دەکات، کە مرۆڤی ون کردووەو بە پێویستی دەزانێ کە دەبوابە بڕووخابا . وەك لەم دێرانەی خوارەوە دەردەکەوێ:

١ درووود بۆ هەمووومان

٢ هەمووومان کەم

٣ من

٤ تۆ

٥ ئەو

٦ ئێمە

٧ ئێوە

٨ ئەوان

٩ پێویست بوو بڕووخێ

**ب – هوما:**

لە ئەفسانەی کوردیدا هوما ئەو بەڵندەیە کە لەسەر شانی هەرکەسێك بنیشێتەوە ئەوکەسە دەبێتە پاشا، لەم دەقەدا هوما ئەو هێزانەن کە مرۆڤ خەریکی گەڕان دەکەن بەدوای گەورەیی بێ ناوەرۆك و شکۆی ڕووکەش، لەم دەقەدا هوما لە دووقۆناغدا دەردەکەوێ، لەیەکەمیاندا بەسەر مرۆڤەوە زاڵە، قۆناغی دووەمیشی دوای ڕابوونەوەی مرۆڤەو هوما دوا هێرش دەبا و پاشان خۆی دەداتە دەستەوە . وەك لەم دێرانە دەردەکەوێ:

١١ ئێستا باخچەیەکە هوماکان تێیدا دێنە قسە

٤٧ هوما لەسەرشانی ڕاستم

٤٨ بە گوێی چەپمی چرپاند

٤٩ ناسین مەحاڵە

٥٧ هوما لەسەر شانی چەپم

٥٨  بەگوێی ڕاستمی هاڕاند

٥٩  خوێندنەوە مەحاڵە

لێرەدا قۆناغی خۆبەدەستەوەدانی هوما دەست پێدەکات:

٩٤  هومای ناقۆڵا

٩٥  لەبەر ئاوێنەی گۆمێکی لاڵ

٩٦  هێرش دەباو خۆ بەدەستەوە دەدا

**پ – ئازادیی دەربڕین:**

دەقەکە لەسێ دێری جیاوازدا ئاماژە بە ئازادیی گوزارشت لەخۆکردن دەکات، لە دێری (١٢) سەرباری ئەوەی هوماکان سەکۆی قسەکردنیان داگیر کردووە، مافەکە دەچەسپێنێ:

١١  ئێستا باخچەیەکە هوماکان تێیدا دێنە قسە

١٢  قسەکردن میراتی ئێمەشی تێدایە

پاشان لە دوو پارچەدا دوو مۆدێلی ژیان دەخاتە ڕوو، یەکێکیان ژیانی خۆبەدەستەوەدانە و لەوێدا ئەو مافە پێشێل دەکرێ:

١٠٩  لە قسەکردن میراتی ئێمەیان ژێر خۆڵ کرد

مۆدێلەکەی تر ژیانی سەربەستییە و لەوێدا مافەکە چەسپاوە:

١٢٠   قسەکردن میراتی ئێمەشی تێدایە

**ت – هۆی درێژەدان بەژیان:**

ئەم دەقە لە میانەی باسکردنی بێ نرخیی ژیان ئەوەمان پێدەڵێ کە ژیان هی ئەوە نییە مرۆڤ خۆی پێوە خەریك بکات، چونکە ژیان مرۆڤە ساکارەکان لەخۆبایی دەکات و دەیانکاتە کەسانی توند و خۆپەرست، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێ ئەو کەسانەی کە خۆیان لێ گۆڕاوە زۆر لە دۆخەکەی خۆیان ڕازین و بەرگری لە مانەوەیان بەو چەشنە دەکەن، ئەوە ساکارییە ڕووکەشەکانی ژیان هی ئەوە نین بەو چەشنە بمێننەوە و دەبێ ئاڵۆز بکرێن بۆ ئەوەی ژیان لە سەر شێوە ڕاستەقینەکەی دەرکەوێ:

٩  پێویست بوو بڕووخێ

١٠  سەر زەمین کەڕنەڤاڵی تەواوی تێدا نییە

١١  ئێستا باخچەیەکە هوماکان تێیدا دێنە قسە

.....................................

١٤  قۆڵ و باسکە کوتراوەکانی

١٥  ئەو ئاوانەی دەبنە خویْ دەمبینیْ

١٦  ساکاریی ئاوە بەکەفەکانیشم ئاڵۆز دەکرد

دەقەکە دوو هۆکاری مانەوە دەستنیشان دەکات، کە مرۆڤ ناتوانیْ بە بیْ ئەوان بڕواو ژیان جیْ بهێڵیْ، یەکەمیان کۆمەڵێك ئەرکە کە هەر مرۆڤێك بەخۆی لە جێبەجێکردنیان بەرپرسە:

١٣  نامەکانم پێچابوایەوە

١٦  ساکاریی ئاوە بەکەفەکانیشم ئاڵۆز دەکرد

دووەمیشیان ئەو ڕێو ڕەسمەی ژیانە کە مرۆڤ ناتوانیْ بڕوا تا وادەی نەیەت:

٣٨  مەودای ڕێگاکان دیارن

٣٩  ماوەم نادەن بڕۆم بەرەو بزربون

**ج – ڕێك نەکەوتن:**

دەقەکە باسی سروشتی ژیان دەکات کە پڕە لە نەگونجان و ڕێك نەکەوتن، ڕێك نەکەوتنێك لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پەیوەستن بە ژیانی هەر مرۆڤێك و دەبیْ بەشێك بن لە خۆشییەکانی ژیانی و سەختییەکانی بۆ سووك بکەن:

٣٠  لەسەر گێڕانەوەی خەون

٣١  لەگەڵ شەوی خەوخۆشی ڕێك نەکەوتین

ڕێکنەکەوتنێکی تر لەگەڵ بەختیارییە لە ئەنجامی پچڕانی مرۆڤ لەگەڵ ئەو ئەرکانەی کە تایبەتن بە خۆی و تەنیا خۆی دەتوانیْ ئەنجامیان بدا و بەختیاری بەدەستبێنیْ:

٣٤  لەسەر پچڕانی نامە

٣٥  لەگەڵ بەختیاری ڕێك نەکەوتین

**چ – ئەستەم بوونی خۆناسین و دۆزینەوەی خود لە ژێر دەسەڵاتی هوما دا:**

٤٥ لە کەڕنەڤاڵی گواستنەوەی
٤٦ کیژی زەوی بۆ کوڕی ئاسمان
٤٧ هوما لەسەرشانی ڕاستم
٤٨ بە گوێی چەپمی چرپاند
٤٩ ناسین مەحاڵە

.............................

٥٥ لە کەڕنەڤاڵی گواستنەوەی
٥٦ کوڕی زەوی بۆ کیژی ئاسمان
٥٧ هوما لەسەر شانی چەپم
٥٨ بەگوێی ڕاستمی هاڕاند
٥٩ خوێندنەوە مەحاڵە

**ح – هێزی ڕێ نیشاندەر لەمرۆڤدا:**

مرۆڤ هەرچەندە لە دۆخی خۆ ون کردندا بێ و لە ژێر چەپۆکی هومادا بێ، بەڵام هێزێکی ناوەکیی هەیە کە هەوڵی دەربازبوون لەم دۆخە دەدا و بەدوای پێناسەی خود دا دەگەڕێ، ئەم دەقە لە گەرمەی دەسەڵاتداری هومادا ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو پەنجەرەی ئازادبوون بەڕووی مرۆڤدا دەکاتەوە:

٦٠ ئەگەر بکرێ حەزدەکەم
٦١ بتناسم و حیکمەتی ئازیزانی
٦٢ سەر کێڵی خۆم بخوێنمەوە
٦٣ ئێسکبەندی دەنگەکانیش
٦٤ لە گیانێکی پڕ لە هەڵمەت و ڕاکردن بڕوێنمەوە

دەقەکە زۆر بەوردی ئەوە دەردەخات، کە مرۆڤ ئەگەر ون بوونەکەی وەك مردنیش بێ دەتوانێ بەدوای خۆیدا بگەڕێ، ئەمەش بە بەکارهێنانی جێناوی کەسی دووەم (ت) لە دێری (٦١) کە خودە ون بووەکەی وەك مردوویەك لەبەرامبەر خۆیدا وێنە دەکاو هێزی گیانیی

خۆیشی کە بەدوای پێناسە دەگەڕێ دەیەوێ لە دیدی ئازیزانەوە ئەو پێناسەیەی کە بەهۆی هوماوە ونی کردبوو لە سەر کێڵی گۆڕەکەی بیدۆزێتەوە.

### خ – بێداربوونەوەی مرۆڤ:

ئەم قۆناغە لە شیعرەکەدا ڕاستەوخۆ لە دوای گەڕانی هێزی گیانیی مرۆڤە بە دوای پێناسەی خودەوە، لە وێدا مرۆڤ شەق لە هەموو مەحاڵێك هەڵدەدا و ماندووبوون بە مایەی هێز دەزانێ و هێزیش یارمەتیدەرە بۆ بە مەنزڵ گەیاندنی ئەرکە گەورەکانی ژیان:

٦٥ مەحاڵ وەك تۆپێك هەڵدە ئاسمان

٦٦ کەوتەوە سەر زەوی بکەوەدوای

٦٧ ماسوولکەکانی پێت بەهێز دەکات

٦٨ پێیەکانی بەهێز بوون بەردەکەی گەیاند

دوای ئەمە گاڵتە بەو ڕێوشوێنە بێمانایانەی ژیان دەکا کە مرۆڤ دەکەنە کۆیلە:

٦٩ درەختی تەمەن ژمێر

٧٠ لکەکانت خوارو بێمانان

ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئیتر کەی چی بوێ و کەی بیەوێ دەیکا:

٧١ کەی بکرێ دەکرێتە دەکرێ

٧٢ بکرێ و دەکرێ

ئەمەش بەو پەڕی ئاسانییەوە و بەکەمترین پێداویستی و سادەترین گیانی ئازاد:

٧٣ لە پەرداخێکی نیوە بەتاڵو نیوە پڕ

٧٤ وەك منداڵێك

٧٥ مانگ بە کۆترێکی هەڵفڕو بزانی

٧٦ بە ئاوابوون پێبکەنێ

### د – بەراوردی ژیان و مردن لە قۆناغی ون بوون و قۆناغی بێداربوونەوەدا:

ئەم دەقە لە هەردوو قۆناغی ون بوون و بێداربوونەوەدا ژیان و مردن وێنەدەکا، وردەکاری وێنەکان بەم جۆرەیە:

- قۆناغی ون بوون: هەریەکە لە ژیان و مردن دوو قاڵبی تۆکمەن وەك دوو حەقیقەتی خنکێنەر هیچ بوارێك بە چاوکرانەوەی مرۆڤ نادەن:

٤٠ ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان
٤١ چەندساڵ ژیام ژیان
٤٢ چەندین ساڵی تریش بژیم ژیان
٤٣ ناتناسم ژیان
٤٤ ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان

.......................................

٥٠ مردن مردن مردن مردن مردن
٥١ چەندساڵ مردم مردن
٥٢ چەندین ساڵی تریش بمرم مردن
٥٣ نووسینی سەر کێڵی خۆم بۆ ناخوێندرێتەوە مردن
٥٤ مردن مردن مردن مردن مردن

ئەو دوو قاڵبە تۆکمەیە کە لە دەلالەت و لە تۆپۆگرافیایەکەیانەوە دیارە بواری خۆدۆزینەوە بۆ مرۆڤ نارەخسێنن. سەرباری ئەوەش باوەڕیان پێ هێناوە، کە ناتوانێ لەو دۆخەی تێیدایە دەربچێ .

- قۆناغی بێداربوونەوە: لەم قۆناغەدا هەریەکە لە ژیان و مردن هۆکاری پێگەیشتن و بەرەو ئامانج چوونن:

٧٧ مشتومڕی ڕەنگە گەرمەکان
٧٨ ئەی تاوانبارکراو بە ژیان
٧٩ ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان
٨٠ دوای ئەو هەموو لەخۆ دوورکەوتنەوەیە ژیان
٨١ گۆڕیەی گەڵا
٨٢ لەپێی ژیان دەکەم ژیان
٨٣ پەڕینەوە بۆ ناو دارستانەکان بۆ خۆم ژیان
٨٤ ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان

..............................................

٨٥ مشتومڕی ڕەنگە ساردەکان

٨٦ ئەی تاوانبارکراو بە مردن

٨٧ مردن مردن مردن مردن مردن

٨٨ لە ژێر خاکێکی دڵخۆش مردن

٨٩ بە دیار پەنجەرەیەکی چاوکراوە مردن

٩٠ لە خۆم نزیك دەبمەوە مردن

٩١ ئەستێرەیەکی هەمیشە هەڵاتوو

٩٢ دێنمە کنەخۆم

٩٣ مردن مردن مردن مردن مردن

وەك لە دێرەکانی سەرەوەدا دیارە سەرباری مشتومڕی ڕەنگە گەرم و ساردەکان و هەوڵدانیان بۆ سەرکوتکردنی مرۆڤ بە تاوانبارکردنی بە ژیان و جارێکی تریش تاوانبارکردنی بە مردن، مرۆڤـ هەر لە کایەی ژیان و مردنەکەدا پێناسەی خۆی دەدۆزێتەوەو چێژ لە بوونی وەردەگرێ و دەزانێ ژیانی بۆ چییە و مردنی بۆ چییە. هۆی ئەمەش وەك باسکرا ڕزگاربوونی مرۆڤە لە خورپە و چرپە تێکشکێنەرەکانی هوما و شەق هەڵدانیەتی لە مەحاڵ. هەر لەدوای ئەم هەڵوێستەی مرۆڤ هوما هیچ نرخێکی نامێنێ و خۆی بەدەستەوە دەدا:

٩٤ هومای ناقۆڵا

٩٥ لەبەر ئاوێنەی گۆمێکی لاڵ

٩٦ هێرش دەباو خۆ بەدەستەوە دەدا

## ر – مرۆڤی بێدار لە نێوان دووڕیانی پاشکۆیی و ئازادی دا:

ئەم دەقە بە شێوەیەکی سادە و ڕوون دوو ڕێگای ژیان دەخاتە ڕوو، وێنەی ڕێگایەکانیش بە ئاوڕشتنی منداڵ ناو دەبات، وەك چۆن منداڵ کە ئاو دەڕژێنێ هیچ مەبەستێکی پێش وەختی نییە، بەو چەشنەش ژیان بەبێ هیچ دەست تێوەردانێکی مرۆڤ دوو ڕێگاو شێوازی خۆبەڕێوەبردنی هەیە کە ئەمانەن:

- ژیانی پاشکۆیی و خۆ بەدەستەوەدان: ئەوە لە پێشانگای ژیاندا ژیانی کەسێکی خەیاڵ داخراوە، مرۆڤ تێیدا کۆیلەی پۆلیس و ئاگرو پەیکەرەکانەو لە ژێر سێبەری کەسانی تردا وەك ئامێریك لە گەراجێکدابێ ژیان بەسەر دەبات، ئەم جۆرە ژیانە

شایستەی گوزەراندن نییە و دەبێ مرۆڤ بەزووترین کات بەجێی بهێڵێ، ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە تەواوی ئەم واتاو ئاماژانە دەخاتە روو:

١٠٤ ئاو لەدەستی منداڵ بڕ ژێ
١٠٥ لە گێژەنی خەیاڵ وێنەی
١٠٦ ئاگر
١٠٧ پۆلیس
١٠٨ پەیکەر
١٠٩ زمان لە قسەکردن میراتی ئێمەیان ژێر خۆڵ کرد
١١٠ چەتر
١١١ گەراج
١١٢ دەرگا
١١٣ وێنە دەکات
١١٤ لەدەرەوەی پیشانگای
١١٥ هونەرمەندێکی خەیاڵ داخراو هەڵێدەواسێ

- ژیانی سەربەستی و خۆ بەڕێوەبردن: لەم ژیانەدا مرۆڤ ئاسوودەیە، خەو بە ژینگەیەکی ئاوەدانەوە دەبینێ و هەست بە بەرپرسێتی دەکات، جوانییەکانی خۆش دەوێ و دۆستی ئاوێنەیە، زمانی ئازادە و بیر و ڕای خۆی دەردەبڕێ، ئەمە تابلۆی ژیانی کەسێکی خەیاڵ کراوەیە، ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە بە ئاماژەی واتایی و تۆپۆگرافی ئەم مەبەستانەی سەرەوە ڕوون دەکاتەوە:

١١٦ دووبارە وێنەی
١١٧ قەڵەباڵغی شەقام
١١٨ پاککردنەوەی شووشەی مۆزەخانە
١١٩ دەنگدانەوەی ئاژێری کارگە
١٢٠ زمان قسەکردن میراتی ئێمەشی تێدایە

١٢١ ئاشقبوونی کۆتری ناو منارەو کەنێسە
١٢٢ پشکفتنی سبەینە
١٢٣ حەزکردنی ئاوێنە لە مرۆڤـ
١٢٤ وێنە دەکات
١٢٥ لەدەرەوەی پێشانگای
١٢٦ هونەرمەندێکی خەیاڵ کراوە هەڵێدەواسێ

**ز – خۆ فریودان:**

لێرەدا دەقەکە ڕووبەڕووی ڕاستییەکی مەترسیدارمان دەکاتەوە ئەویش خۆ فریودانی مرۆڤە لە کاتی هەڵبژاردنی مۆدێلی ژیانی، خۆفریودانێك کە تەنانەت کۆتری دەبەنگییش پەی پێ دەبات و نایەوێ بەم جۆرە بژی، مرۆڤ دەیەوێ لاساری خۆی بکات و کارەکانیشی باش دەربخات و خۆی بەکەسێکی ڕاست و خاوێن وێنەبکات، ڕۆڵێکی خواوەندانە ببینێ لە خاوێنی و دژایەتی کردنی ناپاکی. هەرزوو دەقەکە بڕیاری ئەوەی داوە کە ئەم جۆرە ژیانە ژیانێکی دەبەنگانەیە و بەتاڵە لەواتاکانی ژیان وەك لەم پارچەیەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:

١٢٧ شاعیرێکی سەرسام بە سەرەتاکانی ناولێنان
١٢٨ لە دەفتەری تێبینییەکانی
١٢٩ بەزمانی دڵ لە دڵدان بۆی دەنووسێ
١٣٠ ژیان – ژیان = ئەی کۆتری دەبەنگی
١٣١ بە ئارەقەی بن باڵت بۆن ڕێژم کە
١٣٢ بۆ هەمیشەیی پەیمانمان بەتاڵ ناکەین
١٣٣ تۆ بەسەر منارە و کەنێسەکان درۆ بکە
١٣٤ منیش لەناو ئەو ڕێیانە دادەنیشم
١٣٥ خوداوەندان دژی فریشتە قاچاخچییەکان
١٣٦ خۆپیشاندانیان تێدا بەرپا کرد

ئەم جۆرە ژیانەی مرۆڤـ ژیانی دووڕوویی و دەبەنگییە، ئەم جۆرە ژیانە لەسایەی کولتوورێکی بێ ناوەڕۆکی موفلیس کە لەسەر درۆ بنیات نراوە سەردەگرێ. وەك لەدەقەکەدا دیارە:

١٣٧ ڕوخساری بەقووڵی ڕوانییە چاوم

١٣٨  نیگایەکی تاوانبارکردن

١٣٩  بیانوو مەهێنەوە

١٤٠  درۆکانت لەسێبەری بایەکی

١٤١  چاکەت چەرم

١٤٢  پێڵاو بەکرێ

١٤٣  ڕوون بکەوە

لە سایەی کولتوورێکی وا کە مرۆڤ پڕاوپڕ دەکات لە درۆو خۆفریودان، مرۆڤەکان هەموو خامۆش و بێ جووڵەی بنیاتنەرن، ملکەچی ڕۆتین و نەریتەکانن و دڵنەوایی بەهەموو شتێکیان ڕازی دەکات. ڕازی بوونیش سەرەتای خامۆشی و بڕیاردانی ملکەچ بوونە وەك لەم دێرانەدا دیارە:

١٤٤  خامۆشی دێ

١٤٥  شەپقەیەکت لەپەڕی قەل لەسەر دەنێ

١٤٦  بڕۆ تازییەکان

١٤٧  کتێبی دڵنەوایی

١٤٨  بە هەموو شتێکت ڕازی دەکات

**ژ — ڕازی بوون و وەهمی مرۆڤ:**

لە قۆناغی ڕازی بووندا مرۆڤ لە وەهمێکی بەردەوامدا دەژی، خۆی وا حاڵی دەکات کە هەموو ئەرکێکی ڕاپەڕاندووە و ئاسوودەییەکی ڕووکەش نمایش دەکات. وا هەست دەکات کە ئیتر بارانی هەوەس بازو خۆڵی داوێن پیسی لەتۆڕ ناوە، بەڵام وەهمەکەی مرۆڤ هەر لەسنووری خەیاڵی خۆیدا بڕدەکات، چونکە هەر لەناو تۆڕەکەی مرۆڤدا هەوەسبازو داوێن پیس حەزلەیەك دەکەن وەچەکانیان دەبنە خودی ژیان، وەك لەم دێرانە دەردەکەوێ:

١٤٩  ڕازی بوون

١٥٠  لە تۆڕنانی بارانی هەوەسبازو خۆڵی داوێن پیس

١٥١  هەوەسبازو داوێن پیس حەزیان لێك کرد

١٥٢  دروود بۆ نەوەکانیان

١٥٣  ناون بۆ ڕووناکی

١٥٤  مانان بۆ بزر بوون


**س:** بزربوون ناوەرۆکی ژیانێکی بێهوودەیە: ئەم خوێندنەوەیەی دەقەکە، کە وای بۆدەچێ ئەم دەقە سەربردەی ژیانی مرۆڤ بێ لە دۆخێکدا کە مرۆڤ ئامادەنییە بەرامبەر ئاوێنە بوەستێ و خۆی ببینێ و ناسنامەی خۆی بدۆزێتەوە، لە کۆتایی دەقەکەدا پشت بەوە دەبەستێ کە دەقەکە بزربوونی کردووەتە ئەوهێزە سەرکێشە چاونەترسەی کە کەس ناناسێ و دەگاتە هەموو شوێنێك و لە ژیانی هەموو نمایش کارانی سێرکی ژیاندا بەشدارە، ئەم واتایەش لە شێوەی پەخشانێکی نەپچڕاو نووسراوە کە ڕستەکانی هەموو کراون بەیەك زنجیرە و بەیەك هەناسە پێمان دەڵێ کە ئەوەی باس کرا ڕاستیی ژیانە، وەك لە پارچەکەدا دیارە:

١٥٥ (ڕووناکی و بزربوون جمکانەی دایکمن دایکم لە گرانی ڕووناکی پۆدرە کرد و فڕێی دا بزربوونی گەورە کرد ئێستا بزربوون کیژێکی درەوشاوەیە ڕووی خاکی ئارایش کردووە بێ خزم و کەس و پێوەندی قاچ لەسەر قاچ لەناو باخچە دادەنیشێ دەچێتە کەنار سەکۆیەکان یاری بەگوێی ماسی و هێلکە شەیتانۆکە دەکات دەبێتە هاوڕێی گایەکی گۆشتن لە سێرك خوێنی دەبەخشێتە یاریکەرێك کە یاری دەزانێ یان نازانێ)

## هەنگاوی سێیەم: هێڵکاریی بزربوون لە گێژەنی مەرگی ئاوێنەدا:

ناونیشانی دەقەکە (مەرگی ئاوێنەیە)، وەك لە هەنگاوەکانی پێشووتر باسکرا، مەرگی ئاوێنە ئەو دۆخەی ژیانی مرۆڤە کە تێیدا ئامادەنییە ڕووبەڕووی خودی ڕاستەقینەی خۆی ببێتەوە و وەك ئەوەی هەیە خۆی بناسێ. لەم قۆناغەدا (وەك دەرکەوت) مرۆڤ هەرچەند هەوڵبدا بەرەو بەرزی هەنگاوبنێ، هەنگاوەکانی بەئاکام ناگەن و سەرەنجامەکەیان بزربوونە. ئەم دەقە هەوڵی ئەوەی داوە بزربوون بکاتە سیمای ژیان و زەمین وەك مەنفا وێنە بکات، هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ خۆدۆزینەوە دەنرخێنێ و شوێنی تایبەتیان بۆ دەکاتەوە، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە مرۆڤ لە بزربوون نزیکترە نەك لە خۆدۆزینەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە خۆناسین و خۆدۆزینەوە کارێکی زۆر وردە و تەواو تاکەکەسیشە، واتە لەلایەك تەنیا خودی مرۆڤ ئەو کەسەیە کە دەبێ پێوەی خەریك ببێ و کەسی تر ناتوانێ ئەوکارە لە جیاتی ئەو بکات، لەلایەکی دیکەشەوە زۆربەی ئەوانەی کە بەدوای خۆیاندا دەگەڕێن لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەڕاندا ون دەبنەوە.

ئەم هێلکارییەی خوارەوە ئەو ڕاستییانەی ناو دەقەکە ڕوونتر دەکاتەوە:




هێلکاری (١٠-٣)

ئەو هێمایانەی کە لەم کتێبەدا بەکارهاتوون:

ب : بەرگ.

چ : چاپ.

ژ : ژمارە.

گ : گۆڤار

و : وەرگێڕان.

ت : ترجمە.

ج : جلد.

گ : طبعە.

* : نارێزمانی.

Ø : دەرنەکەوتووە.

؟ : زانیاری نەدراوە.

= : یەکسان.

# سەرچاوەكان

## کتێب: بە زمانی کوردی.

١- ئەریستۆتلس، هونەری شیعر، و: د.حەمیدعەزیز، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، سلێمانی،٢٠٠٥ .

٢- پەرێز سابیر(د.)، رەخنەی ئەدەبی کوردی ومەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی
ئاراس، چ ١، هەولێر،٢٠٠٦.

٣- حەمەسەعید حەسەن، قولپی پێکەنین، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٤- رۆلان بارت، چێژی دەق،و:ئیسماعیل زارعی، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

٥- شێرکۆ بابان(د.)، دەنگسازی وبرگەسازی لەرێزمانی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٥.

٦- عەبدولخالق یەعقووبی، رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراز، هەولێر،٢٠٠٧.

٧- عەبدولموتەلیب عەبدوللا، نووسین خۆکوژییەکی تەواو نەکراو (کۆمەلێك وتارو گفت وگۆی ئەدەبی وفیکرییە)،
وەرگێران، سەنتەری لێکۆلینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر،٢٠٠٦.

٨- عەزیز گەردی(د.)، سەروا، دەزگای ئاراس بۆچاپ وبلاوکردنەوە، چ١، هەولێر، ١٩٩٩.

٩- عەزیز گەردی، رەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، ب: ٢، جوانکاری، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٥ .

١٠- عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی: (گوزارەکاری، رەوانکاری، جوانکاری)، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ١٣٩٨ هـ ( ١٩٧٨ ).

١١- فەرهاد پیربالْ (د.)، ڕێبازەئەدەبییەکان، وەرگێران، چ٢، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٢- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەدیع و عەرووزی نامی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٩١ .

١٣- محەمەد بەکر(د.)، پەخشانە شیعری کوردی، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر ٢٠٠٤.

١٤- محەمەد رەزای باتینی(د.)، ئاورێکی تازە بۆسەر رێزمان، و:حەسەنی قازی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٩٣

١٥- محەمەد ی مەحوی، رستەسازیی کوردی،؟، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٦- محەمەد مەعرووف فەتاح(پ.د.)، زمانەوانی، چاپخانەکانی دارئەلحیکمە، هەولێر، ١٩٩١.

١٧- محەمەد مەعرووف فەتاح(پ.د.) و سەباح رەشید قادر(د.)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٨- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی رەنج، سلێمانی،٢٠٠١.

١٩- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە چەند لاپەرەیەکی رەخنەیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٦

٢٠- وریا عومەر ئەمین (پ.)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ب١، چ١، دەزگای چاپ وبلاەکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤.

٢١- هۆراس، هونەری شیعر، و: حەمید عەزیز، چ:٢، کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر: ٢٠٠٥ .

٢٢- هیمداد حوسێن (د.)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ١، دەزگای توێینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،٢٠٠٧ .

٢٣- هیمداد حوسێن (د.)، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبیی کوردی، چ١، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.

یاسرێ حەسەنی، بنیاتێ ریتمی د شیعرا نوویا کوردی دا دەڤەرا بەهدینان ١٩٧٠-١٩٩١، دەزگەها سپیرێز یاچاپ و وەشانێ، ولێر،٢٠٠٧.

## کتێب : بەزمانی عەرەبی

٢٥- ابراهيم أنيس (د.)، الأصوات اللغوية، مكتبة الأنكلومصرية، ؟، ٢٠٠٧ .

٢٦- ابراهيم خليل (د.)، في النقد والنقد الألسني، امانة عمان الكبرى، عمان،٢٠٠٢.

٢٧- ابراهيم محمود خليل (د.)، النقد الأدبي الحديث من المحاكات الى التفكيك، دار المسيرة للنشر والتوزيع
والطباعة، ط١، عمان،٢٠٠٣.

٢٨- احسان عباس، فن الشعر، ط١، دارالثقافة، بيروت، لبنان، ١٩٧١ .

٢٩- أحمد رحماني(د.)، نظريات نقدية وتطبيقاتها، مكتبة وهبة، ط١، القاهرة،٢٠٠٤.

٣٠- احمد محمد قدور (د.)، اللسانيات وافاق الدرس اللغوى، دار الفكر، ط١، دمشق،٢٠٠١.

٣١- احمد مداس، لسانيات النص، جدارا للكتاب العالمي، عمان، ٢٠٠٧ .

٣٢- احمد مطلوب (د.)، في المصطلح النقدي، منشورات المجمع العلمي، بغداد،٢٠٠٢ .

٣٣- احمد مطلوب (د.) و كامل البصير(د.)، البلاغة والتطبيق، مديرية دارالكتب للطباعة، بغداد، ١٩٨٢ .

٣٤- احمد الهاشمي (السيد)، جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، مؤسسة الصادق للطباعة والنشر، ط٢، طهران،١٣٨٣ .

٣٥- ارسطوطاليس، الخطابة، ت: عبدالرحمان بدوي (د.)، دار شؤون الثقافة العامة، ط:٢، بغداد، ١٩٨٦ .

٣٦- اسماعيل رسلان، الرمزية في الأدب والفن، مكتبة القاهرة الحديثة، ؟، ؟ .

٣٧- اف. ار. بالمر، علم الدلالة، ت:مجيد الماشطة، الجامعة المستنصرية، بغداد،١٩٨٥ .

٣٨- أفلاطون، جمهورية أفلاطون، دراسة وترجمة: فؤاد زكريا (د.)، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب،؟، ١٩٧٤.

٣٩- ترنس هوكز، البنيوية وعلم الاشارة، ت:مجيدالماشطة، دار الشؤون الثقاقية العامة، بغداد،١٩٨٦.

٤٠- جان كوهين، بنية اللغة الشعرية، ت:محمدالولي ومحمد العمري، دار توبقال للنشر، ١٩٨٦ .

٤١- جمال شحيّد(د.) و وليدقصاب (د.)، خطاب الحداثة في الأدب، دار الفكر، ط ١، دمشق،٢٠٠٥ .

٤٢- جون ستروك، البنيوية ومابعدها، ت: محمد عصفور (د.)، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٦.

٤٣- جون اي جوزيف وآخرون، أعلام الفكر اللغوي، ت: احمد شاكر الكلابي (د.)،ج٢،دار الكتاب الجديد المتحدة،ط١،طرابلس،٢٠٠٦.

٤٤- حافظ المغربى(د.)، التناص وتحولات الخطاب الشعرى (مقالة)، تحولات الخطاب النقدى العربى المعاصر، عالم الكتب الحديث، اردن، ٢٠٠٦ .

٤٥- الخطيب القزويني، الأيضاح في علوم البلاغة : المعاني والبيان والبديع، مختصر تلخيص المفتاح، ؟، ؟ .

٤٦- رامان سلون، النظرية الأدبية المعاصرة، ت: سعيدالغانمي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط١، بيروت، .١٩٩٦

٤٧- ر.م. البيرس، الأتجاهات الأدبية الحديثة، ت:جورج طرابيشي، منشورات عويدات، ط٣، بيروت، ١٩٨٣.

٤٨- رمضان الصباغ (د.)، كانط ونقد الجميل، دارالوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الأسكندية، ٢٠٠٢.

٤٩- روبير مارتان، في سبيل منطق للمعنى، ت: الطيب البكّوش و صالح الماجري، مركز دراسات الوحدة العربية، ط١، بيروت،٢٠٠٦ .

٥٠- روجية غارودي، البنيوية فلسفة موت الأنسان، ت:جوج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة والنشر، ط: ٣، ١٩٨٥.

٥١- رولان بارت، مبادئ في علم الدلالة، ت:محمدالبكري، دارالشؤون الثقافية العامة، ط٢، بغداد، ١٩٨٦.

٥٢- رولو ماي و ارفين يالوم، مدخل الى العلاج النفسي الوجودي، ت: عادل مصطفى(د.)، دار النهضة العربية، ط:١، بيروت، ١٩٩٩ .

٥٣- ريتشارد كيرني، جدل العقل:حوارات اخر القرن، ت:الياس فركوح و حنان شرايخة، المركز الثقافي العربي، ط١، الدارالبيضاء، ٢٠٠٥.

٥٤- رينية ويليك و أوستن وارين، نظرية الأدب، ت:محي الدين صبحي، المؤسسة العربية للطباعة والنشر، بيروت ، ١٩٨٧.

٥٥- ساندي سالم ابوسيف، قضايا النقد والحداثة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر،ط١، بيروت، ٢٠٠٥.

٥٦- سعد مصلوح (د.)، الأسلوب دراسة لغوية احصائية، دار الفكر العربي، ط٢، القاهرة،١٩٨٤.

٥٧- سمير شريف استيتية (أ.د.)، اللسانيات : المجال والوظيفة والمنهج، عالم الكتب الحديث، اربد،٢٠٠٤.

٥٨- شكري عزيز الماضي(د.)، في نظرية الأدب، دار الحداثة، بيروت، ؟

٥٩- صابر الحباشة، التداولية والحِجاج : مداخل ونصوص، صفحات للدراسات والنشر، دمشق،٢٠٠٨ .

٦٠- عادل ضرغام، في تحليل النص الشعري، الدار العربية للعلوم ناشرون، ط١، رمدك،٢٠٠٩.

٦١- عبدالله محمد الغذّامي (د.)، الخطيئة والتكفير: من البنيوية الى التشريحية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ؟،٢٠٠٦.

٦٢- عبد العزيز موافي، الرؤية والعبارة : مدخل الى فهم الشعر، المجلس الأعلى للثقافة، ط١، القاهرة،٢٠٠٨.

٦٣- عبد القاهر الجرجاني، دلائل الإعجاز، تحقيق: محمود محمد شاكر، ؟، القاهرة، ١٩٨٤ .

٦٤- عبدالواسع احمد الحميري (د.)، شعرية الخطاب في التراث النقدي والبلاغي، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٥.

٦٥- عدنان خالد عبدالله، النقد التطبيقي التحليلي، ط١، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦.

٦٦- علي احمد سعيد ( أدونيس)، زمن الشعر، دارالساقي، ط٦، بيروت، ١٩٩٥.

٦٧- علي الجارم ومصطفى امين، البلاغة الواضحة: البيان والمعاني والبديع، ط:٨، دار المعارف بمصر، ١٩٤٨.

٦٨- علي جعفر العلاق(د.)، في حداثة النص الشعري:دراسة نقدية، دار الشروق للنشر والتوزيع، ط١، رام الله، ٢٠٠٣.

٦٩- عماد علي سليم الخطيب (د.)، مرجع الطلاب في النقد التطبيقي، دارالكتب العلمية، ط:١، بيروت،٢٠٠٧.

٧٠- عمرمحمدالطالب (د.)، المذاهب النقدية:دراسة وتطبيق، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٣.

٧١- فتح الله احمد سليمان (د.)، الأسلوبية:مدخل نظري ودراسة تطبيقية، مكتبة الآداب، القاهرة، ٢٠٠٤.

٧٢- فرحان بدري الحربي، الأسلوبية في النقد العربي الحديث : دراسة في تحليل الخطاب، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط:١، بيروت، ٢٠٠٣ .

٧٣- فيصل غازي مجهول (د.)، تحليل اللغة في رسالة فتجنشتاين المنطقية الفلسفية، دار الكتب العلمية، ط:١، بيروت، ٢٠٠٩ .

٧٤- قدامة بن جعفر، نقدالشعر، خصائص الفكر العربي الحديث في النقد الادبي، لجنة من الباحثين، مؤسسة

ناصر للثقافة، ط١، ؟، ١٩٨١.

٧٥- كارلوس يوسونيو، اللاعقلانية الشعرية، ت:علي ابراهيم منوفي، المجلس الأعلى للثقافة،ط١، القاهرة،٢٠٠٥.

٧٦- ليونارد جاكسون، بؤس البنيوية:الأدب ونظرية البنيوية، ت : ثائر ديب، دار الفرقد للطباعة والنشر والتوزيع، ط:٢، دمشق، ٢٠٠٨.

٧٧- مارغوت هاينمان و فولفغنغ هاينمان، لسانيات النص، ت:موفق محمد جواد المصلح (أ.د.)، دار المأمون، بغداد، ٢٠٠٦.

٧٨- محمد بن عبدالرحمن، تلخيص : تلخيص زبدة المفتاح للسكاكي، ؟، ؟، ١٣٣١ .

٧٩- محمد شبل الكومي (د.)، المذاهب النقدية الحديثة:مدخل فلسفي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ؟، ٢٠٠٤.

٨٠- محمد عبدالمطلب، ذاكرةالنقدالأدبي، المجلس الأعلى للثقافة، ط٢، القاهرة، ٢٠٠٨.

٨١- محمد عزام، تحليل الخطاب الشعري على ضوء المناهج النقدية الحداثية، اتحاد الكتاب العرب، دمشق،٢٠٠٣.
٨٢- محمد غنيمي هلال (د.)، النقد الأدبي الحديث، دار العودة،ط١، بيروت، .١٩٨٢
٨٣- محمد محمد يونس علي (د.)، المعنى وظلال المعنى:انظمة الدلالة في العربية، دار المدار الاسلامي، ط٢، رمدك،٢٠٠٧.
٨٤- محمد مندور (د.)، الأدب ومذاهبه، دارالنهضة مصر، القاهرة، ؟ .
٨٥- مراد عبدالرحمن مبروك، من الصوت الى النص: نحو نسق منهجي لدراسة النص الشعري، دار الوفاء لدنيا
الطباعة والنشر، ط:١، الاسكندرية، ٢٠٠٢ .
٨٦- مسعود بن عمر سعدالدين (التفتازاني)، مطول على تلخيص، ؟، ١٣١٠ .
٨٧- نعمان بوقرة (د.)، مدخل الى التحليل اللسانى للخطاب الشعرى، عالم الكتب الحديث، ط:١، اردن،٢٠٠٨.
٨٨- يحيى عبابنة (أ.د.) و امنة الزعبي (د.)، علم اللغة المعاصر:مقدمات وتطبيقات، دار الكتاب الثقافي، اربد، ٢٠٠٥ .
٨٩- يوسف أبو العدوس (أ.د.)، الأسلوبية:الرؤية والتطبيق، دارالمسيرة، ط:١، عمان،٢٠٠٧.
٩٠- يوسف وغليسي (د.)، اشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، الدار العربية للعلوم ناشرون،ط:١، رمدك، ٢٠٠٨.

## بەزمانی فارسی:

٩١- راجر فالر و سايرين، ت: مريم خوزان وحسين پاينده، نشر نى، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٦.
٩٢- پى ير گيرو، نشانه شناسى، ت: محمد نبوى، كتابخانه ملى ايران، تهران،١٣٨٠ .
٩٣- ديويد كريستال، فرهنگ توصيفى اواشناسي، ت: محمدفائض و خليل ميرزايي، چاپ أول، انتشارات نگاه،
تهران، ١٣٨٢ (٢٠٠٣ ) .

٩٤- كورش صفوى، زبان شناسى وادبيات،؟، چاپ اول، تهران،١٣٧٧ .
٩٥- كورش صفوى، گفتارهايى در زبان شناسى، انتشارات هرمس، تهران،١٣٨٠ .
٩٦- محمد رضا شفيعى كدكنى (د.)، موسيقى شعر، چاپ ششم، كتابخانه ملى ايران، تهران، ١٣٧٩ .

## وانەبێژی:

٩٧- تالّب حوسێن عەلی (د.)، وانەکانی بابەتی دەنگسازی، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ماجستێر، ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨.
٩٨- عەزیز عەبدوڵلا ئەحمەد گەردی (د.)، وانەکانی بابەتی کێشناسی، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، قۆناغی دووەم، ٢٠٠٧-٢٠٠٨.
٩٩- فەرهاد پیرباڵ (د.)، وانەکانی بابەتی ئەدەبی نوێ، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە، قۆناغی چوارەم، ٢٠٠٣-٢٠٠٤.
١٠٠- قەیس کاکل تۆفیق (د.)، وانەکانی بابەتی سینتاکس، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە، قۆناغی سێیەم، ٢٠٠٢-٢٠٠٣.
١٠١- هیمداد حوسێن (د.)، وانەکانی بابەتی ئەدەبی نوێ، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ماجستێر، ٢٠٠٧-٢٠٠٨.

## دیوانی شیعر

١٠٢- جەلال بەرزنجی، یادەوەری کەسێکی بەربا، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٠٣- حەسەن گوران و محەمەد حیجازی، دیوانی مەولەوی، دەزگای ڕۆشنبیری گۆران، چ:١، سنە. ٢٧٠٦.
١٠٤- دڵشاد عەبدوڵڵا، جوانییەکان و چەند لاپەرەیەکی ژیانی بەفرنووس یا باو باڵەکان، چاپخانەی رۆشنبیری
لەهەولێر: هەولێر،١٩٩٢.

١٠٥- سەباح رەنجدەر، رووەکەکانی خواوەند، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٠٦- عەباس عەبدوڵڵا یووسف، ئۆدیسیۆس نێرە یان مێیە؟، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
١٠٧- فەریدزامدار، شەڕی وشەکان، نیو نوقتە لەژێر نیودا، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی،٢٠٠٧ .
١٠٨- کەریم دەشتی، پیانۆی رۆژهەلات و ئەوانی دی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٤.
١٠٩- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦ .
١١٠- محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران،؟، چ ٢، سلێمانی، ٢٠٠١.
١١١- نەوزاد رەفعەت، پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤.
١١٢- هاشم سەڕاج، زینانی ڕۆح، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٥.

## نامەی ئەکادیمی

١١٣- ئاسۆ عەبدولرەحمان کەریم، رۆنانی رستە لە شیوەزاری فەیلی دا، نامەی ماجستێر، کۆلیژی پەروەردە بۆ
زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین،٢٠٠٨.
١١٤- ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێردو شێخ نووری شێخ سالْح وگۆران،
نامەی ماجستیر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین،٢٠٠٧ .
١١٥- ئاواز حەمەصدیق بەگیخانی، ریزبوونی کەرستەکان لەزمانی کوردی دا، نامەی ماجستێر، زانکۆی
سەڵاحەدین، کۆلیژی ئاداب،١٩٩٦ .

١١٦- جەبار ئەحمەد حوسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی - کوردستانی عیراق (١٩٥٠-١٩٧٠ )، نامەی ماجستیر، کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٠٥.

١١٧- حاتەم ولیا محەمەد، فریزی ناوی و فریزی کاری لەکرمانجیی ژووروودا، نامەی ماجستێر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

١١٨- دلێر سادق کانەبی، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، ٢٠٠٨ .

١١٩- دیار عەلی کەمال، رێزمانی کوردی : روانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە، ٢٠٠٢.

١٢٠- رەحمان ئیسماعیل حەسەن، برگەو ئاسان بوونی برگە لەکوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین،١٩٩١.

١٢١- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەرووی زمانەوانییەوە، نامەی ماجستیر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٧ .

١٢٢- عەزیز عەبدوللا ئەحمەد گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراورد کردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی، نامەی ماجستێر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین،١٩٩٤.

١٢٣- عەلی تاهیر حوسێن، رەخنەی بونیادگەری لەتیۆرەوە بۆ پراکتیزە کردن: رەخنەی شیعری کوردی بەنموونە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیجی زمان،٢٠٠٧ .

١٢٤- هێمن عومەر ئەحمەد، چەند لایەنێکی شیعرییەت لە کۆ چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا، نامەی ماجستیر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٨.

## گۆڤار ی كوردی:

١٢٥- ئەنوەر مەسیفی، پەشیمانی، گ.شین، ژ:١٥، تشرینی دووەم، ٢٠٠٥.

١٢٦- ئەنوەر مەسیفی، چاوپێکەوتن، گ.شین، ژ:١: ئادار،٢٠٠٤ .

١٢٧- دڵشاد عەبدوڵلا، هەوری مەیخانەکان، گ.شین ، ژ: ٩ ، شوبات ٢٠٠٥ .

١٢٨- زاهیر لەتیف کەریم (پ.د.)، وێنە شاراوەکان : لێکۆڵینەوەیەکە پشت بە تیورەکانی دوای بنیادگەری دەبەستێت، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە: ٩، ٢٠٠٢ .

١٢٩- فەریدزامدار: چاوپێکەوتن، گ.رامان، ژ: ٧٩، دەزگای رامان، کانوونی دووەم، ٢٠٠٣.

١٣٠- محەمەد مەعرووف فەتاح (پ.د.)، زمانی شیعر: روانگەیەکی زمانەوانی وپراگماتیکی، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، گۆڤاری ژمارە٢، هەولێر،٢٠٠٧ .

١٣١- هیمداد حوسێن (پ.ی.د.) و سەباح رەشید قادر(د.)، زمانەوانی و رەخنەی ئەدەبی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە: ١٠، ٢٠٠٩ .

## گۆڤاری عەرەبی:

١٣٢- يحيى فتحية (أ)، تجليات الاسلوب والاسلوبية في النقد الادبى، مجلة الموقف الادبي، العدد: ٤٣٩، تشرين
الثاني، ٢٠٠٧ .

## ئینسكلۆپیدیا بەزمانی عەرەبی:

١٣٣- جورج طرابيشی، معجم الفلاسفة، دار الطليعة للطباعة والنشر، ط١، بيروت،١٩٨٧ .

١٣٤- عمر عبدالعزيز، دليل الراغب في تهذيب مفردات الراغب، مطبعة پەيڤ، ط١، السليمانية، ٢٠٠٠.

١٣٥- لويس معلوف و فردينان توتل، المنجد في اللغة والأعلام، دار الشرق، ط: ٢١، بيروت، ١٩٧٣ .

١٣٦- ليليان هيرلاندز و آخرون، ت:محمدالجورا، دارالحقائق للطباعة و النشر و التوزيع، ط١، بيروت، ١٩٨٦.

## فەرهەنگ:

١٣٧- زاراوەی ئەدەبی، لیژنەیەك لەكۆری زانیاری كوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

## ئەنتەرنیت:

١٣٨- ابن وهب، ؟

http://www.ahlalloghah.com/showthread.php?p=7419

١٣٩- رولان بارت،؟

http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B1%D9%88%D9%84%D8%A7%D9%86_%D8%A

١٤٠- غاده الاحمد، التاويل ،

htmhttp://www.awu-dam.org/esbou1000/1101/isb1101-

١٤١- محمد بن عياد، التلقي والتاويل، جامعة صفاقص، تونس:

http://www.google.com/search?sourceid=navclient&aq=2h&oq=&ie=UTF-8&rlz=1T4ADRA_enIQ339IQ341&q=%d8%a7%d9%84%d9%87%d8%b1%d9%85%d9%86%d8%b7%d9%8a%d9%2%d8%a7

## دەستنووس:

١٤٢- عەبدولواحید مشیر دزەیی(د.)، (لادانی واتایی لەزمانی شیعردا). لیکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییە لەبارەی زمانی شیعرییەوە.